50

نیسانی ٢٠١٠

# نووسەری نوێ

* ئەلەست لە شیعری کوردیدا
* ڕەشبینیو گەشبینی لە شیعری نوێی کوردیدا
* ئەو بەیتانەی بوون بە ڕووناکیی‌ناو گرتووخانە
* یادەوەرییەکانی هونەرمەند گەزیزە
* دەقی خەم و شارە بچکۆلانەکەم
* دەقی کۆڵانە دەیجوورەکانی با



نووسەری نوێ

ژمارە 50 نیسانی ٢٠١٠

# Nûserî Niwê

## New Writer

*A literary Magazine Issued*
*by the Kurdish Writers Union*
*Hawler Branch*

گۆڤارێکی ئەدەبییە یەکێتیی نووسەرانی کورد
لقی هەولێر دەری دەکات

**ژمارە**

**50**

**نیسانی**

**2010**

www.geocities.com
nuserani_hewler.
Email:nusarinwe_hawler@yahoo.com

**هەولێر – شەقامی (٣٠) مەتری**
**بەرامبەر ناوەندیی جمهوریی کوڕان**
مۆبایلی سەرنووسەر: ٠٧٥٠٤٨٨٩٠٨٧
مۆبایلی سکرتێری نووسین: ٠٧٥٠٤٤٩٥٦٠٨

**خاوەنی ئیمتیاز**
کەریم شارەزا

**سەرنووسەری فەخری**
شەهید مەهدی خۆشناو

**سەرنووسەر**
نەوزاد ڕەفعەت

**سکرتێری نووسین**
حەمەسالْح فەرهادی

**دەستەی نووسەران**
غەریب پشدەری
سابیر ڕەشید
مەسعوود پەرێشان

**دیزاین**
سەید ئـارام
**تایپ**
عەبدولڕەحمان میران
**بەرگ:** زادە
**تابلۆی بەرگ:**
دارا محەمەد عەلی

# نـــــاوەرۆك


| | | |
|---|---|---|
| پەیامی سەرۆکی حکوومەت | | ٤ |
| **لێکۆڵینەوە** | | |
| ئەلەست لە شیعری کوردیدا | عەبدوڵلا خدر مەولوود | ٦ |
| زێوەرو کێشەی کۆمەلاّیەتی | نەوزاد کەهوڕ | ١٥ |
| ڕەشبینیو گەشبینی<br>لە شیعری نوێی کوردیدا | ئیدریس کەریم محمد کەریم | ٣١ |
| **وتار** | | |
| ئەو بەیتانەی بوون بە ڕووناکیی<br>ناو گرتووخانە | ئەحمەد حسێن ئەحمەد | ٩١ |
| ئەحمەدی خانیو دوان لە نەورۆز | تاریق سالّح | ٩٦ |
| بنەماکانی چیرۆکی نوێ | و. مەجید عەبدولڕەحمان | ١٠٤ |
| **دیمانە** | | |
| دیمانە لەگەڵ چیرۆکنووس نەجات نووری دا | سازدانی: غەمگین بۆڵی | ١١١ |
| **خوێندنەوە** | | |
| (نەجم ئەڵوەنی) خەریکی پێناسەیەکی<br>دیکەی (بەختیار عەلی)یە | مەسعوود پەرێشان | ١٢٠ |
| **نۆڤلێت** | | |
| جادووی سپی - بەشی ٣ | سەلاّح عومەر | ١٢٦ |
| **یادەوەری** | | |
| خەونی سەر دەریاکە | گەزیزە | ١٣٢ |

| | | |
|---|---|---|
| **چیرۆك** | | |
| خۆشەویستی | ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی | ١٤٠ |
| خەمو شارە بچکۆلانەکەم | بەهزاد حەویزی | ١٤٢ |
| لە پەراوێزی دیدارێکدا | عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی | ١٤٥ |
| ناوەکەم....ئەو ناوەی ناوی منە | چرۆ زەند | ١٤٨ |
| سێ کورتیلە چیرۆك | هیوا ڕەش | ١٥١ |
| جنۆکەکانی ئاب | و. حەمەی ئەحمەد ڕەسووڵ | ١٥٢ |
| پیاوە ڕەشە ئەفریقییەکە | و. تاهیر عوسمان | ١٥٧ |
| بەبرو ڕێوی | و. کامەران جەوهەری | ١٦١ |
| **شیعر** | | |
| لە باسی سەفەرو گەڕانەوەدا | نەژاد عەزیز سورمێ | ١٦٣ |
| کۆلانە دەیجوورەکانی با | قاسم شێروانی | ١٦٥ |
| زەنگی زەحمەکانی زەمەن | موحسین ئاوارە | ١٧٤ |
| پێلاو | سمکۆ محەمەد | ١٧٨ |
| فەرهەنگی دڵتەنگی | دڵسۆز حەمە | ١٨٢ |
| چەند هەناسە شیعرێك | زیاد نادر عالڵایی | ١٨٤ |
| گوڵەڕێ | جەزا عەلی ئەمین | ١٨٧ |
| مونقیز ئال فیرعەون | حەمید قەلادزەیی | ١٨٩ |
| تۆ دیارنیت | دڵشادی عومەر کاکی | ١٩١ |
| داهات | و. حەمید موسەدیق | ١٩٥ |
| لە خەوما | و. مەحموود زامدار | ١٩٦ |
| پەیکەری شاعیر | و. فەیسەڵ دێهاتی | ١٩٨ |
| **چالاکیی ڕۆشنبیری** | ئا: شوان سەرابی | ٢٠١ |

## پەیامی بەڕێز سەرۆکی حکوومەت
## بەبۆنەی ( دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد )ەوە

بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کوردەوە، لە پەیامێکدا سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان (د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح) وێڕای پیرۆزبایی کردن لە یەکێتیی نووسەرانی کورد، ئاماژە بۆ ئەوەش دەدات کە یەکێتیی نووسەرانی کورد سەنگەرێك بوو بەرگری کردن لە ژیانو بوونو مانەوەی نەتەوە زۆڵم لێکراوەکەمان، ئەمەش دەقی پەیامەکەی بەڕێزیانە:

بەڕێزانو خۆشەویستان نووسەرانی سەربەرزو بەهەڵوێستو داهێنەر..

ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە ئێوەو هەموو گەلی کوردستان پیرۆز بێت.

بەهیوابین ئەو یادە.. هاندەرو فاکتەرێکی ئیجابی بێت لەسەر ڕێگەی زیاتر گەشەکردنو پێشخستنی کەلتوورو مەعریفەو ڕۆشنبیری.

دەیان ساڵە یەکێتییە تێکۆشەرەکەتان یەکێتیی نووسەرانی کورد، بەجورئەتێکی ناوازەو ڕۆیشتنی بەسەر پردی مەرگو هیلاکیدا، خەریکی داکۆکی کردنە لە زمانو وشەو کەلتووری نەتەوەکەتان، لەو ڕێگەیەشەوەو بەو هەڵوێستە جوانمەردەتان نەوەك هەر پاڵپشتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان بوون، بەڵکو هەر خودی یەکێتیی نووسەران سەنگەرێك بوو بۆ بەرگری کردن لە ژیانو بوونو مانەوەی نەتەوە زوڵم لێکراوەکەمان.

ئەو ڕۆژەی هەڵوێستو بەرنامەی دیکتاتۆریەتو فاشیەتیش لەسەر دەستی ڕژێمی سەدام لەدژی گەلەکەمان گەیشتە لوتکەی جینۆسایدو پیادەکردنی سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزیو شانبەشانی کوشتنی جەستەیی، زمانو فەرهەنگو کەلتووری نەتەوایەتیی گەلی کوردیشی خستبووە نێو بەرداشی ترسناکی هاڕینی خۆی.

ئا لەو کاتەدا نووسەرانی بوێرو خاوەن هەڵوێستی کورد، لەڕێگەی شیعرو ڕۆمانو چیرۆك نووسینی سیاسی، شانبەشانی خەباتی پێشمەرگایەتی دەجەنگانو داکۆکییان لە ژیانو

مانەوەی گەلەکەیان دەکردو لەو ڕێگەیەش چەندین نووسەری کورد، ماڵئـاوایی یـەکجارەکییان لە ژیان کردو پلەی شەهیدبوونیان بەدەستهێنا.

هەڵبەت ئێمەش لە سەرۆکایەتیی حکوومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، شـانازی بـە ئێـوەی نووسەران دەکەینو بە یەکێك لە سـامانو گەنجینـە ڕۆشـنبیریو مەعریفییـەکانی ئـەم گـەلو وڵاتەتان دەزانین، دڵنیاشین بەبێ هزرو قەڵەمە جوانو داهێنەرەکانی ئێوە، ناتوانین گەلەکـەمان لەسەر ئاستی دیموکراسیو مەدەنیو ڕۆشنبیری بەرەوپێشەوە ببەین.

نووسەرانی بەئەمەكو بەهەڵوێست:

لە قۆناغی ئێستادا پێویستمان بە زیـاتر قـووڵ کردنـەوەی پرۆسـەی بەدیموکراسـی کـردنو بەمەدەنی کردنی کایە سیاسیو ئیداریو کەلتوورییەکانی ئەم وڵاتە هەیە، پێویستمان بە زیاتر پەرەپێدانو بەرفراوان کردنی پانتـایی ئازادییـە گـشتییەکان هەیـە، هەڵبـەت ئەمـەش بـەبێ نووسەرو ڕۆشنبیران هەرگیز بەدی ناهێنرێت، چونکە سیاسـەت لەسـەر ئاسـتی مەیـدانی کـار لەسەر چەسپاندنی سەقامگیریی سیاسیو ڕێکخستنی ژیانی ئیداریو کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگـە دەکاتو نووسەرانیش لەنێو خاڵو وشـەو ڕسـتەدا پرۆسـەی گۆڕانکـاری لـە زمـانو کـەلتوورو ئەدەبو هۆشیاریی کۆمەڵگە دەکەن، بۆیەش ئێمە هیچ جۆرە لێکدژییەك لـەنێوان دەسـەڵاتو نووسەردا نابینینو بگرە لە خزمـەت کـردن بەئینـسان، شـێوازو میکانیزمـەکانی کارکردنیـان جیاوازەو ئەو جیاوازییەش پرەنسیپەکانی دیموکراسی ڕێکـی دەخـات، دواتـر وەکـو دوو کایـەو بزووتنەوەی ئۆرگانێکییانە، ڕووەو خزمەت کردن بەگەلو وڵات دەیانبات.

جارێکی دیکە ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە هەموولایەك پیرۆز بێتو هەرشادو سەرکەوتووبن.

**د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح**
**سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان**
**هەولێر ٢٠١٠/٢/١٠**

# ئەلەست لە شیعری کوردیدا

(٣)

عەبدوڵڵا خدر مەولوود

بەشی یەکەمی ئەو باسە لەڕۆژی هەینی (١٩٩٣/٦/٢٥) لە ڕۆژنامەی برایەتیی ژمارە (١٦٧٧)دا بلاوکراوەتەوە، کە (١٢) وێنەی شیعریی ڕەنگاوڕەنگ لە باسوخواسی ڕووداوی ئەلەستو قالو بەلای (١٢) شاعیری بەخۆوەگرتبوو(*).

بەشی دووەمی لە گۆڤاری نووسەری نوێ ژمارە (١٠)ی ئابی (١٩٩٩)دا، ئەویش (١٢) وێنەی ترو هی (١٢) شاعیری تر تابلۆکانیان یەك یەك پێش چاوخراون (**). ئەم جارەش (١٢) وێنەی شیعری تر، کە هی (١٢) شاعیری ترن، بە ڕەنگوبۆوە پێشکەشتان دەکەم. بە هیوای ئەوەی خزمەتێکی بچووکی شیعرو شاعیرانی کوردم کردبێت.

**١- وەلی دێوانە دەڵێ[1]:**

**بێ شەم چون کەمان خەم بەستم ئیشمەو**
**بێ شەم مەست وەجام (الست)م ئیمشەو**
**٦٩**

بەبێ شەمی دلبەرم، قەدو بالاّم وەك کەوان (کە نیوە بازنەییە)، چەماوەتەوە. ئەمشەو بە غەموخەفەت ئەمسەرو ئەوسەریم بەستەوە. بێ شەمی خۆشەویستم، ئەمشەو بە پیاڵەو پەرداغی ئەلەست مەست بووم. واتای ئەم دێڕەی وەلی دێوانە، ئەوەشی لێ دەفامرێتەوە: کاتێ باری تەعالا پرسیارەکەی کردووە، شاعیر دەڵێ: من سەرخۆش بوومو بێ ئاگا، بۆیە نازانم (بەلا)م وتوە یا (نەعەم)، خۆی بە چینی سۆفی لە قەڵەم داوە.

**٢- دەردین دەڵێ[٢]:**

**جـە (یـوم الالـست) تـاوەڕۆی مـەحـشـەر**
**هـــەر چـــەمکەروون، دەهنـــدەی داوەر**
**٣٢٠**

لە ڕۆژی ئەلەستەوە لە (ئـەزەل)ەوە تـا دەگـا بـەڕۆژی حەشـر، واتـە ( لەسـەرەتای دنیـای نادیارەوە) تا بە ڕۆژی قیامەت دەگا، ئەوەی کردوومەو ئەوەی دەیکەم (بەدەستم کـەوتووە) لـە بەخشندەو دلۆڤانیی پڕ لە عەدالەتو دادەوەریتەوە بووە.

**٣- ئەحمەدی کۆر دەڵێ[٣]:**

**لە ڕۆژی خودای لەفظی (ألـستُ) گوفـت بـە مـەخلوق**
**تـــا حەشـــر وەکـــی تـــۆ نییـــە جانانـــەو مەعـــشووق**
**٢٤٥**

لەو ڕۆژو دەمانـەی بـاری تـەعالا گۆتـەی (ئەلەسـت) وی بەهـەمـوو ئـەرواحی ئـادەمزادی فەرموو: (ألستُ بِرَبِّکم)، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا باس لە مۆرکردنی ئەو پەیمانە دەکا، کە لە نێوان خالیقو مەخلووقدا بەڕێوەچووە.

تا حەشر، واتە لە هەموو چرکەکانی ژیانی سەرزەوی ئەوەی دەڵێ، یا گوتوویـەتی: نـەڕووی داوە، نەڕووش دەدا، نەدەشبینرێت کـە ئـەویش نـەبوونو پەیدانـەبوونی یـەکێکی وەکـو تـۆی خۆشەویستو دلبەرە. (ئەو خۆشەویستیو دلبەرییە دەکەوێتە پێش بیرۆکـەی پـرۆژەی دروست بوونی زەویو ژیان).

**٤- فەقێ قادری هەمەوەند دەڵێ[٤]:**

**جیبیللـــی ئێـــدەن جـــە یـــوم (ألـــست)**
**جـــە (قـــالوا بلـــی) ئـــاوەردیم بەدەســـت**
**٥٣٣**



فەقێ قادری هەمەوەند

جیبیللەت: سرشت، خیلقەت، فیترەت، سروشت.

ئەمـــە شـــتێکی سروشـــتیو ئاســـاییە، کـــە لـــەڕۆژی ئەلەستودا وەڵامی (بەلا)م بەدەست هێناوە.

**٥- عارف عورفی دەڵێ[٥]:**

**من بووم لە ئەزەل هەم نەفەسی مەجلیسی ڕەنــدان**
**مەســـتی قـــەدەمی بـــادەخۆری ڕۆژی ئەلەســـتم**
**٤٤**

من لە ئەزەلەوە (سەرەتای نادیار) بەشدارو موشـتەری بـەردەوامی کـۆڕو کۆبوونـەوەکانی مەجلیسی ڕەندان بوومە. بە خواردنەوەی پیاڵـەو پـەرداغی پـڕ لـە شـەرابو مـەی، مەسـتو سەرخۆشی ڕۆژی ئەلەستم.

**٦- مەلا خدری دەشتی دەڵێ[٦]:**

**لە مەیدانی ئەلەستودا بە مەیدانی لە دەست تـۆدا**
**موقەییەد بووم منی دەشتی لە قەبرسـتانی بێـداران**
**١٧٥**

هەردوو لەتە شیعرەکەی نیوەدێڕی یەکەم (لەمەیدانی ئەلەستودا)، (بـە مـەیدانی لەدەسـت تۆدا) لەبەر ئەو وردەکارییەی لێی خەرج کراوە، جۆرە نزیکییەکیان پێکەوە هەیـە (ڕەگـەزدۆزی لە ڕەوانبێژی)دا، جۆرە ترپەو ئیقاعێکی خۆشی دروست کردووە، دیارە دوو جۆرە قەبرسـتان لای

دەشتی هەیە، یەکێکیان بۆ مردووانو ئەوی تریان هی بێدارانە، واتە: زیندووەکانیشی هەر بە مردوو داناوە.

مەیدان: گۆڕەپان.

مەیدان: کردییە مەیدانی خۆی، بە تاقەسواریو جێی تەڕاتێن.

موقەییەد: بەستراو، دەستو پێ بەستراو

یا: ئاگادار، بەهەند هەڵگرتن، حیرس)



مەلا خدر دەشتی

**٧- شێخ نووری شێخ سالّح دەڵێ[٧]:**

**چ بوو ئەم حاڵە کەوا دەرگەهی ڕووناکی بەست**
**نە زەمین و نە سەماما، نە بلّندی و نە پەست**
**من سەراسیمە، کە ئاخۆ ئەمەبێ ڕۆژی (ألست)**
**(دیدم از دور گروهی همە دیوانە و مست**
**أز می بادە عشق امدە در جوش و خروش)**
**٥١٣**



شێخ نوری شێخ سالّح

ئەمە پێنج خشتەکییەکە لەو سێزدە پێنج خشتەکییەی کە شێخ نووری لەسەر غەزەلێکی (عیسمەت بوخارا)ی شاعیری فارسی زمان، لە (١٨٢٩) کۆچی دوایی کردووە بە ئەنجام گەیاندووە.

چ بوو ئەو گۆڕانکارییە، کە تاکە دەرگاو تاکە سەرچاوەی ڕووناکیی داخست، بوو بە تاریکستان، تاریکەو ئەرزو ئاسمان ون بوونو نەمان، نە بلّندو بەرزی، نەنشێویو

نزمی هەستیان پێ ناکرێ. منی سەر لێ شێواوی بەستەزمان هەر ئەوەندەم بەبیردا هـات، ئـەو شۆڕش‌و هەیجانە دەبێ ڕۆژی ئەلەست نەبێ!! (لە دووریا کۆمەڵە خەڵکێکم بینی هەموو دێوانەو سەرخۆش، بێ ئاگا لە هەمووشت، بەجۆشوخرۆشەوە هەنگاویان دەنا، دیاربوو لـە خواردنـەوەی شەرابی ئاڵ ڕەنگی عیشقەوە دەهاتنەوە.

**٨- ئەسعەد مەحوی دەڵێ[٨]:**

**بابزانێ عالـەمێ مەفتوونەکـەی لەیلایـەکم**
**مەستی صەهبایی ئەلستو خاڵی سەرگۆناتم**
**٦٤**

لەو دێڕەدا، شاعیر زۆر بێ باکەو بێ منەتیشە. دەڵێ: با هەموو خەڵك بـزانن کـە عاشـق‌و شەیدای لـەیلاییێکم. واتـە: (کـە لـەیلا هـەبێ، دیـارە ئـەویش مەجنوونـە). سـەرخۆش‌و بـێ هەستوخوستی شەرابی لالە ڕەنگی ئەلەستو خاڵی ڕەنگ حەبەشی سەر کوڵمەکانتم.

**٩- عابد دەڵێ[٩]:**

**خرۆشـان (موبـەد)و (دەیـری)و (کەنـشتی)**
**هـــەموو حـــیرەت زەدەی ڕازی (ئەلەســـتی)**
**٢٧**

خرۆشان: پەشێوی، تێکچڕژان و تێکەڵوپێکەڵی
موبەد: حەکیم‌و هۆشمەندو ڕابەری ڕۆحانی ئایینی زەردەشتییە.
دەیر: دێر: شوێنی خواپەرستیی دیانەکانە.
کەنشت: شوێنی خوپەراستیی جوولەکەکانە.

عابدی شاعیر لەنیوە دێڕی یەکەم، سێ ئایینی لێك گرێ داوە بۆ مەبەستێك، ئایینەکانی (زەردەشتی، مەسیحی، یەهوودی). لەنیوە دێڕی دووەم دەڵێ: هەموو ئەو کەسانەی سەر بەو ئایینانەن سەرسامو سەرگەردانی (عەبداڵو واق وڕماوی) نهێنییەکانی پەیمانی ئەلەستن.

**١٠- حەسیب قەرەداخی دەڵێ[١٠]:**

**دەچمە شوێنەواری (ئەلەست) بۆ وەڵامی خۆم دەگەڕێم،**
**بیرم نایە چۆن وەڵامم دایەوە!**
**تەنها بۆ بارانی ئەوین شەقاری من کرایەوە**
**٢٠٥**

سەرچاوەکان دەڵێن: ئەو پرسیارەی باری تەعالا لە ئەرواحی هەموو ئادەمزادی کردووە، سێ وەڵامی هەیە:

١- بەلا (بلی) وەڵامی هەموو خاوەن بڕواو ئیماندارەکانە، ئەوەی موسڵمانە (لە ئەزەلەوە تا ئەبەد).

٢- نەعەم (نعم) وەڵامی هەموو بێ باوەڕو بێ ئیمانەکانە (گومڕاو کافرەکان)

٣- کۆمەڵە خەڵکانێکیش نازانن (بەلا)یان گوتووە یا (نەعەم)، ئەمانەش ئەو سۆفییانەن، کە مەستو سەرخۆشی ئەو ڕۆژەن. هەر بۆیە باباتاهیری هەمەدانی فەرموویەتی:

**مو ئەز قالوا بلی تەشویش دیرم**

واتە: منیش سەر لێ شێواوو مشەوەشی ئەو ڕۆژەم، نازانم وەڵامەکەم چۆن داوەتەوە.

شاعیرمان دەڵێ: خەڵكانێك لە شوێنە كۆنو دێرینەكان بە دوای شوێنەوارەكاندا دەگەڕێن، كەچی خۆشی دەچێ بۆ شەوێنەواری ناو (ئەلەست)، بەدوای شتێكی كەسی خۆی دەگەڕێ، كە ئەویش وەڵامدانەوەی پرسیارەكەی باری تەعالایە، كە هەندێك بە (بەلا)و هەندێكیشیان بە (نەعەم) وەڵامیان داوەتەوە.

دیارە شاعیر لەو كەسانەیە كە لەبیری نەماوە، ئەمانەش لە دەستەی سۆفییەكانن. ئەو هەر ئەوەندە دەزانێ، شەقارو قەڵشتەكانی ئەو لێویان لێك كردۆتەوە، ئەویش تەنیاو تەنیا بۆ بارانی ئەوینو خۆشەویستی. بەدەنگی بەرز هاوار دەكا تینووی خۆشەویستیو ئەوینە.

**١١- داهی دەڵێ[١١]:**

**عەمەلێ وان ل پاس بوو**

**ڕۆژا (قالوا بلی)یێ**

**١٧٥**

ئیشو هەڵسوكەوتی ئەوان، لەڕۆژی قالو بەلایێ تا بە ئەمڕۆ دەگا پشكو بەشی لەڕێزو حورمەتیدا لەدەست نەداوە، ئەو پارێزگارییەش بەردەوام هەرماوە.

**١٢- مستەفا زەڵمی (د) دەڵێ[١٢]:**

**هەر لە ڕۆژی (قالوا بلی)**

**بڕیاردرا لە بۆ مەلا**

**سەرفیترەو و موچەی فەلا**

**خێرو خێرات (دفع البلا)**

**٨١**

دکتۆر مستەفا زەڵمی، دەستەواژەی قالو بەلای بەواتای کۆنو دێرینو سەرەتای نادیار دەگەڕێنتەوە.

سەرفیترە: زەکاتی سەرە، یا نەفسو گیان

فەلا: کورت کراوەی فەللاحە، وەرزێر، جوتیار

دفع: دوورخستنەوە، پاڵ پێوەنان

بەلا: موسیبەت، ڕووداوی ناخۆش

ئەو دوو دێڕەو ئەوانی تری شاعیر، باس لە ڕووداوو سەربردەیەك دەکا، لە خودی سەرچاوەکە باسی لێوەکراوە.

سوپاس بۆ خوای گەورەو دلۆڤان، کە ئەو نەفەسە درێژەی پێ بەخشیم بتوانم چەپکە گوڵێکی تری جوانو بۆن خۆش، کەسكو سۆر (قەوسو قەزەح) پێکهاتوو لە دوازدە ڕەنگ بکەم بە بەشی سێیەمی ئەو پرۆژەیەم. بەو هیوایەی سوودێکی هەبێ.

## پەراوێزو سەرچاوەکان:

(*) ئەو شاعیرانەی لە بەشی یەکەمی ئەو باسەدا ناویان هاتبوو: بابا تاهیری هەمەدانی، مەلای جزیری، حاجی قادری کۆیی، وەفایی، حەمدی، مەولەوی، حەریق، قانیع، ئەدەب، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، سافی، بێخود.

(**) ئەو شاعیرانەی لە بەشی دووەمدا ناویان هاتووە: فەقێ تەیران، پەرتویێ هەکاری، ئەحمەد پرێسی (مەجزووب)، شێخ محەممەد عوسمان سەراجەددین (نەقشبەندی)، میرزا ئولقادر، مەلا فەتتاحی جەباری، مەحمووری، پیرەمێرد، خادیم، شێخ سەلام، مەلا عەباس حیلمی کاکەیی، ئەمین نەقشبەندی (بێوەی).

(١) محەمەد عەلی قەرەداغی، کەشکۆڵی کەلەپووری کوردی، بەرگی شەشەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

(٢) محەمەد عەلی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، (مطبعة السالمي)، بغداد، ١٩٩٩.

(٣) ئەحمەدی کۆر- شێخ- (دیوانو شەرحی حاڵ)، عەزیز موحەممەد پوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیام، ١٣٧٨.

(٤) فەقێ قادری هەمەوەند (کۆمەڵە شیعر)، مەلا عبدالکریمی مدرسو فاتح عبدالکریم کۆیان کردووەتەوەو ڕاستیان کردووەتەوەو فەرهەنگۆکیان بۆ ئامادە کردووە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠.

(٥) عارف عورفی (دیوان)، ئومێد کاکەڕەش ساغی کردۆتەوەو پێشەکی بۆ نووسیوە، لە بلاّوکراوەکانی پرۆژەی هاوسەر (٣)، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٨٥.

(٦) دەشتی- خدر ئەحمەد عەبدوڵلاّ- (دیوان)، شیکردنەوەو لێکدانەوەی ئەحمەد دەشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٣.

(٧) نووری شێخ سالّح- شێخ- (دیوان)، ئازاد عبدالواحد کۆی کردووەتەوەو ساغی کردووەتەوەو لەسەری نووسیوە، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپو بلاّوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

(٨) ئەسعەد مەحوی (دیوان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٠.

(٩) عابد- سیراجەدین نەقشبەندی (دیوان)، ئامادەکردنی ئەسعەد سیراجەدین نەقشبەندی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپو بلاّوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.

(١٠) حەسیب قەرەداخی، فەرهەنگی خەم، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو بلاّوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.

(١١) داهی (دیوان)، بەرهەڤکرن تەحسین ابراهیم دۆسکی، چاپا ئێکێ دەزگاها سپیرێز یا چاپو وەشانێ، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر، ٢٠٠٤.

(١٢) محەمەد عەلی قەرەدەغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی (ومیض)، بەغدا، ١٩٩٨.

# زێوەر
# و
# کێشەی کۆمەڵایەتی



**نەوزاد کەلهوڕ**

زێوەری شاعیر بە گوێرەی ئەو سەرچاوە دروستانەی دەستمان کەوتوون، ساڵی (١٢٩١)ی کۆچی بەرامبەر بە (١٨٧٥)ی زاینی لە گەڕەکی کانی ئاسکانی شاری سلێمانی لە دایك بووە. ئەو کاتەی زێوەر هاتۆتە دنیاوە، تەمەنی ئەو شارە نزیکەی سەدەیەك دەبوو کە ئیبراهیم پاشای بابان بنیادی نابوو، چونکە قەلاچوالانی پایتەختی بابانەکان، بە کەڵکی ئەوە نەدەهات ببێتە پایەتەخت، بۆیە بیر لە دروست کردنی شاری تازە کرایەوە، ئەویش شاری تازە دروستکراوی سلێمانییە.

لەگەڵ دروست کردنو تەواو کردنی ئەو شارە، بیریش لەوە کرایەوە کە مرۆڤی زاناو داناو ڕۆشنبیرو خاوەن قەڵەمو کەسە دەست ڕەنگینەکانیش بێنە ئەو شارە، بۆیە هەر زوو بە زوو پایەتەختی بابانەکان گەشەی هزریو ئابووریو بازرگانیی بە خۆیەوە بینیو لەڕووی سەربازیشەوە پێویستی دەکرد، دەستەیەکی لاوی سوارچاك پارێزگاری لەو میرنشینە بکات.

نالی-ی شاعیر دەربارەی ئەو سوپایە دەڵێت:

**ئـــەم طاقمـــە مومتـــازە کـــەوا خاصـــصەیی شـــاهن**
**ئاشـــووبی دڵـــی مەملەکـــەت و قـــەلبی ســـوپاهن**
**صەف صەف کە دەوەستن بە نەظـەر خەططی شوعاعن**
**حەڵقـــە کـــە دەبەســـتن وەکـــو خەرمانـــەیی مـــاهن**
**نـــەرگس نیگـــەه و ســـاق ســـەمەن، کورتـــە بـــە نەفـشەن**
**مـــوو ســـونبول و، ڕوومـــەت گـــوڵ و، هـــەم لالـــە کـــولاهن**
**گــــــوڵزاری دەرودەشـــــتن و غیلمــــــانی بەهەشــــــتن**
**ئـــاهوو صـــەف و، ئاتـــەش بـــە کـــەف و، تیـــز نیگـــاهن**
**صـــەحرا بـــە تەجـــەللی دەکەنـــە وادییـــی ئەیمـــەن**
**قامـــەت شـــەجەرو، مـــەظهـــەری ئـــەلَـــطافی ئـــیلاهن**
**گـــەه طـــاوس و، گـــەه کـــەبکن و، گـــە بـــۆ قەلـــەموونن**
**گـــەه ئاتـــەش و، گـــەه شـــوعلە، گـــەهێ دوودی ســـیاهن**
**لالـــەن بـــە بـــەدەن، ئـــەطلـــەسـی ئەخفـــەر کـــە لەبەرکـــەن**
**نـــەو ڕەســـتە گـــوڵن، بەســـتە لەگـــەڵ دەســـتە گیـــاهن**
**تـــەنهایی ســـەمەن بـــەرگی بەنەوشـــە کـــە لەبەرکـــەن،**
**وەك نـــووری دڵـــی مـــوئمین و ظولمـــاتی گونـــاهن**
**بـــۆ ســـەیری خەرامیـــدەنی ئـــەم ســـەرو قەدانـــە،**
**صـــوفی لـــە طـــەلـــەبدان و، هـــەموو ســـالیکی ڕاهـــن**
**بـــۆ زوڵـــف و ڕوخ و ئـــەبرووی چـــون زوڵفـــی ســـیاتان**
**عالـــەم وەکـــو ((نـــالی)) هـــەمو بـــا ناڵـــەوو ئـــاهن**
**((نـــالی))! بـــەخوا حەیفـــە دەڕەنجێنـــی دڵـــی خـــۆت**
**ئـــەم طاقمـــە مەخـصوصە هـــەموو صـاحیبی جـاهن**[1]

هەروەها شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەگەڕێتەوە سەردەمی منداڵی‌و بیرەوەرییەکانی بە بیردێتەوە، شاری سلێمانی چۆن لەژێر سایەی میرەکانی باباندا بووەو، کورد لـەو ڕۆژگـارەدا خـاوەنی پلـەو پایەی پاشایەتیی خۆی بووە، خەڵکیش لەبەر دەرگای پاشا چۆن ڕیزیـان بەسـتووە هـەتا بگەنـە پاشا.

شێخ ڕەزا خۆشەویستییەکی بێ پایانی بەرامبەر بابانەکان هەبووە، ئەو ڕێزو خۆشەویـستییە لە هەستێکی نیشتمانپەروەری‌و کوردپەروەرییەوە بـووە، چـونکە میرنـشینی ئـەو سـەردەمەی

بابان، ڕووناكییەكی گەش بوو لە باشووری كوردستاندا، شێخ ڕەزا ئەو میرنشینەی بە ولاَتێكی سەربەخۆی كوردستان، میرانی بابانیش بە پێشەواو پارێزەری ئەو ولاَتە دادەنێت، بەلاَم لەپاش شكستی عوسمانییەكان لە شەڕی ڤیەناو بلاَوبوونەوەی سەرمایەداریو پێویستی بە ولاَتو بازاڕێكی یەكگرتوو وای كرد لە سەردەمی حكومداریی سولَتان مەحموودی دووەمدا، دەولَەتی عوسمانی دەست بكات بە سەرنگوم كردنی ئەو میرنشینەو دەسەلاَتی حكوومەتی مەركەزی بەسەر كوردستانیشدا بگرێت(٢):

**لە بیرم دێ سولەیمانی كە داروموڵكی بابان بوو**
**نە مەحكوومی عەجەم نە سوخرەكێشی ئالی عوسمان بوو**
**لەبەر قاپیی سەرا صەفیان دەبەست شێخ و مەلاو زاهد**
**مەطافی كەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو**

**لەبەر طابوری عەسكەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا**
**صەدای موسیقاو نەققارە تا ئەیوانی كەیوان بوو**
**درێغ بۆ ئەو زەمانە، ئەو دەمە، ئەو عەصرە، ئەو ڕۆژە**
**كە مەیدانی جریت بازی: لە دەوری كانی ئاسكان بوو**(٣)

ئەو ئاوەدانكارییەی كە هەبووە لە شاری سلێمانی وای كردووە، كە خەڵك لە دەرەوپشتی شارەوە ڕوو لە شاری سلێمانی بكەن، دەبێت بنەماڵەی زەیوەری شاعیر یەكێك بن لەو سەدەها كەسانە لە پشدەرەوە كۆچیان كردبێت بۆ سلێمانیو تێیدا گیرسابنەوە.

زێوەر هەروەكو مندالاَنی سەردەمەكەی خۆی چۆتە حوجرەی فەقێیانو دەستی كردووە بە خوێندن، وردە وردە گەورە دەبێتو وەكو كورد دەڵێت: (دەستی داری گرتووە) لە شارەكەی خۆی دوور دەكەوێتەوە، بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندنو زیاتر پەیدا كردنی زانستو زانیاری، دوای ئەو ماوەیە هەوای چوونە ئاستانەی دەكەوێتە سەرو سەفەر دەكات بەرەو ئەستەمبوڵی ئاستانەی دەوڵەتی عوسمانی، لەوێ لەگەڵ عالمو ئەدیبەكاندا هەڵسوكەوتی كردووە، لەلایەكی دیكەیشەوە هەموو كات تێكەلاَوی لەگەڵ ئەو پیاوە كوردانەی لەوێ كار بەدەست بوون كردووە، چوار ساڵێك

بۆ خوێندنو زیادکردنی زانیاریو دنیا دیدەیی لە ئەستەمبوڵ دەمێنێتەوە، پاشان گەڕاوەتەوە سلێمانی(٤).

ئەو کاتەی زێوەر دەچێتە ئەستەمبوڵ، ئەو شارە پێشکەوتووترین شار بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونکە پایەتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەکان بوو، ئەوا وای کردبوو ببێتە شارێك کە سەرچاوەی زانستو زانیاری بێت لەناوچەکەدا، بۆیە هەرچی عاشقانی زانستو زانیاری لەناوچەکە حەزیان بەوە کردووە ڕوو لەو شارە بکەن، جگە لەوەش مەڵبەندێکی بازرگانیی گرنگ بووە لەنێوان ڕۆژهەڵاتو ئەوروپادا، ئەوەش وای کردبوو بەهۆی بازرگانییەوە داهێنراوەکانی ئەوروپا بگەنە ئەو شارەو پێشکەوتنی خۆیان پیشانی خەڵك بدەن، هەروەها نابێت لەڕووی سیاسیشەوە ئەو شارە فەرامۆش بکرێت، چونکە ئەو شارێکی گەورە بووەو بۆتە حەشارگەیەك هەموو کەسی تێدا بزرکردووە، لە هەمان کاتیشدا مەڵبەندی سەرهەڵدانی گەلێك ڕێکخراوو کۆمەڵەش بوو، ئەوانە هەموویان زەمینە خۆشکەر بوون بۆ پێگەیاندنی کەسایەتیی زێوەر.

پیرەمێردی شاعیر دەڵێت: ((کاتێك لە وڵات دەرچووم کۆلکە خوێندەوارێکی بێ بڕوانامە بووم، کاتێك گەڕامەوە وڵات خوێندەوارێکی باشو خاوەن بڕوانامەیەکی بەهێز بووم)).

زێوەری شاعیریش پیرەمێرد ئاسا کاتێك چووە ئەستەمبوڵ خوێندەوارییەکی ئەوتۆی نەبوو، کە خۆی پێی ڕازی بێت، یاخود بەمانایەکی دیکە بڵێین ئەو خوێندەوارییەی نەبوو، کە بتوانێت خزمەتی گەلو نیشتمانە دواکەوتووەکەی پێ ڕزگار بکاتو لە زوڵمو ستەم دەریان بهێنێت، جگە لەوەش سەفەری تورکیا دابووی لەسەری، بەڵام خۆشبەختانە لەو سەفەرەیدا خۆیو گەلەکەی سوودیان بینی.

زێوەر بەو مەبەستە نەچووبووە تورکیا کە خۆی لەئێشو ئازارەکانی میللەتەکەی بدزێتەوەو بکەوێتە نازو نیعمەتی ئەستەمبوڵ، بەڵکو بەپێچەوانەوە، بەو نیازە ڕۆیشتبوو بۆ ئەوەی خۆی پڕ چەك بکات بە زانستو زانیاریی سەردەمەکەیو بێتەوە وڵاتەکەیو منداڵانی گەلەکەی سوودمەند بکات لەوەی کە خۆی فێری بووە.

شاری ئەستەمبوڵ کاریگەریی هەبووە لەسەر پێشکەوتنی هزری زێوەر، ئەو سەفەرەی وای کرد چاوکراوانەترو دوور بینانەتر بیر لە ئایندەی گەلو نیشتمانەکەی بکاتەوە.

زێوەر لەو سەفەرەیدا ئەو پێشکەوتنە زانستیو تەکنەلۆژیایەی سەردەمەکەی خۆی دیتو بەراوردی کردن لەگەڵ کۆمەڵگا دواکەوتووەکەی کوردەواری، بۆیە شەوو ڕۆژی لە سەر یەك ناوە بۆ تەواو کردنی خوێندنەکەی، بەڵکو هەرچی زووە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی لێوەی بەهرەمەندبن.

ئەستەمبوڵ نزیکە لە ئەوروپا، ئەو سەردەمەش ئەوروپا لە پێشکەوتنێکی فراواندا بوو، دیارە ئەو پێشکەوتنە زوو دەگەیشتە ئەستەمبوڵ، چونکە لەلایەك وەکو باس کرا لە ئەوروپا نزیك بوو لەلایەکی دیکەشەوە، پایەتەختی دەوڵەتی عوسمانی بووە، بۆیە زێوەری شاعیر هەر زوو بیری لەو پێشکەوتنە خێرایە کردەوە، کە دەبێت هۆی چی بێت؟!

ئێمە باوەڕمان لەسەر ئەوە چەسپاوە زێوەر هۆکاری ئەو پێشکەوتنەی گەڕاندۆتەوە بۆ نەخوێندەواریو دواکەوتنی کۆمەڵگای کوردەواریشی بۆ نەخوێندەواری گەڕاندۆتەوە کە چ دەردێکی کوشندەیەو بۆتە شێرپەنجەو دەستی ناوەتە بینەقاقای ئەو کۆمەڵگایە، بۆیە کە دەگەڕێتەوە سلێمانی مەڵبەندی لەدایك بوونی خۆی دەکەوێتە ململانێو بەربەرەکانێی ئەو دوژمنە سەرسەختەی کە میللەتەکەی پێوە دەناڵێنێ کە نەخوێندەوارییە.

مامۆستا (مەحموود زێوەر) ئامادەکاری دیوانی زێوەری باوکیەتی لە دوو خاڵدا زێوەرمان پێ دەناسێنێ:

یەکەمیان زێوەر بە ڕابەرو ڕێچکەشکێنی قەلاچۆکردنو نەهێشتنی نەخوێندەواری دادەنێت لە کوردستاندا، چونکە بەر لە ئەو تا سەردەمی ژیانی ئەویش، کەس ئەو بۆچوونو ئەرکە پیرۆزەی نەبووەو کەس نەیگرتۆتە ئەستوی خۆی، فەرموون ئەوەتا مامۆستا (جەمال بابان) لە یاداشتی منداڵیدا بۆمان ئەگێڕێتەوە کە باوکی مودیری ناحیەی سروچك (بەرزنجە) بووەو زێوەریش ئەو دەمە مامۆستای قوتابخانە بووە، چۆن هانی خەڵکەکەی داوە دوای تەواوکردنی کارو فەرمانی ڕۆژانە یان شەو بێن پێیان بخوێنێ.

دووەم زێوەر بەڕابەری ئەدەبی منداڵ دادەنێ کە بیرەکەی لەخۆیەوە سەری هەڵداوە، بۆ گۆرانیو سرووودی کوردی، بەڵگەشی پێشەکییەکەی نامیلکەی (دەستە گوڵی لاوان)ە کە بە قەڵەمی خۆی نووسیویە(٥).

ئێمەش قەناعەتمان لەسەر ئەوە چەسپاوە، زێوەر ڕابەرو ڕێچکەشکێنێ قەلاچۆکردنی نەخوێندەوارییە، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگیشی هەبووە لە ئەدەبی منداڵاندا، چونکە بەشێکی

زۆری دیوانەکەی بۆ هۆنراوەو سروودی منداڵان تەرخان کردووە، بەڵام ڕەنگە ئەو قسەییەی کاک (مەحمود زێوەر) پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردترو زانستیتر هەبێت، کە دەڵێت: (زێوەر ڕابەری ئەدەبی منداڵانە کە بیرەکەی لە خۆیەوە سەری هەڵداوە)).

ئەدەبی منداڵان لایەنێکی گرنگە لە ئەدەب، خودی منداڵیش جیهانێکی فراوانە، بۆیە بایەخدان بە منداڵ واتە بە کۆمەڵگا، چونکە ئەو منداڵە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەرکی بەرپرسیارەتیی گەلو نیشتمانی دەکەوێتە ئەستۆ، لێرەدا قسەیەکی (مەنگوری) ئەندامی ئەنجومەنی عمومی بەرتیانیام دێتەوە بیر کە دەڵێت: (ئەرکی ئێمە دیارو ئاشکرایە هەر کاتێک بمانەوێت کۆمەڵگایەکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو دروست بکەین، دەبێت لە پەروەردەی منداڵەوە دەست پێبکەین).

دەربارەی ئەدەبی منداڵانیش (گۆران)ی شاعیر دەڵێت: (مەکسیم گۆرگیو زەکەریا تامرو هانز ئەندرسن بەو گەورەییەی خۆیان بۆ بچووکی منداڵ دەنووسن، بەڵام ئێمە بەو بچووکییەی خۆمان بۆ گەورەیی منداڵ نانووسین).

زێوەری شاعیر گرنگییەکی زۆری بە پەروەردەی منداڵ داوەو بەشێکی زۆریشی لە هۆنراوەکانی بۆیان تەرخان کردووە، بەڵام نابێت ڕۆڵی شاعیرانی هاوچەرخی خۆی وەکو گۆرانو بێکەسو پیرەمێرد لەبیر بکەین، چونکە ئەوانەش هۆنراوەیان بۆ منداڵ گوتووە، هەروەها پێش ئەوانەش (ئەحمەدی خانی) منداڵانی لەبیر نەکردووە، بۆیە بەش بە حاڵی خۆمان ئەوە ڕەت دەکەینەوە، کە دەڵێت زێوەر ڕابەری ئەدەبی منداڵانە(٦).

ئێمە زێوەر بە پەروەدەکارێکی گەورەی منداڵان دەزانینو دەڵێین زێوەر گەشبین بووە بە ئایندەی گەلو نیشتمانەکەی، ئەو گەشبینییەشی لە منداڵانی نەتەوەکەی بینیوە، گەر ئەمڕۆ منداڵ باش پەروەردە بکەین سبەی دەتوانین کۆمەڵگایەکی دروستو پێشکەوتوو دروست بکەین، ئەوەش دەمانگەیەنێتە ئەو قەناعەتەوە بڵێین زێوەر جگە لەوەی پەروەردەکار بووە، کەسێکی دووربینیش بووە. لەهەمان کاتدا یەکێک لەو هۆکارانەی یارمەتیی لێکۆڵەرەوە دەدات، مێژووی دانانی هۆنراوەکەیە، لەو ڕێگایەوە لێکۆڵەرەوە دەتوانێت بە گوێرەی بارو زرووفی ئەو سەردەمە تەفسیری هۆنراوەکانی بکات، هەروەها لەڕێگای ئەو هۆنراوانەشەوە باری کۆمەڵایەتیو سیاسیو ڕۆشنبیری ئەو سەردەمە هەڵسەنگێنێ. شاعیر کەوتۆتە ساڵەوە، سەرو ڕیشی سپی بووە، بەڵام بەهۆی ئەو کردەوە خراپانەی ئەنجامی دەدان، بۆتە پیرێکی ئاخرشەڕ،

هەر بەهۆی ئەو ئاخرشەڕییەوە بۆتە کەسێکی بێ قیمەت‌و بێ فەڕ لە هەردوو دنیادا، دنیای تێدا دەژی‌و دنیای دیکە لە ڕۆژی لێپرسینەوەیە لە کردەوەکان‌و هەر کەسەو پاداشت‌و سزای خۆی وەردەگرێت (فريق في الجنة وفريق في السعير). جا بە گوێرەی لێکدانەوەی شاعیر بێت، دەبێت تووشی ئاستەنگ‌و ناخۆشییەکانی ڕۆژی مەحشەر بێت:

**ڕیش سپی، ڕوو زەردو دڵ ڕەش پیری ئاخر شەڕ منم**
**لەم جیهان و لەو جیهان بێ قیمەت و بێ فەڕ منم**

بەهۆی ئەوەوە شاعیر ئەوەندە بیر لە خۆی دەکاتەوە هیچ کردەوەیەکی چاکی نییە لە دنیا، هەر ئەوەشە وای کردووە کە ببێتە پیری ئاخرشەڕو شەرمەزاریش بێت لە دەشتی مەحشەر، کە هەموو مرۆڤەکان تێیدا کۆدەبنەوەو، هەق‌و حسابی دنیایان لەگەڵ دەکرێت، ئەو ڕۆژە (زێوەر) کەسێکە تۆزو خۆڵی لێ نیشتووە وەکو ئەو کەسەی لە خۆڵ وەردرابێت:

**کردەوەی چاکم نییە وەختێ کە سەیری خۆم ئەکەم**
**خاکسارو شەرمەساری دەشتەکەی مەحشەر منم**

ئێستا دنیا ڕووناکە، شاعیر بە ئارەزووی خۆی لێ دەخورێت‌و جڵەوی بۆ نەفس شل کردووە بە ڕاست‌و چەپدا دەڕوات بێ ئەوەی هیچ حسابێك بۆ ڕۆژی دوایی بکات.

هەر ئەو کردەوانەی دنیا دەبنە هێشووی دوارۆژی مرۆڤ، جا ئەگەر مرۆڤ جڵەوی بۆ نەفسی شل بکات، ئەسپی خۆی بە ڕاست‌و چەپدا تاو بدات، لە ڕۆژی دوایی سواری ئۆتۆمبیلی پەنجەر دەبێت‌و لە شوێنی خۆی دەچەقێت بەوەش لە کاروان بەجێ دەمێنێ:

**ئێستە سواری ئەسپی نەفسم بۆ چەپ و ڕاست لنگ ئەدەم**
**ڕۆژی ئاخر صاحیبی سەیارەی پەنجەر منم**

(مەحوی)ی شاعیریش لەو بارەیەوە دەڵێت: نازانم ئەو نەفسە بەدخووە زیاتر لەوە چی لێم دەوێت؟ هەرچی ئەو دەڵێ من جێبەجێی دەکەم لە کردارو قسەو بیروباوەڕم، لەوە زیاتر چ بکەم؟

**لە من نازانم ئیتر نەفسی بەدخوو چیی دەویٚ ((مەحوی))**
**کە بەد کردارو بەد ڕەفتارو بەد ئەفکارو بەدطەورم**[٧]

ئیمامی غەزالی، یەکێکە لە زانا بەرزەکان، بیری لەسەر ئەوەیە کە(ڕوح)و (نەفس) یەکێکن، لەو بارەیەشەوە کە هۆی گیانداریو ژیانە ناودەبریٚ بە (ڕوح)و لەو بارەشەوە کە فەرمانـدەرو هەڵسوڕێنەی کارە بە (نەفس) ناو دەبریٚ، هەندێك جار نەفس بە (مطمئنة) ناو دەبریٚ جار جاریش بە (أمارة) جار جاریش بە نەفسی (لوامة). ئەو سیٚ نەفسە هەر ئەو نەفسەن کە لەگەڵ ڕوحدا یەکێکن، بەڵام لەگیانی خۆیدا بە تەبیعەت ئەمارەیە فەرمان دەدات بە بەجێهێنانی ئارەزووی خۆیو، پاشان بە بەندەییو تاعەت مەشغووڵ کرا وای لیٚ دیٚ لە نێوان ئەحوالی موختەلیفەدا ئەمێنێتەوە، پاشان هەندێك باری نالەباری بەسەردا دێت تاوان دەکا لەبەر هێرشی (اطمئنان) ڕوو دەکاتەوە بۆ لای هەقو عیبادەتو سەرزەنشتی خۆی دەکا لەسەر گوناە، لەو کاتەدا ناو ئەبریٚ بە (لوامە)و ئەگەر تەوفیق درا ڕزگاری دەبیٚ شیفای بۆ دێت ناو ئەبریٚ بە نەفسی (مطمئنة)[٨].

پاش ئەوەی زێوەر نەفسی تووشی کردەوەی خراپی دەکاتو ئافاتێکی گەورەی بۆ دەنێتەوە لە ڕۆژی حەشردا، بەڵام ئەو جارە پەنا بۆ قاپیی خودا دەباتو دەپاڕێتەوەو ئومێدی زۆری هەیە بەخوا، کاتێك وەکو سواڵکەرێك دەچێتە بەردەرگای خواو داوای یارمەتی لیٚ دەکات، چونکە ئەو لای وایە جگە لەخوا هیچ کەسێکی دیکە شك نابات پەنای بۆ ببات، خۆ ئەگەر بێتو لەبەر دەرگای خۆی دەری بکات، ئەوە بە جارێك ڕوو ڕەشو بیٚ پەناو لێقەوماو دەبێت:

**صاحیب خوانی بەبیٚ مینەت لە دنیاو ئاخیرەت**
**یا ئیلاهی هەر ئەتووی زۆر بیٚ نەواو سواڵکەر منم**
**ڕوو لە دەرگای کیٚ بکەم، گەر تۆ دەرم کەی چی بکەم**
**ڕوو ڕەشو بیٚ ئیلتجاو بیٚ کەسو موضطەر منم**

کۆمەڵگای کوردەواری ماوەیەکی دوورودرێژە دەناڵێنێت بەدەست کێشە کۆمەلایەتییەکانەوە کە ڕەگوڕیشەیان داکوتاوە، وەکو ژن بە ژنو گەورە بە گچکەو مارەکردنی کچی بچووك لە کەسێکی بە تەمەن.

زێوەر وەکو کەسێکی بە ئاگا لە دەوروبەرەکەی، ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانە دەهاوێتە ناو چوارچێوەی هۆنراوەوە، شاعیر ئەو دەردە کۆمەڵایەتییە بە کارێکی نارێكو قێزەوەن لە وێنەیەکی شیعری پیشانی کۆمەڵگا دەدات. مەسەلەی وەستا بیلالو بووکە تازەکەی دەخاتەڕوو.

وەستا بیلال کەسێکی بە تەمەنەو چۆتە ناو ساڵەوە لە توانایدا نییە ئەرکی ژنو مێردایەتی لەڕووی سێکسییەوە جێبەجێ بکات، بەڵام لە دیوەخانو مەجلیسدا کەسێکی دیارو قسەزانەو کەموکوڕی نییە. زێوەر وەستا بیلال لەکاتی پەردە بە پیرە زاڵو لە مەجلیسدا بەشێرە پیاومان پێ دەناسێنێ:

**مەسئلەی وەستا بیلال و بووکی تازەی بوو بەباو**
**وەختی پەردە پیرە زاڵە، وەختی مەجلس نێرە پیاو**

کورد دەمێکە گوتوویەتی (لە ئاسمانان هاوار دەکات ئاوکوف) واتە هەر کەسێك دەبێت بە گوێرەی ئاوکوفی خۆی بێت، یەکێك بخوازێت هاوشانی خۆی بێتو لە ڕدێنی خۆی بوەشێتەوە، نەك وەستا (بیلال)ی تەمەن هەشتا ساڵ بچێت یەکێکی چواردە ساڵە بهێنێت، شاعیر لێرەدا وێکچوونێك لە هۆنراوەکەیدا بەکاردەهێنێت گوڵو بولبول هاوشانی یەکترن، حەیفە کوندە بۆ زەوتی بکات، چونکە جێگای کوندەبۆ کاولگەیە، کچی چواردە ساڵ بولبولە کوندەبۆش پیری هەشتا ساڵە:

**گوڵ کە ماڵی بولبولە زۆر حەیفە کوند زەوتی بکا**
**پیری هەشتا ساڵە گێ چ بکا لە یاری مەستەچاو**

وەستا وا باشە بچێت بەدوای کاری خۆیدا بگەڕێت، ئەوەی ئیشی پێیەتی کە دەزگای چەخماخ سازییە (دەبێت وەستا بیلال چەخماخ ساز بووبێت)، چونکە دەتوانێت ئەو بەکاربهێنێت،

چی داوە بەسەر کچێکی تازە پێگەیشتوو، لە کاتێکدا ناتوانێت ئەو کــچە تازەیــە بــە عــەمــەل بهێنێت، چونکە بە عەمەل هێنانی ئەو کچە بە یەکێکی وەکو خۆی ئەنجام دەدرێت، نەك وەستا (بیلال)ێك کە ئێستا بۆتە نەرمەسار:

**ئەســکەلەی پــیٚ لازمــە وەســتا، نــەوەك تەســکۆڵەی**
**نــاسمیٚ دووڕی نەســوفتە کــەس بــەزەربی نەرمەســار**

کاری وەستا بیلال گەرم کردنی کوورەی ئاگرە بۆ ئەوەی ئاسنی پیٚ گەرم بکــات، بــۆ کــاری ئاسنگەری بەکار بهێنیٚ نەك بچێت ئەو شتە بە نرخە کون بکات، چونکە نەکاری ئەوەو نەپێشی دەکرێت، ئینجا واباشە دەست لەو کارە هەڵبگریٚ کە پێی ئەنجام نادریٚ:

**کــاری وەســتا کــوورە بــازی و لوولەســازیی ئاســنە**
**نــەك عــەقیق کــون کردنــە لادە لــە فیکــری ناتــەواو**

ئەوجارە ڕوو لە پیاوانی ئاینی دەکــات، ئــەوان بــەکاری مــارە کــردنو نکــاح بــەتاڵ کــردن هەڵدەستنو دەڵێت ئەی مەلا ئەو کەسانەی توانای سەرجێی کردنیــان نییــە جــائیزە نکاحەکــەی هەڵبوەشێتەوە، جا ئێوەش هیمەت بکەن ئەو ئاسکە تازەیە کەوتۆتە داوی ڕاوکەرێك هەتا زووە ڕزگاری بکەن:

**ئــەی مــەلا! فەســخی نیکــاحی پــیری بــیٚ کێــر جــائیزە**
**هیمـــەتیٚ، ســـاتۆ ڕەهاکـــە ئاســـکی نـــازك لـــەدار**

ئەمڕۆ سینەما بەهونەری حەوتەم ناو دەبرێت، گەرچی چەند ســاڵێك بگەڕێینــەوە بــۆ دواوە یاخود هەڵسەنگاندنەکانمان بەپێی پێوەری کۆمەڵایەتیی سەردەمی زێوەرو پاش ئەویش بپێــوین، پەیدا بوونو کردنەوەی لــەو ســەردەم کــارێکی ناشایــستەی کۆمەڵایــەتی بــوو، جگــە لــەوەش باکگراوندێکی ئاینیشی بەدواوە بووە، بە هەرحاڵ هاموشــۆکەرانی ســینەما ناپەســند بووینــەو

جێگاو ڕێگای کۆمەڵایەتیان لاواز بووە، ئەوەتا زێوەر داخی حەسرەت کەوتۆتە سینەیەوە لەبەر ئەو کەسانەی کە هاتوچۆی سینەما دەکەن، خەڵك هێندە بە پەرۆشەوە دەچنە سینەما هەر دەڵێی گرانی نییە، وەکو بڵێی نەبای دیبێ نە باران، دیارە ئەو هۆنراوەیە لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی وترابێ، دەبێت هەر ئەو ساڵەش سینەما هاتبێتە سلێمانیو خەڵك بە گەرمی هاتوچۆیان کردووە، وەك بڵێی شەڕ نییەو گرانی سەردەمی بەسەرچووە:

**داخی حەسرەت نەخشی بەست ئەمساڵ لە تەختی سینەما**

**بۆ ئەوانەی ڕائەکەن سەربەست ئەچن بۆ سینەما**

**کێ ئەڵێ حەربە گرانی زۆر پەرێشانە جیهان**

**تۆ بچۆرە سینەما وا تێدەگەی برسی نەما**

ئەو فیلمانەی لە سینەما پیشان دراون هەموو ئەوروپاییو ئەمریکایی بووینە، دیارە ئەو وڵاتانەش لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە گەلێك جیاوازن لەگەڵ میللەتی کورد، کاتێك خەڵك ئەو فیلمانە دەبینێت وەکو زێوەر دەڵێت شەرمی نامێنێت، ئەوەش بۆ کاری سینەمایە، هەروەها ترسیشی لەلای منداڵ نەهێشت، لەوەش سەیرتر ئەو کوڕو کچانە لەگەڵ دایكو باوکیان وەکو هاوڕێیان لێهاتووە.

لەڕووی دەروونزانییەوە دایكو باوك ئەوکاتە دەتوانن پەروەردەی منداڵەکانیان بکەن بەشێوەیەکی دروست، کە پەیوەندییان لەگەڵ یەکدا باش بێت، ئەوکاتە دەتوانن هەردوولا گرفتەکانی خۆیان لەلای یەکتری باس بکەن، بەوەش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پتەوو بەهێز دەبن، گەلێك جار وا دەبێت بەهۆی ئەو شەرمە زۆرەی لەنێوان ئەندامەکانی خێزاندا هەیە، گرفتەکان قووڵتر دەبن، هەندێك جاریش کێشەی خێزانی لێ دەکەوێتەوە.

زێوەر مەبەستی ئەوەیە بڵێت پەیوەندیی کوڕو باوك یاخود کچ لەگەڵ دایك گەیشتۆتە ڕادەی بێ شەرمی، کە پەردەی شەرم لە نێوانیاندا هەڵگیراوە وەکو ئەو کەسانەی هاوڕێنو هەردەم بەیەکەوە بێ پەردەی شەرم قسە دەکەن:

**کوڕ لە باوك کچ لەدایك شەرمیان لاخستووە**

**سینەما کارێکی وای کرد هیچ منداڵ ترسی نەما**

**بۆ تەماشا زۆر کوڕو کچ بوونە هاوڕێی باوك و دایك**
**هیچ غەمی باوکیان نییە وای درهەم و فلسی نەما**

بازاڕی سینەما هێندە گەرمە، خەڵك ئاپۆرەی بۆ بەستووە هەتا ئەوەیان پێش ئەوی دیکە بچێتە ژوورەوە، تاکو شوێنی خۆی بگرێت، هەرچەندە هاواریش بکرێت شوێن نەما بێ سوودە گوێی پێ نادەن، بۆیە ئەو ئاگری حەسرەتەی من هەمە هەر لە سینەمدا دەمێنێتەوە، جا وەرن خەڵکە پێم بڵێن لەو سینەمایە کە هێندە پەرۆشینە چ فێر بووینە! هەتا منیش جار جار بێم بۆ سینەماو تاکو منیش شتێکی لێوە فێربم:

**یەك بە یەك کوشتی ئەکەن تا زوو بچن بۆ ژوورەوە**
**با هەزار جار بانگ بکەن وا لۆجەو کورسی نەما**
**عیلمو فەنی ئەوروپا فێر بوون کە سەیری وێنەبێ**
**ئاگری حەسرەتی ئەمێنێ هەر لە لەوحی سینەما**
**پێم بڵێن تائێستا چی فێر بوون منیش دێم جار بەجار**
**تا نەڵێن پێم پاش ملە زێوەر کەوا شانسی نەما**

(ڕەسووڵ حەمزاتۆف)ی شاعیری گەورەی داغستان دەڵێت: ((ڕاستیو درۆ بووە شەڕیان ڕاستی دەیگوت من لە تۆ باشترم هەموو خەڵکم لەگەڵدایە، درۆش دەیگوت نەخێر من، پاشان ڕێکەوتن لەسەر ئەوە خۆیان تاقی بکەنەوە، چوونە ناو خەڵکی درۆزن سەیریان کرد هەموویان لە قاقای پێکەنیندان قسەو بەسەر هاتو گاڵتەو گەپ دەگێڕنەوەو زۆر کەیف خۆشن، پاشان چوونە ناو کۆمەڵەی ڕاستگۆیان سەیریان کرد هەموویان ڕوو گرژنو پشتیان لەیەك کردووە، درۆ گوتی ئێستا کامان باشترین))[٩] خوای گەورەش دەفەرموویت: (وأكثرهم للحق كارهون)[١٠].

لێرەدا پرسیار ئەوەیە دەبێت زێوەر بۆ ئەوەندە ڕقی لە دەسەڵاتو دەوڵەت هەڵگرتبێ، کە هەموو شتەکان بەدرۆ دەزانێتو بڕوای بەهیچ نەماوەو بۆ هەموو شتەکان تەفسیری ناڕاستیان بۆ دەدۆزێتەوە، بلێسەی خەرمەنی دەوڵەتو چەخماخەی کۆکردنەوەی سەروەتو سامانو هەروەها تەنەکان بەبێ ڕاستگۆیی وەکو شەوی تاریکی هەموو درۆیە، هەروەها هەڵوەرینی باخ بەبێ ڕێزگرتن ئەوەش هەر شتێکی کەمەو هیچە، چونکە ئەویش هەر درۆیە:

**بڵێـــــسەی خەرمـــــەنی دەوڵــــەت درۆیـــــە**
**شـــــەرارەی مەزرەعــــەی ثــــەروەت درۆیـــــە**
**موجەســــەم بــــێ صـــەداقەت مانگــــە یـــا ڕۆژ**
**ئــــەمما مــــەعنای شـــەوی ظـــولمـــەت درۆیـــە**
**ئەگــــەر ڕاســــتت ئــــەویٚ ئــــەی نەوجـــەوانم**
**خــــەزانی باخەکـــــەی حورمــــەت درۆیـــــە**

وەرە با بەیەکەوە بڕوانینە زەمانە، ئەو سوپایەی ئالاکەی بـەرزە، بـەلاّم نەگبـەتی بـەرۆکی گرتووە، ئەویش هەر درۆیە، وەرە سەیر بکە پیاوی ڕووڕەش کێیە؟

ئەو کەسانەن کە هەردەم درۆ دەکەن، کەسـانی درۆزن لـەلای خـەڵكو خـوا ڕووڕەشـن، ئـەو کەسانەی هۆکار دەهێننەوە بۆ کەسانی نەفرەت لێکراو ئەوەش هەر درۆیە. ئەگەر جارێك هـەوڵ بدەی بۆ کردنی چاکە دیارە مەبەستێکی تایبەتیت هەیـە، کەواتـە ئـەویش هـەر درۆیـە، ڕەگ داکوتانی خزمەت کردنی خەڵكو نیشتمان تەنها بۆ مجامەلە کردنە ئەویش هیچ ئەسڵێکی نییە، مەجلیس خۆش کردن بە چرای غەیبەت کردن ئەویش هەر درۆیە:

**ئــــــەتۆ بنـــــوارە مەیــــــدانی زەمانـــــــە**
**عەلەمــــــداری ســــــوپای نەگبــــــەت درۆیـــــە**
**درۆزن ڕووڕەشــــــە لای خــــــەڵق و خــــــالیق**
**ســــەبەب بـــــۆ لەعنــــەت و نــــەفرەت درۆیـــــە**

هەر هۆکارێك ببێتە هۆی تێکدانی ڕەوشت، بەهەر پاساوێك ئـەویش هـەر درۆیـە لەکـەی پیسی لەداوێنی کەسێکی داوێن پاك ئەویش هەر درۆیە:

**درۆیــــــە واسیطـــــەی تــــــەخریبی ئــــــەخلاق**
**چــــــراغی مەجلیــــــسی غەیبــــــەت درۆیـــــە**
**صـــــەداقەت پیـــــشەی ئــــــەربابی نــــــامووس**

لەکـــــەی داوێنەکـــــەی عیـــــصمەت درۆیـــــە
لـــە گـــورگ و ورچ و فیـــل و شـــێر مەترســـە
درِنــــــدەی صـــــاحێبی هەیبـــــەت درۆیـــــە.

پاشان شاعیر پەنا دەباتە بەر پاڕانەوەو پرسیار کـردن، ئایـا ڕاسـتی دەبێـت چ خراپەیـەکی هەبێت خەڵکی بەو شێوەیە لێی دوور کەوتوونەتەوە ئەوها بـەو شـێوەیە دوژمنایـەتی دەکـەنو دەست لەملانێی درۆنە، بەڵام هیچ کاتێك ئەوە لەکەس قبووڵ مەکەنو مەیسەلمێنن ئەگەر گوترا کەسانی درۆزن دەچنە بەهەشت، جا ئەگەر ئەو قسەیە وابێت درۆزن بـچێتە بەهەشـت ئـەوا بـە دڵنیاییەوە بەهەشت درۆیە:

ئیلاهـــــی! ڕاســـــتی چـــــی بـــــی خراپـــــی
کـــــەوا مـــــەقبوولی نـــــاو میللـــــەت درۆیـــــە
مەیـــــــسەلمێنن درۆزن بـــــــچنە جەنـــــــەت
ئەگـــــەر بێـــــتو بـــــچن جەنـــــەت درۆیـــــە

(خەیام)ی شاعیر لـە چـوارینێکدا کـە فەلـسەفەیەکی قـووڵی خوداپەرسـتی تێدایـە، هـەر دەربارەی بەهەشت قسە دەکاتو دەڵێت: مەبەست لە خوداپەرستی چوونە بەهەشـتە، ئـەوەش قسەی بێ سەروبەری خەڵکە، ئەگەر بێتو کەسـانی عاشـق بـچنە دۆزەخ ئـەو کاتـە بەهەشـت چۆڵوهوڵ دەبێت، چونکە هەموو خەڵك عاشقە:

پـــێم ئـــەڵێن دۆزەخ مەخـــصوص بـــۆ بەســـتە
بـــــەم واتـــــە هـــــیچ دڵ مەبەســـــتە
گـــەر عاشـــق و مەســـت بـــچنە جەهەننـــەم
بەهەشـــت چـــۆڵوهوڵ وەك بـــەری دەســـتە[١٠]

ئەمرۆ شاعیر خوێندەوارە توانای بەسەر ئەوەدا دەشکێ، کە عەرزوحاڵ بنووسێ بـۆ هـەموو کەسێك، بەڵام سوودی چییە! ئەمرۆ خۆی لە هەموو کەسێك پێویستترە کە عەرزوحاڵ بـۆ خـۆی بنووسێ، چونکە ئەمرۆ خۆی داماوە، بۆیە ئێستا شاعیر دەعوا چییە؟ دەیـەوێ دەعـوا تۆمـار

بکات لەسەر پارەکەی لـە ئـەبرۆی دڵگـەش یـاخود چـاوی خونخـواری، چـونکە کەوتۆتـە بـەر کاریگەری زوڵفو خەتو خاڵ:

**ئـەزانم بینووسـم بـۆ هـەر کەسـێ مـن عـەرزوحاڵ ئـەمڕۆ**
**لـە عـەرزی حـاڵی خـۆم دامـاوم و صـاحیب مـەلال ئـەمڕۆ**
**شـکایەت کـەم لـە ئـەبرۆی دڵگەشـی یـا چـاوی خونخـواری**
**بڵـێم چـی لـە تـائـثیراتـی زوڵـف و خـەتت و خـاڵ ئـەمڕۆ**

دەڵێن ئەمڕۆ سەردەمی بولبولو گوڵ بەسەرچووە، هەروەها شـەمعو پەروانـە، کـە پەروانـە خۆی لەئاگری شەمعەکە دەدات لە عەشقیدا دەسووتێ، هەر کاتێکیش پەروانە سـووتاو نـەما، ئەوا شەمعەکە دەبێتە بتێکی بێ گیان، هەروەها گوڵیش بەبێ بولبـول هـەروەکو شـەمعی بـێ پەروانەیە، بۆیە ناچار دەبم جێگای هەردووکیان بگرمەوە، هەم ببمە بولبول هەمیش پەروانە:

**ئـەڵێن فـەوتاوە باسـی بولبـول و گـوڵ، شـەمع و پەروانـە**
**کەچـی شـەمعی گـوڵی ڕوخـی بتێکـی بـێ میثـال ئـەمڕۆ**
**چـراغی بـەزمی عوشـشاقی، گـوڵی گـوڵزاری ئافـاتی**
**بە ناچار ئەبمە بولبول، ئەبمە پەروانەی جەمال ئەمڕۆ**

ئەگەر ئێوەش ڕەخنە لەو هەڵویستەم دەگرن، یاخود بە چاوی ڕێزەوە تێی دەڕوانن مـن ئـەوە ڕێگامەو بە قەناعەتەوە هەڵم بژاردووە، ئەوە من دەچمە سەیری لەنجەی دلبەری کەمـەر باریـك ئەمڕۆ:

**ئەگـەر تەنقیـد ئەکـەن، تەقدیر ئەکـەن ئـەم ڕێگەیـە ڕێگامـە**
**کـە بـچمە سـەیری لەنجـەی دلبـەری قـەد ئیعتـدال ئـەمڕۆ**

مەحویش لەو بارەیەوە دەڵێـت: لـە نـووری بەرەکـەتی ئـەو ئاسـۆ خـۆشو فراوانـەوە، کـە سەرخۆش پەیدا دەبێت چرای جوانی دۆست داگیردەکاتو دڵ بە خۆشەویستیی ڕاستەقینەی خۆی

گەیشت، ئیتر چی بۆ دەمێنێتەوە لەوە زیاتر بچێتە سەر ڕێو شوێنی پەروانەو خۆی لە پێنـاوی ئەو ژیانە خۆشەدا بسووتێ:

**کـە هەڵگیرسا لـە نـووری بـادە شـەمعی حوسـنی جانانـە**
**نەچێتە سـەر طـەریقـەی حـەزرەتی پەروانـە، دڵ، چبکا؟[12]**

## سەرچاوەو پەراوێزەکان:


١- دیوانی نـالی، لێکۆڵینـەوەو لێکدانـەوەی، مـەلا عـەبدولکـەریمی مـدرس و فـاتح عـەبدولکـەریم، بلاۆکراوەکانی، انتشارات، سنە، چاپی یەکەم، ١٣٨٠ی هەتاوی ل٣٤٠.
٢- شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ژیانو پەروەردەی بیروباوەڕیو شیعری، د. مکرم تاڵەبانی، دەزگـای ئـاراس، ساڵی ٢٠٠١، ل٢٥٠.
٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٤- دیوانی زێوەر، مەحمود زێوەر، بلاۆکراوەکانی دەزگای ئاراس، چاپخانەی ئاراس ٢٠٠٣ ل١٠.
٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٨.
٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو
٧- دیوانی مەحوی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی، مـەلا عـەبدولکـەریمی مـدرس و فـاتح عـەبدولکـەریم، چاپخانەی (حسام) چاپی دووەم، ١٩٨٤، ل٢٢٢.
٨- مەلا عەبدولکەریمی مدرس، تەفسیری نامی چاپخانەی دار الحریة، بەرگی حەوتەم، ل١٧٤.
٩- ڕەسووڵ حەمزاتۆف، داغستانی من، وەرگێڕانی عەزیز گەردی، بلاۆکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد.
١٠- قورئانی پیرۆز، سورەتی المؤمنون، ئایەتی ٧٠
١١- چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕانی شێخ سەلام، لە بلاۆکراوەکانی کتێبخانەی پیرەمێرد، سـلێمانی، ١٩٦٧ ل٢٤.
١٢- دیوانی مـەحوی، لێکۆڵینـەوەو لێکدانـەوەی، مـەلا عـبدالکریمی مـدرس و فـاتح عـبدالکریم، چاپخانەی حسام، چاپی دووەم، ١٩٨٤، ل١٤.

# ڕەشبینی و گەشبینی لە شیعری نوێی کوردیدا

دیوانە شیعری (پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە)ی نەوزاد ڕەفعەت – بە نموونە

لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە





ئیدریس محەمەد کەریم

زانکۆی سلێمانی – کۆلێجی زمان – بەشی عەرەبی

ئەدەب ئاوێنەی کۆمەڵە، لەم وتەیەوە هەوڵ دەدەیــن بــچینە نــاو پێجوپــەناکانی ئــەم دوور ڕەگەزە دژیەکەوە لەشیعرەکانی نــەوزاد ڕەفعــەتی شــاعیردا وەك نموونەیــەك لــە شــیعری نــوێی کوردی، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە بە بەکارهێنانی پەندی مشتێك لە نموونەی خــەروارێك، لێرەشەوە هەریەك لەم دوو ڕەگەزە دەبینین کە هەڵقولاوی ناخی کەسێك یان شاعیرێك نین و بەس، کە بە تەنها پەیوەست بن بە هەستی نیشتمان و کۆمەڵگەو کۆمەڵــەوە، هەســتی ڕەشــبینی بــۆ نیشتمان بریتییە لە داگیرکردنی یان لە نــاوبردنی و هەســتی شــاعیریش لێــرەدا لەگــەڵ هەســتە گشتییەکەدا دێت بەتایبەتی کاتێك کە ئاوێتەبوون لە نێوان هەستی خــودی و هەســتی بابەتیــدا یان لە نێوان هەستی کەسی و هەستی گشتیدا، بۆ ئەم هەستە خودییە یان بابەتییــەش زۆر جــار بەهۆی بەردەوامیی کاریگەریی لەناوبردن و زۆرداریییەوە لەسەر شــاعیر و نەتەوەکــەی، وادەکــات شاعیر جۆرە لادان (الإنزیاح)ێك بکات، ئەم جۆرە لادانەیش گەشبینییەکی ناهەســتی (لاوعــي) لای شاعیر دروست دەکات کە هەنگاوێکە بــەرەو گەشــبینییەکی دواڕۆژی وەك لــەم هاوکێــشە سیمیانییەدا:

ڕەشبینی بەردەوامی بەرەنگاری + لادان ← گەشبینی دواڕۆژی ڕوون
زیادبوون

ئەم دوو ڕەگەزەیش بە تیشکۆسازییەکی (التبئیر) سەرەکی دادەنرێت لە ئەدەبدا بە گــشتی و لای شاعیریش بەتایبەت.[1]

هەر لەم ڕێگایەشەوە دەبینین کە ئەو گەشبینییەی لەلای شاعیر دەردەکــەوێت، بریتییــە لــە دیاردەی ئاسان کردن کە ناتوانرێــت ســادەو ســاکار بێــت، چــونکە لادانــە لــە ســنوور، مــادام شاعیریش مرۆڤە، بۆیە دەبینین کەوا تایبەتمەندی و جیاکەرەوەی خــۆی هەیــە بەبــەراورد لەگــەڵ سەرجەم کەسەکان ئەگینا شاعیریش ناتوانێت مافی داهێنــان دابهێنێــت و بەدەســتی بهێنێــت و چــالاکیی هــەوڵ دانەکەیــشی وەکــو بــا دێــت و دەڕوات ئەگــەر بــەراوردی بکــەین لەگــەڵ دەوروبەرەکەی[2]، .ئەمەش لەوەوە هاتووە کەوا دەستەواژەو وێنە وڕێکخستنیان بەتەنها شــاعیر

(1) بڕوانە: قراءة النص الشعري : ٣٣٣- ٣٣٤

(2) بڕوانە: ثنائیة الشعر والنثر: ٥٧- ٥٨

دروستی دەکات[3] ئەم هاوکێشە سیمیائیە (ئاماژەییــە) چـوار ئاراســتەییەیش بــە شــێوەیەکی هاوتا یان دژ ڕاستیو دروستی خودی شاعیرو بابەتیەتی هەردوو ڕەگەزی ڕەشـبینیو گەشـبینی هاوکۆلکەو هاوپێوەند دەکات لە ئەدەبی کۆمەڵگەدا:




لەسەرووی ئەم پێکهاتنانەیشەوە، پێکهاتەیەکی خودی هەڵدەهێنجین کـە خودیــەتی شــاعیر ئاوەژوو پێــچەوانە دەکاتــەوەو شــاعیریش دەچــێتەوە نــاو تێکئــاڵانو لەیەکـدا ئاوێتــەبوون لــە گوتارەکەیدا بەشێوەی چۆنیەتیەکی ڕوونو ئاشکرا لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕاناوەکـانی قـسەکەر (ضمائر المتكلم) کە ئاماژە بێت بۆ گشت وەکو (مان — تان — یان) بەرامبەر بە ڕاناوەکـانی (م - ت — ی) واتە:

**شاعیر+ هاوچەرخەکانی (چ ئامادەبێت یان نا ئامادە)**
**شاعیر+ کۆمەڵەکانی پێش خۆی**

لێرەشەوە دەبینین کەوا لە نێــوان ڕەگــەزەکانو خودیــەتو بــە بابــەتی بــوونی ڕەگەزەکانــدا بەریەککەوتن هەیە بەڵام سەرەڕای بەردەوامیی ئەو حاڵــەتو دۆخــەی لەســەر شــاعیر هــەبووە لەڕەشبینی وگەشبینی- بوون ونەبوون — ســتەم وبەرەنگاربونــەوەی — چــاکە وخراپــە — ئــەوە دەخوازێت کە شۆڕشێك هەڵبگیرسێنێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی یەکـە خراپــەکان لــە نــاو دووانــە دژیەکەکاندا. ئەمەیش لە پێناوی گەڕان بەدوای نادیاریو ناهاوسەنگیدا بــۆ هــەنگاونان بــەرەو پێچەوانەو دژە باشەکان[4].

(3) بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٥٨

(4) بڕوانە: بنية الخطاب الشعري: عبدالملك مرتاض: ١٣٣

لەم لێكۆڵینەوەیەدا هەوڵی ئەوەمان داوە لە گۆشەی ڕەشــبینیو گەشــبینییەوە بــچینە نــاو سیحری شیعری كوردییەوە بە پشت بەستنمان بە نموونە شیعرییەكانی نەوزاد ڕەفعەت-ی شاعیر لە دیــوانی پەرییــەكان هەڵدەفڕێنمــەوەو نــەهاتووین لــە دەرگایــەكی بــواری كۆمەڵناســی یــان دەروونزانییەوە بچینە ناو ئەم بابەتو باسەوە، چونكە ئەم بابەتەمان وەك دووانەیەكی دژیەك لە ئەدەبی كوردیدا وەرگرتووە بەتایبەت لە ئەدەبی كوردیو بوارە شـیعرییەكەیدا كــە بەرێژەیــەكی بەرچاو لە ئەدەبی كوردیدا ڕەنگی داوەتەوەو شیعرەكانی شاعیریشمان بۆیە كردووە بــە نموونــە، چونكە شاعیر زۆر لێزانانەو بەوریاییەوە ئــەم دوو تەكنیكــە دژیەكــەی بــەكارهێناوە ئەمــە لــە لایەكو لەلایەكی تریشەوە وەك ئەركێكی ئەدەبی وامان هەست كرد كە شیعرەكانی نــاوبراو لــە ڕووی لێكۆڵینەوەوە زۆر بایــەخی پــێ نــەدراوە لەلایــەن نووســەرانو ڕەخنەگرانــەوە. لەلایــەكی تریشەوە گشتگیری ناونیشانەكەمان گەڕاندووەتەوە بۆئەوەی كە ئەم دیاردەیە بە هۆی بارودۆخی سیاسیو ئابوری و كۆمەڵایەتیی ناوچەكەوە زۆر بەڕوونی ڕەنگی داوەتەوە لە ئەدەبی كوردیدا.

**لایەنی یەكەمی ئەم بابەتە:** بەهیوابوونو گەشبینیەتی شاعیرە، ئــەویش ئەوەیــە كــە لــە خانەی بوارێكی گشتگیردا دای بنێین لە هەندێ مانای تایبەتدا بــۆ نموونــە (ســەركەوتن، هێــز، خۆشبەختیو بەختیاری، جوانی... هتد، لە هەستو سۆزە باشەكانی مــرۆڤن كــەوا لــە خانــەی هیواو گەشبینیدا دابنرێن.

لەهیوادا مرۆڤ چركەساتە زۆرو زەوەنگە ناخۆشو گرانەكان لەیاد دەكات كەوا پێشتر باڵیــان كێشابوو بەســەر ڕۆحو بــیری مرۆڤــداو ئەگــەر مــرۆڤن بــەردەوام هیــواو گەشــبینی بــەبراوەیی لەبەردەستدا بووایەو بەروبومەكانی لە ژیاندا بچنیایەتەوە، ئەوا مرۆڤەكان لە شــوێنی خۆیانــدا جێگیر دەبوونو نەدەبزووتنو كەژاوەی ژیانو دنیاش لە دەستتپێكی ڕێگەكەیــدا دەوەســتا، لــەو كاتەوەی خوای گەورە مرۆڤی دروســت كــردووەو لــە ناخیــدا خۆشەویــستیو هیــواو گەشــبینی چاندووە تاوەكو شنەبای تەمەنی تێیدا بجەوێتەوەو خۆشبەخت بێت بە تیشكەكانی تاوەكو ببێت بە باشترین هۆ بۆی لەشەوە تاریكو بێزارەكاندا، هیواو گەشبینی بۆی بووە بە بەهەشتی ئــارامو دان بەخۆداگرتن، بۆی بووە بە چەكی ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ ڕرژگاردا، كە مرۆڤ بێزار دەبێت لێی

پاشان دڵخۆش‌و کامەران دەبێت، هیواو گەشبینی لەگەڵ ژیاندا دروست بوون‌و لەگەڵ کەژاوەی ژیانیشدا ڕێ دەکەن‌و دەمێننەوە هەتا ژیان مابێت [5].

لێرەشەوە دەتوانین بڵێین کەوا ژیان بریتییە لەو کایە گونجاوە ڕێکو پێکەی کە لێوەی پاڵنەرو بزوێنەری ڕەوڕەوکانی مرۆڤ بدۆزینەوە بەرەو بەدەست هێنانی ئامانجێکی دیاریکراو بۆ ڕازی کردنی پاڵنەرەکان‌و ڕەزامەندبوونی دەروون (النفس) لە هەموو ئەوشتانەی کە ئارەزوی دەکات، هەربۆیە دەتوانین بڵێین هەموو مرۆڤێك بەدوای هیواو گەشبینیدا وێڵەو هەوڵی بۆ دەدات تاوەکو زۆرترین ڕێژەی بۆ خۆی لێ بەدەست بهێنێت[6].

کەوابوو دەتوانین بڵێین ئەمڕۆو لەم ڕۆژگارەدا مرۆڤێك نییە بەبێ هیواو ئاوات بژی، هەموو مرۆڤێك هیوای خۆی هەیەو گەشبینە بە هیواکانی. بەم شێوەیە مرۆڤ لە هاوکێشەیەکی ژیاندا دەژی، هەروەك (ابن المقفع) لە کتێبی (الادب الكبير والصغير)دا باسی کردووەو دەڵێت: - (هەموو مرۆڤێك پێویستی خۆی هەیە، وهەموو پێویستییەکیش ئامانجێکی هەیە وبۆ هەموو ئامانجێکیش هۆکارو ڕێگەی شیاوی تایبەت بەخۆی هەیە)[7]. واتە (ابن المقفع) هیواو گەشبینی بە هیواکانی مرۆڤی لە هاوکێشەیەکی سیانیدا ڕوون کردۆتەوە کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**پێویستی ←——— ئامانج ←——— هۆکارو ڕێگەی شیاو**

بەڵام (د. حسن اللامي) لە کتێبی (الأمل واليأس في الشعر الجاهلي)دا، ئەم هاوکێشە سیانییەی (ابن المقفع)ی کردووە بە هاوکێشەیەکی چواری، ئەمەش بە زیادکردنی ڕەگەزو یەکەی (هیواو گەشبینی) لەسەرەتاوە بەم شێوەیە:

**هیواو گەشبینی ←——— پێویستی ←——— ئامانج ←——— هۆکارو ڕێگە**

---

(5)بڕوانە: الأمل واليأس في الشعر الجاهلي: ٢٣-٢٤

(6) وەرگیراوە لە هەمان سەرچاوەی پێشو: ٢٤

(7) الادب الكبير والصغير: ١٢٦

**لایەنی دووەمیش لەم بابەتە:** بێ هیوایی‌و ڕەشبینییە کە پێچەوانەی هیواخوازی‌و گەشبینییە[8]. کە تێیدا مرۆڤ هەست بەوە دەکات کە ناتوانێت شتێك لە ژیانی خۆی دروست بکات‌و هەست دەکات بەوەی کە ژیانی جیاوازە لە هەموو شتێك کە مانا‌و بنەمایەکی پێ ببەخشێت یان مانایەکی هەبێت، بە شێوەیەك کە بیر لە مردن دەکاتەوە یان بیر لە خۆکوشتن (الإنتحار) دەکاتەوەوە هەوڵی ئەوە دەدات کە گەشبینییەکی دروستکراو (التفاؤل الإصطناعي) لەبەر چاوی خەڵکدا دروست بکات[9].تیرِوانینی ڕەشبینی‌و بێ هیوا بۆ ژیان زیانی زۆری هەیە بۆ کەسەکان، چونکە ڕەشبینییەکەی توانا‌و لێهاتوییەکەی دیاری دەکات، هەروەك ڕەشبینییەکەی وای لێ دەکات بە چانسێکی کەمیش ڕازی بێت‌و دەست دەکات بە خۆخواردنەوەو دوورە پەرێزی لە ڕووداوەکانی ڕۆژ‌و چاوەڕوانی باشە لە دوارۆژ ناکات، هەروەك چاوەڕوانی باشە لە کەسیش ناکات لە مامەڵەکانیدا یان لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژی.

هۆکاری ڕەشبینی لای کەسەکان جیاوازە، ئەمەش بە جیاوازیی بارودۆخی کەسەکان‌و کێشەکانی ژیانیان، کە کاریگەریی ئەم ڕەشبینییەش بریتییە لە دۆڕان‌و کەوتن یان مردن پێش مردن[10].

بەرامبەر بە هەموو ڕەشبینی‌و بێزاریەکیش دەبینین نەوزاد ڕەفعەت-ی شاعیر هەر بە هیوا بووەو چۆکی دانەداوەو ئەو پەندەی کردووە بە سەرمەشقی خۆی کە دەڵێت (هیچ بێزارییەك لە ژیاندا نییەو بەردەوام بە هیوابە) کە ئەمەش ڕاستییەکی سایکۆلۆژیی سەرەکییە بەوەی کە ژیان بریتییە لە کاریگەربوون‌و وەڵام دانەوەو هەموو وەڵام دانەوەیەکیش، ڕێژەیەك لە هیوا‌و گەشبینی تێدایە، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت هەتاوەکو مرۆڤ لە ژیاندا بێت، ئەوا ڕەشبینی تەواو کامڵ لەوەی کە هەبێت بۆ ئەو، بریتییە لە ڕێژەیەك یان جۆرێك لە مەحاڵ بوون‌و نەبوون[11]. ئەم بەهیوا بوون‌و گەشبینییەی شاعیر لە قەسیدەی (مەرگی کەژ)دا بە ڕوونی دەبینرێت کاتێك دەڵێت:

---

(8) بڕوانە فەرهەنگی: لسان العرب: مادة اليأس

(9) بڕوانە: صراعاتنا الباطنية: ١٢٣

(10) بڕوانە: الأمل واليأس في الشعر الجاهلي: ٩٣-٩٤

(11) بڕوانە: الأمل واليأس في الشعر الجاهلي: ٩٤

**گەزۆی مزگێنیم دەداتێ**
**دەڵێت:**
**(ئەو خەرتەلە پێکرا ئارامی لێ هەڵدەگرتیت**
**ئەو خەرتەلەی زەمینی ویکهێنابۆوە)**[12]

لەم جۆرە دووانە دژیەکییەش کە لە قەسیدەکانی نەوزاد ڕەفعەت دا هەیە ئەوەی لێوە دەبینین کە ئەم جۆرە دووانە دژیەکییە چەندەها ڕەهەندی فکریو کۆمەڵایەتی ودەروونی هەیە کە لە ئەنجامی چەند جۆرێکی ترەوە دەرکەوتووە یان وابەستەی چەند دووانە دژیەکێکی ترە وەکو (ڕادەربڕین x بێدەنگ بوون، بەهێزی x لاوازی، سەربەرز x سەرشۆڕ، ژیان x مردن) هەردووانەیەکی دژیەك لەم جۆرانەی سەرەوە بریتییە لە ئەڵقەیەکی بەهێز لە نیەتی شاعیر ونیەتی نەتەوەکەی کەوا بەشداریان کردووە لەدروست کردنی گوتارێکی شیعریو واتا دەرونییەکان (الخطاب الشعري والدلالات النفسية)و هەروەها لەدروست کردنی ڕەهەندێکی ڕەوانبێژیی تەواو تاوەکو لە یەك دەریاو ڕووبارەوە هەڵبقولێن، کەوا بووەتە هۆی دروستکردنی جووڵەی داڕشتنێکی شیعریو بیرێکی قووڵو تەواوکارییەکی ئەرکدار بۆ ڕەگەزەکانی گوتار[13].

کەوابوو لێدوانو ڕادەربڕین دەربارەی دووانەیەکی دژیەکی ڕەشبینو گەشبین، بریتییە لە لێدوانو ڕادەربڕین دەربارەی شۆڕشی کوردیو سەربەستی لە ئاستێك لە ئاستەکانی گوتاردا کەوا لە کۆتایی شیعرەکانیدا، دەربارەی ئازادیو سەربەستی لەلایەكو ژێردەستیو بێ دەسەڵاتی لەلایەکی ترەوە ئاماژەی پێ داوە.

لێرەدا لەسەر یەکەی واتای یەکەم هەڵوێستەو پێداگری دەکەین کەوا شاعیر پێگەو مەودایەکی گەورەی لە گوتارەکەیدا بۆ دیاریو داگیر کردووە کە ڕەشبینیەو بەرامبەر بەمەش ئاماژەی بەلایەنی دووەم داوە، کە خۆیو پەیامەکەی لەپێناوی خۆشبەختیو بەختیاریدا بە خاوەن پەیامێکی پیرۆز زانیوە، هەروەك لە قەسیدەی (هاتنەوە)دا دەیبینین:

(12) بۆ دەقی قەسیدەکە بڕوانە ئەو پاشکۆیەی کە لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دروست کراوە بۆ دەقە شیعرییەکان.
(13) بەدەستکاریەوە: اللسانيات وتحليل النصوص: ١٩٧

**ڕیش سپییەکی دوورە کوێستان**
**هەردوو چاوەکانی لەتاو**
**زنجو تووتنەکەی دارژان**
**کە پاش ڕۆژگارێك هاتەوە**
**گوندەکەی هەڕەتی لاویو**
**سپینداریێکیش هەتاوی بینایی پێ بەخشییەوە**[14]

شاعیر لێرەدا چووەتە سەر وەسفێکی بە هێز لە ڕێگەی جوولەو بزاوتنی گوتارەکەیەوە کە ئەمەش لە زنجیرەیەکی پاکژکاریدا کە پێشینە (لاوازی، ژێردەستی، دووری لە نیشتمان...) پێ بەخشیوەو گوندەکەیشی (هەڕەتی لاوی)و سپینداریش (بینایی)ی پێ بەخشیوەتەوە. شاعیر لە زۆربەی قەسیدەکانیداو بەبەردەوامی پەنای بردووەتە بەر ئەم جۆرە تەکنیکە بۆ نوێ کردنەوەی سیاقی قەسیدەکانو خەباتەکەی، تاوەکو بتوانێت بەختیاریو خۆشگوزەرانی دەست بکەوێتو وەرگریش (المتلقي) تووشی بێزاریو ئازارو تێکشکانی بەردەوام نەکات.

گوتاری قەسیدەکانی لە سیاقێکدایە کە بەردەوام گۆڕانکاریو گواستنەوەکاری تێدا دەبینرێت، ئەمەش لە ڕێگەی یاخی بوونو بەرەنگاربوونەوەو هاوارکردنی جیهان، چونکە پێوەرو پێودانگە ڕەوشتییەکانو ویژدانە زیندووەکانو خاوەن ڕەوشتە بەرزو بڵندەکان هەموویان ناکۆکو ڕژدیی داگیرکەرو لەناوبەرەکان دەبنەوەو ڕەشبینیش کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ئاماژەییانە بەکارهاتووە لە قەسیدەکاندا، شاعیر بەرامبەرو دژە باشەکەی بۆ دروست کردووەو بەکاری هێناوە کە گەشبینییە، ئەمەش لە کاتێکدا کە زۆر بە ڕەنگاوڕەنگی لە شیعرەکاندا دەیبینین[15]. ئەوەش بەسە کە شاعیر گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە ڕەشبینی بۆ خودی خۆیو لەلای خۆی وەك مەرگ وایەو چەپۆكو نینۆکەکانی بەشێکن یان یەکێکن لە چەپۆكو نینۆکەکانی مەرگ، لێرەدا ئەو بەریەککەوتنو دوودڵییەی کە شاعیر لەم گوتارە شیعرییەدا دروستی کردووە، دەرئەنجامی بەریەککەوتنی یەکە واتاییەکانی ڕەشبینییە کەوا مەرگ دەردەخات بەرامبەر بە گەشبینی، کەوا ژیانو کامەرانی دەردەخات. ناکۆکییەکەیش لێرەدا

(14) پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە: ١٣٧
(15) بڕوانە: اللسانيات وتحليل النصوص: ١٩٨

بریتییە لە دووانەی دژیەك كەوا ناكۆكییەكی زۆر زاڵە هەر لە ڕەگوڕیشەی مێژووی مرۆڤایەتیو جیهانەوە تا ئەمڕۆ، چونكە پێكهاتە سەرەكییەكانی كە (ژیانو مەرگ)ە دوو دژن كە یەك ناگرنو ناگەن بە یەكو ئامادەبوونی هەر یەكێكیان دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی ئەوی تر، كە بە هیچ جۆرێك ناگەن بە یەكترو وەك دوو ڕاستەهێڵی هاوتاو یەكسان، بە تەنیشتی یەكدا دەڕۆن، بێ ئەوەی بەریەك بكەون یان لە خاڵێكدا بوەستن یان كۆتاییان بێت وەك لەم شێوەیەدا:




بەڵام ئەگەر خاڵی بەریەككەوتن لەنێوانیاندا، هەبێت، ئەوا لە شێوەی دوو چەماوەی یەكتربڕدا بەریەك دەكەون لە تەنها خاڵێكدا، ئەگەرچی لە پێشو پاش خاڵەكەش پێچەوانەو ئاوەژوو دەبنەوە وەك لەم شێوەیەدا:




ئەم مەودا مەرگەساتیەش كە شاعیر ئاماژەی پێ داوە لە گوتارەكەیدا، هەرخۆی مەوداو بوارە بەزمەساتییەكیشی بەرامبەری داناوەو زۆر بە بەهێزی بەرەنگاری لە خاڵی دووەم (گەشبینی) دەكات چ لەسەرەتای گوتارەكەیدا بێت یان لە هەچ بەشو كووچەو قوژبنێكی قەسیدەكانیدا وەك لە قەسیدەی (تۆڕ)دا دەیبینین:

**که چاوم بڕییه ئاسمان و**
**یەك تاقە ڕیشۆڵەی پارم**
**نەناسییەوە**
**سەیرم پێ هات**
**دۆش دامامو وتم: دەبێت**
**لەهەندەرانیش تۆڕ هەبێت؟!** [16]

هەروەها هەمان ئاراستە لە قەسیدەی (مەهاباد)یشدا دەبینین (بۆ دەقی قەسیدەکە بڕوانە ئەو پاشکۆ شیعریەی لە کۆتایی ئەم باسەدا ئامادە کراوە). یەکە واتاییە دووانەییەکەی شاعیر (گەشبینی) بۆ ئاشکراکردنی دژیەکییە لە نێوان دوو هەڵوێستدا کە یەکەمیان (هەوڵ دانو تێکۆشانو تۆڵەکردنەوەیە)و دووەمیشیان (بانگەوازکردنە بۆ سەربەستیو سەربەخۆیی) کە ئەمەش نرخێکی گەورەی پێویستە[17]. ئەوەی لای شاعیر هەیە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی دیوانە شیعرییەکەی، ئەوا لە شێوەی چەند تەواوکاری (التکامل)و بەرامبەر یەك بوون (التطابق)ێکدایە، یان پێچەوانەکانیانە کە دژیەکی (التضاد)و نابەرامبەرییە (التناقض)[18] کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

(16) پەرییەکان هەڵەفڕێنمەوە: ٦٢
(17) بڕوانە: اللسانیات وتحلیل النصوص: ١٩٩
(18) بڕوانە: فی المعنی – دراسات سیمیائیە: ١٥٣ -١٥٤

**١- تەواوکاری (التکامل):**




**٢- بەرامبەر یەك وەستان (التطابق):**




**٣- دژیەکی (التضاد):**



**٤- نابەرامبەری (التناقض):**




لەڕێگای ئەم پێشەکییەوە هەوڵ دەدەین بچینە ناو نهێنیی شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەتی شاعیرەوە لە دیوانی پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە. دەتوانین بڵێین شاعیر هەر لە هەڵبژاردنی ناونیشانی دیوانەکەوە ئەم دوو ڕەگەزەی بەکارهێناون، ئەمەش لە ڕێگای بەکارهێنانی ڕاناوی بەردەوامی (دە + فڕێنمەوە)و هەروەها بەکارهێنانی یەکێك لە پاکیزەترین ناوەکانی ناخی مرۆڤ (پەری) کە وادیارە شاعیر لە جاری یەکەمداو لە ناخیدا پەرییەکانی بۆ هەڵنەفڕێنراوە تاوەکو ئامانجەکانی ناخی شاعیر بپێکن، بەڵام دواتر کۆڵی نەداوەو دیسان هەڵی فڕاندوونەتەوە، چونکە ئەم بەردەوامیو سووربونە لە سەر بەدەستهێنانی ئەنجام، یەکێکە لە دیارترین سیماتەکانی نەتەوەکەی شاعیر لە ڕێگەی کۆڵنەدانەوە.

ڕەگەزی ڕەشبینی لای شاعیر زۆر بەئاشکراو لە دیوانەکەیداو لە زۆربەی قەسیدەکاندا ڕەنگی داوەتەوەو دەردەکەوێت چ بە ناونیشانی قەسیدەکە بێت یان لە ناوەرۆکی قەسیدەکاندا یان ئەگەر بە ئاماژەیەکیش بێت وەك لەم شێوانەی خوارەوەدا:

**جۆری یەکەم: بەهۆی ناونیشانەوە (ئێواران هەوردەسوتێت، مەرگی کەژ، دۆڵی کپ، چەمی بێدار، سووتان،مەرگ لەزامی مندا دەڕوێت، کۆڕژن، تارمایی شاخی خەم، پێکرانی بازی ڕەند، دوا ژوان، مەهاباد، ماڵو خەوزڕاڵو بەرد، بارانی سووتاو، ڕامانی سیزیف).**

**قەسیدەی ئێواران هەور دەسوتێت: (زانیم هەواڵی کۆستێکم بۆ دێننەوە، زانیم ئەو گەردن بڵندە بۆ من نابێت، خۆمان شوومین، من چاوم بۆ هەر ئەستێرەیەك هەڵبڕی کەوتو ڕژا،**

هەرزێیەکم خۆشویست سووتا،چادری هەر مێرگو زەنویرێکم هەڵدا، لێم هەڵکەندرا، ئەوا تۆشم لێ ئاوابوویت، من تەنیا کە کازیوەی تۆم لێ ون دەبێت هەڵدەوەرێم... تاریك دادێم)[19]

**قەسیدەی مەرگی کەژ:** (دیارە بەردیش گوێی لێ ناگرێت، بۆیە هێندە دەڕوانیتە ئاسۆی دوورو خۆت دەدوێنیت، هەڵدێرو نوشوستی چۆکت پێ دەدات، دەترسم تۆش دابێیتەوەو، یا خۆت لە شاخێ بەرزەوە هەڵدێریتو نەتبینمەوە، دەڵێم دیسان ئەستێرەم کەوتۆتە لێژیو کۆستێك پشتم دەنەوێنێت)[20].

**قەسیدەی دۆڵی کپ:** (سبەی ئەو چۆمە بەرینەی تا بەیانی ژاوەی دەهات ڕادەوەستێت، دەترسم ئەو چەند ئەستێرەی، بەسەر سەرمەوە دەسووتێن، ئەوانیش وەك ئاو دامرکێن)[21].

**قەسیدەی چەمی بێدار:** (شەوگاری تاڵ دەخۆمەوە)[22].

**قەسیدەی سووتان:** (خۆم بە چەقۆی یادێکی شیرین بکوژم)[23].

**قەسیدەی مەرگ لە زامی مندا دەڕوێت:** (ئەستێرەکان ئاوا دەبن، چۆلەکەیەکی چاوی تۆ لەسەر لقێکی برژانگی چاوی مندا هەڵنانیشێت، لە ئاسمانی خەمی شەوو مێرگی خەونی دووری مندا ناجریوێنێت)[24].

---

(19) بۆ دەقی قەسیدەکە بڕوانە ئەو پاشکۆیەی کە لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دروست کراوە بۆ دەقە شیعرییەکان.

(20) بۆ دەقی قەسیدەکە بڕوانە ئەو پاشکۆیەی کە لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دروست کراوە بۆ دەقە شیعرییەکان.

(21) بۆ دەقی قەسیدەکە بڕوانە ئەو پاشکۆیەی کە لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دروست کراوە بۆ دەقە شیعرییەکان.

(22) بۆ دەقی قەسیدەکە بڕوانە ئەو پاشکۆیەی کە لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دروست کراوە بۆ دەقە شیعرییەکان.

(23) بۆ دەقی قەسیدەکە بڕوانە ئەو پاشکۆیەی کە لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دروست کراوە بۆ دەقە شیعرییەکان.

(24) بۆ دەقی قەسیدەکە بڕوانە ئەو پاشکۆیەی کە لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دروست کراوە بۆ دەقە شیعرییەکان.

**قەسیدەی کۆڕژن:** (من تەنیا باڵو بێ ئەنوام، دەخیلت بم وەرە فریام، ئای گەر کوتەکم پێ دەشکاو، هێزو گوڕی لاویم دەبوو)[25].

**قەسیدەی تارمایی شاخی خەم:** (دەستو قامکی دەروێش عەبدوڵلا-ش، لەسەماو شاییی شمشاڵ ژەندن کەوت، منیش تووڕەکەی برینو خەمم)[26].

**قەسیدەی دوا ژوان:** (کێ دەزانێت کەی پێك دەگەینەوە!، لە کامە جێ ژوان، جارێکی تر تێك دەئاڵێینەوە)[27].

**قەسیدەی مەهاباد:** (شار دارو بەردی، کووچەو دیواری، بە خوێن پاراون، بەزەبرو زەنگی ئەرتەش تەنراون)[28].

**قەسیدەی شمشاڵژەن:** (شمشاڵ ژەندنی چی گەلۆ!، کوا شمشاڵی لەسەد جێ شکاو گۆرانیو ئاواز دەڵێت؟!، کوانێ دەستو پەنجەی قوت کراو دەجووڵێت؟!)[29].

**قەسیدەی ماڵ وخەوزڕانو بەرد:** (ماڵم لێ دەبێتە زیندان، لێم دەبێتە دڕکەڵانی ساتەکانی ماڵئاوییو دەست ... لێك ... بەردان)[30].

**قەسیدەی بارانی سوور:** (ماڵی ئێرەشی وەك ئەویی، تەنگو... تاریکە، چادری خەمو ئازاری تێکشکانم لە شوێنێکی تردا هەڵدا)[31].

(25) بۆ دەقی قەسیدەکە بڕوانە ئەو پاشکۆیەی کە لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دروست کراوە بۆ دەقە شیعرییەکان.

(26) بۆ دەقی قەسیدەکە بڕوانە ئەو پاشکۆیەی کە لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دروست کراوە بۆ دەقە شیعرییەکان.

(27) بۆ دەقی قەسیدەکە بڕوانە ئەو پاشکۆیەی کە لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دروست کراوە بۆ دەقە شیعرییەکان.

(28) بۆ دەقی قەسیدەکە بڕوانە ئەو پاشکۆیەی کە لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دروست کراوە بۆ دەقە شیعرییەکان.

(29) بۆ دەقی قەسیدەکە بڕوانە ئەو پاشکۆیەی کە لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دروست کراوە بۆ دەقە شیعرییەکان.

(30) بۆ دەقی قەسیدەکە بڕوانە ئەو پاشکۆیەی کە لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دروست کراوە بۆ دەقە شیعرییەکان.

**قەسیدەی ڕامانی سیزیف:** (سبەی چۆنت ببینمەوە؟، دەتبینم ڕوخسار پڕ لۆچو گرژتریت؟، بە بێ گۆچان پێ ناگریت؟)[32].

**بەرامبەر بەمانەیش جۆری دووەم هەیە کە:** بریتییە لە گەشبینی بەشێوەیەکی بەرچاو وکاریگەرو زیاد لە جارێكو لە تەنها قەسیدەیەکدا یان تەنها جارێك لە قەسیدەیەکدا یان لە زۆربەی قەسیدەکاندا ڕەنگی داوەتەوەو ئەمەی خوارەوەش دەستەگولێکی هەڵبژاردەی ئەو مەیدانەیە کە شاعیر ئەسپی خۆی تێدا تاوداوە:

**قەسیدەی ئێواران هەور دەسووتێت:** **(وەرە لە چاوی منەوە، تەماشای گەردنی بەرزو، شۆخیو سەرکەشیی خۆت بکە، لە چاوی منەوە جوانیی هەوری سووتاوی ئێوارەی، سەر دەریای چاوت ببینە، کە دەش گریام، هەر بە تۆ ژێردەبوومەوە، بەرکۆژەتم دەترازاندو دەخزامە نێو باخەڵتەوە، ڕادەمێنم ...دەڕوانمە دووە...، چی دەبینیت؟، دەبینم دێیت، مل بە دەشتو دۆڵدا دەنێیت)[33].**

**قەسیدەی مەرگی کەژ:** **(با تاوێك لوورەی کرێوەی شەونخوونیمان خامۆش بێت، گەزۆی مزگێنیم دەداتێ ... دەڵێت: ئەو خەرتەلە پێکرا ئارامیی لێ هەڵدەگرتیت، ئەو خەرتەلەی زەمینی وێکهێنابۆوە، دەڵێت: ئیتر تیشکی فانۆس بێ ترس لە پەنجەرەوە دێتە دەرێ، ئیتر کیژ دەچنە دارانو چاو لە شوان دادەگرنەوە، کۆترەباسکە بەدەوری دڵدارەکەیدا خول دەخواتو دەگمێنێت، چەم دەخوێنێت، پێکێك هەڵدەم؟، بکەومە گۆرانیو بەزمو هەموو وەڕسیو خەمەکان بە سەمایەك بەبادەم؟)[34].**

---

(31) بۆ دەقی قەسیدەکە بڕوانە ئەو پاشکۆیەی کە لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دروست کراوە بۆ دەقە شیعرییەکان.

(32) بۆ دەقی قەسیدەکە بڕوانە ئەو پاشکۆیەی کە لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دروست کراوە بۆ دەقە شیعرییەکان.

(33) بۆ دەقی قەسیدەکە بڕوانە ئەو پاشکۆیەی کە لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دروست کراوە بۆ دەقە شیعرییەکان.

(34) بۆ دەقی قەسیدەکە بڕوانە ئەو پاشکۆیەی کە لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دروست کراوە بۆ دەقە شیعرییەکان.

**قەسیدەی خەون:** (باخەوان دەشتێك دەبینێت دەژیێتەوە، دارەكانی شین دەبنەوە، كەشتییەوانیش خۆی دەبێنێت، تۆڕ هەڵداویو بەدەستی پڕ ماسیو خەندەوە دێتەوە)[35].

**قەسیدەی پێكرانی بازی ڕەند:** (خەمتان نەبێت بازی فەڕو بەختەوەری بەقەد ژمارەی گەڵاو كەڤرن، بەقەدەر ئەستێرە زۆرن، هاتمە دەرێو چاوم بۆ ئاسمان هەڵبڕی، دیم وا هەزاران ئەستێرە، پێكەوە دەدرەوشێنەوە، بزەم هاتێو، ڕووبار ئاسا نوێ بوومەوە، دیسانەوە بووژامەوە، بووژاینەوە)[36].

**قەسیدەی مەهاباد:** (هەموو شەوێكی سیو یەكی مارت، بروسكەی دەنگێك شاری مەهاباد ڕادەهەژێنێت، با پاش مەرگی من، كچان چاوی جوان بەگریان نەشۆن، خەمم بۆ نەخۆن، با لەجێی شینو پرچ كردنەوە، هەڵسن ولاخان بۆسواران زین كەن)[37].

**قەسیدەی نەگونجان:** (گەلێك ئاواتو خەونم هەن، خۆشترینیان، ئەوەیە شەوێك دلنیا، لەسەر بانیماڵی خۆمرا، بە ئارەزوی خۆم لە دنیا، لە ئەستێران ورد ببمەوەو، بێ ترس بدرەوشێمەوە، خۆ دەزانم، ئەم خەونەش دوورەو وا ئاسان نایەتەدی، چەندان خەونی وا با بردی، كۆتەرەداریش بچێنرێت، لەوانەیە ڕۆژێك دابێت، پشكۆ بدات وگوڵ بگرێت)[38].

**قەسیدەی شمشاڵژەن:** (دەبەگوریت بم شمشاڵی ئەفسووناویت، بەلێوەوەنێ وگۆرانی وئاوازێكی، شینرەوێنمان بۆ بژەنە، پەڕیوەی لانك شكاوین ڕامان بژەنە، گوێلێكمان تیشكی گەشبینی بۆ بهێنە، تۆزێكمان بەختەوەری بۆ بخولقێنە)[39].

---

(35) بۆ دەقی قەسیدەكە بڕوانە ئەو پاشكۆیەی كە لە كۆتایی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا دروست كراوە بۆ دەقە شیعرییەكان.

(36) بۆ دەقی قەسیدەكە بڕوانە ئەو پاشكۆیەی كە لە كۆتایی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا دروست كراوە بۆ دەقە شیعرییەكان.

(37) بۆ دەقی قەسیدەكە بڕوانە ئەو پاشكۆیەی كە لە كۆتایی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا دروست كراوە بۆ دەقە شیعرییەكان.

(38) بۆ دەقی قەسیدەكە بڕوانە ئەو پاشكۆیەی كە لە كۆتایی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا دروست كراوە بۆ دەقە شیعرییەكان.

(39) بۆ دەقی قەسیدەكە بڕوانە ئەو پاشكۆیەی كە لە كۆتایی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا دروست كراوە بۆ دەقە شیعرییەكان.

**<u>قەسیدەی ڕامانی سیزیف</u>: (بەدەم جۆشی کولانەوەی چەندان گەرمە برینــەوە، دڵــی یــەکتر دەدەینەوە؟، سەر لەسەر شانی یەکتری دادەنێینەوە؟، یابوویتەتەوە جەوانو تازە سترانی لاوێنی وعیشق دەچڕیت؟، چاو لە کناچان دادەگریت؟)[40].**

بەم شێوەیەش دەتوانین بڵێین کەوا مرۆڤــی هاوچــەرخ زیــاتر دەســت بەســراوترە وەك لــەوەی چیرۆکخوان یان گێڕەرەوە بێتو لێرەشــدا پرســیارێك ســەرهەڵدەدات کــە ئایــا دەتوانرێــت لــە شارستانیەت بدوێین بەبێ گێڕانەوە؟.

ئەمەش سەرکێشیو زیادەڕەوییە ئەگەر بێتو ئەم پێگەو گۆشە ڕۆشنبیرییە دابڕین لە بنیادی هەچ شارشتانیەتێك، لێرەشەوە گێڕانەوە هەر لە دێر زەمانەوە پەیوەست بووە بە چــیرۆکی مــرۆڤ بە ژیانەوە، لە هاوشانیشییەوە لــە گــەڵ سروشــتداو لەگــەڵ پرسیارەکەیــشیدا دەربــارەی بــوون (الوجود)[41] .

کەسی گێڕەرەوەیش لە ئەرکو فرماندا، پەیوەستە بە مرۆڤــەوە تــاوەکو پێــداگریو دڵنیــایی بدات لەسەر فراوانیی پەیوەندی لە نێوان خۆیو خوێنەر (وەرگر)و هــەروەها لــە نێــوان هــەموو ئەوانەدا کە لە هاوشــانیەوە بوونیــان هەیــە، ئــەم گێڕانەوەگەرییــەیش لــە شــیعرەکانی نــەوزاد ڕەفعەت-ی شاعیردا بە ئاشکرا ڕەنگی داوەتەوە چ لەو قەسیدانەدا کە بەتەنها ڕەشبینییان تێدا بەرچاو دەکەوێت یان گەشبینی وەیان لەو قەســیدانەدا کــە هــەردوو ڕەگەزەکــەی تێــدا بەرچــاو دەکەوێت، ئەمەیش بۆ زیاتر بەکاربوونو خستنەڕووی چەند ئەرکو فرمانێکی گێڕانەوەییــە کــە شاعیر لە ڕێگەیانەوە دەیەوێت بگاتە ئامانجو مەبەستو بە هۆیشیانەوە یەکە گێڕانەوەییــەکان ئەو جۆرە ئەرکو فرمانانە جێبەجێ بکەن کە (جیرار جینیت) ڕوونتر دیاری کردوون کە دەتــوانین ئەو ئەرکو فرمانانە ئاشکرا لە شیعرەکانی نەوزاد- داو لەهەریەك لەو دوو ڕەگــەزەدا وەدەســت بخەین لەوانەیش[42]:

---

(40) بۆ دەقی قەسیدەکە بڕوانە ئەو پاشکۆیەی کە لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەدا دروستکراوە بۆ دەقە شیعرییەکان.

(41) بڕوانە: السرد العربي القديم – البنية السوسيو الثقافية والخصوصيات الجماليــة – مجلة الموقــف الأدبي، عدد ٤١٢.

(42) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەم جۆرە ئەرکانە بڕوانە: البناء السردي في شعر شيركو بيكەس:٣٢

### ١- ئەرکی پەیوەندیداریێتی (الوظیفة التواصلیة):

دەتوانین لە شیعرەکانی نەوزاد- دا ببینین لەچوارچێوەی بوونی کەناڵێکدا کە پەیامی شیعری گێڕانەوەکە بگوێزێتەوە بەرەو گێڕدراوەکە، کەوا فیعلێکی بەردەوام وپەیوەندیدار بەدەست بهێنێت، بۆ نموونە کاتێك دەڵێت:

**زانیم هەواڵی کۆستێکم بۆدێننەوە**
**زانیم ئەو گەردن بڵندە بۆ من نابێت**
**من پێش هاتنی باوبۆران**
**چڵەکانم بینی شکان**
**پێش سووتانی ئاوی جوێبار**
**ماسیو مەلم بینی خنکان**
**پێش بیستنی تەقەی تاپڕ**
**پۆلە پاساریم دی پێکران**
**دەبێت تاماوین غاردەینو**
**نەگەینە ژێر ئەو ئاسمانە؟**
**من چاوم بۆ هەر ئەستێرەیك هەڵبڕی**
**کەوتو ڕژا**
**هەر زێیەکم خۆشویست سووتا**
**چادری هەر مێرگو زەنوێرێکم هەڵدا**
**لێم هەڵکەنرا**
**ئەوا تۆشم لیَ ئاوا بوویت**
**من تەنیا کە کازیوەی تۆم لیَ ون دەبێت**
**هەڵدەوەرێم ... تاریك دادێم[43]**

(43) قەسیدەی ئێواران هەور دەسووتێت: ٧-٩

لێرەدا خوێنەر (وەرگر) لەوە دڵنیا دەبێت کە پەیامەکە دەگاتە کەسی بۆ نێردراو (المرسل الیە) بە هۆی چیرۆکەکەوە (گێڕانەوەکە) کەوا شاعیر بە زمانێکی غەمگین ئاساو ڕەشبین دەری دەبڕێت تاوەکو لەڕێگەیشییەوە پەیوەندی لە نێوان گێڕەرەوەو گێڕدراوەکە دروست بکاتو پەیدا ببێت بەهۆی گێڕانەوەو فیعلی گێڕانەوەگەرییەوە (الفعل السردي) ئەم پەیوەندییەیش وابەستە کراوە لە زنجیرەیەکی پەیوەستو پەیوەندیداردا لە چیرۆکە شیعرییەکاندا کەوا کۆتایی نایەت تەنها بەهۆی زانینو ئاگاداربوونی شاعیرەوە نەبێت لەو بارودۆخەی کە شاعیرو نەتەوەکەی پێیدا تێپەڕیوە کە بووەتە هۆی دروست بوونی ئەڵقەیەکی ڕەشبینی لە خودی شاعیرو هەستو سۆزیدا بە تایبەتو نەتەوەکەی بە گشتی.

ئەرکی پەیوەندیدارێتی لە قەسیدەی (مەرگی کەژ)دا، بە ئاشکراو زیاد لە جارێک دەردەکەوێت کە دیارترینیان:

**بۆیە هێندە دەڕوانیتە ئاسۆی دوورو خۆت دەدوێنیت**
**هەڵدێری نوشوستیو چۆکت پێ دادەدات؟**
**دەترسم تۆش دابێیتەوە**
**یا خۆت لە شاخێ بەرزەوە هەڵدێریتو نەتبینمەوە**
**دەڵێم: ئاخۆ دەبێت کامە دڵدار بمرێت؟!**
**دەبێت دەستم کامە خۆشەویست بنێژێت؟!**
**دەڵێم: دیسان ئەستێرەم کەوتۆتە لێژیو**
**کۆستێك پشتم دەنەوێنێت.**(44)

## ٢. ئەرکی ئاراستەکاری (الوظيفة التوجيهية):

لەم جۆرەدا دەتوانین هەستی پێ بکەین لە ڕێگەی گێڕانەوەکەداو لەچوارچێوەی دەست گرتن بەسەر ئەو ڕاوبۆچوونانەوە کە لەکەسی گێڕەرەوەوە دەستمان دەکەوێت یان لە ڕێگای ئاراستەکردنەکانی گێڕەرەوەکەوە کە دەبێتە هۆی دیاری کردنی گێڕانەوەکەو ڕێکخستنی

(44) پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە: ١٢-١٣-١٤

هاوشێوەکانیان، ئەمەش لە پێناوی ئەوەدا کە بە ئاشکراو ڕوونی ئەرکی ئاڕاستەکاری لای شاعیر هەستی پێ بکەین، کەوا ئاراستەی چالاکیی شاعیر بکات لە پێناوی ئاراستەکردنیدا لەڕەشبینییەوە بەرەو گەشبینی کە ئەمەیش کارێکی گرانە، چونکە دامرکاندنەوەو سووتان‌و مردن لەو خالأنەن کە زیاتر لای شاعیر لەم جۆرەدا درکی پێ دەکەیت. وەك لە قەسیدەی (دۆڵی کپ)دا:

**سبەی ئەو چۆمە بەرینەی تا بەیانی ژاوەی دەهات ڕادەوەستێت**
**دەترسم ئەو چەند ئەستێرەی**
**بەسەر سەرمەوە دەسووتێن**
**ئەوانیش وەك ئاو دامرکێن**(45)

**٣- ئەرکی ئایدیۆلۆژی (الوظيفة الآيديولوجية):**

لێرەدا شاعیر هەوڵی ئەوە دەدات کە هەڵبسێت بە شی کردنەوەو گێڕانەوە، ئەمەش بە پشت بەستن بەو مەعریفە گشتییەی کە هەیەتی دەربارەی ڕووداوەکان وەك قەسیدەی (چەمی بێدار):

**شەقامەکان دەڕنمەوە**
**شەوگاری تاڵ دەخۆمەوە**(46)
**دەریا بەرەو کانیی فرمێسکی من دەکشێت**
**لەجیاتی تۆ....**
**خۆم بەچەقۆی یادێکی شیرین بکوژم**(47)
**ئەستێرەکان ئاوادەبن‌و هەموو شەوێك لەگۆمی ئاسمانی شیندا هەڵدەبنەوە**
**چۆلەکەیەکی چاوی تۆ لەسەر لقێکی برژانگی چاوی مندا هەڵنانیشێت**

---

(45) پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە:١٥-١٦
(46) پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە: ٣٠
(47) پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە: ٣٨

**ئەستێرەیەکی چاوی تۆ لەئاسمانی خەمی شەوو**
**مێرگی خەونی دووری مندا ناجرێوێنێت**[48]

**٤- ئەرکی گێڕانەوەیی (الوظیفة السردیة):**

جۆرێکی سەرەکیو پێویستە بۆ هەموو چالاکییەکی گێڕانەوە کە دەتوانرێت زۆر بە وردی درکی پێ بکرێت لە شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت- دا لەڕێگەی گێڕانەوەی بابەتی مەبەستەوە، وەك لەم نموونە شیعرییانەدا:

**من تەنیا باڵو بێ ئەنوام**
**دەخیلت بم وەرە فریام**
**ئای گەر کوتەکم پێ دەشکاو**
**هێزو گوڕی لاویم دەبوو**
**چۆن لەتەکتا ملم لە ڕێگاوبان دەنا!!**[49]
**دەستوقامکی دەروێش عەبدوڵڵا- ش**
**لەسەماو شاییی شمشاڵ ژەندن کەوت**[50]
**منیش توورەکەی برینو خەمم**[51]
**بازی ڕەندم بینی پێکراو**
**دنیا بەچریکەی هەژا**
**خوێن دارژا**
**هەموو زەوی سوورهەڵگەڕا**[52]

---

(48) قەسیدەی مەرگ لەزامی مندا دەڕوێت: ٣٩
(49) قەسیدەی کۆڕژن: ٤٥-٤٦-٤٧
(50) قەسیدەی تارماییی شاخی خەم: ٥٨
(51) هەمان قەسیدەی پێشوو: ٥٩
(52) قەسیدەی پێکرانی بازی ڕەند: ٧٠

لەو چوار ئەرکەوە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کەوا شیعری کوردی وەك بەشێك لە ئەدەبەکەی، خاوەن گەوهەرێکی ڕەمزیی بەهێزە کە پاڵی پێوەدەنێت بەرەو بەگەوهەری بوونی پەیامەکەیو بەهێز بوونی کۆدو مەتەڵو شیفرە نهێنییەکانی ئەم ئەدەبە، واتە لێرەدا ڕەمزیەت ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە کرانەوەی ئەدەبەکە چ بەبەکارهێنانی ڕەگەزی ڕەشبینی یان پێچەوانەکەی بێت یان هەر ڕەگەزو بنامایەکی تر، ڕۆلان بارت لەم بارەیەوە دەڵێت: ئەدەب هیچ نییە تەنها ئەوە نەبێت کە تەکنیکێکی واتاییە،و گرنگیی شاعیریش بۆ نموونە ئەوەیە کە ڕێسایەك دروست بکاتو بەو ڕێساو بنەما ناوخۆییو ناوەکییە ڕێکخراوانەی کە لە ئەدەبەکەشدا هەیە چ بەشێوەیەکی بێ سەروبەر (إعتباطي) یان بە شێوەیەکی ڕێکخراو (منتظم) هەوڵی بەهێزکردنی شیعری شاعیر بدات، واتە ڕێسایەکە لە هێماو ئاماژە لەسەر شێوەیەکی سەرچاوەیی تایبەت، واتە لە شێوەی یارییەکی ئاماژەییدایە لە ئاماژە پێدانداو لە جووڵەو بزووتنێکی بابەتیو هەمەجۆردا، کە وەستاوەو توانای وەڵام دانەوەی نییە[53] وبەگوێرەی ئەم ڕایەش، شیعر ڕۆچوونە بەناو ڕووداوو ئاماژەکاندا کە شاعیر پێی هەڵدەستێت[54] لە قەسیدەی (دواژوان)دا، شاعیر توانیویەتی ئەم ئاماژە وئاماژە پێدانە بچەسپێنێتو دەڵێت:

**کێ دەزانێت کەی پێکدەگەینەوە!**
**لەکامە جێ ژوان**
**جارێکی تر تێکدەئاڵێینەوە!**[55]

ئەو گەشبینییەی لە ئەنجامی ڕەشبینیی گەرمیانو کوێستان کردنی خێڵەوە لێرەدا لای شاعیر دروست بووە، بەردەوام نابێتو بەردەوامی لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت، ئەوەتا کاتێك (ت.س. إلیوت)[56] دەیەوێت دەربارەی شیعری هاوچەرخو نوێ بدوێت بە ئاوازو جۆرەکانیو شەپۆلە بەدوای یەکدا هاتووەکانی وادەبینێت کە بریتییە لە خەوبینینێك بەشیعرەوە کە لە قەسیدەی

---

(53) بڕوانە بەدەستکارییەوە: في أصول الخطاب النقدي: ٥٢

(54) بڕوانە: الشعر والأسطورة: ١٥٠

(55) قەسیدەی دوا ژوان: ٧٤

(56) توماس ستیرنز إلیوت

پێشوودا (دواژوان) شاعیر ئەو خەوبینیەی بە تێکئالآن‌و ڕاموسینێکی ترەوە وابەستە کردووە بەو خەونە شیعریەوە، نەوەکو بە دیوە ئاساییو باوەکەی شیعرەوە، تەنانەت هەتاوەکو ماهیەتی ئەسڵیی شیعریش،و ئەم جۆرە کارەیش لای شاعیر، بەهۆی زاڵیی شەپۆلەکانی ڕەشبینییەوە بە شێوەیەکی لادانی (الإنزیاحي) لە هەموو ڕۆڵە ئاساییەکان‌و نائاسایی بوونێك دروست بکات، کە ئەم جۆرە کارەیش زادەی بیری شاعیر نییە بە تەنها، بەڵکو ڕۆژگار وای لە نەتەوەکەی شاعیرو شاعیریش کردووە بۆ دەست ڕاگەیشتن بە گەشبینی، هەموو ڕەشبینییەك باس بکات‌و تاوتوێی بکات‌و زۆربەی ڕەشبینییەکانیش ڕادەستی نارەشبینی بکات بەهۆی ئەو لادانە بەرچاوانەی لە قەسیدەکانیدا کردوویەتی هەروەك لە قەسیدەی (ماڵ‌و خەوزڕان‌و بەرد، باڵ گرتنەوە)دا هاتووە:

**ماڵم لێ دەبێتە زیندان**
**لێم دەبێتە دڕکەڵانی ساتەکانی ماڵئاواییو دەست ... لێك ... بەردان**(57)

لێرەدا ئەو جۆرە ڕکابەرییەی کە لەنێوان ڕەشبینی‌و نارەشبینییدا دەکرێت ئەوەیە کە لەسەر چەند ڕێسایەکی نامانایی لاداندا (اللامعنی الإنزیاحي) بەرەو گەشبینییەکی تەواوو بەردەوام بڕوات، وەك لەم شێوە سیمیاییە چوار ئاراستەییدا کە زیاتر لەلایەن (الجیرداس جولیان غریماس)ەوە بایەخی تەواوی پێ دراوە:




بەم جوداکارییەش ئەوەمان لادروست دەبێت کە بۆچوونی شیعری لای شاعیر کاتێك واقیع دەبینێت کە لە گۆشەیەکی جێگیرەوە نایبینێت، بەڵکو لە چەند گۆشەیەکی جۆراوجۆرەوە

(57) قەسیدەی ماڵ‌و خەوزڕان‌و بەرد: ١٠١

دەبینێت، تاوەکو بتوانێت نیشانەیەکی گەوهەریی جووڵاو بگرێتەوە کەوا دوودڵی دروست دەکات، حاڵەتی گەشەکردن دروست دەکات تاوەکو جوڵاندنو نائارامییەکەی ببینێت، ئەوەتا لە قەسیدەی بارانی سووردا درك بەم جووڵاندنو نائارامییە دەکەین:

**ناچار گەڕامەوە دواوەو**
**چادری خەمو ئازاری تێکشکانم**
**لەشوێنێکی تردا هەڵداو**
**لەدەرگایەکی ترم دا[58]**

بەم شێوەیە دەبینین کە شاعیر ناوەستێو لە دوا دێڕدا دەڵێت (لەدەرگایەکی ترم دا) ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە هەوڵ دانو گەڕانی بەردەوامی شاعیر بۆ ئەوەیە نەوەستێتو دڵنیا بێت لە بوونی ترسو هەڵوێستێکی هەبێتو قەناعەتی نەبێت بەو قۆناغەی کە تێی کەوتووەو دەکەوێتە هەوڵو کۆشش تاوەکو زمانێکی شیعریی تایبەت بە خۆی دابهێنێت، کە لەو بۆشاییەوە بێت کە شاعیریش تێیدا دەخولێتەوەو تێیدا هەست بە میراتێکی زمانەوانی دەکات، کە چوار دەوری داوەو کار لەسەر ویژدانی دەکاتو بۆچوونەکانیو خەونەکانیو ئامانجەکانی بەرجەستە دەکات تاوەکو تێکەڵ نەبێت بە زمانی شاعیرێکی تر یان لە زمانی شیعریی شاعیرێکی تر بچێت، ئەو ڕێڕەوەی کە شاعیر هەڵی بژاردووە لە قەسیدەی (مەهاباد)دا بریتییە لەشوێن، ئەم شوێنەش ناونیشانو پێگەی قەسیدەکەیە، ڕەمزو ئاماژەیە بۆ پێگەیەکی دیاریکراوو دیار نەوەکو پێگەو شوێنێکی ناوەکی بێت لە ناخی شاعیرداو بەسو بەهۆیەوە لێوەی دەڕوانێتە یەکێك لە نیەتەکانی خۆی، واتە ناوەکە ئاشکراو ڕوونە کە مەبەست لە شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەڵام شاعیر ئەم ناوەی وەکو ناوێك بۆ هەموو شارێك بەکارهێناوە واتە ناوێکی گشتگیرە بۆ هەموو شارێك کە زۆرداری تێدا بکرێت لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە[59] ئەم بانگەوازەی شاعیر لە (هەستانی کچان بۆ زین کردنی وڵاخەکان لە جیاتی خۆڕنینەوەو شینو پرچ کردنەوە) وێنەیەکی تێبینیکراوی گرنگە کە شاعیر هەڵی بژاردووە، ئەمە بێجگە لەوەی کە

(58) قەسیدەی بارانی سوور: - ٢٠٧
(59) بڕوانە قەسیدەی مەهاباد:٨٤

قەسیدەکەی بە ناوی بەش لەجیاتی گشت کوردستان (الجزء بدلا من الكل) ناوزەدکردووە، وەکو ناولێنانێکی پێویستی لێ کردووە بۆ قەسیدەکەو ئەم ناولێنانە پێویستەش کە لە ئەنجامی هەڵقوڵانی ناخی شاعیرەوە هاتووە وای کردووە کە کاتێك ڕوبەڕووی دەبینەوە لە پێگەی ئەزموونیدا (مرۆیی‌و شیعری بێت پێکەوە) کە ئەوپەڕی توانای خۆی بخاتە ڕوو بۆ گەیشتن بە خوود لە ڕێگەی بابەتێکەوە کە لێرەدا زۆر بە ڕاشکاوانە شاعیر یارییەکی بێ کۆتا (اللعبة اللامنتهية) بە خود (الذات)و بابەتەکان (الموضوع) دەکات لە پێناوی ڕاگەیشتن بە ئەوانی تر (الآخرون)، یان ڕاگەیشتنی ئەوانی تر (الآخرون) بە ئەو (الذات). بەمەش شاعیر دەیەوێت هەر لە ناونیشانی قەسیدەکەوە بە ئاگادار کردنەوە (التنبيه)و یادهێنانەوەیەك (التذكر) دەست پێ بکات، لێرەدا دەنگی شاعیر زۆر دلێرانەیە، چونکە ڕاستی وتن دەبێتە هۆی هەڵگەڕانەوەو شۆڕش کردن (التمرد والثورة) بەرامبەر بە دەسەڵات‌و بەرەنگاربوونەوەیەکی توندیش باس دەکات کە ١٠٠٪ دەسەڵات پێی هەڵدەسێت:

### بە زەبروزەنگی ئەرتەش تەنراون(60)

بەم جۆرە شاعیر لێرەدا دەگاتە ئەوپەڕی بێزاری، بۆیە دەڵێت: (بە زەبروزەنگی ئەرتەش تەنراون)، ئەم توندوتیژی‌و پێکدادانەیش کە شاعیر باسی لێوە دەکات، لەئەنجامی ئەو هەموو دەردەسەری‌و کارەساتانەیە کە بەسەر شاعیرو نەتەوەکەی هاتووە، بۆیە دەبینین زۆر بەوردی‌و دیقەتەوە وێنەی کێشاوە، کە ئەمەش نابێت بە پێچەوانەیەك بۆ توانەوەو لە ناوچوونی خودو بلێسە دانی لە ناو شوێندا (شاری مەهاباد)، بەڵکو لەوەدا پێچەوانەو ئاوەژوودەبێتەوە کە دەبێت بە وێنەیەك بۆ بلێسەدارترکردنی قەسیدەکەو پڕیسك هاویشتنی زمانی قەسیدەکە لە نێوان بێ دەنگی‌و هاتنەگۆدا (بين الصمت والتحدث)، لەنێوان ڕاهەژانی شاری مەهابادو بەزەبروزەنگ تەنرانی ئەو شارە، کە بەم شێوەیە ئەم توندوتیژیە ئاوەژوودەبێتەوە لەنێوان ناسنامەی شارو کچانی شارو قەسیدەکە،و لە ئەنجامی ئەم سێ ناسنامەیەشەوە، لاشەکەیش (چ لاشەیەکی فیزیکی بێت وەك لاشەی مرۆڤو دارو بەردی شارو کووچەو دیواری شار، یان لاشە

(60) قەسیدەی مەهاباد: ٨٤

زمانەوانییەکەی شاعیر بێت) دەبێتە یەك لاشەو ڕاستەوخۆ سەرجەم بلێسەو ئارەزوو و گۆڕانکارییەکان یەکانگیردەکاتو قەسیدەکانی (دۆڵی کپ، مەرگ لە زامی مندا دەڕوێت، مەهاباد، بارانی سوور)[61] باشترین نموونەو دەروازەن بۆ ئەم جۆرە گۆڕانکاریانەی شاعیر.

لەکۆتاییداو لێرەدا دەتوانین ئاماژە بدەین بەوەی کەوا شیعری نوێی کوردیش هیچی کەمتر نییە لە شیعری نوێو هاوچەرخ، ئەمەش بەوەی کەوا سەرجەم ڕەگەزە شیکاریو ڕەخنەییە شیعرییەکان لە شیعری کوردیدا بوونی هەیەو دەقە شیعرییەکانی نەوزاد ڕەفعەت- یش باشترین بەڵگەی بەردەستمانن کە لە زۆر ڕووەوە شاعیر توانیویەتی کەرەستەو تەکنیکە نوێیەکانی شیعری هاوچەرخ لە شیعری کوردیدا بخاتەکارو بەکاریان بهێنێت. ئەم دەقانەی خوارەوەش باشترین بەڵگەی بەردەستمانن کەوا بەشێوازو ڕێگەیەکی وێناکارییانەی گێڕانەوەیی (طريقة الترسيمات السردية) پەنامان بۆ بردوونو بە گوێرەی توانا، هەوڵی شی کردنەوەیانمان داوە تاوەکو زۆربەی ڕەگەزە شیعرییە نهێنییەکانی ناو دوورگەی شیعرەکانی نەوزاد بەشێوەیەکی وێناکارییانە بدۆزینەوەو ئەوەیشی کە ماوەتەوە، هەوڵ دەدەدین لە جێگاو کاتو شوێنێکی تردا، باشتر شییان بکەینەوە تا چیتر شیعری کوردیمان لە قالبێکی وەستاوو داخراودا دۆگما نەبێتو ڕێچکەی خۆی بگرێتو هەوڵی چوونە ناو بازنەی شیعری جیهانی بداتو لە هاوکێشەی شیعری ئەمڕۆدا جێگەی خۆی بکاتەوە.

## پاشکۆی دەقە شیعرییەکانو شیکار کردنیان بەشێوەیەکی وێناکارییانە

(ملحق الترسيمات التحليلية للنصوص الشعرية)

### ئێواران هەور دەسووتێت

**کە زریانم دی نەدەسرەوت**
**زێم دی سەری دەدا لەبەرد، هاواریەکرد**
**هەرچی باڵندەو درەختی زەوی هەبوون**

(61) بۆ دەقی قەسیدەکان بڕوانە پاشکۆی ئەم لێکۆڵینەوەیە کە ئەو قەسیدانەی بەتەواوەتی تێدایە.

تێی وروو‌کان ژیرنەبۆوە
شار، ئاورینگی لێ دەبۆوە
زانیم هەواڵی کۆستێکم بۆدێننەوە
تاوێرەکانی ئەم ڕێیە دەگێڕنەوە:
(بەلەشی پڕ برینەوە
بەقشلاخ‌و زوورگەکانی
ئەم خوارەدا شۆڕ بۆتەوە
پۆڕ، هەوێردە، شوێن پێی کەوتوون
ئەشکەوت، بنار، دەنگیان داوە:
(بۆ کوێ هەڵدێیت؟)
دەگێڕنەوە: (ئاوڕیشی نەداوەتەوە)
زانیم هەردەستمی بگاتێ
دەسووتێت‌و ئاوادەبێت
زانیم ئەو گەردن بڵندە بۆ من نابێت
(من پێش هاتنی باو بۆران
چڵەکانم بینی شکان
پێش سووتانی ئاوی جوێبار
ماسی‌و مەلم بینی خنکان
پێش بیستنی تەقەی تاپڕ
پۆلە پاساریم دی پێکران
پێش کەوتنی ئا ئەم بەفرە
ڕەوە کەوم بینی خۆیان لە
ڕەشاییی شاخ_دەکوتا)
خۆمان شوومین؟
یا لە هەنیەمان نووسراوە:
دەبێت تا ماوین غاردەین‌و

نەگەینە ژێر ئەو ئاسمانە؟
نەگەینە ئەو دارستانە؟
دەوری ئاگردانێك نەدەین؟
دەبێت تا ماوین غاردەینو
نەگەینە پەنایەك بەفرو
کڕێوە نەیگرێتەوە؟
من چاوم بۆ هەر ئەستێرەیەك هەڵبڕی
کەوتو ڕژا
هەر زێیەکم خۆشویست سووتا
چادری هەر مێرگو زەنوێرێکم هەڵدا
لێم هەڵکەنرا
ئەوا تۆشم لیَ ئاوابوویت
بێشەم دیوە، دارەکانی خۆی ناشتووە
داڵم دیوە، بەسەر لاشەی نێرینەوە هەڵنیشتووە
قۆچی نێری بەدیوارەوە کوتراوە
- نەشگریاویت؟
- پێکەنیوم
من تەنیا کەکازیوەی تۆم لیَ ون دەبێت
هەڵدەوەریم ... تاریك دادێم
- خۆشت دەوێم ؟
- ئەی نازانی نیگەرانی شۆستەی ماتی شەوانتمو
چێنکەو شیناوەردی چاوە جوانەکانت
لە بینینو پەنجەکانم نابنەوە نا...؟

## شیکاری قەسیدەی ئێواران هەور دەسوتێت:

| | |
|---|---|
| ١- کە زریانم دی نەدەسرەوت | وەستان + بەردەوامی |
| زێم دی سەری دەدا لەبەرد ، هاواریەکرد | بەردەوامی ، بەردەوامی |
| هەرچی باڵندەو درەختی زەوی هەبوون | |
| تێی ورووکان ژێر نەبۆوە | وەستان/+/بەردەوامی نادیار |
| شار، ئاورینگی لێ دەبۆوە | بەردەوامی |
| زانیم هەواڵی کۆستێکم بۆدێننەوە | جێگیری/ + / بەردەوامی |

| | |
|---|---|
| ٢- زانیم هەر دەستمی بگاتێ | هەوڵدان + لەناوچوون |
| دەسووتێت‌و ئاوادەبێت | |
| زانیم ئەو گەردن بڵندە بۆ من نابێت | .... + دەستگیرنەبوون — ڕەشبینی |

| | |
|---|---|
| خۆمان شوومین؟ | بەردەوامی |
| یان لە هەنیەمان نووسراوە: | بەردەوامی |
| دەبێت تاماوین غاردەین و | بەردەوامی |
| نەگەینە ئەو دارستانە؟ | بەردەوامی |
| دەوری ئاگردانێك نەدەین؟ | بەردەوامی |
| دەبێت تاماوین غاردەین‌و | بەردەوامی |
| نەگەینە پەنایەك بەفرو | بەردەوامی |
| کڕێوە نەیگرێتەوە؟ | بەردەوامی |

ڕەشبینی

| | |
|---|---|
| ٣- من تەنیا کە کازیوەی تۆم لێ ون دەبێت | بەردەوام + دووبارە |
| هەڵدەوەرێم ... تاریك دادێم | بەردەوام + دووبارە |




هەرچی لایەنی گەشبینیو بەهیوابوونیشە لای شاعیر بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەردەكەوێت:

**قەسیدەی ئێواران هەور دەسوتێت:**



**٢- دەچمە پشت    شووشەی    پەنجەرەی بەر کزەبا**

**ڕادەمێنم ...... دەڕوانمە دوور ...**

**- چی دەبینیت ؟**

**- دەبینم دێیت**

**مل بەدەشتو دۆڵدا دەنێیت**

## مەهاباد

**هەموو شەوێکی سیو یەکی مارت**
**بروسکەی دەنگێك**
**شاری مەهاباد ڕادەهەژێنێت**
**(با پاش مەرگی من**
**کچان چاوی جوان بەگریان نەشۆن**
**خەمم بۆ نەخۆن**
**با لەجێی شینو پرچ کردنەوە،**
**خۆڕنینەوە**
**هەڵسن ولاخان بۆسواران زین کەن**
**بۆ هەمان هەوار بەڕێیان بخەن)**
**سبەینێش هەموو خەڵك دەبینن**
**شار دارو بەردی**
**کووچەو دیواری**
**بە خوێن پاراون**
**بەزەبروزەنگی ئەرتەش تەنراون**

## قەسیدەی مەهاباد:

سبەینێش ← هەموو خەڵك دەبینن
شار دار وبەردی } بەخوێن پاراون
كووچەو دیواری بەزەبرو } زەنگی ئەرتەش تەنراون

## مەرگی كەژ

دیارە تروسكەی ئاگرێك ...
بەفرێك، چرایەك نابینیت
دیارە بەردیش گوێت لێ ناگرێت
بۆیە هێندە دەڕوانیتە ئاسۆی دوورو خۆت دەدوێنیت
تاریكایی دەگریتە بەر
ڕەشەبای كپیت دەڕوێنیت ...
خۆت دەڕمێنیت
ئازاری كامە برینە پشكۆو ئەژنۆت پێ دەگوشێت؟
دەترسم تۆش دابێیتەوە
یا خۆت لە شاخێ بەرزەوە
هەڵدێریت‌و نەتبینمەوە
منیش خەمبارم دەهەڵسە
بكەوە گۆرانی‌و بەزم‌و
هەموو وەڕسی‌و خەمەكان
بە سەمایەك بەبا بدە
دەسەنتوورەكەت هەڵبگرەو
سەرچۆپی بە پەنجە شێتەكانت بگرە
با ئەو ئەسپە سوورەی هاتۆتە سەر پاشووو

بەهەردوو لەپ
بەربۆتە دەروازەی مێشکت
بەرەڵڵا بێ‌و بە ناو شارە گەمژەکەتدا
غاربدات‌و بجیلێنێت
با تاوێك لورەی کرێوی شەونخوونیمان خامۆش بێت
من کە لووەری باوبۆران‌و سەگی ئاوایی دەبیسم
دادەخورپێم، مەلوول دەبم...
دەڵێم: ئاخۆ دەبێت کامە دڵدار بمرێت؟!
دەبێت دەستم کامە خۆشەویست بنێژێت؟!
دەڵێم: دیسان ئەستێرەم کەوتۆتە لێژی‌و
کۆستێك پشتم دەنەوێنێت
دادەخورپێم، تارماییەکم لێ دێتە زمان:
(داستانی مردنم رۆڵە
لە سنگتدا هەڵبکۆڵە
تا چیتر ئاران نشینی کەرك لەبەر
مەرگی من نەبینێتەوە
ئەم داغە نەچێژێتەوە
لانەیەك لە شیش‌و پۆڵاو
کوختەیەك لەو بەردەلانە دروست بکە
جا با هەر کرێوە بێت‌و
با هەر لافاوی دژ هەڵسێت)
ئەو شەوانە شێت دەبم‌و
شوێن پێی ئەوانە هەڵدەگرم
دارەکانیان بە برین دا
ئەو رووبارەشیان هەڵلووشی
هەر رۆژەی خۆی لە بن بەردێك دادەکوتی

- هێشتا كز نیت؟
- كزنابم‌و دەڕوانمە ئا ئەو یاڵەی
كەو، پێش وەی بگیرێت، بمرێت...
ڕووەو ڕەشایی هەڵدەفڕێت
ئەو یاڵەی دەستی هەڵدەبڕێت
گەزۆی مزگێنیم دەداتێ...
دەڵێت: (ئەو خەرتەلە پێكرا
ئارامیی لێ هەڵدەگرتیت
ئەو خەرتەلەی زەمینی ویكهێنابۆوە)
دەڵێت: (ئیتر تیشكی فانۆس
بێ ترس لە پەنجەرەوە دێتە دەرێ
ئیتر كیژ دەچنەداران‌و
چاو لە شوان دادەگرنەوە
كۆترە باسكە
بەدەوری دڵدارەكەیدا
خول دەخوات‌و دەگمێنێت ...
چەم دەخوێنێت)
- پێكێك هەڵدەم؟
بكەومە گۆرانی‌و بەزم‌و
هەموو وەڕسی‌و خەمەكان بە سەمایەك بە بابدەم؟

## شیكاری قەسیدەی مەرگی كەژ:




هەرچی لایەنی گەشبینیی شاعیریشە لەم قەسیدەیەدا بەم شێوەیە دەردەكەوێت.

## قەسیدەی مەرگی کەژ:

ئەو یالەی دەستی هەڵدەبڕیت

گەزۆی مزگێنیم دەداتێ

دەڵێت: (ئەو خەرتەلە پێکرا ئارامیی لێ هەڵدەگرتیت

ئەو خەرتەلەی زەمینی وێکهێنابۆوە

دەڵێت: ( ئیتر تیشکی فانۆس

بێ ترس لەپەنجەرەوە دێتەدەرێ

ئیتر کیژ دەچنە دارانو

چاو لە شوان دادەگرنەوە

کۆترە باسکە

بەدەوری دڵدارەکەیدا

خول دەخواتو دەگمێنێت

پێکێك هەڵدەم؟

بکەومە گۆرانیو بەزمو

هەموو وەڕسی و خەمەکان

بەسەمایەك بەبا بدەم؟

## نەگونجان

(٣)

گەلێك ئاوات‌و خەونم هەن
خۆشترینیان
ئەوەیە: شەوێك دڵنیا
لە سەربانی ماڵی خۆمڕا
بە ئارەزووی خۆم لە دنیا
لە ئەستێران وردببمەوەو
بێ ترس بدرەوشێمەوە
لەگەڵ خۆم‌و جیهاندا بگونجێمەوە
خۆ دەزانم
ئەو خەونەش دوورەو وا ئاسان نایەتەدی
چەندان خەونی وا باردووی
بەڵام دەڵێن:
کۆتەرەداریش بچێنرێت
لەوانەیە ڕۆژێك دابێت
پشکۆ بدات‌و گوڵ بگرێت

## قەسیدەی نەگونجان:




## دوا ژوان

وەرە با ئەمشەو تێرت ڕامووسم
ئاوێزانت بم
گیانە ڕێ دوورە
کۆچ بەرەو ژوورە
ئەوا عێڵ دەڕوا
عێڵ باری تێکنا
کێ دەزانێت کەی پێك دەگەینەوە!
لە کامە جێ ژوان جارێکی تر تێکدەئاڵێینەوە!

## قەسیدەی دوا ژوان:



## سووتان

ئەو شەوانەی پیرەداری یادەکانت چرۆدەکات
بارانێکی خوڕ دادەکات
باران ناهێڵێت بێ چەتر بێمە دەرێ و
خەمی دووریت لە شەقامەکاندا هەڵڕێژم
باران ناهێڵێت بێ چەتر بێمە دەرێ و
داخی دووریت بە شەقامەکان بڕێژم
ئەو شەوانەی پیرە داری یادەکانت چرۆ دەکات
بەفر دنیا دادەپۆشێت
دەریا بەرەو کانیی فرمێسکی من دەکشێت
دەستو پەنجەی ڕێزەداری شۆستەکانیش وەك دەستوپەنجەم دەتەزێت
بەفر دنیا دادەپۆشێت
بەفر ناهێڵێت بچمەوە ئەو شوێنانەی بیرمان دەکەن
ئەو شوێنانەی پووشووی یەکەم هێلانەمان لێ هێناون
ئەو شوێنانەی دەمێکە خۆر لێی نەداون
ئەو شوێنانەی سەرمایانە
وەك ئاگری شەوانی شوانانی قەدپاڵ
وەك ماسییەکانی تانجەڕۆ سەرمایانە
وەك ئەو باخەی گوڵمان دەداتێ و ناداتێ
وەك ئەو خۆرەی دەستمان دەگاتێ و نایگاتێ
سەرمایانە
بەفر ناهێڵێت بچمەوە ئەو شوێنانەو
لەجیاتی ماچی لێوی تۆ

لێوی یادێکت هەڵبمژم
لەجیاتی تۆ...
خۆم بەچەقۆی یادێکی شیرین بکوژم

## شیکاری قەسیدەی سووتان:

بەفر ناهێڵێت بچمەوە ئەو شوێنانەو ← کاتی
لەجیاتی ماچی لێوی تۆ
لێوی یادێکت هەڵبمژم ← کاتی
لەجیاتی تۆ...
خۆم بەچەقۆی یادێکی شیرین بکوژم ← بەردەوام و بۆ هەتاهەتایی

## دۆڵی کپ

چاوم هەڵدێنم دەبینم تۆیت و
بەرامبەرم ڕۆنیشتوویت‌و
چاوەکانت تێم دەڕوانن
تۆیت قژت داوەتە بەربای
دەشت‌و دامێن ئەو کەژانەی
ئاشنای هەورە تریشقەو
هەڵهاتنەوەو ئاوابوونمن
دوێنێ شەویش پێکەوە بووین
پێکەوە شەونخوونیمان بەدیار ئەو زێیەوە کێشا
هاوڕێمانەو کەتەنگاو دەبین
دەبێتە دەوەن‌و حەشارمان دەدات
پێکەوە بووین ... پێکەوە کەژمان هەڵمژی

بەیتوباوی پیرەکەژی خۆشخوانمان بیست
شۆڕبووینەوە دۆڵی قوڵو
گوێمان لە گڤەگڤی بای
دارستان بێ خودانی
ئەودیو گردۆڵکەکان ڕاگرت
باڵندەکانی دەیانوت: (سبەی ڕۆژگارێ تووش دادێت
سبەی ئەو چۆمە بەرینەی تا بەیانی ژاوەی دەهات ڕادەوەستێت)
دیت ئەو کۆرپە سەربەکۆچکە بێ گوناحەی
ئەمڕۆ سبەی گەورە دەبێت
قەدی کلۆری دارێکی کردۆتە ماڵ
ئەی ئەو ئاوەی
تك تك بەدیوی ناوەوەی
نامرادیدا دێتە خوارێ دەگاتە کوێ؟
چەند ساڵی تر دەگاتە تۆ؟)
منیش کپ دەبمو ناوێرم بتدرکێنم
دەترسم ئەو چەند ئەستێرەی
بەسەر سەرمەوە دەسووتێن
ئەوانیش وەك ئاو دامرکێن
ناوێرم داریش بدوێنم
دەترسم دار بێتە قسە
دەترسم کە چەند لقێکی لێ هەڵپاچرا
بتدرکێنێتو یەکجاری نەتبینمەوە
تەرمتم بۆ بهێننەوە
بۆ وا ماتی ؟! سبەی شەویش
شۆڕدەبینەوە دۆڵی قووڵ
کەژ هەڵدەمژین

ئێشك دەگرین
سبەش پێكەوە بێدارین

## شیكاری قەسیدەی دۆڵی كپ:

١- باڵندەكانی دەیانوت: (سبەی ڕۆژگاری تووش دادێت ← هاژەی چەم

سبەی ئەو چۆمە بەرینەی تابەیانی ژاوەی دەهات ڕادەوەستێت) ← ڕاوەستاندن

٢- دەترسم ئەو چەند ئەستێرەی
بەسەر سەرمەوە دەسووتێن
بەردەوام + ترسان + بەردەوام ← ڕەشبینی

ئەوانیش وەك ئاو دامركێن
بەردەوام كۆتایی هاتن ← ڕەشبینی

ناوێرم داریش بدوێنم
دەترسم داریش بێتە قسە
ترسان + بەردەوامی ← ڕەشبینی

دەترسم كەچەند لقێكی لێ هەڵپاچرا
بتدركێنێتو یەكجاری نەتبینمەوە
ترسان + بەردەوامی بێ كۆتایی ← ڕەشبینی

تەرمتم بۆ بهێننەوە ← ڕەشبینی

# پێکرانی بازی ڕەند

ئێوارەیەکی سارد
درەنگ
لەبەر دەرگای ژوورەکەمرا
بازی ڕەندم بینی پێکراو
دنیا بەچریکەی هەژا
خوێن دارژا
هەموو زەوی سوورهەڵگەڕا
بەڵام کە شەو
چرای ماڵان هەڵکران و ڕدێن و سپی
لەبەر ئاگر گرد بوونەوە...
سەرگوزەشتەی بازی ڕەندیان گێرایەوە
(خەمتان نەبێت
بازی فەڕو بەختەوەری
بەقەد ژمارەی گەڵاو کەڤرن
بەقەدەر ئەستێرە زۆرن)
هاتمەدەرێ و چاوم بۆ ئاسمان هەڵبڕی
دیم وا هەزاران ئەستێرە
پێکەوە دەدرەوشێنەوە...
بزەم هاتێ و
ڕووبار ئاسا نوێ بوومەوە
دیسانەوە بووژامەوە
بووژاینەوە

## شیکاری قەسیدەی پێکرانی بازی ڕەند:

لەبەر دەرگای ژوورەکەمرا
بازی ڕەندم بینی پێکراو ← بەردەوامو بۆ هەتاهەتایی
دنیا بە چریکەی هەژا
خوێن دارژا
هەموو زەوی سوورهەڵگەڕا ← کاتی + بەردەوامی

لایەنە گەشبینییەکەی شاعیریش لەم قەسیدەیەدا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

گەشبینی

(خەمتان نەبێت
بازی فەڕو بەختەوەری
بەقەد ژمارەی گەڵاو کەڤرن
بەقەدەر ئەستێرە زۆرن)
هاتمە دەرێو چاوم بۆ ئاسمان هەڵبڕی
دیم وا هەزاران ئەستێرە
پێکەوە دەدرەوشێنەوە... ← هیواو گەشبینی
بزەم هاتێو ← هیواو گەشبینی
ڕووبار ئاسا نوێ بوومەوە ← هیواو گەشبینی
دیسانەوە بووژامەوە ← هیواو گەشبینی
بووژاینەوە ← بنگەی گەشبینی

## ماڵو خەوزڕان و بەرد

(١)

هەندە دەمان
ماڵم لێ دەبێتە زیندان
لێم دەبێتە
دڕکەڵانی ساتەکانی ماڵئاوایی و دەست ... لێك ... بەردان
ناچار بەلەز دێمە دەرێ و بەرهەڵدا دەسووڕێمەوە
لەکونجێك دەگیرسێمەوە
کەچی کەشەو تاریك و درەنگ دادێت و شار بۆنی مردنی لێ دێت
لە مەیخانەو شەقامەکان دەکشێمەوە
بەلارەلار
دەچمەوە هەمان کۆڵان و
هەمان ماڵ و هەمان نوێن

(٢)

نازانم شەوگار چ وەختەو
گوێم لە سەگێکە لەوپەڕی شار دەوەڕێت
بەیناو بەین کەڵەشێرێك
خۆرنامە دەخوێنێتەوە
گوایە ئێستا یان پاش تاوێك
ڕۆشناییەك دەردەکەوێت
منی خەوزڕاویش دەڵێم:
دەبێت بە ڕاست ئاسمانی ڕەش سوورهەڵگەڕێت؟
یا تا لەگەڵ درووەو نزاو تکادا
سووتووی سەدان شەوبێدارو خەڵوەتکێشانی بۆ نەبڕێت
ئاسۆی تار ڕوون نابێتەوەو
لەودیو پەردەی پەنجەرەوە

جریوەیەك ...
تەپە تەپی پێی ڕێبوارێك ...
نیشانەیەکی ژیانو بوون نابیسرێت؟

(۳)

چیتر مەڵێن:
خۆشخوانو بلبلو قومری
تکایە ئێوەش دەم لێکێنن
با کەس کەمانچەش نەژەنێت ...
وس بن وا بەرد
بەقەد بێدەنگیی سەدەها دەنەڕێنێت

مالّم لێ دەبێتە ← زیندان
لێم دەبێتە ← دڕکەلأنی ساتەکانی ماڵئاواییو دەست... لێك ... بەردان

## بارانی سوور

بارانێکی سوور دەباریو
مرۆڤ بەدەم باڕێزەوە
بەدەم ترسو تاسانەوە
بەسەردەشتو چیاوچۆڵو
گوندو شارە دوورەکاندا هەڵدەوەری
منی سەرماو سۆڵ بردەڵەش دەگەڕام
بۆ پاسارێك
پەنا دیوارێك ...
بۆ باوەشێك ...

بۆ ئاگرێك
بۆ كۆڵیت و
درزە بەردێك
ئارامیی ژێر باڵی مەردێك
كەلێرەشدا گیرسامەوە
مام هێمن — م بیر كەوتەوە و
پاش سۆراخ ... بە هەڵەداوان
دام كێشا بەرەو گەڕەكی بداغ سوڵتان
كەچی بینیم
ماڵی ئێرەشی وەك ئەوێی
تەنگو ... تاریكە ... تەنانەت
جەستەی بنێسی گرمۆڵەی
بەئەستەم تێیدا دەسرەوێت
ناچار گەڕامەوە دواوەو
چادری خەمو ئازاری تێكشكانم
لەشوێنێكی تردا هەڵدا ...
لەدەرگایەكی ترم دا

## قەسیدەی بارانی سوور:



# خەون

کەباخەوانی باخ سووتاوو
کەشتییەوانی بەساڵدا چووی کەشتی شکاو
خەمبار دەبن
خەو دەبینن:
باخەوان دەشتێك دەبینێت دەژییێتەوە
دارەکانی شین دەبنەوە
کەشتییەوانیش خۆی دەبینێت
تۆڕهەڵداوێ و
بەدەستی پڕماسیو خەندەوە دێتەوە

## قەسیدەی خەون:






## شمشاڵژەن

- دەروێش عەبدوڵڵا هاوارە
ناخ نێچیری بریندارە
ناخ دار بەڕووی کلۆرەو تەوێڵی بەندیی
پشت شیشی دەرگاو دەلاقەی
زیندانی قەڵای خونکارە
ناخ شەوگارە
چادرگاو کوانووە دەروێش
ناخ بۆتە مشتێك خۆڵەمێش
دە بەگوریت بم شمشاڵی ئەفسووناویت
بەلێوەوەنیو گۆرانیو ئاوازێکی
شینرەوێنمان بۆ بژەنە
کۆرپەی پەرپوەی هەمیشە بەرێگاوەین
پەرپوەی لانك شکاوین رامان بژەنە
گوێلێکمان تیشکی گەشبینی بۆ بهێنە،
تۆزێکمان بەختەوەری بۆ بخولقێنە
- شمشاڵژەندنی چی گەلۆ!
کوا شمشاڵی لەسەد جێ شکاو گۆرانیو ئاواز دەڵێت؟
کوانێ دەستوپەنجەی قوت کراو دەجووڵێت؟!

## شیکاری قەسیدەی شمشاڵژەن:

دە بەگوریت بم شمشاڵی ئەفسووناویت

بە لێوەوەنیو گۆرانیو ئاوازێکی
شینرەوێنمان بۆ بژەنە — گەشبینی

کۆرپەی پەڕیوەی هەمیشە بەرێگاوەین
پەڕیوەی لانك شکاوین ڕامان بژەنە — گەشبینی
گوێلێکمان تیشکی گەشبینی بۆ بهێنە
تۆزێکمان بەختەوەری بۆ بخولقێنە — گەشبینی

## چەمی بێدار

خۆم بێ چەترم
ڕەوە بارانی ترساوی ئەم ئاسمانە بیابانەش
پۆل پۆل دێنو لێم دەئاڵێن
خۆم بێ سێبەرو بێ کەپرم
دارەکانیش غاردەدەنو
یەك یەك بە سنگمەوە دەلکێن
دادەچڵەکێم...
دەڕوانمە تروسکەی دوور
دەڕوانمە ئەوبەری دەریای بێ سنوور
بەژێر گڵۆپو درەختی
ڕێوبانەکاندا دەڕۆم و
شەقامەکان دەڕنمەوە
شەوگاری تاڵ دەخۆمەوە...
دەچمە سەر ڕۆخی ئاوو خۆم ناخنکێنم

دەخۆمەوە... خۆم دەدوێنم:
(کێ کەرتێکی شاخی کۆڵی من هەڵدەگرێت؟
تابزانێت باری ئەم کۆستە چەند قورسە !
تابزانێت بۆ چەمی من تا بەرەبەیان بێدارەو
دەڕواو دەگری... دەگریو ئارام نابێتەوە!
تابزانێت ڕێگاکان کوان؟!
تەم دای گرتوون؟! یان سووتاون؟! گوڵەکان کوان؟!
– وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد[62] - نەهاتووە؟!
یان تۆراون؟!
کێ کەرتێکی شاخی کۆڵی من هەڵدەگرێت؟
تابزانێت بۆ ڕۆدەچم!
هەڵدەستمەوە!
دەبمەوە دەریاو هەڵدەچم!)

## قەسیدەی چەمی بێدار:




62- شیعرێکی ئەنوەر قادر محەمەد- ی هاوڕێی شاعیرە: پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە: ٣٠ - ٣١

# ڕامانی سیزیف

حەفتاو چواریش
هەر لێرەوە
هەر لەپشت شوشەی پەنجەرەی
ئەم قاوەخانەی شەقامە ئاپۆرەوە
ڕێك بەرامبەر ئەو دیوارو دوکانانە هەڵدەکورمام
لەوسپیندارە ڕادەمام
لەدەوروبەر دادەبڕامو
بە بێ دەنگ لەگەڵیا دەدوام:
(دەبێت سپینداری تەنیا
هاوچەرخی مێژووی بێ نەوام
جارێکی تر
لەبارودۆخێکی تردا...
سبەی چۆنت ببینمەوە؟
دەتبینم ڕوخسار پڕلۆچو گرژتریت؟
بە بێ گۆچان پێ ناگریت؟
بەدەم هەنسكو نرکژنی ڕێی هەڵەموت بڕینەوە
بەدەم جۆشی کولانەوەی چەندان گەرمە برینەوە
دڵی یەکتر دەدەینەوە؟
سەر لەسەر شانی گرانی یەکتری دادەنێینەوە؟
یابوویتەتەوە جەوانو
تازە سترانی لاوێنی عیشقو دەچڕیت؟
چاو لەکناچان دادەگریت؟
یادنیایە...
چارەنووسی سیزیفانەو تاهەتایە

لە چوار ڕێیەکدا ... پێك ... نا... گەین؟
بەکەسەری دەستگوشینی
پیرۆزباییەکەوە دەمرین
گەواهی سابلاخ — ی برین ؟!)

## شوێنکات

(ئەوەتا لە هەمان شوێندا
لەبەر هەمان پەنجەرەی بەر چەترو دەرگای
کووژەکە پێوەکراوو تاقی قۆچ پێداکوتراوی خێوڕەوێندا
لەبەر هەمان شنەی دەمەو چێشتەنگاوی
بەپەلە هەوری تەنکی وەرزی خەزانو هەناردا
لەهەمان بازگەی هەمیشەی تێپەڕینی چاوخوماردا
لەگەمەیەك ورووکاونو شێتگیرانە بەیەکدا دێن
لەمسەرەوە بۆ ئەوسەری کۆلان هەلّدێن
دەنگو ڕەنگیانم بە گوێچکەو چاودا نامۆن
وەکو ئەو هەموو ڕێبوارو سەفەرییە شەکەتانەی
تاوێکی تر لە فارگۆنی شەمەندەفەر دادەبەزنو
نازانین لەکوێوە دێنو بۆ کوێ دەڕۆن
ئەو مندالّە چەتوونە غەریبانە کێن ؟
لە کام کۆلانەوە هاتوون ؟
ئەی هاوڕێکانی من لە کوێن؟)
لەپڕ گالّەی ماندووی گالیسکە لێخوڕێك
هێنایەوەو سەرنجی پێ دایەوە لە خەلّكو دنیا:
(ئاشەکەی ئەوبەر ناگەڕێت ...
ژەنگنن پەنجەرەو دەرگا

دیوارو سواندەکان کوورِن ...
زۆربەی خانووەکان خاپوورن
نە قەڵغانی کووژەیەك
نووکەتیری چاوپیسان دەگێڕێتەوە
نە فرِفرِۆکەی رِەنگاو رِەنگ
بەدەم باوە جوانو تیژ دەسوورِێتەوە
نە درزی دەرگای کچی شەنگ ...
بە بیانوویێك بۆ چاوبرِکێ دەکرێتەوە
نە ئاشناو ناسیاوێکیش بەرەو ماڵ دەگەرِێتەوە
گەرِەك ئاشکرا رِنۆکی درِندانەی دەورو زەمانی پێوەیە...
ئەو درِندە ناقولاَیە بۆ رِوخسارو رِۆحی منیش بەرِێوەیە...؟)

## تۆرِ

کە چاوم برِییە ئاسمانو
یەك تاقە رِیشۆڵەی پارم
نەناسییەوە
سەیرم پێ هات
دۆش دامامو وتم: دەبێت
لەهەندەرانیش تۆرِ هەبێت؟!

## هاتنەوە

رِیش سپییکی دوورە کوێستان
هەردوو چاوەکانی لە تاو
زنجو تووتنەکەی دارِژان

که پاش ڕۆژگارێك هاتەوە
گوندەکەی هەڕەتی لاوی و
سپیندارێکیش هەتاوی
بینایی پێ بەخشییەوە

## خەون

کەباخەوانی باخ سووتاوو
کەشتییەوانی بەساڵدا چووی کەشتی شکاو
خەمبار دەبین
خەو دەبینین
باخەوان دەشتێك دەبینێت دەژییێتەوە
دارەکانی شین دەبنەوە
کەشتییەوانیش خۆی دەبینێت
تۆڕهەڵداوێ و
بەدەستی پڕماسیو خەندەوە دێتەوە

## کۆڕژن

ئەمجارەش نێچیری هەمان هەڵەتو ئەشکەنجەو ڕاویت
گورگی هەمان مەرگەسات گەمارۆی داویت
ئەمشەویش لە حەژمەت هەمان تای غەریبی
هاوارت شاراو شار دەڕوات
نزای پاش شەوڕاشکانت
دەگاتە دوورترین چیا
دەڵێیت: خوایە!

هەورازەڕێو دۆزەخی من
سزای چ خەتاو گوناهو تاوانێکمن؟
لەوەتی هەم ڕێزی هەتاوم گرتووە
تووکونەفرەتم لە چراو دەغڵو کانیاو نەکردووە
بەمنداڵیش هێلانەی پەڕەسێلکانم تێك نەداوە
لەقلەقێکم نەپێکاوە
دەمەهێڵە ئاسەوارم ببڕێننەوە
ئاگردانم کوێرکەنەوە
بمپارێزە لە خەنیمو خازیو ڕیا
خوای درەختو چۆڵوبەڕیا
خوای مێروو و نەهەنگو دەریا
من تەنیا باڵو بێ ئەنوام
دەخیلت بم وەرە فریام
دەڵێیت: خوایە!
نیگەرانیو باری ناهەموارو کەژی بەتەمی من
بەوەشاندنی چەند کولێنگ
بەچەند شووشە بادەو ستران
بەچەند گۆلە فرمێسکی تر تەواو دەبن؟
بەچەند سووتان؟ بەچەند ڕۆمان؟
.........................
.........................
ئای گەر کوتەکم پێ دەشکاو هێزوگوڕی لاویم دەبوو
چۆن لە تەکتا ملم لە ڕێگاوبان دەنا!!
گەر با – ش بووایت باڵت شل بووبوو
نە جگەرەو بادەو چڕین دادت دەدەن
نەمانگی تازە هەڵهاتووو جریوەی ئەستێرەکانیش

بڕێك تاریكیت ڕادەدەن
ئەو شەوانەش خۆت لانك‌و خۆت كۆرپەو خۆت لانكژێنیت
هەر خۆشت خۆت دەلاوێنیت
هیوات بە گوڵاڵەی ئەودیو زستانی تەم گرتوو هەیە
هیوات بە كۆرپەی ڕۆژگاری هێشتاكەنەهاتوو هەیە
دەنا لەمێژبوو شەپۆلی زێی مێژوو ئاوماڵك ئاسا
لە ڕۆخی خۆی جێی هێشتبوویت
دەستی شلی نائومێدیت
شۆڕكردبۆوە بەتەنیشتتا
برادەرگیان... ئاگادارم
كەڵەشێری بەربەیانیش دەخوێنێت تۆ
هەر زرینگەی كوڵێنگەكەت دێت
خۆریش هەڵدێت
هێشتا چریكەی فریادت
گونداوگوند شاراوشار دەكشێت
تەتەرێكی دەم پڕلەباس‌و هەواڵەو
بە كەوشەن‌و بێ دەنگیدا هەڵدەشاخێت
ئاگادارم
نیوەت بەهەشتەو نیوەشت دۆزەخێكی بێ تخووبە
نەبەهەشتەكەت پێ دەبڕێت
نە ئاگری دۆزەخەكەش بەیەكجاری دەتسووتێنێت

## مەرگ لە زامی مندا دەڕوێت

(١)

چۆلەكەكان هەموو شەوێك
بۆ درەخت دەگەڕێنەوە

ئەستێرەکان ئاوا دەبن و
هەموو شەوێك
لەگۆمی ئاسمانی شیندا هەڵدەبنەوە
هەموو بەهارێك بەفر
مەمکی وشکی ڕووبار پڕ شیر دەکاتەوە
شەونم جۆگەی تینوێتیی گوڵ دەخواتەوە
کەچی هەزار شەو دێو دەڕوات
چۆلەکەیەکی چاوی تۆ
لەسەر لقێکی برژانگی چاوی مندا هەڵنانیشێت
ئەستێرەیەکی چاوی تۆ
لە ئاسمانی خەمی شەوو
مێرگی خەونی دووری مندا ناجریوێنێت
هەزار بەهار تێدەپەڕێو
قەڵای دمدم
بۆ تاوێك بارانی تەڕ دەناڵێنێت
گوڵی بۆتان بۆ تنۆکێك شەونمی ڕوون
جۆگەی فرمێسك هەڵدەکەنێت

(٢)

مەترسن گوڵ پاییزیش دێت
تۆوی لەخاکدا دەمێنێت
مەترسن ئاو هاوینیش دێت
خوڕەی لە ژانی دەریادا و
هەنسکی لە دابارینی گریەی هەوردا دەمێنێت
مەترسن... مەترسن
دار گەڵاکانی دەوەرن
چرۆی نوێ دەگرێتەوە

هەتاوی کەل ئاوا دەبێت
شۆخ و کۆکتر هەڵدێتەوە

(٣)

من نەمامی ئەو شۆڕەبییەم چاندووە
پەڵە هەوری زامی خۆمم بۆ هێناوە...
ئاوم داوە...
دەبێت خۆشم بیکەمە پردی ڕووباری...
پەڕینەوەو هەنگاونانم
ڕێبەندانان لقوپۆپی بسووتێنم

## ئەنجام

لەئەنجامی وردبونەوەمان لەم لێکۆڵینەوەیەدا، دەگەینە ئەوەی کە شیعری نوێی کوردی، کاریگەرییەکی تەواوی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگیی لەسەر هەبووەو زۆر بەوردیش دەتوانین ئەم کاریگەرییە لە شیعری نوێی کوردیدا ببینین، کە ئەمەش بووەتە هۆی دروست کردنی دوودڵی و ترسێك کە ئەو دوودڵییە لە قەسیدەکاندا بە بەردەوامی دەبینین، تەنانەت زۆربەی کات هەر لە ناونیشانی قەسیدەکانەوە دەتوانین درکی پێ بکەین تا دوا وشەی قەسیدەکان.

کۆمەڵێك ئاستی جیاوازجیاواز لە قەسیدەکاندا دەبینین کە پێکهاتەیەکی گشتی دروست کردووەو هەموو دەقە شیعرییەکان دەکات بەیەك، ئەمەش بەهۆی ئەو حاڵەتە دەروونییە دووبارەی کەلەسەر شیعری کوردی نوێ و شاعیرە نوێخوازە کوردەکان هەیە کە نەوزاد رەفعەت-یش لەم حاڵەتە بەدەرنەبووە.

دەقەکانی شاعیر تەنها لە مەودای مرۆڤ و مرۆڤایەتیدا نین، بەڵکو زۆر بە فراوانی لای داوە بۆ جیهانە سروشتییەکەش، ئەمەش بەبەکارهێنانی – کانی – کانیاو – دار – شاخ – گوند – دۆڵ – سێبەر – خۆر – بەفر – باران – چیا – با – زریان – بەفر – کێو – ... هتد، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا، فەرهەنگێکی سروشتیی گەورەیە شاعیر دروستی کردووە کە وابەستەو پەیوەستە بە ئامانجداریەتییە (مقصدية) هەڵپەسێرراوەکەی شاعیرەوە کە سەرکوت کراوە لە من (أنا) داو تەنها لە ڕێگای ئەم فەرهەنگە سروشتییەوە نەبێت نەیتوانیوە دەریان بخات.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەی کوردی:


١. پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە: نەوزاد ڕەفعەت، دیوانە شیعر، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤.


## المصادر العربية:


١. الأمل واليأس في الشعر الجاهلي: د.كريم حسن اللامي: دار الشؤون الثقافية، بغداد، ط١، ٢٠٠٨.

٢. البناء السردي في شعر شێركۆ بێكەس: د.فاضل عبود التميمي، دار سردم للطبعة والنشر، السليمانية، ط١، ٢٠٠٨.

٣. بنية الخطاب الشعري، دراسة تشريحية لقصيدة أشجان يمانية: د عبدالملك مرتاض، دار الحداثة، لبنان، ط١، ١٩٨٦.

٤. ثنائية الشعر والنثر في الفكر النقدي – بحث في المشاكلة والإختلاف –: د.أحمد محمد ويس، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ط١، ٢٠٠٢.

٥. الشعر والأسطورة: موسى زناد سهيل، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ط١، ٢٠٠٨.

٦. صراعاتنا الباطنية: - د. كارين هورني، تر: عبدالودود محمود العلي، مراجعة: حيدر المغازجي، وزارة الثقافة والإعلام، بغداد، ط١، ١٩٨٨.

٧. في أصول الخطاب النقدي الجديد: نزفتان تودوروف، رولان بارث، امبرتو ايكو، مارك انجينو، تر: احمد المديني، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ط١، ١٩٧٨.

٨. في المعنى – دراسات سيميائية: الجيرداس جوليان غريماس: تر:أ.د. نجيب غزاوي، مؤسسة نزار حداد للطباعة، اللاذقية، ٢٠٠١.

٩. قراءة النص الشعري لغة وتشكيلا – نزار قباني نموذجا تطبيقيا دراسة لسانية تطبيقية: د.هايل محمد الطالب، دار الينابيع، دمشق، ط٢، ٢٠٠٨.

١٠. اللسانيات وتحليل النصوص: د. رابح بوحوش، عالم الكتب الحديث، الأردن، ط١، ٢٠٠٧.

١١. لسان العرب: - ابن منظور، دون معلومات الطبع.


## الأنترنيت:


١. السرد العربي القديم – البنية السوسيو ثقافية والخصوصيات الجمالية – د.عبدالوهاب شعلان، مجلة الموقف الأدبي، عدد ٤١٢، سنة ٢٠٠٥.

# وتـــار

## ئەو بەیتانەی بوون بە ڕووناکیی ناو گرتووخانە

ئەحمەد حسێن ئەحمەد



ماموٚستا خالید عەبدولواحید ناسراو بە (خالید دلێر) یەکێکە لە شاعیرو ئەدیبە دەنگخۆشو پێشمەرگەی دێرینو سیاسەتوانی گەلی کورد. لەسەر هەڵوێستو پێداگرتنی بۆ مافی ڕەوای گەلەکەی تووشی گرتنو سزای بێ ئامان بووە. وەك



**بەردەرکی سەرای سلێمانی- ساڵی ١٩٩١**
**لە ڕستەوە: لیوا ڕەشید عەبدولڕەحمان، خالید دلێر، ئەحمەد حسێن**

شۆڕشگێڕێك کۆڵی نەداوە. دێوەزمەکانی زیندانو پیاکێشان چاویان نەترساندووە. لەم ڕووەوە چ بەکردەوە چ بە نووسین، بەشداریی کۆڕی تێکۆشانی کردووە. هەمیشە هانی هاووڵاتیانی داوە بۆ بەرگریو چاونەترسیو خۆبەخشینو کۆبوونەوە لەژێر ئالای بالاّو پیرۆزی کوردایەتیدا. جگە لەوەی کە زمانی نووسینی لە هەموو بوارەکانی ئەدەبو سیاسەتدا ڕەوانو بێ گرێیە، لەڕووی ڕاژەشەوە، چەندان بەرهەمی نایابی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە. بە بایەخەوە کەلێنیان پڕکردۆتەوە. بەلای منەوە وشەی هەڵوێست بخرێتە دوای دلێرییەکەیەوە کە لەسەر ئەم خاڵی پەیڕەوە زۆری بەسەرهاتووە. لە ئەنجامدا چرای ئاواتی پێ هەڵکردووە. ساڵی (١٩٧٠) دیوانێکی شیعریی خنجیلانەی (ئاگروگوڵ)ی بڵاوکردەوە کە ماموٚستای شەهید عەبدولڕەحمان زەبیحی پێشەکیی بۆ نووسیوە.

یەکێك لە پارچە شیعرە شۆڕشگێڕو نایابەکانی ئەو دیوانە، (بۆ دوژمنی گەوج) لە حەوت بەیتی کێشی عەرووزی عەرەبی پێکهاتووە. ناوبراو لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولدا لەلایەن ڕژێمی قاسمەوە لەسەر بزووتنەوەی سیاسی دەستگیر دەکریو دەخرێتە ژێر زەبری فەلاقەو فڕوفێڵی لێکۆڵینەوەوە، بۆیە پێیان دەڵێ: دوژمنی گەوج، وادەزانی بە سزاو هەڵڕشتنی

قسەلۆکی بێ ناوەرۆکی ئەوان هەڵدەخڵەتێو هاوبیرانی لەدەمەوە دەنێو واز لە مەرجە بنەڕەتییەکانی مافی ڕەوای گەلەکەی دێنێ، با سەرکوتکەرانو کاربەدەستانی گرتووخانەی ڕەشی (تسن) لە کەرکووك هەر لەسکی خۆیان بدەن:

**چۆن لەڕێگەی سەندنی مافی گەلی کورد لائەدەم**
**چۆن بەڕە بە خوێنی سووری ڕۆڵەکانی دائەدەم**

ئاخر ئێوە کە دەستتان داوەتە نایاسایی‌و زۆرداری دەتانەوێ گەمە بەمێژووی نەتەوەیەك بکەن، کە ژمارەی دانیشتووانی (١٦) ملیۆن کەسە، ((مەبەست لەو ساڵو ڕۆژەیە کە شیعرەکەی تێدا وتووە کە تشرینی یەکەمی (١٩٦١.. ئە.ح)) ئێوە دەتانەوێ بەو پڕوپاگەندە نەزۆكو ژەهراوییانە درێژەو بە کورسی ڕزیوو شلۆقی مانەوەتان بدەن، کە ئەمە هیچ هزرو ئاوەزێك وەری ناگرێو پەسەندی ناکات:

**چۆن لە ڕێی ڕاگرتنی کورسی شلۆقی ئێوەدا**
**بەرژەوەندی (١٦) ملیۆن نەفسی کورد بەربا ئەدەم**

دوژمنینە ئەوە کاری من نییە لەڕێی ڕاستی لابدەم. ئەو دەستە بخەنە ژێر سەری خۆتان.. چاك لێم تێبگەن تابتوانم ڕووبەڕووتان دەوەستمەوەو هەردەم دەرسی کۆڵنەدانو تۆڵەسەندنو خۆڕاگری بۆ نەوەی دلێری گەلەکەم دادەم، تاکو بە هەناسە قووڵەکانی ئەو خەباتە بگاتە ئاواتی خۆیو حیسابێك بۆ هەڵەشەییو چەواشەکاریی ئێوەی گەندەڵ بکات:

**قەت ئەمانە ئیشی من نین، من هەمیشە تا ئەژیم**
**دەرسی هەڵمەت، تۆڵەسەندن، بۆ نەوەی کورد دائەدەم**

ئەی دوژمنانی سەرسەختو فریوەدەر، گەلی کوردی ستەم چەشتووی ڕاهـاتووی ئازارەکـانی ڕۆژگار بەخۆیدا چۆتەوە، دۆستو دوژمنی دەناسێ، خۆفروشتنی بەلاوە نەنگەو ناهێڵێ ناحـەزان دەست بخەنە کاروباری بزووتنەوەو شۆڕشەکەیەوە.

کە گەلێك خاوەنی ئەم ویستە پۆلاییینە بێت، ئاخۆ منێك کە تاکێکی بچووکم لەو، چۆن خۆم دەخەمە ژێر بارتانەوەو دەستم دەچێتە هاوزمانمەوە؟ وەك بـۆ خەنجـەر لـە فـەردەی کـا نـادەم.. کەواتە بڕۆن بەڕێی خۆتانەوە، بە تەواوی دەستم لێ بشۆن:

**گەوجـە تـازە کـورد بـە هـیچ کـەس نافرۆشـرێ و نـاکڕێ**
**چۆن منیش وەك تۆی گەوج خەنجەر لە فەردەی کا ئەدەم**

ئەوەی لەبەرەی میللەتدا بێتو لاڕێ نـەگرێو لـەوپێناوەدا هەرچـی بەسـەربێ، سـەروەریو گەشمردەیی دەبێتە بەشی، چونکە ئەنجامی تێکۆشـان بەختەوەرییـە، ئـەوەی پـشت بـەو هێـزە ببەستێو لە ڕاژەکردن نەوەستێ، ئەڵبەتە لە بەرگی پڕشنگداری شانازیو تەمـەنی ڕێـزدا خـۆی دەبینێتەوە:

**نەمری، یاخود بەختیاری، هەر بەشی تێکۆشـەرە**
**بۆیــە وا پــشتم بــەهێزی میللــەت و بــڕوا ئــەدەم**

ڕانەوەستانو بەردەوام بوون لە خەبات، بەشی مرۆڤی هەڵکەوتووی پشوو درێژە.. ئەگەر لـە سەنگەری شەرەفدا گیانی لەدەست داو بە خاك سپێدرا، ئەوا لە ناخی دڵی هەڤاڵانیدا بە نەمری دەمێنێتەوەو هەمیشە لەلایەن ئەوانەوە چەپکە گوڵی ڕێزلێنانو خۆشەویستی دەبرێت بـۆ سـەر ئارامگەکەی.. خۆئەگەر شەهید نەکرا، ئەوا بـە ئامـانج دەگـاو بـاوەش بـە ئـالای شـەکاوەی کوردستاندا دەکات:

**یا هەڤالان چەپکە گوڵ دێنن لەبۆ سەر گۆڕەکەم**
**یاخۆ توند باوەش لە بووکە جوانەکەی ئالاّ ئەدەم**

داگیرکەرانو جەلادانی کوردستان چەندان جۆر لە پلانی نادروستو سووکایەتی کردن دەگرنەبەر بۆ لەخشتەبردنو هەڵخلیسکانی کەسانی خەباتگێڕی دەستبەسەر، لەوانە پلەو پایەو هەڵڕشتنی پارەو سامان.. ئەو گەوجو بە هەڵەچووانە چی بدەن بە خالید دلێرو لەچی شوێنێکیدا دای بنێن، دەیداتەوە بەسەر خۆیاندا. هەموو ئەو دەستکەوتە کاتیو حەیابەرانە ناگۆڕێتەوە بە سلاّوو مەرحەبایەکی هەژارێك، کە هەموو پیاوەتیو کردەوەیەکی چاكو پاکی لێ دەوەشێتەوە.. هەر ئەوانن قوربانیو سووتەمەنیی شۆڕش.. هەر ئەوانن دروشمی مانەوە درێژە پێ دەدەن. کەواتە ئەم شیعرەیە خالید دلێر، کە تا لە ژیاندایە شایانی پەیکەرێکە:

**من سلاّوێکی هەژارو ڕووتەییێکم دەسکەوێ**
**سەد دراوی تۆو کورسی تۆی لە پێناوا ئەدەم**
٢٠٠٩/٣/٢٠

**سەرچاوە:**
ئاگرو گوڵ، دیوانی خالید دلێر- چاپخانەی دار السلام- بەغداد.

# ئەحمەدی خانی و دوان لە نەورۆز

تاریق ساڵح



یەکێ لەو شاعیرو فەیلەسووفە هەڵکەوتووانەی کورد، کە لەدڵی میللەتا دەژیو وەجاغی میللەتەکەی ڕۆشن کردۆتەوەو هەمیشە وەك ئەستێرەیەکی پڕشنگدار لە ئاسمانی پانو بەرینی ئەدەبی کوردیدا دەدرەوشێتەوە (ئەحمەدی خانی)یە.

وەك چۆن شاکاری نیزامی گەنجەوی (لەیلاو مەجنوون)و شاکاری شکسپیر شانۆگەرییەکانیەتیو شاکاری مەکسیم گۆرکی ڕۆمانی دایكو بەرهەمەکانیەتیو شاکاری ڤیکتۆر هۆگۆ (بێ سەرپەرشتانو چارەنووسی ئادەمیزادو بێ نەوایانو هتد...)ە و شاکاری دانتی کۆمیدیای ئیلاهیو شاکاری پۆشکینو چیخۆفو کێو کێ بەرهەمە بەپێزەکانیانن، ئەوە شاکاری (ئەحمەدی خانی)ش (مەمو زین)ەکەیەتی. ئەو بەرهەمە ((ڕەواقی مێشكو شیلەی مەغزو بیری خانییە)).

خانی لە (مەزنو زین)ەکەیدا، چیرۆکێکی خەیاڵی نەهۆنیوەتەوە، بەڵکو چیرۆکێکی ڕیالزمی ڕاستەقینەی بەجوانترین شێوە دارشتۆتەوە، پەسنی پاڵەوانی چیرۆکەکەو سەر یەکخستنەوەی بەسەرهاتەکانو گێڕانەوەی ڕووداوەکانو نەرمونیانیی دەربڕینەکانو تەڕوپاراویو خۆشیی ڕاوێژو ئاخاوتنەکانی بە شێوازێکی کارامەو لێزانانە ئەنجام داوە، دەردی دڵی خۆی لەڕێگەی شاکارەکەیەوە هەڵڕشتووە، هەر زوو وەك بیرمەندێكو هەڵکەوتوویێك هەستی بەئێشو ئازاری نەتەوەکەی خۆی کردووە، (سێ سەد) ساڵ لەمەوبەر، بیری ئازادیی خستۆتەڕوو. تەواوی ئەو وردەکارییانە لەمەمو زینەکەیدا بەرچاو دەکەون، کە وەك گەنجینەیەکی تەژی لە زێڕوزیو وایە، دەکرێ لە زۆر لایەنەوە لێی بکۆڵدرێتەوە.

بۆ نموونە هەژار موکریانی لەبارەی (مەمو زین)ی خانییەوە دەڵێ هەر کەس ڕاستو دروست (مەمو زین) بخوێنێتەوە، ئەوە دەبینێ کە خانی چۆن (فێری میران دەکا کەسانێك هەڵبژێرن بە وەزیرو بریکارو کوێخاو گزیرو کلیلدار، کە نەبنە مایەی تێکدانی داوودەزگای مەزنایەتیو نەبنە مێمڵ لە ژیانی کۆمەڵایەتیو نەبنە خۆرە لە ئاپۆرەی ژێردەستی میردا، لەڕەشاییو لە بازێڕانو وەرزێرانو بۆ داراو نەدار دڵسۆز بن، ئێژێ میری ژێر میرێکە چل جار کاورایەك دە ئەزمووێ تا کارێکی پێ دەسپێرێ، خۆ ئەگەر هەر بەهەوای خۆی، بە گەللاییو بەرهەڵدایی، بەبۆنەی خزمایەتییەوە، بەناوی دۆستایەتییەوە، کاری هەڵسۆڕانی وڵات بکاتە خەڵاتو بەرات، گوێ نەداتە خودان کرنو دڵخۆشبوونی هەژارو بێ دەسەڵاتان، لەوانەیە دۆستە نە ئەزمووراوەکە لەبنەوە دوژمنی پۆست بێو هیچ دوور نییە خزمە تاقی نەکراوەکە هەڵپەرستو نزمو پەستو

بێ ئاكارو چاوچنۆكو دڵ بژۆك بێ، هەر دەسەڵاتێكیان هەبێو دەسیان بڕوا، بڕواو پەیمان پاشگوێ خەنو دەم بنێنە بینە قاقای زۆر لێكراوانی بێتاوان، تەنیا هەر خۆیان لەبیر بێو دەسیان لەهەر چشتێ گیر بێ، بیڕفێننو بیبەنە ناو كولێنی خۆو خاوەن بەشان دەم لە پووش كەن. میری بەداوودەزگاوە تووشی نەگبەتی كەن، بناغەی شكۆو مەزناهی تێكوپێك دەن. لەپاش چووانیش پەشیمانی بەهرە نادا).

مەبەستی ئەحمەدی خانی لەمەی ئاماژەمان پێداوە ڕوونە، دیارە ئێمە لێرەدا ناپڕژێینە سەر هەموو ئەمانەی كە خانی ورووژاندوویەتیو باسی كردوون، لەم نموونەیەی سەرەوە خانی ئامۆژگارییەكانی خۆی لەبارەی كاروباری بەڕێوەبردنی وڵاتو دەستنیشان كردنی كەسی شیاو بۆ پۆستەكان خستۆتەڕوو، بەڵام بۆ ئەوەی لە مەبەستی باسەكەمان لانەدەین، تەنیا ئەو هۆنراوەیە وەردەگرین، كە خانی تیایدا باسی جەژنی نەورۆز دەكات.

سەرەتا خانی بەوە دەست پێ دەكات كە خوێنەر دەدوێنێو پێی دەبێژێ، كە سەیری كاری جوانیی پڕ لەدانایی خودای گەورەو میهرەبان بكات، كە چۆن دەشتو دەرو ئاسمانی ڕازاندووەتەوە، لە هەموو جۆرێكو لە هەموو شێوەیەكی دروست كردووە، یەكێ درێژو یەكێ كورتو یەكێ خڕ:

**بڕوانە خوای بڵند و زانا**
**چی كردووە لە هەردو عاسمانا**
**بێ مشتەو و ڕەندە بێ گەزو گاز**
**وەستایەكە ناگەرەكیە ئامراز**
**یەك گەورەو یەك درێژو یەك خڕ**
**واڵا و بەنێو و نیوە پڕ**
**دەركەوتووە گش لە كارگای ئەو**
**سەرسوڕە جیهان لەبارەگای ئەو**

هەموو ئەو مەخلووقاتانەی جیهان بەرهەمو دروستكراوی خودای تاكو تەنیان، كە جیهان لە ئاستیا سەری سوڕماوە! لەوەش سەیرتر ئەوەیە، كە هەندێ لەوانە سوارنو هەندێکیشیان پیادەنو بەپێ گوزەر دەكەن:

**سەیریش ئەوە گشتیان لەكارن**
**هێندێكیان بەهارن و هێندێ سوارن**
**هێندێ بەهارن و هێندێ وستن**
**دەستێك پەلەكارو هێندێك سستن**
**یەك دێت و یەكێ دەچێت و دەستێ**
**هەروا لەگەڕەو هەشە دەوەستێ**

تا دەڵێ:

**ئەستێرەی هێندێ بۆیە ناردوون**
**هێنانی بەهاری پێ سپاردوون**

خانی لەدرێژەی هۆنینەوەكەیدا باس لەوە دەكا، كە چۆن خودای گەورە وەرزی بەهاری داهێناوە، تیایدا ساڵ تازە دەبێتەوە زەوی بەرگی سەوز دەپۆشێ، كە ئەمەش حیكمەتێكی خودابییە، مانای سووڕی ژیان نیشان دەدا، كە لە دوای وەرزی زستان بەهار دێتو ئیدی سەرما دەكەوێتە سەر هەڵاتن:

**ساڵ تازە دەبێتەوە كە هاتن**
**سەرما دەكەوێتە سەر هەڵاتن**

خانی لەزاری پیرە پیاوێكی دنیا دیدەو ژیر باسی جەژنی نەورۆز دەگێڕێتەوە، كە ئەمەش بۆ خۆی كۆنیو ڕەسەنیی ئەو جەژنە بۆ كورد دەردەخات، چونكە ئەگەر ئەو گێڕانەوەیەی ئەحمەدی خانی زیاتر لە سێ سەد ساڵ لەمەوبەر بێ، ئەوە ئەو پیاوە پیرەی كە بۆ خانیی گێڕاوەتەوە،

ئەویش تەمەنێکی درێژی هەبووە بەوەی کە خانی خۆی ئاماژە بە بەسالاچوویی ئەو پیاوە دەکا، کە باسی نەورۆزی بۆ گێڕاوەتەوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە دیارە زۆر بەر لەم پیاوە پیرەش ئەم جەژنە هەبووە، باب‌و باپیرانی پیاوە پیرەکە (لە ڕۆژگاری پێشین) پەیڕەویان کردووە، بۆیە ئەم زانیویەتی‌و بۆ خانیی گێڕاوەتەوە، ئەوەتا دەڵێ:

**گێڕایەوە بۆم پیاوێکی پیر**
**پیرێکی بەبیرو زیت و دڵژیر**
**گۆیا کە لە ڕۆژگاری پێشین**
**جەنگەو هەڕەتی کە دەردەبێ شین**

پیاوە پیرە ئەوەی بۆ خانی گێڕاوەتەوە، کە بۆتە وەرزی بەهارو ڕۆژی سەری ساڵ ئەوە خەڵکی بەگشتی چوونەتە دەشت‌و دەر بۆ سەیران:

**واتا کە دەبوو بەڕۆژی سەرساڵ**
**هەر کەس دەردەچوونە دەشت و بەرپاڵ**

ئامانج لەم چوونە دەرەش دیارە گەڕان‌و سەیران‌و هەڵمژینی هەوای دەشت‌و وەرزی بەهاران بووە، کە باپیرو کۆنەساڵ‌و نەنك‌و کیژو کوڕ لاوو منداڵ هەموویان بۆ پیرۆزکردنی ئەو جەژنە چوونەتە دەرەوە:

**کیژو کوڕو لاوو کۆنە سالان**
**باپیرو نەنك لەگەڵ مندالان**
**جێژنی هەرە زل بوو جێژنی نەورۆز**
**تا پێوە بنووسێ جێژنی پیرۆز**
**تاکی نەدەمایەوە لەناو ماڵ**
**دەیدا لەدەرو لە چۆڵگە بای باڵ**

نەخاسمە بۆ کوڕانو کچان ئەو چوونە دەرە لە وەرزی بەهارانو کاتی نەورۆز بەپێی گێڕانەوەی خانی لەزاری پیاوە پیرەکە دیارە تایبەتمەندییەکی تری هەبووە، کە وێڕای ئەوەی هێشتا ئەو دوو ڕەگەزە (کوڕو کچ) چێژیان لەیەکتری نەچەشتووە:

**نـــەخوازە کـــوڕو کـــچی گەیـــشتوو**
**چی هێشتە لەیەکدی چـێژ نەچێـشتوو**

بەڵام کچان هەوڵیان داوە بەجوانترین شێوە خۆیان ڕازاندۆتەوە، بەرگێکی جـوانو شـاهانەیان ڕازاوە بەزێڕو زیوو خشڵ لەبەرکردووە، بۆ ئەوەی هەر لاوێك ئەگەر مەبەستی بیٚ ژن بهێنیٚ ئەوە با بۆ خۆی کچێك دەستنیشان بکات:

**ڕازاوە لـــە خـــشڵ و بـــەرگی باشـــا**
**چاوتێر بـوو هـەمووی لەبـەر تەماشـا**
**هـــەر لاویٚ لـــەبیری خواســـتنایە**
**بـــا کیـــژیٚ ببینـــیٚ چـــی تیایـــە**
**ڕۆژیٚ کــە دەچــوونە گەشــتیٚ دەشــتیٚ**
**دەشت مشت بوو لـەمیوەی بەهەشـتیٚ**

بە گوێرەی گێڕانەوی پیاوە پیرەو هۆنینەوەی ئەحمەدی خـانی ئـەوە دیـارە ئـەو شـێوازی ژن خواستنە لەو سەردەمی باوبووە ئەوسا وەك نەریتێك بووە، بۆیە خـانی دەڵـیٚ: کـاتیٚ کـە ئـەو هەموو خەڵکە دەچوونە گەشتی دەشتیٚ ئەوە ئەو دەشتو دەرە (مشت) واتە پڕ بووە لە میـوەی بەهەشتیٚ، دیارە مەبەست لە میوە لێرە کچی جوانە، ئەوەتا دەڵیٚ:

**هەر جوان بوو لە یـەك دەبوونـە کڕیـار**
**ســـەودا بـــەدڵو بەچـــاوە بڕیـــار**

دیارە شاعیر مەبەستو دیاردە کۆمەلاّیەتییە باوەکە زیاتر ڕوون دەکاتەوە، بەوەی کە بەڕاستی ئەو جوانانە بوونەتە کڕیاری یەکتریو سەودایان بەدلّو بڕیاریان بەچاو داوە بەوەی کە ئەوەی هەر خۆی بووەو تاك بووە، ئەوە بە مەبەستی بوون بە جووت چاوی گێڕاوە، واتە بەدوای یەکێك گەڕاوە تا کار گەیشتۆتە ئەوەی کە هەر تاکێك دەچووە ناو کۆمەلّەکە لەولاڕا بە جووتی هاتۆتەوە، واتە کەسێکی بۆ خۆی دەستنیشان کردووە:

**هەر تاك بوو لە جووتی چاو دەگێڕا**
**تاك بۆی دەچوو جووت دەهات لەوێڕا**

خانی لەباسو وەسفی جەژنی نەورۆزدا جیا لەوەی باسی خۆشیو جوانیی ئەو وەرزو کەژو کێوو ئاو و هەوای بەهارو شادی خەلّکەکەی کردووە، ئەوە باسی لەو دیاردەو دابو ڕێوڕەسمە کۆمەلاّیەتییەش کردووە، کە چۆن کوڕانو کچان بە مەبەستی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری لەم وەرزو جەژنەدا خۆیان ئامادە کردووە.

وەك نەریتێکی باوی ئەو سەردەمیش دیارە گەورەو بچووکی جەزیرەی بۆتان بەپیر لاوو شوانو گاوانو سەپانو گەداو پاشاو وەزیرو گزیرەوە، هەموویان بەبێ جیاوازی ئەم جەژنەیان پیرۆز ڕاگرتووەو چوونەتە دەشتو دەرو خەمیان بەباداوە. هەندێ بەپا چوونەتە نێو ڕەزو باخانو هەندێکیش بە سواری ئەسپ گەڕاون لەکێوو شاخان:

**دیسان کە نواندنی جێژنی نەورۆز**
**لە گوێرەی ڕێ و شوێنی پیرۆز**
**گشت وردو درشتی ناو جزیرێ**
**بگرە لە شوانێ تا وەزیرێ**
**شاری و ڕەمەکی و گزیرو هەرچی**
**تێدابوو شڕەو گەڕۆك و چەرچی**
**پۆلّ پۆلّ دەگەڕان لەکێو و دەشتێ**

**خەمیان دەپەڕاند لـە سـەیرو گەشـتێ**
**هێنـــدێك بــە پـــەیا دەچـــوونە باخـــان**
**ســـواران دەگـــەڕان لـــەکێو و شـــاخان**

تا لە کۆتایی هۆنراوەکە خانی دەڵێ: ئەو ڕۆژەی کە دەبووە جەژنی نەورۆز، واتە سەری ساڵی کوردی، ئەوە مندالی دە ساڵانو پیری سەد ساڵان، بەهۆی ئاهەنگ و بەزمو شادی، تـا ئێـواری خۆیان لەبیر دەکرد:

**ئەو ڕۆژە کە دەبووە جێـژنی سـەر سـاڵ**
**مـنـدالی دە ســاڵ و پـیری سـەد سـاڵ**
**خۆیـــان نەدەهاتـــە بـــیر چـــە جـــارێ**
**ئاهـــەنگ و بـــەزم بـــوو تـــا ئێـــوارێ**

* خانی ناوی (ئەحمەد کوڕی ئەلیاس)ە لە عێلی خانییانی ولاتی بایەزیـدو بۆتانـە. سـاڵی (١٦٥٠) لەدایك بووە، ساڵی (١٧٠٦) کۆچـی دوایـی کـردووە (پـەنجاو شـەش سـاڵ ژیـاوە)و گۆڕەکەی لە بایەزیدە.

بە فەقێیەتی لە مزگـەوتی (مرادیـە)و مزگەوتـەکانی دەوروبـەری بایەزیـد خوێندوویـەتیو بـەدوای زانـست گـەڕاوەو سـەری لـە (میـسر) داوە، ئیجـازەی زانـستی سـەردەمەکەی خـۆی وەرگرتووەو بۆتـە زانایـەکی بـەناوبانگی کـاتی خـۆیو لـەڕیزی هۆنـەرە ناودارەکـانی جیهـان دەژمێردرێ.

**ژێدەر:**

مەمو زین، ئەحمەدی خانی، ئامادەکردنو پەراوێز نووسـین: هـەژار، بلاوکـراوەی دەزگـای ئـاراس- ژمارە (٧٧٤) چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٨.
( دەقی تێکستەکان لەهەمان ژێدەرەوە وەرگێڕان)


بنەماکانی چیرۆکی نوێ
و. مەجید عەبدولڕەحمان

ڕۆمان ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانە، نووسەری داهێنەریش ئیلهامی داهێنانی هونەرەکەی لە ژیان وەردەگرێو بەشێوازی تایبەتیی خۆی ئەو ئیلهامە دەردەبڕێتو بەپشت بەستن بە بنەما تایبەتیو بنچینەییەکانی چیرۆك، کە (کاتو شوێنو کەسایەتییەکان)ن، لێرەدا دەپرسین ئایا بنەماکانی ئەو تایبەتمەندییانە چین؟...

**أ- کاتو شوێن:** هەموو توێژەرێكو خوێنەرێکی بونیادی چیرۆك ناتوانێ لەڕەگەزەکانی (کاتو شوێن دەرباز بێت بەو پێیەی:

**یەکەم:** لەگرنگترین ڕەگەزەکانی بونیادی چیرۆكو ڕۆمانن...

**دووەم:** لەبەرئەوەی کەسایەتییەکان هەردەم دەکەونە ژێر کاریگەریی کاتو شوێن... دەجوولێن، گەشەدەکەن، بەهۆی ئەو دوو ڕەگەزەوە پێش دەکەون. هەروەها پێکهاتە کۆمەڵایەتیو هزریو ئەخلاقییەکەی لەو پێکهاتە کاتیو شوێنییە وەردەگرێ کە لێی دەژی... کەواتە خودی مرۆڤ کەسایەتییەکی ڕۆمانی یا چیرۆکی، یا ژیارییە، هەردەم لە کێشمەکێشێکی بەردەوام دابووە لەگەڵ کاتو شوێنەکەی، هەردەم هەوڵی داوە نهێنییەکانی ئاشکرا بکات.. کەواتە هەر ئەو داهێنەرانەن لەگشت جیهان

کە واقیعی نوێ دروست دەکەن، نەك ئەوانەی واقیعی سەردەم وێنادەکەن.. هەردەم لە غەمی ئەوەدان واقیعێك دروست بکەن کە هاوتەریب بێ لەگەڵ ئەو واقیعەی کە لێی دەدوێن.. بۆیە کاتو شوێنیان تێکەڵ کردووە تا ئەو ڕادەیەی زۆرجار بەیەك شێوە دەستنیشانیان کردووە، وەك دەڵێن (شوێنکات) بەو مەبەستەی کە کات بێ شوێن نابێو شوێنیش بێ کات نابێ، چونکە سروشتی چیرۆكو کەشوهەوایەکەی بە گوێرەی زمانی هونەرو زاراوەکانی زانست، ڕاستییەکانی کاتو شوێنە، یا هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بە ناوەندە سروشتییەکەو ڕەوشتی کەسایەتییەکانو شێوازو هەڵسوکەوتیانەوە لە ژیان هەیە. نووسەر لە وێناکردنی سروشتی چیرۆکەکانی پشت بە هەمان ئەو شتانە دەبەستێت کە لەگێڕانەوەی ڕووداوەکان یا وێناکردنی کەسایەتییەکان بەکاریان دەهێنێ... بەڵام پێویستە نووسەر تەنها لە گۆشەنیگایەکی تایبەتی سەیری ژیان بکات، بۆیە ڕەهەندی چیرۆکنووس تەنها بۆ سروشتێکی دیاری کراوە، کە لەڕوانگەی ئەوەوە دەڕوانێتە کاتو شوێنی ڕووداوەکانو چەند شێوەیەکی ململانێ وێنا دەکاتو لەو چوارچێوەیە دەخولێتەوە. بەشێوەیەك ئەو

ململانێیــــە جارێـــك لـــە كۆمەڵگایـــەكی دیاریكراو و جارێك لە شێوەكەی دەخولێتەوە.

## ماهیەتی كات:

كـات پێوەرێكـە مـرۆڤ دای هێنـاوە بـۆ ڕێكخستنی كاروباری ژیان، چونكە كات خۆی لەخۆیدا ڕەهایە شی كردنـەوەو پێناسـەی بـە زاراوە بنــچینەییەكان پــێ نــاكرێ، چــونكە یەكێكە لـە ڕووە سـەرەتاییەكان بـۆ هــەموو شــتێك لــەبواری ئــەزموونی مــرۆڤ، بــەلاّم دەتوانین بەڕێژەیی دابنێین، بەو مانایـەی كـە ئەو بەهای مەعریفی وەردەگرێت لـەو كاتـەی ڕووبەڕووی دیاردەی هەستیار دەبێتـەوە وەك: (شــەوو ڕۆژ یــا مــانگو ڕۆژ)... مــرۆڤ لــە جەوهەردا دروستكراوێكە لە هەستەكان... لە بنەڕەتـدا زۆرتـرین زانـستی لـە هەسـتەكان وەرگرتووە. لێرەدا بە تەواوی پشتی بـە شـی كردنــەوەی جیهـــانو دیاردەكـــانی لەســـەر تاقیكردنــەوە بەســتووە... دیــارە كــات دوو بوونی هەیە.

**یەكــەمیان بابەتییــە:** دەتــوانین بــەهۆی دیاردە سروشتییەكانەوە هەستی پێ بكـەین، دەستەبەری بكەین، پێوانەی بۆ بكـەین، وەك مانگو ڕۆژو ئەستێرەو شەوو ڕۆژو تـاریكیو ڕوونـاكیو سـاڵو مـانگو ڕۆژو سـەعات...

سەرەڕای ئەو ئامێرانەی كە مرۆڤ دای هێناون لە پێناوی زانین كات.

**دووەمیــشیان زاتییــە:** دژی ڕێكخــستنو پێوانــە... ئەگــەر یەكــەمیان فەلــەكی یــا سروشتی سەربەخۆ بـێ دوور لـە پـسپۆریەتی زاتی، ئەوە دووەمیان مرۆییو نەفسییە، كـە نمایـشی پـسپۆریەتی تــاكی زاتــیو ژیــانی ناوەوەیـــەتی، ئـــەویش كاتـــە لـــە ئـــەدەب بەگشتیو لە چیرۆكیش بەتایبـەتی. دەبیـنین كاتـەكانی بـە یەكگەیـشتنو خۆشـی، چـەند سـاتێكی كـورتن، بەپێـچەوانەوە، كاتـەكانی چـاوەڕوانو كـۆچو ناخۆشـی چـركە دەبێتـە كاتژمێرو ڕۆژانی درێژو مرۆڤ ڕابردووی خـۆی دێتەوەبیر.

دیارە كات لـە چـیرۆكی كۆنـدا جیـاوازی هەیـە لەگـەڵ كـات لـە چـیرۆكی نوێـدا، بەشـێوەیەك كـە ڕابـردوو پـێش سـەردەم دەكەویو ئێستاش هـەردەبێ پـێش داهـاتوو بێت، كەواتە لێرەدا دەبێ نووسەر (فلاشـباك) واتە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بەكار بهێنێو دەبـێ بە خوێنەر بڵێ ئاگاداربە ئێـستا دەگەڕێمـەوە دواوە... بەلاّم لـە چـیرۆكی نـوێ بەربەسـتی كاتی بەسەرچوو تێكدەشـكێت بـەو مانایـەی پێویــستە ڕابــردوو پــێش ئێــستا بكــەویو داهاتووش كاتێكە چاوەڕوانی هاتنی دەكەین، بەڵكو دەبێ ڕابردوو و ئێـستاو داهـاتوو كـە

کاتی پۆلین کراون بەیەکەوە ببەستینەوە دوور لە پۆلینی لاسایی. کات لەسەدەی بیستدا فراوانییەکی یەکجار گەورەی بەخۆوە بینیوە، زۆر لە فەیلەسووفەکان دەڵێن کە خۆخەریك کردن بەکێشەکانی کات (ئاوازی برِیارە) لە هونەری نوێ، بەتایبەتی هونەری چیرۆكو رۆمان، کە ئەو دیاردەیەی بەرِوونی پێوەدیارە...

## ماهیەتی شوێن:

رۆمانی نوێ کاتی کرد بە رەگەزێکی حکایەتی... بوو بە پێکهاتەیەکی سەرەکی لە پێکهاتەکانی ئەو حکایەتەو بە وردی وەك هەموو رەگەزەکانی تر رێکی خست، وای لێهات کاری لێبکاتو نفووزی بەهێز بکات، لە هەمان کات ویستو ئارەزووی دانەری چیرۆك یا رۆمانەکەش دەربرِێ، لە هەمان کات لەگەڵ رِووداوو کەسایەتیو کاتەکەی ببەستێتەوە.

بۆیە شوێن بووە بە گرنگترین رەگەز کە کاری چیرۆکی لێ پێکدێت... جیهانی شوێن رەگەزێکی بنچینەییە لە بەرهەمەکانی گشت نووسەران... دەسکەوت بلاْونابێتەوەو گەشە ناکات لەکات ئەگەر لە شوێنێك لەدایك نەبێ، ئەویش سەردەمی منداڵییە، کە شوێنی ژیانو چیرۆكو ئەزموونو تاڵیو سوێرییەکانە... بۆیە هەموو (کاتێك) لە تاقی کردنەوەیەکی ئەدەبی دەبێ لە شوێنێك دەست پێبکات، لێرەدا دەڵێین شوێن بە تەنها نییەو لەرِەگەزەکانی تری گێرِانەوە دانەبرِاوە، بەڵکو دەچێتە ناو پەیوەندییەکی ئاڵۆز لەگەڵ پێکهاتەکانی تری حکایەت لەگێرِانەوە، وەك: کەسایەتیو رِووداوو کات. دەتوانین بڵێین شوێن تۆرِێکە لەبیرو بۆچوونو پەیوەندییەکان کە هاوکاریی یەکتردەکەن بۆ بونیادنانی فەزای رِۆمانو رِۆیشتنی رِووداوەکان.

شوێن بە وەسفەوە بەستراوەتەوە، بەتایبەتی لە چیرۆك پارچە پارچە دەردەکەوێ، لەبەرئەوەی وەسف بەنۆرە دەردەکەوێ لەگەڵ گێرِانەوەو (دیالۆگ)و گۆرِینی رِووداوەکانو بەرەو پێش چوونی وا پێویست دەکات شوێن فراوانو جۆراوجۆر بێ... پێویستە ئەوەش بڵێین کە وەسف کردنی شوێن لە چیرۆك رِووداوەکانو سروشتو سەردەمو دابونەریتو چۆنیەتیی ژیان دەردەخات، جگە لەوەش شوێن رۆڵی رِازاندنەوە یا ئامادەکاری بۆ رِووداوەکان دەگێرِێتو لە گومانی دەهێڵێتەوە، دوور لە هەر رۆڵێکی کاریگەر لە بونیادی دەق بەکەسایەتیو رِووداوەکانی.

## ب- کەسایەتییەکان:

پاش ساڵی (١٩٥٠) چیرۆکی واقیعی تەنها پشتی بەوێناکردنی کۆمەڵگاو دابونەریتەکانی نەبەست، بەڵکو شی کردنەوەی دەروونو دەرخستنی ڕاستیو واقیعی کردە ئامانج، لەبەرئەوەی مرۆڤ لە هونەری چیرۆك نووسین، کلیلی جیهانەو هزرو گەورەو سەروەریەتی. چیرۆکنووس لە سەرەتادا گرنگی بە وێناکردنی واقیعو دەربڕینی نهێنییەکانو بەدیارخستنی شتە شاراوەکانو شی کردنەوەیان داوە... پاشان دەستی کرد بە وێناکردنی کەسایەتییە دۆڕاوەکانو بێ ئومێد بوونی خەڵك لە ژیانی کۆمەڵایەتیو سۆزداری، بۆیە چەند تابلۆیەك لەسەر ژیانی مرۆڤایەتیو وێناکردنی خووڕەوشتی کۆمەڵگاو نەریتەکانیو چاودێری کردنو گەشەسەندنی سۆزی مرۆڤایەتی پێشکەش کرد، بۆیەش شۆڕبووەوە بۆ قوولایی ناخی مرۆڤ و خوێندنەوەی ئەزموونەکانی لە ژیان لەبەرئەوەی وێنەیەکی زیندووی لە کەسایەتیی دەوڵەمەندو هاوشێوەکانی لەژیان دەداتێ... لێرەدا کەسایەتی دەکەوێتە ناخی خودی چیرۆك، بەشێوەیەك چیرۆك بوونی نییە ئەگەر کەسایەتییەك نەبێ پاڵەوانێتیی ڕووداوەکان بکاتو کارەکان ڕێك بخاتو ڕەهەندی حکایەتی بداتە چیرۆکنووس.

**هەر ڕۆمانێك یا چیرۆکێك دوو ڕەهەندی هەیە:**

**یەکەمیان:** ڕەهەندێکی ڕووکەشییە، ڕەهەندی نووسەر دەنوێنێ کە ڕەهەندێکی قووڵەو کێشە گەورەکانی سەردەمو ئازارەکانی میللەت دەگرێتەوە.

لێرەدا دەبێتە ئەرکی ڕەخنە کە ئەو هێزە گەورانەی دەست بەسەر گەشەسەندنی کۆمەلایەتیدا دەگرن، بدۆزێتەوە لەماوەی شی کردنەوەی کەسایەتییەکان لەناو وێستگەکانی چیرۆك. لەبەرئەوەی ئەدەب ئاوێنەیە دەروونی مرۆڤی تێدا ڕەنگ دەداتەوە، کە ماوەیەکی دیاریکراو لەمێژوو لەناو کێشەو گرفتو ئازارو خۆشی دەژی... لێرەدا دەڵێین دوو کەسایەتیی چیرۆکی هەن...

**یەکەمیان: کەسایەتیی ڕووکەشی، واتە دیار.**

**دووەمیان: کەسایەتیی (Round)، واتە نادیار.**

یەکەمیان بۆ جاری یەکەمە لەگەڵ خوێنەر ئاشنا دەبێو هەر لەسەر ئەو بارەش دەمێنێتەوە، لە سەرەتای چیرۆکەوە هەتا کۆتایی، بێ ئەوەی ڕووداوەکانی دەوروبەر

کاری لێ بکەن... ئەو لەسەر بیرۆکەیەك یا ئاکارێك بونیاد دەنرێ کە نەگۆڕە، بەدرێژایی چیرۆکەکە ڕووداوەکان کاری لێ ناکەن‌و هیچ شتێکی لێ وەرناگرن، وەك دارێکی شەترەنجی لێ دێ کە سروشتەکەی یا ڕۆڵەکەی بە پێشکەوتنی یارییەکە ناگۆڕێ، بەلاّم دووەمیان پێش دەکەوێ بە پێشکەوتنی ڕووداوەکان بەهۆی کارلێکی بەردەوامی لەگەڵی، ئەگەر ئەو کارلێکە کە دیار بێ یا شاراوەبێ، یا بەسەرکەوتن کۆتایی دێت، یا بە نائومێدی.

لێرەدا کەسایەتیی مرۆیی بەسەرچاوەیەکی گرنگی تاموچێژ دادەنرێ لە چیرۆك، لەبەرئەوەی مرۆڤ لە سروشتدا مەیلی بەرەو شی کردنەوەی دەروونی دەچێت‌و لێتۆژینەوە لە کەسایەتیی مرۆڤ بۆ بەدیارخستنی ئەم پاڵنەرو هۆکارانەی کە لەپشت چەند کردەوەیەکی دیاریکراو لە ژیان دەوەستێت... لەگەڵ هەموو ڕووداوو کات‌و شوێن‌و کارلێکردنی دەروونی مرۆیی لەگەڵی... ئەوە وامان لێ دەکات کە چاوێك بدەینە ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوانی ڕووداوو کەسایەتی دروست بووەو لە نێوان هەریەك لەکات‌و شوێنیش...

## ڕووداوو کەسایەتی:

پێش سەدەی نۆزدە ڕووداوەکان دەستیان بەسەر وێناکردنی وێنەی کەسایەتیدا گرتبوو... ڕەهەندی شیاوی پێ دان... لێرەدا چیرۆکنووس کاری نەدەدواند لەپێناوی وێناکردنی کەسایەتی، بەڵکو دواندنەکەی بۆ کەسایەتییەکە بوو لەلایەنی سیمای ڕەوشتی‌و ئەو ڕاستییانەی کە لە دوایەوەن... بەلاّم لەسەدەی نۆزدەمدا کەسایەتی شوێنێکی بەرزو دیاری لە هونەری چیرۆك داگیرکرد... بەشێوەیەك وای لێهات هەموو ڕەگەزەکانی گێڕانەوە کاریان بۆ ڕۆشن کردنی کەسایەتی دەکرد.

لێرەدا چەمکی کەسایەتی‌و ڕووداو لە چیرۆکی نوێ جیاوازییەکی گەورەیان لێ پەیدا بوو لەگەڵ چیرۆکی کۆن، لەبەرئەوەی هەڵبژاردنی جۆری‌و بەکارهێنانی جووڵەی کات‌و تەوژمی هۆش‌و شێوازەکانی تەفسیر لە زانستی نوێی دەروونی، وای لە چیرۆکنووس کرد بەرەو قووڵایی شۆڕبێتەوەو هەنگاو بنێ‌و بچێتە ناخی کەسایەتییەکانەوە. لەسەردەمی ئێستا کات بەسەر شوێندا سەرکەوتووە.. چونکە چوار گۆشەکانی جیهان زۆر لەیەك نزیك بوونەتەوەو گەیشتن پێیان زۆر ئاسانە، لێرەدا ژمارەی کۆچبەران زۆر زۆر بووە، ئەگەر بۆ خۆ دەرباز کردن بێ لە زوڵم‌و ستەم

چەوسانەوە یان گەڕان بەدوای پارووی ناندا... لێرەدا هونەرمەندی داهێنەر ئەو کەسەیە کە بەباشی هەستی تیژی بەکاربێنێ بۆ کات لەڕوانگەی کەسایەتییەکانییەوە.

## کەسایەتی‌و شوێن:

فەزای شوێن پەیوەندی بەکاتی چیرۆکەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی پتەو لەگەڵ پێکهاتەکانی تری چیرۆکی دەق دەبەستێت... لەسەرروویانەوە پەیوەندی بە ڕووداوە چیرۆکییەکان‌و کەسایەتییەکانە، لەبەرئەوەی دەرکەوتنی کەسایەتی‌و گەشەکردنی ڕووداوەکان، کە بەشداری لە بونیادنانی دەکات‌و یارمەتی لەسەر دروست کردنی بونیادی شوێنی لەکاری ئەدەبی دەدات، چونکە شوێن بە تەنها پێکنایێ ئەگەر پاڵەوانی کات خۆی نەخاتە ناوی، لێرەدا شوێنی پێشوەختە دەستنیشان کراو نییە، چونکە لەگەڵ ئەو ڕووداوانە دروست دەبێ کە پاڵەوانەکان ئەنجامی دەدەن‌و تایبەتمەندی بۆ ئەوان هەیە. لەسەر ئەو بنەمایە وادیارە فەزای ڕۆمانی پەیوەندییەکی پتەوی بەڕووداوو بەسەرهاتەکانەوە هەیە، کە یەکگرتنەوە یەکڕیزی دەداتە چیرۆك‌و چیرۆکنووس... نووسەر لەکاتی دروست کردنی فەزای شوێنی، کاردەکات بۆ ئەوەی بونیادەکەی هاوسۆزبێت لەگەڵ زەوق‌و سەلیقەی کەسایەتییەکان، دوور لەهەر جیاوازییەك، چونکە کارلێکردنی دووسەرە لەنێوانی کەسایەتیی‌و ئەو شوێنەی کە لێی دەژی یا ئەو سروشتیی کە دەورەی داوە کارێکی پێویست‌و زەروورییە، چونکە بونیادی فەزای چیرۆکی، دەتوانێ حاڵەتی کەسایەتیی هەستی‌و دەروونی دیاربخات... کەواتە شوێن پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەو مرۆڤەوە هەیە کە لێی دەژی.

## سەرچاوە:

الموقف الادبی، اتحاد کتاب العرب، دمشق العدد ٤٥٩-٤٦٠، تموز واب ٢٠٠٩.



## دیمانه

# نەجات نووری:

# هەر دەقێك نەیتوانی لای خوێنەر ببێتە جێگای پرسیار دەق نییە

سازدانی: غەمگین بۆڵی

## دەسپێك

(نـەجـات نـووری) هـەم وەكـو نووسـەرو هەمیش وەكـو چـیرۆكنووس نـاوێكی دیـاری دونیای ئەدەبی كوردیمانە، بەهۆی تایبەتمەندی نووسینەكانیـەوە بـەتایبـەت چیرۆكەكـانی، بوونی خۆی سـەلماندووە، ئـەم چیرۆكنووسـە ئـەگـەرچـی كـەم دەنووسـێت و كـەمـیش بەدیاردەكەوێت، وەلێ ئەوە ئـەوە ناگەیـەنێت **كە ناوبراو جێگای بایەخ نییە، ئەم نووسـەرە ئەگەرچی لەبوارگەلێكدا كۆترەكانی بـەهرەی خۆی هەڵفراندووەو جێگای بایەخ بوونە،وەلێ پـێم وایـە دواجـار تـەنیا كـۆتری چـیرۆك لەئاسمانی ئەودا دەمێنێتەوە، دەكرێت وەهاش نـەبێت ، كـە مـن وای دەبینم، ئێمە لـەم گفتوگۆیەماندا باسمان لەپرسگەلێكی ئەمڕۆی ئـــەدەبی كـــوردی و چـــەند پرســـێكی گشتگیركردووە، كە ئەمـەی خـوارەوەی لـێ بەرهەم هاتووە:**

***ئایا بۆ كردنەوەی كـۆدە نهێنییـەكانی نووســـینی هەرنووســـەرێك چـــی دەبێتـــە دەســـتپێكی كۆمـــەككاریمان؟ لێـــرەدا وەگەڕخستنی ڕەمـز، چۆن لـەنێو پرۆسـەی نووسیندا دەكەوێتەوە؟**

- بەشێكی زۆری دەقـە ئەدەبییـەكان، چ ڕۆمان‌و چ چـیرۆك‌و تـا شـیعریش هەڵـگری چەند كۆدێكی شاراوەن‌و نووسەرانیان پابەندن بەو جۆرە كاركردنانەوە لە دەقدا، لێـرەوە دەق دەست پێـدەكات كـە كەشـفی ماناكـانی بـۆ خوێنـەر بـەجێ بهێڵێـت، چـونكە هەمیـشە پـشتی دەقـەكان دەبێتـە ڕووی ڕاسـتەقینەی نووسەر، خوێنەر بۆخۆی دەبێتە كەسێك، كـە پێویست دەكات ئـەو كۆدانـەی كـە نووسـەر كاری لەسەر كردوون لەدەقدا هەرچۆنێك بێـت

**ئەو دەقانەی ئەگەر كاریان لەسەر نهێنیی پاڵەوانەكانیان نەكرد، دەبنە جۆرێك لە وشە ڕیزكردن‌و ناتوانین ناوی بنێین دەقی ئەدەبی.**

بیاندۆزێتەوە، كردنەوەی ئـەو كۆدانـەش كـە دەق دەبێتە هەڵـگریان‌و لە نێوانی دێڕەكانـدا كلیلەكانیان شـاردراوەتەوە، خوێنـەر مانـدوو

دەکەن، دەبێت ئیتر خوێنەر بە مەعریفەو توانای خۆی بەشوێن کۆدەکاندا بگاتە کۆتایی دەقەکە، ئەگەر ئەدیبێك نەیتوانی کار لەسەر ئەم جۆرە کۆدانە بکات لەدەقی ئەدەبیدا لای من دەبێتە ئەدیبێکی مردوو، ئەو دەقانەی ئەگەر کاریان لەسەر نهێنی پاڵەوانەکانیان نەکرد دەبنە جۆرێك لە وشە ریزکردنو ناتوانین ناویان بنێین دەقی ئەدەبی. هەمیشە دەق بەوەوە جوان بووە کە توانیبێتی خوێنەر بە شوێن خۆیدا ماندوو بکات تا دەیگەیەنێتە لێواری دۆزینەوەی ئەو کۆدانەی کە نووسەر کاری لەسەر کردوون، دەقی ئەدەبی هەیە لەپەڕەی یەکەمەوە خوێنەر دەزانێت ئەو دەقە باسی چی دەکات، بۆ خوێنەری تەمەڵ ئەمە دەبێتە دەقێکی باشو پێویستی بە گەڕان نییە بۆ دۆزینەوەی شتە شارەوەکان لەو دەقانەدا، بەڵام لای خوێنەرێکی بەئەزموون ئەو نابێتە دەق. خوێندەوەی دەقیش بۆخۆی دەبێتە گەشتێکی دوورو درێژ بەناو زۆر لە نهێنییەکاندا. کاتێکیش دەق لە هەناوی خۆیدا خوێنەری خستە شوێن ئەو گەشتە دوورو درێژانە، ئەوا هەرچۆنێك بێت سەرئەنجام کۆدەکان لای خوێنەر دەکرێنەوەو هیچ پێویست ناکات ئەدیبان ڕێگەی پێویست دابنێن بۆ خوێنەر تا کەشفی ئەو نهێنییانە بکات کە خۆی کاری لەسەر کردوون، چونکە بەردەوام هەر خوێنەرێك بە جیا بۆخۆی ڕای جیاوازی هەیە لەسەر دەقەکانو دوورو نزیك ناتوانین چەند خوێنەرێك بەیەکەوە کۆبکەینەوە تا وەکو یەك بڕواننە دەقێك.. ئەگەر بەشوێن ئەو پرسیارەدا بچین چی ئەدیبو خوێنەر بەیەکەوە دەبەستێتەوەو لەیەکیان نزیك دەکاتەوە، ئەوا دەبێت بڵێین کۆدە نهێنییەکانی ناو دەقەکانو هیچی تر. زۆر دەقیش هەن بەچەند جارێك خوێندنەوە ئەوسا ئیتر دەتوانین بگەینە دوا نهێنییەکانیان.. ئەمەیە کە وادەکات هەمیشە بەجیاوازیی هەموو خوێنەرەکان دەق قسەوباسی لەسەر بکرێت.

*** ئایا ئەدەبی مۆدێرن و پۆست مۆدێرن تایبەتمەندییەکانی تا چەند کاریگەری بەسەر چیرۆکی کوردیدا دروست کردووە؟ یاخود چیرۆکی کوردی چۆن خۆی ئاوێتەی ئەدەبی پۆست مۆدێرن کردووە، کەدەزانین بەشێك لەچیرۆکی کوردی پشتی بەگێڕانەوە بەستووە؟**

- مۆدیرن یان پۆست مۆدیرن تا بە ئێستا دەگات بۆخۆیان جێگەی قسەوباسی زۆرن لە ناوەندە گەورەکانی جیهاندا، کاریگەری زۆریشیان هەبووە لەسەر دیدو بۆچوونی بیرمەندانو ئەدیبان. ناکرێت بڵێین کاریگەرییەکانی مۆدێرن و پۆست مۆدێرن کاریگەرییان نەبووە لەسەر بیرو بۆچوونی

ئـەدیبان لــە كــورد دا، بــەڵام ئایـا لێــرەدا ناكەوینە گومانەوە كـە بڵـێین كامانــەن ئـەو دەقانـەی لـەژێر كاریگـەریی ئـەو زاراوانـەدا نووسرابێتن، چونكە مانای ئـەم زاراوایـە لـەم پەنجا ساڵەی دواییدا گۆڕانی زۆریان بەسـەردا هــاتووە، مــۆدێرنیش بـۆ خـۆی لــە ســاڵی ١٩٩٠كانەوە مانایەكی ڕوونی پەیـداكردووە. بەمەش هەوڵدانێك هەیە لەم ساڵانەی دوایـدا لە دەقی كوردیدا دەبینرێت، بەمانای ئـەوەنا كە كورد دەقی پۆست مۆدێرنی وەكو پێویست هەبێتو كاری لەسـەر ئـەو زاراوانـەكردبێت، بەڵام ویستوویانە دابڕانێـك بكـەن لـە نێـوان خۆیــانو ئــەدیبانی پێــشتراو تاڕادەیــەك هەوڵیان داوە بە پێچەوانەی نووسەرانی پـێش خۆیانو كەلتوورەوە لە ژێـر كاریگـەریی ئـەم زاراوانەدا دەق بەرهەم بهێنن. بـەڵام مەحاڵــە تا بە ئێستا دەگات ئێمە بتـوانین ئـەدیبانێك بدۆزینەوە كە وەكو پێویست بە ئاراستەی ئەم چــەمكەدا هــەنگاوی نابێــتو دەقــەكانیان ناوبنێین دەقی پۆست مۆدێرن، ئەو هەوڵانــەی ئێستا هەن لە دەقی كوردیدا ئاماژەیەكن بـۆ ئەو دۆگمابوونەی، كە بەشێك لە ئەدیبان لـە ســاڵانی حــەفتاو هەشــتاكانەوە تێـدا گیریــان خواردبوو، ئیتر پێویست بوو لەسـەر دەسـتی ئەدیبانێكی تردا دەق پێ بنێتـە ڕۆژگـارێكی ترەوەو بـە ئاراسـتەی تازەگەریـدا خـۆی بـە خوێنەر بناسێنێت، ئەوەی هەیـە بەشـێك لـە ئەدیبان هەوڵیان داوە خۆیان وەكو نوێخواز لە دەقەكانیاندا كەشف بكەن.. نەك ئێمە بتوانین ناویان بنێین ئەوانەی دەقی پۆست مۆدێرنیـان نووسیوە.

*** چــۆن دەتــوانین ڕۆمانێــك بكەینــە ڕۆمــانێكی نــەمرو جیهــانی، یــاخود تایبەتمەندییــەكانی ڕۆمانــە جیهانییــەكان كامانـــەن؟ ڕۆماننووســانی كــورد لـــەم ڕوانگەیەوە لەكوێی نووسیندان؟**

- ئــەدیبانی كــورد تــاكو ئێــستا لـــەم هەرێمــەدا نــاتوانن پێكــەوە گفتوگـۆ لەســەر

**ئەدیبانی كورد ناتوانن پێكەوە گفتوگۆ لەسەر دەقێكی باش بكەنو ببنە شایە تحاڵی ئەو دەقانەی كە دیارو جێگای تێڕامانن.**

دەقێكی باش بكەنو پێكەوە ببنە شایەتحاڵێك لەپێناو دەستنیشان كردنی ئەو دەقانـەی كـە دیارو جێگەی تێڕامانن.. ئەمە ئێستای نێوان

ئەدیبانی کوردە.. کەم و زۆر بوونەتە خۆرەی دەقەکانی یەکتری. هەرچەندە ئەمە ناکاتە ئەوەی کە هیچ کەسێك بتوانێت بەر بە دەرکەوتنی دەقە باشەکان بگرێت، بەڵام بووەتە هۆکارێکی کوشندەش بۆ ناساندنی دەقە ئەدەبییەکان.

ئەوەی وادەکات کە ڕۆمانێك بکەینە ڕۆمانێکی جیهانی، مەرجێکی گرنگ ئەوەیە کە لە ڕێگەی گرووپێکی خوێندەوارەوە بتوانن دەقە باشەکان دیاری بکەنو ساڵانە ئەو دەقانە بۆ زمانە زیندووەکانی دنیا وەربگێڕنو ناوەناوە خوێندنەوە بە زمانەکانی تر بۆ دەقە

## ئەو دەقانەی هەن دەبنە ناساندنێك بۆ دەقی ڕۆمانی کوردی.

باشەکان بکرێتو لە بڵاوکراوەکانی دەرەوەدا بڵاوبکرێنەوە.. تاکو ئێمە نەتوانین کار بۆ وەرگێڕانی دەقە باشەکان بکەین، هەر چ ڕۆمانێکی باشیشمان هەبێت دواجار بەمردوویی لەم هەرێمەدا دەمێنێتەوە. لەبازنەیەکی تەسكو تاریکدا ون دەبێت.

مەرجیش نییە ئێمە بتوانین هەموو تایبەتمەندییەکانی ڕۆمان وەکو یەك دیاری بکەین، ئەو شێوازانەی کە دەقی ڕۆمانیان پێ دەنووسرێت لێرەو لەوێ بەجیاوازیی جۆراوجۆر دەکەونەوە، لای هەندێك لە ڕەخنەگرانو خوێنەران دەکەونە نێوان هەڵسەنگاندنی فرە بۆچوونەوە. لەڕووی ستایلو زمانو کاتو شوێنەوە دەقی ڕۆمان دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ سەرکەوتنی دەقەکانی، کاراکتەرو گرێچنەکان ئەو مەرجەن کە دەبنە خاوەنی تایبەتمەندیی دەقی ڕۆمانو لێرەوە دەقەکە دەبێتە هەڵگری جۆرێك لەناساندن بۆخۆی لای خوێنەر.

تا بەئێستا دەگات ڕۆمانی کوردی کەوتۆتە نێوان دوو بۆچوونەوە، بەشێك دەڵێن ڕۆمانمان وەکو دەقی گرنگ نییە، بەشێکی تریشیان دەڵێن کورد بۆتە خاوەنی دەقی ڕۆمان. بەڵام من وەکو خۆم دەڵێم دەقی ڕۆمانمان هەن گەرچی بەژمارەیش کەم بن، ئەوا ئەو دەقانەی هەن دەبنە ناساندنێك بۆ دەقی ڕۆمانی کوردی.

*** نووسەرگەلێك لەسەر ئەوە کۆکن، کەدەقی ئەدەبیات "ورووژاندنی گومان و پرسیارکردنی ئەزەلییە"بەهۆی گەڕانی نووسەرەوە، بەڕای تۆ ئەگەر ئەدەب**

**دەرهاوێشتەو گەڕان بەدوای پرسیارو خولْقاندنی گومان بێت، چ وەلاّمەکەیەتی؟**

- ئەرکی نووسەر ئەوەیە خوێنەر شوێن ئەو پرسیارە گوماناویانە بخات کە لەدەقەکەیدا دەیانکاتو لەشوێنی جیاجیادا خوێنەریان لەسەر ڕادەگرێت، هۆی چییە جارێکی تر نووسەر لە دیمەنی پیرەمێردێکی سەر شەقامێکەوە کە بۆ خۆی لە ڕاستیدا بوونی هەیە، نووسەر جارێکی تر ئەو دیمەنە خەماویانە دەخاتەوە ناو دەقێکی ئەدەبیو پرسیارەکان لەلای خوێنەر دەورووژێنێت دەربارەی ئەو پیرەمێردە، ئەمە بۆ خۆی خولْقاندنێکی تری نووسەرە بەهەمان دیمەنی ئەو پیرەمێردەوە؟ بەجۆرە نووسەر هەمیشە بۆ شتێك دەگەڕێت کە جارێکی تر لە دەقێکدا بە گومانو دەیان پرسیارەوە لەبەردەمی خوێنەردا دایان بنێتەوەو شتێکی تازەیان لا بخولْقێنێت. لە دەقدا بوونی پرسیار دەربارەی پالەوانو شوێنو کات مەرجی زیندووبوونی دەقەکەیە لای خوێنەر. ئەو خولْقاندنە گوماناوییانەی کە شاعیرێك جێگەیان دەکاتەوە لە دەقێکی شیعریدا بەندە بە ئەزموونو سەلیقەی شاعیرەکەوە، ئەو دەتوانێت کە خوێنەر بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو جێگەیەی کە لە زەینی خۆیدا خولْقاندوویەتیو پرسیارەکانی تێدا جێگە دەکاتەوە. بەردەوامبوونی نووسەر بەشوێن خولْقاندنێکی تردا ئەو ئەزموونەیە کە نووسەرەکە کاری لەسەر دەکات. کەسانی ئاسایی مرداربوونەوەی باڵندەیەك وەکو شتێکی ساکار دەبینن، بەلاّم لای شاعیرێك زۆرکات ئەو مرداربوونەوەیە دەبێتە خولْقاندنێك لە دەقێکداو دواتر خوێنەر دەتوانێت بەشوێن ئەو پرسیارەدا بڕوات کە بۆچی قەسیدەی شاعیرەکە لەبارەی مرداربوونەوەی ئەو باڵندەیەوە ئاوا خولْقاوە. هەچ دەقێکیش نەیتوانی ببێتە جێگەی پرسیار لای خوێنەر ئیتر دەق نییە. دەبێت ناوی شتێکی تری لیّ بنێین.

*** زۆربەی ڕۆماننووسەکان دەگەڕێنەوە بۆ یادەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی خۆیان، بەو واتایەی کەوا یاداشتەکانی خۆیان دەنووسنەوە، ئاخۆ جەنابت تا چەند هەوڵی ئەوەتان داوە؟ یاخود ئەمە تا چ ئەندازەیەك لەبەرهەمەکانتدا ڕەنگی داوەتەوە؟**

- یەکێك لە ڕۆماننووسە گەورەکان دەڵێت دێڕێك نییە لە ڕۆمانەکانم لە واقیعەوە وەرنەگیرابێت. لەنێوان نووسینەوەی یادەوەریو تێکەڵ کردنی سەردەمی منداڵی جیاوازییەکی زۆر هەیە، ڕۆمان ئەگەر وەکو یادەوەری بنووسرێتەوە، ئەوا زۆرکەسی ئاسایی دەتوانن ببنە ڕۆماننووسی گەورە..

من لـه ڕۆمـانی (دەستنووسـی فـەقێکان)دا لەمنداڵێك دەدوێم کە زۆرکات بەڕووتوقووتی دەچـێت بـۆ قوتابخانەکـەیو بـە ڕووتـی بـە کۆڵانەکاندا دەگـەڕێتو دەچـێتە شـوێنەکانی تـر.. بـەڵام مـن بـۆ خـۆم هەمیـشە لـە منداڵیشمدا شەرمم لە تەماشاکردنی کەسانی ڕووتوقووت کردووە تـا بـە ئێـستا دەگـات.. بۆیە منداڵیی خۆم هەمیشە بەشێکی دانەبڕاو بووە لە گەورەبوونمو زۆرکات بۆ ئەو ڕۆژانـەی خـۆم دەگەڕێمـەوە، چـونکە بیرکردنـەوە لـەو سـاتانەی رابـردووم دەبێتـە جێگـەی ئاسوودەییم.. منداڵیم جێگەیەکـە هەمیـشە دەمەوێت ببێتە جێگـەی هـەموو ڕۆژەکـانی گەورەبوونمو دوورو نزیك لێی دانابڕێم، چونکە دابڕان لە منداڵیم دەبێتە مردنی گەورەبوونم.. بۆیـە خۆزگـەم دەخواسـت کـە بمتوانیبایـە بەشـێکی زۆری سـەردەمی منـداڵیم لـە دەقەکانمدا جێگە بکردایەتەوە کە تاکو ئێستا نـەمتوانیوە ئـەو کارەبکـەم. بۆیـە منـیش هەنـدێك جـار هـەوڵم داوە ئـەو ڕۆژانـە بەجیاوازیی ترەوە لەژێر هەندێك وێنەو کات و شوێنی تردا بگوێزمەوە بۆ ناو دەقەکانم. ئەوە واقیعی ئێمەیە کـە دەبێـت لێـوەی فێـربینو فەرامۆشیان نەکەین، چونکە دەوروبەرمان پڕە لـە دیمـەنو وێنـەی جوان جوانو ترسناكو کوشندە کە لە منداڵیمانەوە دەیگێڕنـەوە تـا پیربوونمـان.. ئێمـە نـەتوانین لـەم واقیعـەدا کاربکەین ئـەی دەبێـت پـەنا بـۆ کـوێی تـر بەرین.. دەبێت منیش ئەو دیمەنانە بە دیمەنی تـر بگـۆڕمو لـە دەقەکانمـدا جـارێکی تـر بیانخەمـەوە بەرچـاوی خوێنـەر.. مـن چۆن دەمتوانی وێنەی ئەو پیاوە فەرامۆش بکـەم، کە بەمنداڵی دەمبینی لە دوکانێکی بچووکدا هەمیـشە بێـدەنگ دادەنیـشتو بـە هـەموو ژیانی تـا مردنیـشی ڕەنـگ بێـت کـەمترین قسەی کردبێـت لەچـاو هـەموو کەسـێکدا.. زۆرکات سەرو ڕیشی پێکـەوە دەتاشـی، یـان زۆرکات سـەرو ڕیـشی پێکـەوە بـۆ چـەندین مانگ نەدەتاشی.. دەمبینی وێنەی مارکسو لیـــنینو ماوتـــسی تـــۆنگو کـــچە شۆخوشەنگەکانی بـە دوکانـە بـچوکەکەیەوە هەڵدەواسیو بزماری دەچەقاند بە ناوچـەوانی مارکسو وێنەکانی تردا.. دەبوو ئەو دیمەنانە لە گەورەبوونمدا نەسڕمەوەو بیگوێزمـەوە بـۆ ناو چیرۆکێك. تا لە چیرۆکی (پیـاوێکی چـاو شووشـە)دا جێگـەی ئـەو پیـاوەم کـردەوەو بەقەدەر هەموو چیرۆکەکانم ئـەو چـیرۆکەم لا جوانـــە. ئـــەوە بینینـــەکانی ســـەردەمی منداڵیمانە بۆ دەبێت بەفەرامۆشییان بـسپێرم کە جار جار دەتوانم سـوودیان لێـی بینـم بـۆ نووسـینی دەقێـك. دواجـار دەڵـێم ئـەوەی

ســـــەردەمی منـــــداڵی خـــــۆی ون کـــــرد گەورەبوونیشی ون دەکات.

*** لەم چەنـد سـاڵەی دواییـدا ئـەدەبـی کـوردی زیـاتر لـەبازنـەی ناوچـەگـەرییـدا، دەخولێتەوە، ئەمەش هەناسەکانی داهێنـانی پچڕپچڕ کردووە، ئایا ئەوە چییە وای کردووە ئەدەبی کوردی بەم قـەیرانـەدا تێبپـەڕێـت، دەسەلاتی سیاسەتی کوردی تا چەند ڕۆڵی لەم قەیرانەداهەبووە؟**

- لە پێشتردا وتم ناکۆکی نێوان نووسەران خۆیان هۆکارێکە بـۆ نەناسـاندنی دەقـەکانو ئەو دووبەرەکییە.. بەڵام هـەمووومان دەزانـین لەدوای ڕاپەڕینەوە ئەم هەرێمـە بـوو بـە دوو هەرێمی پڕ لە نـاکۆکیو ڕقوقینـە لـە نێـوان پارتـــە جیاجیاکانـــدا، بەشـــێکی زۆری نووسەرانیش بۆخۆیان بوون بە پاشـکۆی ئـەم دوو هەرێمەو خزانە پەنا ئەم دوو ئیدارەیەوە، تا بـە ئێـستا دەگـات. ئـەوەی هـەبوو هـەر هەرێمێك بۆ خۆی بەجیا دەزگای نووسـەرانو هونەرمەنـدانو بنکـە ڕۆشـنبیرییەکانیان بـۆ بانگەشەی حزبی دەکردەوە. لە هەر بۆنەیەکدا دەبوو لەبری ڕۆشنبیران حزب بـدوێتو حـزب بێتـــە چـــاوو بیرکـــەرەوەی ڕۆشـــنبیران و نووسەران.. کوا تا بـە ئێـستا دەگـات ئێمـە نووسـەرانێکی یـەکگرتوومان هـەبێت. بۆیـە ناتوانم کە قەت تا ساڵانێکی تریش بڕوا بـەوە بهێنم کە بەشێکی زۆری نووسـەران پاشـکۆی حزب نین لەم هەرێمەدا، دەرچوون لەم قەیرانە پەیوەندی بە گوتـاری ڕاسـتەقینەی نوسـەران خۆیانەوە هەیە، ئەگەر ویستییان لە دەرەوەی بازنـــەی حزبـــەکان بـــژین، ئـــەوا دەبێـــت دەستبەرداری ئەو مووچـەو ئیمتیازاتانـە بـبن کە تاکو ئێـستا حزبـەکان وەکـو خێـر پێیـان دەبەخشن. تـاکو ئـەو گوتـارە ڕاسـتەقینەیە نەیەتـە کایـەوە لـە نێـوان نووسـەرانی ئـەم هەرێمـەداو نووسـەران نەبنـە خـاوەنی ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان، دەبێـت ئـەدەبی کـوردی بەم جۆرە ببینین.

*** ئایا ئەدەبی مۆدێرنو پۆست مـۆدێرن تایبەتمەندییەکانی تا چەند کاریگەری بەسـەر چیرۆکی کوردیـدا دروسـت کـردووە؟ یـاخود چیرۆکی کوردی چۆن ئاوێتەی ئەدەبی پۆسـت مـۆدێرن کـردووە، کـە دەزانـین بەشـێك لـە چیرۆکی کوردی پشتی بە گێڕانەوە بەستووە؟**

- ئەوەی بوونی نەبێت ڕیکلامـە بـۆ دەق لەم هەرێمەدا.. کامانـەن ئـەو دەقانـەی کـە ڕیکلام کردوونی بە پڕفرۆشترین کتێب؟ ئەوەی هەیە نووسەران خۆیانن کە بوونەتـە دووبـەرە لە شارەکانداو لە ڕقـی یـەکتری کەوتوونەتـە گیانی دەقەکانو بە دەقی باش دەڵێن خراپو بە دەقی خراپیش دەڵێن دەقـی سـەرکەوتوو. بەڵام لە ئێستادا خوێنەر زۆر لەوە بە ئاگـاترە

## لەم هەرێمەدا ئەوەی بوونی نەبێت ڕیکلامە بۆ دەق..

کە بکەوێتە شوێن ئەم جۆرە ڕیکلامانەی لەنێوان هەندێك لە نووسەراندا هەیە.. دەبێت جیاوازیش بکەین لە نێوان (خوێندەوار)و (خوێنەردا) زیاتر لە سێ ملیۆن خوێندەوار بە جیاوازییانەوە لەم هەرێمەدا هەن. بەڵام لە نێوان ئەو ژمارە زۆرەدا تەنیا ئێمە دەتوانین هەر (٥٠٠) تا (١٠٠٠) خوێنەری باش‌و جدی پەیدابکەین کە دەقەکان دەخوێننەوە.. ئەوانە خوێنەرنین کە بۆکات کوشتن شیعرە مۆبایل‌و کتێبی لەوجۆرە دەخوێننەوە. ئەوە هۆکانی ریکلام کردن نین کە بوونەتە هۆکاری پڕفرۆشترین کتێب، بەڵکو ئەوە سەلیقەو مەعریفەی ئەو کەسانەیە، کە بەشوێن ئەو کتێبانەدا دەگەڕێن. لە هەزار دانە کتێبی باش ساڵانە لەم هەرێمەدا هەر پێنج سەد دانەی لێ دەفرۆشرێت. دەبێت لە ئێستادا ئەوە بزانین کە خوێنەری جدی بەرەو ئاوابوون دەچن‌و لە جێگەیان ئەو خوێندەوارانە دێن کە نازانن کتێب بخوێننەوە..

**پاشخان:**

لەساڵی ١٩٩٤ لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا دەنووسم .. ئەم بەرهەمانەم بلاوکردوونەتەوە:

- دەسنووسی فەقێکان، ڕۆمان.
- مردن بەپێی گێڕانەوەکانی سۆفییەك، ڕۆمان.
- گۆرانییەکانی ماسی فرۆشێك، چیرۆك.
- ئێوارەی مەیموونەکان، چیرۆك.
- شکستی نووسین، خویندنەوەو نووسین.
- هەمیشە دڵڕەق‌و بیدەنگین، خویندنەوەی کتێب.

# (نەجم ئەڵوەنی) خەریکی پێناسەیەکی دیکەی..
# (بەختیار عەلی)یە




مەسعوود پەرێشان

## * ناوێکی تازەی دوای ڕاپەڕین:

بەختیار عەلی وەکو شاعیریش‌و وەکو ڕۆماننووسیش لەوە ناسراوترە، ئەز سەرلەنوێ پێتانی بناسێنمەوەو تەنها دەتوانم ئەوە بڵێم، دوای ڕاپەڕین ئاسان نەبوو، گەنجێك بتوانێ ببێتە ناوێکی ناسراوی ئەوتۆ، کە ئەمڕۆ پیرەکان هانا بۆ ڕاوبۆچوونەکانی ئەو دەبەن. واتە لە ناسراویش ئەولاتر، کە ئەمەش بە ئاسانی وەدەست نایەت‌و ئاشکرایە کە بەرهەمە بە بڕشتە جۆراوجۆرەکانی ئەو ناوەیان بەسەر هەموو لایەکماندا سەپاند.

## * بەختیارو مەریوان:

ئەمەش وەکو دیاردەیەکی ڕۆشنگەرایی دوای ڕاپەڕین دەبینم، کە کۆمەڵە گەنجێکی خوێندەواری وریا، بەدەر لەگەنجانی دیکەی خودان هەوڵ‌و کۆشش، توانییان لە بوارە جیاجیاکانی هزرو ئەدەب‌و ڕۆشنبیری‌و کەلتوورو فەلسەفەو ئایدیاو تەنانەت سیاسەتیش، بوونی خۆیان بسەپێنن‌و وا لە کۆمەڵگەکەی خۆمان بکەن کە هەست بەو بوونەیان بکەن‌و توانای ئەوەشیان نەبێ پەراوێزیان بخەن‌و گوێ لە داهێنانە هەمیشەییەکانیشیان بگرن‌و حسێبی وردیش بۆ خودی هەر تاکێکیان بکەن، لەوانەش کە ئەز بە وردی دەیانخوێنمەوەو بەردەوام بە دوایاندا دەچم بریتین لە بەختیار عەلی‌و مەریوانی وریا قانیع- کە ئەوەی یەکەمیان لە نزیکەوە ناناسم‌و تەنها لەڕێی نووسینەکانییەوە زۆر لەگەڵیدا ئاشنام‌و ئەوەی دووەمیشیان بەهەردوو شێوە دەناسم‌و جاران یەکێك بوو لە دۆستە هەرە خۆشەویستەکانم‌و دوای ڕاپەڕینیش هەموو نووسینەکانیم خوێندۆتەوە کە بەدەستم گەیشتوون، بەلاّم داخی گرانم، بەهۆی بارودۆخی ژیانەوە یەکتریمان نەبینیوەتەوە، بەلاّم لەڕێی مامۆستا وریای باوکییەوە هەمیشە ئاگاداری ژیانی ڕۆژانەی دواتری بوویمە.

## * نەجمی ئەڵوەنی:

پێناسەی کاکە نەجمی ئەڵوەنیشم لە ناساندنی دیوانەکەیدا کردووە، کە لە یەکێك لە ژمارەکانی کەلتووری ڕۆژنامەی (خەبات)ی ئەمساڵدا بلاّوم کردەوە، بەلاّم ئەوەی دەکرێ بیخەمە سەر پێناسەکەی پێشووم بریتییە لە دوو خاڵی زۆر سەرنجدار:

یەکەمیان: بریتییە لەوەی کاکە نەجم ئەوەی لەبیردەچێتەوە، کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێ پرۆفیسۆری یاریدەدەرو دکتۆرو وەکو ڕۆماناسێك دادەبەزێتە ئەو ئاستەی کتێبێك لەسەر تاقە ڕۆمانێکی گەنجێك بە چاپ

بگەیـــەنیّ، کـــە بڕوانامەکـــەی تـــەنها بەکالۆریۆسە!! ئەمـەش بـەجوانترین دابـەزین دەژمێردریّ، بەوەی خودان بڕوانامەیـەکی زۆر بـــالاّ، دێتـــە ئـــەو ئاســـتەی بەرهـــەمی داهێنەرانـەی کەسـێك هەڵبـسەنگێنیّ، کـە ئەمڕۆ دەیـانو سـەدان قوتـابیی هاوشـێوەی ئەوی لەبەردەستدان! بەلاّم بـە سـەرکۆیانەوە، نـاتوانن وەکـو داهێنـان ببنـە نیـو بـەختیار عەلیش!.

دووەمیشیان: تەمەنی ئـەو برادەرەمانـە، کە زۆر لە بەختیار گەورەترەو لەگەڵ هەندێش ئەو ڕێچکە بـاوەی شـکاندووەو گەورایـەتیی تەمەنی بە داهێنانەکەی بەختیار بەخشیوەو خۆی هێناوەتە تەمەنی ئـەو گەنجـەی لەسـەر ڕۆماننووسێکی ئەزموونداردا بنووسیّ!

## * خودی کتێبەکە:

لـــە دوو تـــوێی بـــەرگێکی ســـووربای ڕەنگاوڕەنگو سەدو حـەفتاو چوار لاپـەڕەی ڕەنـــگ زەرددا، پ. ی. د نـــەجم ئـــەڵوەنی، کتێبێکی لەسەر ئـەرکی دەزگـای مووزیـكو کەلەپووری کورد بە چاپ گەیاندووە!

بـەناوی (کارەکتەرسـازی لــە ڕۆمـــانی ئێوارەی پەروانـەی بـەختیار عـەلی دا)، کـە کاکە هەنگاوی ئەنوەر شێخانی، سەرنووسەری ئـــەو دەزگایەیـــەو توانیویـــەتی بیکاتـــە دەزگایەکی ئەکتیڤی بەرهەمداری ئەوتۆ، کـە ئـەم کتێبـە چـلەمین چـاپکراویەتیو ئـەم ژمارەیـەش بـەزۆر دەژمێـردریّ بـۆ ئـەو دەزگایـەی کـە دەیـانو سـەدان دەزگـای هاوشێوەی خۆی هەن یەك تاقە کتێبێکیشیان بـە چـاپ نەگەیانـدووە. هـەر ئـەم دەزگایـە گۆڤارێکی مانگانەشی هەیـە، کـە لـەکاتو سـاتی دیـاریکراوی خۆیـدا، بـەڕێکوپێکی دەردەچیّ!.

## * ناوەرۆکی ئەم کتێبە:

### - پێشەکی:

لـە دوو لاپـەڕەدا، نووسـەر بەشـێوەیەکی گشتی باسی کارەکتەرمان بـۆ دەکـات وەکـو توخمێکی سەرەکیی پێکهاتەی هەر ڕۆمانێكو دواتر دێتە سـەر لێکۆڵینەوەکـەیو لـەوەمان دەگەیـەنیّ کـە بـەپێی میتـۆدی (ڕەخنـەی شـیکاری) ئـەم لێکۆڵینەوەیـەی وەبەرهـەم هێناوەو دابەشی کردۆتـە سـەر سـێ تـەوەری سەرەکیو سوودێکی زۆریـشی لـە سەرچـاوە گرنگـە باوەڕپێکراوەکـان وەرگرتـووە، کـە ئـــەوەش بـــەلای منـــەوە زۆر بـــە گـــرنگ دەژمێـــردریّ بـــۆ خـــۆ دەوڵەمەنـــدکردنی لێکۆڵەرەوەکـەو دروسـت کردنـی زانیـاریی وردیش لەسەر خودی بابەتەکە:

## بەشی یەکەم:
## گرنگیی کاراکتەر لە تیۆری ڕۆماندا

لە دووتوێی (٢٢) لاپـەڕەی سـەربەخۆدا، کە دابەشکراوەتە سەر دوو تـەوەری جیاجیـا، بەشـێوەکی گـشتیو مێـژوویی گرنگیـی کاراکتەرمان پێ دەناسێنێ، کـە لـە تـەوەری یەکەم، باس لە کاراکتەر دەکـات لـە تیـۆری ڕۆمـانی تەقلیدیـداو ڕای ئـەفلاتوونو ئەرستۆیـشی هێناوەتـەوەو شـەش سیفەتی کاراکتەریشی لەسەر زاری ئەرستۆ بۆ تۆمـار کـردووینو دواتـر باسـی گـۆڕانی مێـژووی کۆمـەڵگامان بـۆ دەکـاتو دێتـە سـەر ڕۆماننووسـە ڕیالیزمییـەکان، کـە واقیعـی ژیـانی ڕۆژانـەیان خـستۆتە نێـو ڕۆمانەکانیانەوەو دوای هەندێش گۆڕانکارییە تازەکانی ئـەم قۆناغەیـشی بـە پێـنج خـاڵی گرنگ بۆ خورد کردووینەتەوە.

لە تەوەری دووەمیـشدا، کـە نـاوی نـاوە (کاراکتەر لە تیۆری ڕۆمانی نوێدا) بەهـەمان هەناسـە، بـاس لـە سـەرەتای سـەرهەڵدانی ڕۆمانە تازەکانی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەگـشتی دەکـات، کـە لـەو قۆناغـەدا ڕۆماننووسـە ناودارەکـان پـشتیان لەکێـشە کۆمەڵایەتییە دەروونییە ئاساییەکان کردووەو هاتوونەتـە سـەر بابەتـە دەروونییـە زۆر قووڵەکانەوە. کە بە ڕۆماننووسەکانی شەپۆلی هۆش ناودێر دەکرانو زیـاتر بایـەخیان بـەبێ ئارامیو شـڵەژانی دەروونـی دەداو دواتـریش (فرانسیس کافکا) بەنموونە دەهێنێتەوەو دوای هەندێش باس لە ڕەخنەکانی ئەم جۆرە شێوازە دەکاتو دێتە سەر ئەوەی بە حەوت خاڵ ئـەم تـەوەرەمان بـۆ شـی بکاتـەوەو لـە وردەکارییەکانیـشمان بگەیـەنێ. کـە لـە کۆتاییەکەیدا لەوەدەگەین، کە لـە نێـو (٣١) سەرچـاوەو پـەراوێزدا سـوودی لـە زیـاتر لـە بیـست سەرچـاوەی ناسـراوی بـاوەڕپێکراو وەرگرتووە!.

## * بەشی دووەم:

ئەم بەشـە کـە لەلاپـەڕە (٣٣)وە دەسـت پێدەکاتو لەلاپەڕە (١١١) بەکۆتا دێ، واتـە (٨٨) لاپـەڕەی ئـەم کتێبـەی داگیرکـردووە، لەژێر ناوی (جۆرەکـانی کاراکتـەر لـەڕۆمانی ئێوارەی پەروانـەدا) بـەناواخنی ڕاسـتەقینەی کتێبەکـە دەژمێـردرێ، بـەوەی لێکۆڵینـەوە شـیکارییە ڕاسـتەقینەکەی لەسـەر خـودی ڕۆمانەکەی کاکە بەختیار لەوێوە دەست پـێ دەکـات، کـە زۆر بـەوردی خـاڵی خستۆتە سـەرپیتو دەسـتی بـە لێکۆڵینـەوە بنەڕەتییەکـەی خـۆی کـردووە، کـە بریتییـە لەدەستنیـشان کردنـی جۆرەکـانی کاراکتەرەکانی نێـو ئـەم ڕۆمانـەو گرنگـیو

نـاگرنگیی هــەردوو لایەنیــشی بۆمــان شــی کردۆتەوە بەوەی جۆرەکانی کاراکتەری دابەش کردۆتە سەر دوو جۆری بنەڕەتی، کە بریتین لە جۆرەکانی کاراکتەر لەڕووی ئەرکەوەو لەڕووی پێکهاتەوەش، کە هەر یەکێکیشیانی کردۆتە دوو خــاڵو یەکەمەکــەیان بریتییــە لــە کاراکتەری ســەرەکیو کاراکتــەری لاوەکــیو دووەمەکەشــیان بریتییــە لــە کاراکتــەری پەرەســتێنو کاراکتــەری پەرەنەســتێن، کــە نــاتوانم لــەم کورتیلــە راســاندنەدا هــەموو وردەکارییەکانی کاکە نەجمتان بۆ باس بکــەم، ئــەوەی لێ بــترازێ کــە توانیویــەتی وەکــو ئەکادیمییەکی بەتوانا، ســەرلەنوێ پێناســەی بــەختیار عــەلیمان بــۆ بکاتــەوە، کــە ڕۆماننووسێکی هونەرمەنــدی ئەوتۆیــە، لــە هەڵبــژاردنی کاراکتەرەکانیــدا هیــچی لــە ڕۆماننووسە بەناوبانگە جیهانییــەکان کــەمتر نییە (کوردبوونی خــودی خــۆی) لێ بــترازێو هەر بەوەش نەوەستاوەو بۆ پێناسەکردنی هەر کاراکتــەرێکیش نموونــەی زینــدووی نێــو ڕۆمانەکەی هێناوەتــەوەو لەگــەڵ کاراکتــەری دیکەی نێو ڕۆمانی دیکەشی بەراوردکردووەو دواتریش ڕای ڕاشکاوانەی خۆیشی دەربڕیــوە. کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆکەماندا، بەداخەوە، زۆر بەکەمی ئەم جۆرە خوێندەوارییە جدییە ســەر سەختانەمان دەست دەکەوێ، بــەو هەناســەیە ڕۆمانی گــەنجێکی داهێنــەر بخوێننــەوەو بــەم جۆرەش لەسەری بوەستنەوەو بەو جۆرەش لێی بکۆڵنەوە، کە ئەز وای بــەباش دەزانم ئەگــەر ڕۆمانەکە وەرگێڕڕایە سەر زمانە زیندووەکانی دیکــــەی دونیـــــا، پوختەیـــــەکی ئـــــەم لێکۆڵینەوەیەشــی لەگەڵــدابێ، کــە بەهــەق نووسەرەکەی زۆری پێوە ماندوو بووەو مــافی ڕاســتەقینەی خۆیــشی پێــی بەخــشیوە، کــە بەیەکێك لــە ڕۆماننووســە هــەرە باشــەکانی ئەمڕۆکەمانی پێناسە دەکات!.

## * بەشی سێیەم:

ئــەم بەشــە کــە دوا بەشــی کتێبەکــەو لێکۆڵینەوەکەیەتیو ڕاســتەوخۆش پەیوەســتە بەخودی ڕۆمانەکەی بــەختیار عــەلی-یــەوە، کەوتۆتــە ژێــر چــەتری نــاوی (شــێوازەکانی پێشکەشکردنی کاراکتەر لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەدا) کە ئەویشی دابەش کردۆتــە ســەر دوو شــــێواز، یەکــــەمیان ڕاســــتەوخۆیەو دووەمیــــشیان ناڕاســــتەوخۆیەو تیایــــدا زۆر هونەرمەندانەو بوێرانە، پێمان دەڵێ: بەختیار عەلی لە هەڵبــژاردنی کاراکتەرەکانیــداو پــێ ســپاردنی ئەرکــەکانیانو بــەجێ گەیانــدنی فەرمایــشتەکانی ســەر شانیــشیان، ئەوەنــدە داهێنەرە، شانازی پێوە بکەینو بیگەیەنینــە ئاستی داواکردنی باشترین میدالیاو بەخششی

ئەدەبیش، بەوەی بە کوردی ڕۆمانی جیهانی دەنووسێتو دادەهێنێ!.

*** بەرەنجامێکی زۆر خێرا:**

دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبەو سەرلەبەری ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی بەدیوانە شیعرییەکانیشییەوەو ئەم بابەتە هزرییانەش، کە لە دووتوێی ڕۆژنامەکاندا بلاّویان دەکاتەوە، دەتوانم زۆر بەڕاشکاوی بێژم، ئێمە خودانی کەسێکی هۆشمەندی خوێندەوارو نووسەرو بوێری ئەوتۆکەین، کە دەکرێ، لەمڕۆ بەدواوە، بەنوێنەری کەلتوورو فەرهەنگی خۆمانی پێناسە بکەینو بەو جۆرەش بە دنیای دەرەوەی خۆمانی بناسێنین: کە ئەوە یەکێکە لە بیرمەندە ڕاستەقینەکانمانو شایستەی هەموو جۆرە پاداشتە نێوخۆییو جیهانییەکانیشە، هەر بۆیە دەستخۆشی لە د. نەجم ئەڵوەنی دەکەم، کە جودا لە خودان پلەو پایە ئەکادیمییەکانی دیکە لەکەلی شەیتان هاتۆتە خواریو ڕۆماننووسێکی گەنجی کوردمان، بە شێوازی خۆی پێ دەناسێنێ، کە لەوەوەپێش بەشێوازو هزری جیاجیای خۆمانو توانای لەبن نەهاتووی خۆیشی ناسیومانە! کە هیچ هاوشێوەیەکی د. نەجم ئامادەی ئەوەش نینە، کە ڕۆمانێکی ئەو داهێنەرە بەتوانایەمان بخوێننەوە، نەك لەسەری بووەستنەوەو ڕەخنەیەکی جوامێرانەی ڕاستەقینەو ڕاشکاوانەشی لێ بگرن! کە دڵنیام هیچ کامێکیان ئەو توانایەیان نییەو هەر بۆیە دەستی کاکە نەجم دەگوشم کە ئەو توانایە داهێنەرانەی تێدایەو هەر بەوەش لە هاوشێوەکانی خۆی جیادەکرێتەوە.

*** ئینجا دەڵێم:**

دەستخۆش بەختیار عەلی-ی داهێنەر، دەستخۆش نەجم ئەڵوەنی-ی باشترین خوێنەر! کە هەردووکتان توانیوتانە ئێمە با خەبەر بکەن لەبەرانبەر، جوانترین داهێنانی خۆش خەبەرو خۆش ڕۆمانو خۆش داهێنەر! کە ئەمڕۆ لە کوردستانەکەماندا، بوونەتە ناوی سەرسوڕهێنەر!!.

# نۆڤلێت

# جادووی سپی

## بەشی (٣)

سەلاّح عومەر



دواجــار کوندەبــەبۆ دۆنــای دۆن بــووە.. جادووکەرەکــە لەشــێوەی وێنەیــەکی ڕەش‌و سپی لەبەرچاوم بەرجەستە بوو، کە لا باڵێکی بــە ئاراســتەی مــن بەســەر دارتەلەکــەی بەرامبەرم هەڵخستبوو. بــەلاّم نــازانم باڵەکــە هەر خۆیی وابوو یا بە جادوو وێنەکەی لەسەر نەخشێنراوە و لە چوارچێوەیەکی خۆڵەمێــشی گیرابوو.

لە هەر چوار لاشەوە پەڕەمووچی باریــك‌و درێــژ بەســەر ڕوخــساری کەســەکەی نــاوی داهاتووە، ئەمە جۆرێك لە نەخش‌و جوانی بە چوارچــێوەکە دەبەخــشی، دەتگــوت وێنــەو نەخشەی سەر یەکێ لە ســندووقە کۆنــەکانی زەمانی زووە، ڕێك لە وێنــەی ســەر ســندوقە دارە کۆنەکەی ماڵی باپیرەم دەچێ کە بە هەر چوار دەوری دیوی دەرەوەیدا وێنــەی ســەیری ئەنتیکــەی تێکــچڕژاو وەك کــۆترو تــاوس‌و مامزو ســەرکە گــاو بولبــول بلاّوبوونەتــەوە، وێنــەی ڕەنگــاوڕەنگ، وێنــەی ڕەش‌و سپی، هێڵــی یــەکتر بــڕ لەگەڵمــدا دەکەوتنــە چاوشارکێ، کە منداڵ بووم شــەوان تــا خــەوم لێ دەکەوت من‌و تاوسێ، یا کارمامزێ لەنێو ڕووبــەری جامەکەیــدا دەکەوتینــە یــاری، وام دەزانی لەناو باخوباخاتێکی پــڕ دارودرەختــی بەهەشــتدام‌و لەگــەڵ مــامزو کــۆترو تاوســی هەمەڕەنگدا دەژیم..

جار جارە کە کوندەبۆکە باڵەکانی لێکدەدا وەك پەڵە هەورێکی ڕەش یا چەترێکی گــەورە دەهاتنــە بەرچــاو کــە بــە ئاراســتەی مــن دەکرانەوە، بۆم دەهــاتن، بــۆ ئــەوەی وێنەکــە چاکترو جــوانتر لێمــەوە دیــاربێ، یــا روونــتر کەسەکەی ناوی ببینم... پێدەچــێ مەبەســتی بێ ئەم وێنە خەیاڵییە بکەوێتە بەر ڕۆشــنایی چاوەکانم، تێبگەم چ مەبەستێکی لــە نیــشان دانی هەیــە.. بــا بــزانم وێنەکــە هــی کێیــە. دەیویست کەسی ناو وێنەکەم نیــشان بــدات، جوانتر لێی وردبیمەوە، بیناسم. کە ئافرەتێــك بــوو تــەنیا ڕوخــساری بــە دەرەوە بــوو و چوارشێوێك بەسەر ڕوخساریدا هاتبوو، تــەنیا چــەند مــووێکی پرچــی بەســەر نێوچــەوانیدا هاتبوونەخوارێ، ئافرەتەکە دووچــاری کەشــی هەبوو و دوور دەیڕوانی.. ڕوانینێکــی وا کــە تابلۆیەك لەبەردەمیدا چەســپا بــێ‌و بڕوانێتــە تابلۆکە.. دەتگــوت بــە خەیاڵــدا چــووەو لــە وردەکاریی تابلۆکە ورد دەبێتەوە.. ئافرەتەکە لە تافی لاوێتیدا بوو، تەمــەنی لــە ســەرووی هەژدە ساڵییەوە بــوو، وا خــۆی نیــشان دەدا، دەموچــاوێکی پانیــشی هــەبوو و خــاڵێکی گــەورەش لەســەر لا ڕوومــەتێکی بــە قەڵــەم قەڵــەمکاری کرابــوو و هێنــدەی دی جــوانی پێدەبەخــشی. تاڵــە موویێــك تــا ســەرلووتی شــۆڕببۆوە. ئــەو لووتــە باریــك‌و بــچووکەی

بەڕێکی بەسەر دوو لێوی تـەنکی کەوانەییـدا دابەزیبوو، کە وادەتدەزانی دوو هێڵی باریکی هاوتەریبن‌و وەك پەلکەزێڕینە بـە هـەردوولادا شۆڕبوونەتەوە. ئافرەتەکە لاونیو دانیشتبوو و ڕێـك دەیڕوانییـە کـامێراو وێنەگرەکـە، بـۆ ئـەوەی لەقتەیـەکی دەربـڕی جـوانی بـۆ دەربکات، بـەلاّم لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشـدا جۆرێـك لـە خەموپـەژارە بـە ڕوخـسارییەوە دەبینـــرا.. ئافرەتەکـــەم لا نـــامۆ بـــوو، نەمدەناسی، پێشتر نەمبینیبوو.. ئێ چـوزانم کێیە؟ کە بە جۆرەها شێوە دەردەکـەوت‌و لـە مـــاوەی چـــەند چرکەســـاتێ چـــەندین جـــار ڕوخساری دەگۆڕا.. هێندەی بـیرم دەکـردەوەو بـــە قـــوولاّیی یادەوەرییەکانمـــدا ڕۆدەچـــووم، کەســـێکی وام تێـــدا نەدەدۆزییـــەوە، بـــیرم نەدەهات ڕۆژێ لە ڕۆژان.. هـەتا لـە قۆناغـە سەرەتاییەکانی ژیانیشمدا بینیبێـتم، ئینجـا بە هـەموو ئـەو وێنانـەدا داهـاتم کـە لـەناو ئەلبوومە کۆنـەکانی ماڵەوەمانـدا هـەبوون. هەموویانم هێنانە بەرچاو.. کە پێشتر سەیری یەك بەیەکیانم کردبـوو، دەمزانـی وێنـەکانی هی کێن، یا وێنەی چ کەسێك کەوتۆتـە نـاو ئەلبوومـــەکان، کەچـــی ئـــافرەتێکی وام لەناویاندا نەدەدۆزییەوە. ئەگەرچـی ژمـارەی ئـەو وێنانـەی کـە بـۆ یادگـاری لەماڵـەوە پاراستبوومن هێندە زۆر نەبوون‌و بـە پەنجـەی دەســـت دەژمێـــردران. بـــەلاّم ئەمـــە ئـــەوە ناگەیێنێ کە بیرم نەمابن وێنەی کێن یا بە چ بۆ نەیەکەوە گیراون.. من‌و هاوڕێکانم، مـن‌و دایکم، من‌و خزم‌و هەنـدێ کەسـی نزیـك لـە بنەماڵەی بـاوکم.. لـە بۆنـەی زۆر تایبەتـدا نەبووایە وێنـەمان تێـدا نـەگرتووە. دایکـم‌و بـاوکم تـەنیا یـەك وێنـەیان هەیـە، کـە بـۆ سەردەمی گەنجێتیان دەگەڕێتەوە. ئەوکاتـەی کـە هێـشتا ژیـان بەڕوویانـەوە پێدەکـەنی، هێـشتا لەسـەرخۆبوون‌و لەسـەر توانـاو وزەی خۆیـــان بـــوون، هێـــشتا ڕۆژگـــار چـــۆکی بەسەرسنگیانەوە دانـەکوتابوو.. مـن خۆشـم وێنەم زۆرکەمەو هەر لـە بنەڕەتیـشدا حـەزم زۆر لەوێنەگرتن نییە، بەدەگمەن ساڵێ یا دوو سێ ساڵ جارێك وێنەیەکم گرتووە، دەنا هیچ، نازانم بۆ حەزم لەوێنەگرتن نییە، هەر چ کاتێ سەیری وێنەیەك دەکەم دڵم دەگوشـرێ، دڵـم دادەخورپێ، ترسێك گیانم دادەگـرێ، هەسـت دەکەم ڕووداوێ ڕوودەدات.. بەتایبەتی ئەگەر کەسـی نـاو وێنەکـە پیرێکـی کەنـەفت بـێ، هەست دەکـەم مردنـی نزیـك بۆتـەوەو ڕۆژێ دادێ منیش وەك ئەو پیرە کەنەفتـەم لێ دێ‌و دەمرم، بۆیە بەمن بێ کەسێ نەبینم وێنەی لە تافی لاوێتیـدا گرتبـێ، چـونکە وادەزانم لـە پیریـدا سـوێیی بـۆ عـومری بەباچـووی خـۆی دەبێتەوە، خەم لە بەفیڕۆ چوونی تەمەنی خۆی

دەخــوات.. حــەزم لێ نییــە قۆناغــەكانی گەشەكردنو گەورە بوونو دواتر پیریـی مـرۆڤ ببیــنم، بــەمن بــێ زەمــەن لــە شــوێنێ ڕاوەسـتابێو مـرۆڤ وەك خـۆی بـە گـەنجێتی بمێنێتەوەو پیر نەبێ..

بیرم دێ هەندێ وێنـەی هاوڕێكـانم لـەناو ئەلبوومەكانمدا داناوە، ئـەو هاوڕێیانـەی كـە ئێستا نازانم كەوتوونەتە كوێ. مـاون یـان... باوكم بەتەنێ وێنەی نییە. بیرم دێ كە منداڵ بــووم تــەنیا یــەك وێنــەی لــە یــەكێ لــە ســــتۆدیۆكانی شـــاردا گرتبـــوو و لەچوارچێوەیەكی جوانی گرتبـوو، بـاوكم لـە وێنەكەدا بە جلی كوردییەوە بـوو، كورتـەكو شەرواڵێكی ڕەشی لەبـەربوو كـە شـەدەیەكی ڕەشــی خــەت خــەتی لەســەری نــابوو گوڵێنگــەكانی بــۆ ســەر دەموچــاوی شۆڕببوونەوە.. جاران خەڵك هەوریو شەدەیان لەسەر دەنـاو قـەد قـەد بەسـەر كڵاوێكـەوە دەیانبەستا، باوكیشم جگە لە شـەدە هیـچی دی لەسەر نەدەنا، وا لە بەرچاومە چەند جوان ئەو شەدە ڕەشـە خـەت سـپییەی دەبەسـت.. لەقتەیەكی جواندا لە سنگ بەسەرەوە بـاوكم دیاربوو. وێنەكە ڕتووشێكی ڕێكی بۆ كرابـوو و دەموچـاوی سـپی سـپی دەچـۆوە، هـیچ خاڵێكی تێدا نەدەبینرا. بـاوكم ڕوخـسارێكی سپیو جوانی هەبوو، لەوێنەكەدا وابوو، بەڵام ئەو خۆی گەنم ڕەنگێكی گۆشتن بوو، سمێڵێكی پـڕو دوو چـاوی هەڵۆئاسـای هـەبوو. پرچـی هەمیشە كورت دەكردەوەو، بەڵام دواتر نازانم ئەم وێنە جوانەی چـی لێهـات. ئەمـە تـەنیا وێنەبوو كە لە مێـشكمدا مابێتـەوە.. بـەڵام لەپڕێكدا وێنەكە جامەكـەی شـكاو لـەكاتی گۆزە گـۆزی مـاڵ گواسـتنەوەو ئێـرەو ئـەوێ كردن دیار نەما.. دواتر چوومە هـەمان ئـەو ستۆدیۆیەی كە باوكم وێنەكەی لێ گرتبـوو.. كەچـی لەبەرئـەوەی ماوەیـەكی زۆر بەسـەر گرتنیدا تێپـەڕیبوو و ژمارەكەشـی نـەمابوو وەك چۆن ڕۆیی ئەوها نەماندۆزییەوە..

دایكیشم بە هەمان شێوەی باوكم وێنـەی بە تەنیا نەبوو، ئەو دوو وێنەیـەی نـەبێ كـە بەكۆمــەڵ لەگــەڵ بــاوكمو خزمەكانیــدا گرتبوویان.

بۆیـە لەگـەڕانو هێنانـە بەرچـاوی یـەك بەیەكێ وێنە كۆنەكاندا مایە پووچ دەرچـووم. كەسێكم لەشێوەی كەسی ناو وێنەی سەربالّی كوندەبۆیەكـە یــا ڕاســتتر بڵــێم كەســە جادووكەرەكە نەدۆزییـەوە.. ئـەوەتا هـەموو وێنەكان وا لەبەر چاو و لە مێشكمدان. هـیچ كەسێ نییە لەو ئافرەتـە بـچێ. ئەگـەر چـی لەیەك شتدا لـە دایكـم دەچـێ، ئـەویش لـە جۆری تێڕوانینو شێوەی لووتی. دەنا لە هـیچ شتێكدا لەیەك ناچن. دایكیـشم كـە سـەیری

شتیّ بکات بەهەمان شێوە دەڕوانیّ، پێڵوی دەسوڕێنیّو بەلایەکدا دەڕوانیّ.. لووتیشی باریكو بچووكو ڕێکەو بەسەر لێوەکانیدا شۆڕبوونەتەوە. کە وەك کونە بچووکەکانی لووتی ئەم ئافرەتە لووتی دوو کونی بچووکیان هەیە.

بیرکردنەوە لە وێنەكو گەڕان بەدوای وێکچوونو وێکنەچوونی ئافرەتەکە بەو وێنانەی لە یادەوەریو لەمێشکمدا هەبوون.. ماندوویان کردم. خەریکە مێشکم دەتەقیّ، شێت دەبم، شێتیەك کە زەحمەتە هەموو نوژداریّ بتوانیّ چارەی بکات یا بزانیّ هۆیەکەی چییە؟

ئەوەتا لەبەردەم وێنەو بالّی کوندەبەبۆ جادووکەرەکە دۆش داماوم، بوومەتە دارێکی ڕووتی بەر ڕەشەبایەکی بەهێز. ئەگەر وا بڕوا لە ڕەگوڕیشەوە هەڵدەتەکێم، یا لە ناو قەدەوە دووکەرت دەبم، دەشکێم. وێنەی سەر بالّی کوندەبەبۆ جادووکەرەکە مێشکمی کردۆتە گۆڕەپانی ململانێیەکی دژوار، دوو هێزی دژ بەیەك تیایدا شەڕیانە. دوو بیروڕاو دەیەها لێکدانەوەی سەیر ئاخنراوەتە ناوی. هێندەی بۆچوونی جیاجیا ئالّوگۆڕ دەکەم، دەیانبەمو دەیانهێنم ناگەمە هیچ. ئۆقرە لەسەر ڕایەکی دیارکراو ناگرم، ناپڕژێمە سەر خۆدەربازکردن، یا حەسانەوە، بەڵکو تا دێ نائارامی پتر بە ناخمەوە دەنووسیّو خەریکە ئەندامەکانی لەشم سندم دەکات. نازانم ئەو کوندەبەبۆ نەفرەتییە شوومە جادووکەرە چی بوو بەم ناوەختە لێم پەیدابوو؟ پیّ دەچیّ کاتی هاتنەکەی لەبار بوویێ، ئێ نەدەبووایە ماوەیەکی دی، یا ڕۆژێکی دی دەربکەوتبا؟!

نازانم بۆ لەم ڕۆژە خۆشەدا کە لە هەموو کاتیّ دلّم خۆشترە لێم دەرکەوت، تۆ بلّێی چی لێم بویّ، ئەی ئەو وێنەیە بۆ نیشانی من دەدات، چ پەیوەندییەکی بەمنەوە هەیە؟ کەسی ناو وێنەکە دوورو نزیك پەیوەندیی بەمنەوە نییە، لە هیچ شتێکەوە ناچێتەوە سەر من نە لە ڕەنگدا، نە لە ڕوخساردا، من کەسێکی باریکەلەی درێژم، دەموچاوێکی درێژی تێکقۆپاوم هەیە، کەسێکی ڕێك نیم.. تانەیەك لەناوەندی ناوچەوانم هەیە- لە ڕۆیشتندا نەختیّ دەشەلم.. پرچێکی پڕی گروازەدارم هەیە- تازە خەتی سمێلم داناوە.. تەمەنم لەسەرووی بیست سالّییەوەیە، لە قۆناغانەدا زیرەکمو لە قۆناغی کۆتاییدام.. ئا بەلّیّ هەر ئەمڕۆ دوا دەرئەنجامم وەرگرتۆتەوە. ئەمڕۆ بۆ من تا بلّێی کاتێکی ناسکەو دەیەها پڕۆژەم بۆ ژیانی داهاتووم داناوە. بەلاّم تازە ئەم قسانە فلووسێکی سووتاو ناکا. جگە لەسەر ئێشەو بیرکردنەوەو گومانو ترس چیتر هەیە ماندووم بکەن.

ئەوەتا هەر لە چرکەساتی دەرکەوتنی کوندەبەبۆکە دواتر نیشاندانی ئەم وێنەیە، دەیان جار ئەم پرسیارەم لەخۆم کردووە: چ پەیوەندییەك لە نێوان منو وێنەکەو کوندەبەبۆ جادووکەرەکە هەیە؟! لەگەڵ ئەو وێنە کۆنە ڕەشو سپییە تۆز لەسەر نیشتووەی خەریکە چاوم ماندوو دەکات. نازانم لە کام خاڵەوە بەیەك دەگەین. کەچی هەر خۆشم وەڵام دەدەمەوەو دەڵێم: ڕەنگە سەرەداوێك لە نێوانماندا هەبێ، بەڵام ئەم سەرەداوە بزرەو پێویستیی بەدوادا گەڕان هەیە.

تۆ بڵێی داوە دەزووی پەیوەندیی ئەوو ژیانی من لە کوێیدابێ، ڕووداوەکە ئاڵۆزەو بەڵگەی پێویست نییە، بەڵگەی تەواو لەبەردەستدا نییە تا بتوانم ڕاستیو ناڕاستی لەیەك جیابکەمەوە.. بەڵام شتەکە وا نییە. بەڵکو لە جادووی سیحربازێ دەچێو بە سیحر پەردەپۆش کراوە، هەبێو نەبێ ئەم کوندەبەبۆ جادووکەرە خۆی گۆڕەیوە، کراسی کوندەبەبۆی پۆشیوەو دەیەوێ کڵاوم بخاتەسەر، لە خشتەم ببات، دەیەوێ یەكو دوو جادووم لێ بکاتو بمکاتە کەسێکی جادوولێکراوی دۆنای دۆن بوو، وەك خۆی سیحر هەڵم بسوڕێنێ، وەك کەسێکی خەیاڵی پەرتوبڵاو و گومانایی ئۆقرە نەگرتووبم، دەیەوێ تووشی تەهلوکەم بکاتو بە نوێژی نیوەڕۆ، بێ خۆ ئامادەکردن، بیرۆکەی سەفەرێکی ئەفسووناویم لە مێشکدا بچێنێ، دەیەوێ ڕێگای هاتونەهات بگرمە بەرو ئەم دنیایە بەرفراوانە جەنجاڵە تەی بکەم، بسووڕێمەوەو نەزانم لەکوێ بارگە بخەم.

## یادەوەری



# خەونی سەر دەریاکە!!

گەزیزە

چیرۆکێکی مندالّی لە شیرین خەودا دای چلّەکانم.. خەوێك سەرتاپا جەستەمی هێنایە لەرزین‌و پرسیارگەلێکی لا دروست کردم، ئەو بەیانییەی لە ناو جێگاکەم هەلّسام، نەمتوانی بەرزببمەوە، چاوەکانم برییە شوێنێك، کەچی هیچیشم نەدەبینی.. بە پەنجەکانی دەستم، دەستم دەخستە ناو تالّەکانی قژمەوەو پێستی سەرم دەخوراند، کەچی سەریشم نەدەخورا، لە نەریتی ئێمەدا، خەوی ناخۆش بۆ ئاو دەگێڕدرێتەوەو ئاوەکە لەگەلّ خۆی دەیبات، وەلێ پرسیارەکە ئەمەیە.. بۆ کوێی دەبا؟ ئەو خەوە چی بەسەردێ؟ لەکوێ دەگیرسێتەوە؟ بەلاّم من بەپێچەوانەی ئەو نەریتەوە، ئەوەندە ئەو خەوە لەرۆحما توابووەوە کە ئاوم بەردەدایەوە.. دەمگێڕایەوە، هەوایەکی بەهێز بەرەو ڕووم دەهات بۆمدەگێڕایەوە.. لەبەر ڕۆشنایی مانگە شەودا دەمگێڕایەوە، زەمەنێك نەبوو بۆنی خەوەکەم لێ بتۆرێنێ... لەبەرئەوەی ئەوە تەنها خەون نەبوو، بەلّکو بناغەیەك بوو بونیادی هونەری‌و کەسایەتیی منی لەسەر خولّقا..

ئەو شەوەی من‌و باوکی ڕەحمەتیم‌و (خەلاّت)ی برام لەناو کۆتەلّی سەر ئاوی دەریاکە بە هێواشی باوکم سەولّی لێدەداو ئێمەش لەگەلّی دانیشتبووین، سەرمان ئاسمانی شین پڕ لە ئەستێرەو زەمینیشمان

دەریای شینی پڕ لە شەپۆل بوو ئێمە لەنێوان دوو پانتایی شیندا نەماندەزانی چی دەکەین‌و بۆ لەوێین‌و چی ئێمەی گەیاندۆتە ناو ئەو دەریایە..

لەناکاو مانگێکی چواردە بەرەورووومان هات‌و بەڕوخساری ئێمە خۆی شەق کردو تێپەڕی‌و ڕۆیشت.. ئەوە چی بوو..؟ ئەو مانگە ئێمەی بڕی، کەچی هیچیشی بەجێ نەهێشت.. ئێمەی بڕی‌و ڕوخسارمان هیچ ئازاری پێ نەگەیشت.. ئێستاش شەوانە کە بەرامبەر جوانیی ئەو مانگە دادەنیشم‌و لێی دەپرسم.. ئەرێ ئەی مانگ ئەوە تۆ بۆ وات کرد؟ دوای ئەوەی بە ڕوخساری ئێمە خۆت لەت کرد، لەسەر ئەو دەریایە کوێوە چوویت؟ ئەی هەر ئەو مانگە نەبوویت لەو شیرین خەوەدا چون نالەی هەورەتریشقەیەکی بەهارانە منت لەو خەوە خۆشە ڕاپەڕاند؟

ئەو خەوە جارێکی تر بووەوە بەو واقیعەی کە منی لەناو پانتاییەکی گەورەدا بەجێ هێشت، ئەویش (شانۆ) بوو.. دەریا بێ بنەکە ئەو شانۆیە بوو، کە هەرچەندە مەلەی تیابکەم هەر لە قوولایی ئەو دەریایەدا، زۆر شت هەیە کە نەمدۆزیوەتەوە.. دیارە ڕۆژگارەکانی منداڵیم بەپڕیشکی ئەو ئاوە دامێنی کراس‌و قاچەکانی تەڕدەکرد.. بۆیە لەوکاتەوە هەستم دەکرد کە بەردەوام



هونەرمەند گەزیزە

سەرمامە.. دەڵێن ماکی سەرما لەناو ڕۆحدا کاتێك دەمێنێتەوە کە لەناو پێ‌و قاچەکانەوە بچێتە گیانەوە... نەمدەزانی ئەوە خۆشەویستیی هونەرێکی گەورەیە‌و بەبێ خواستی خۆم ئەو مامۆستایە گەورەیە لەناخی مندا چاندوویەتی..

ئەو باوکەی لەگەڵ جوانیی ئەو مانگەدا هەڵکشا بۆ ئاسمان‌و ئەو دەستانەی کە سەوڵەکانی سەر دەریاکەی دەگرت، ئێستا



**ئیسماعیل خەیات وگەزیزەو باوکی**

لەو ئاسمانەدا تاکە تاکەی ئەستێرەکان دەژمێرێت، تۆ منت لەناو شەپۆلی ئەو دەریایەدا جێهێشتو منیش هەرچەندە دەمەوێت تەڕنەبمو خۆم هەڵدەدەکەم، بەڵام هەمووگیانم ئاوی لێ دەچۆڕێ، کەچی مەلەش نازانم.. ڕۆژانە بە ئاستەم هەناسەم بۆ دەدرێتو کەچی ڕۆحیشم دەرناچێ... دیارە ساتەکانی ناو ئەو دەڤەرەی کە پێی دەڵێن شانۆ لەگەڵ ئەو مامۆستا نەمرەدا لەناو گورزە تیشکەکانی ئەو مانگەوە سەری هەڵدا.. چاوەکانم هەمووکات بە فرمێسکی زەردەخەنەو تووڕەبوونی باوکێك هەڵدەهاتو لەولاتریشەوە تیشکی برۆجکتۆرەکانی شانۆ ئاستەکانی بینینی منیان دەشێواند..

تەواوی ژیانی منداڵیم.. نەدەبێتە خەونی ناو دەریاو مانگەکە.. نەدەشبێتە واقیعێك کە پیایدا تێپەڕیمو هیچیشی لێ تێنەگەیشتم.. بەردەوامو ئێستاش لەنێو بازنەی پرسیاردا دەخولێمەوە؟.. بۆ؟



بەڵام تاکە شتێك هەیە کە زۆر لێیم تێدەگات.. ئەویش قەڵەمەکەمە، ئەویش لەناوەختدا لەگەڵم ڕاستگۆ نییە.. دەمتۆرێنیۆ ئەوەم بۆ نانووسیێ.. کە خەمی خۆمە.. گەلێ جار شەرمەندەیە لەڕوومدا..

چۆن ئەو وەك هەر کەسێکی تر نییە.. پێی ڕەوا نییە ئازارم بدات، بەلایەوە دروست نییە ڕۆژانێکم بەبیربێنێتەوە کە لەساتی خۆیدا پڕ لە گریان بووەو ئێستاش بۆتە سەرمایەیەکی گەورەو جێی شانازیی مامۆستاو باوکێکی نەمر.. ئەو باوکەی تا دواساتەکانی ژیانی تەنها شتێك کە توانی هاوڕێی بەردەوامو هاوخەمی بێت هەر قەڵەمەکەی بوو.

ئەو ڕۆژەی کە پێم بە جەرگی خۆمدا نا.. دوای مەرگی باوکم بەدەستێکی لەرزۆکەوە دەرگای ژوورەکەیم کردەوە.. بینیم هەموو شتەکان وەك خۆیان ماونو تەنها ڕۆحێك دانیشتووە بەبێ جەستە.. شتێك کە یەکەم جار لەو ژوورەدا کەوتە بەرچاوم (گورزە قەڵەمەکەی) سەرمێزەکەی بوو.. ئەو قەڵەمانە بۆ یەك چرکە وەك هەورەبروسکە منیان بردەوە سەرمێزی ژوورەکەی ئەوماڵەمان کە لەگەڕەکی (سابوونکەران) لە تەنیشت ماڵی (شێخ محەمەدی خاڵ) بوو.. ئەو گورزە قەڵەمانەی کە باوکم ئەو نووسینانەی پێ دەنووسینو بەمنی لەبەردەکردنو فێری دەکردم چۆن بەبێ ترس لەسەر شانۆ بوەستم.. ئەو قەڵەمانە ژیانی منو باوکمیان بەیەکەوە گرێ دابوو، ڕاهێنانەکانی منی تەواو دەکردو.. ئەو ئێوارانەی کە باوکم لە هەڕەتی گەنجێتیدا

دەستێ چاکەتو پانتۆڵی نیلی لەبەردەکرد، خوشکی خۆی حەیرانی دەبوو، دەستە خڕیلانەکانی دەگرتمو دەیبردم بۆ ئەو شوێنەی کە ناوی (شانۆ) بوو.. منیش کە هەنگاوە بچکۆلانەکانم لەگەڵ هەنگاوەکانی باوکمدا ڕێیان دەکرد.. هیچ شتێکم نەدەزانی.. تەنانەت ئەو پرسیارانەشم لادروست نەدەبوون.. کە بڵێم بۆ کوێ دەچم من چیم؟؟ بۆ ڕازاومەتەوە؟! ئەو دایکە خانومانەی کە بە یەکێك لە ژنە جوانەکانی هەورامان دادەنرا بە جوانترین شێوە پرچی بۆ شانە دەکردمو نوێترین پارچە جلی کوردی بهاتایە بازاڕەوە بۆ گەزیزەی دەکردە کراسو هیچ ڕۆژێکیش (شانۆ چییە)؟ نەبووبووە پرسیارێك لەلای...

ئەو دایکەی کە نەخوێندەوار بوو، بەڵام گەورەترین زانین لەڕۆحیدا بەردەوام سەری هەڵدەداو ئەوەی لە هەمووی بەلاوە مەبەستتر بوو.. چۆن بتوانێت کچە بچکۆلانەکەی پەروەردە بکات بۆ شانۆ تا مێردەکەیو جەماوەرەکەی لێی ڕازی بن.. شانۆییەکانی سەرینی (باداری قارەمانی ئافرەتانو بووکەبەبارانێو خەوکەی مامەلیو چەم بێ چەقەڵ نابێتو گەزی چیو جاوی چی، خوا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە) خەرمانەی سەرەتای حەفتاکانی منو باوکمو هاوڕێکانمان بوون (تیپی هاوڕێیانی گەزیزە)ش دەستەگوڵی هونەرمەندانی وەك مامۆستایانی کۆچکردوو (عومەر عەلی ئەمینو کەمال سابیرو حەسەن تەنیا)و بەڕێز (لەتیف محەمەد) بوو، هەر خۆشەویستیی کارکردنی ئەو تیپە هاندەر بوو کە جارێکی تر لە (٢٠٠٤)دا ئەم تیپە دابمەزرێنینەوە بە هەناسەیەکی ترو بە تواناکانی هونەرمەندانی شانۆکارو بەدیارخستنی گەورەترین کێشەکانی ژن وەك کێشەی مرۆڤایەتی.

هونەری شانۆ بەشێکی گەورەی ژیانی خێزانیمان بوو، لە دەرەوە، لە سەیرانو شوێنە گشتییەکاندا لەناو خوێندنگاو بۆنە نیشتمانییەکاندا.. ڕۆژانی ئاپۆرای سەر شەقامەکانو گردی مامەیارەو بەردەرکی سەرا، سروودی نیشتمانیمان بە هەماهەنگی لەگەڵ ئاوازی مۆسیقاکانی هونەرو شانۆدا دەچڕی.. سەرەتای حەفتاکان سەرەتای ئەو مانگە پرشنگدارە بوو کە لەسەر ڕووی دەریاکە بووین، هاتو بەڕوخساری ئێمەدا تێپەڕی.. ئەوە چ سیحرێك بوو جارێکی تر تێکەڵی خەونو واقیع بووەوە.. واقیعی شانۆو بینەر.. بەردەوامیی ڕۆژانی پڕۆڤەو ئێوارانی نمایش لە هۆڵی (ئامادەیی سلێمانیی کوڕان) بەردەوام هەنگاوەکانمان شەقامەکانی دەبڕی، لەگەڵ دنیای ئەو هونەرەدا تێکەڵ بووبووین، هەتا کاتێك خۆم بینییەوە لەناو چاڵە

تەیارەیەکی دەڤەری (حاجی ئۆمەرانو چۆمان) لەژێر زرمەی تۆپو نالەی تەیارەو هاواری ژنو منداڵو دووکەڵدا خۆمان دەشاردەوە، تا بەر پڕیشکی ئەو چەکانە نەکەوین لەناو دۆستانو هاوڕێیانی پێشمەرگەی چەك بەشانو ڕۆشنبیرانی خاوەن فکرو قەڵەم بەدەست.

شەوانە گوێم لەدەنگی خۆم دەبوو لە (ڕادیۆی دەنگی کوردستان)ەوە لە بەرنامەی (دەمەتەقێی خوشکە گەزیزە لەگەڵ پێشمەرگەدا)و ڕۆژانیش بە بەرگی پیاوانەو کلاشینکۆفێکی قورسەوە لەژێر دەواری (چۆمان)دا لەماڵە خنجیلانەکەی منو باوکمدا هەموو ماڵەکەمان تەنها دوو دەست نوێنو ڕادیۆیەك بوو.

هونەر جارێکی تر بووەوە بە ژیان، ئێستا زانیم کە هێشتا گەشتی سەر ئەو دەریایەی لە خەونەکەمدا بینیم تەواو نەبووە.. دووری لەدایكو خوشكو برا، خەمی سەر سنوورو پەڕینەوە لە هەناسەکانی وڵاتو سەفەرکردن بە وڵاتی (ئێران) داو پەڕینەوە بۆ (حاجی ئۆمەران).. هەر شارێك لەو شارانە جوانیی خۆی لە کاروانی ڕۆیشتنی منو باوکمدا بە جێ دەهێشت لەگەڵ یەکەم فرمێسکی لێکدابڕان لە خێزان لە سنووری (تەوێڵە)ەوە دەستی پێ دەکرد.. (تەوێڵە)ی هەواری پڕ لە خێرو سەوزیو ئاو، زەمینی ئەو دایکەی جوانترین جۆرەکانی هونەری لە ماڵە بچکۆلەکەیدا پەروەردە دەکرد، هەروەك چۆن ڕۆژانە خەمی نانو ئاوی بوو بیداتە مریشكو کەڵەشێرەکانی لە تەوێڵەوە بۆ پاوە- کەرماشان- نەغەدە- مەهاباد- خانە) تا دوافرمێسکەکانی دوورکەوتنەوە لەسەر سنووری (حاجی ئۆمەران).

گەلێ جار کە دەچمەوە ڕابردووەکانی هاوڕێیەتی منو باوکم ڕۆمانەکەی (پیرەو دەریا)م دێتەوە یاد.

هاوڕێیەتیی باوکێك، هونەرمەندێك، گەورەیەك، مامۆستایەك، نیشتمانپەروەرێك لەگەڵ کچۆڵەیەکی خنجیلانەی چاو بە فرمێسك، جار هەیە کە تەنیا دەبم لە خۆم دەپرسم.. بڵێی هەموو ئەوانەی وەك منن لەبازنەی پرسیاردا بێ وەڵام بسووڕێنەوە..؟؟

ئەمە ئەفسوونە.. ئەفسوون.

تەمەنێکە وات لێ دەکات بەزۆر دەتگەڕێنێتەوە، ئەگەر کاتێك لە یادەوەرییەکانم خۆم.. داتەکێنم، هەست دەکەم هیچم نەماوەتەوە.. تەنها گۆشتو ئێسقان.. کە ئەوەش بەبێ ڕۆحی یادەوەری هیچ نییە.. بەڵام فرمێسكو گریان دەبوونە هاوڕێی هەمیشەییم.. ئەو گریانەی لەنێو ماشێنەکانی نێوان هەردوو سنوورەکە هەمان

گریان بوو، کە لەناو ئۆتۆمبێلـەکانی ڕێگـەی (بەغدا) بەتەنیشت باوکمەوە دادەنیشتم هـەر لە سلێمانییەوە تا ناو هۆڵی (خولد) لە بەغدا من هـەر دەگریـامو باوکیـشم جـار جـار بـە پێکەنینـــە هەمیـــشەییەکەی دڵخۆشـــیی دەدامەوە.. من هەر نەمدەزانی بۆ دەگـریم.. ئەوە گریانێـك بـۆ تێنەگەیـشتن لـە هونـەر، گریانێـك بـوو بـۆ دۆڕانـدنو لەدەستـچوونی پێکەنینی منداڵیم.. بەڵام گریانی ئێستا زۆر جیاوازترە..

ئێـستا گریانێکـە بـۆ ئـەو ڕۆژانـەن کـە نـــەدەبوو بگریامایـــە.. کـــە نـــەدەبوو بـــەو فرمێسکانە باوکم غەمبار بکردایە، چون ئەو منـی بەشـانۆوە خـۆش دەویـست، هـەموو بەیانییـــەك هـــەڵگرتنی جانتـــاو ســـەفەر.. خوێندنەوەو پڕۆڤەو چـاوپێکەوتنو نووسـین.. دەرکەوتن، تا کاتێك کـە خـۆم بینییـەوە لـە ناوەڕاســـتی پۆلێکـــدا لـــە پـــەیمانگای هونەرەجوانەکان لەنێو ڕوخساری گەشـی ئـەو کوڕو کچە جوانانەدا کە بە عەشـقەوە تێیـان دەڕوانـیمو داوای خۆشەویـستیی شـانۆیان لـێ دەکردم، کـە ئـاوڕم دایـەوە (١٤) سـاڵە لـە تەمەنم، لە هۆڵەکانی مەشـقو وانەوتنـەوەدا ئـەو وانانـە دەڵێمـەوە کـە بـاوکم لـەلای خۆشەویست کردبووم.

شــــانۆییەکانی (دەروازە داخراوەکــــان، دارتووەکە، سروودێکی خۆشەویستی، ماڵێـك پڕ لە جانتاو، ژنـانی شـارەکەم، تووڕەبـوونی تابلۆیەك)، سەرلەنوێ لەسـەر شـانۆ دەنگـی منو خوێنـدکارەکانیان دەگەیانـدە بینـەران، ئیدی بەبێ ئاگایی خۆم، هونـەر لـە هـەموو کەلەبەرەکانی ژیانەوە خـۆی دەهاویـشتە نـاو ڕۆحمـــەوە، ئـــەوە زەمەنێکـــە بەسەرچـــوو، خەوەکەی منیش ڕۆژ بەڕۆژ گەورەتر دەبێـت، باوکی ڕەحمـەتیم فـڕی بـۆ پانتـایی ئاسمـانو سەوڵی کۆتەڵەکەی بـۆ مـن بـەجێ هێـشت، ئەوەندە ئەو سەولانە قورسن هێزی بازووەکانم نایانکێـشێت.. بۆیـە لـە قۆنـاغێکی تـری ژیانـــدا، هاوســـەربوونم بـــە (خـــەیات)ی هونەرمەندەوە، جارێکی تر شانۆی لاگـەورەتر کردم.. باوکێك بە خوێنو بە هـەڵگری (نـاو) ئەو عەشقەی تێدا ڕواندم.. دواتـر هاوسـەرو مێردێك بە ڕۆحو بەناز، باوکایەتییەکـەی بـۆ گوێزامـــەوە بـــۆ مـــاڵێکی پـــڕ لـــە ڕەنـــگو شانۆیەکی پڕ لە ئەکتەری جۆراوجۆر، هـەموو دەقەکان هەسـارەو هـەیاس پاڵـەوانی ڕۆحـی بوون لە نووسینەکانمدا، کە شەونخوونیم لەگەڵ دەکێشان تا جارێکی تر لە بـەردەم کورسـیو مێزێکـدا سـەرم هـەڵبڕی ئـەو نووسـراوانە دەنووسم کە بەرگری لـە پـەیامێکی شـانۆیی دەکەن، وەك (شارەزایەك) لە بـواری هونـەردا

کەوتمە کارکردن لەوەزارەتی ڕۆشنبیری، پێیەکانم ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خێراتر هەنگاویان دەنا.. هەتا زوو بگەنە نمایش کردنی شانۆییەکانی- (میوانی ئەم ئێوارەیە، جەنگی ژوورەکان، هێشتا قسەکانمان تەواو نەکردووە، (٣) ژنو شەوێك، پالتۆکەی میر).

هەموو هاواری ئەم دەنگانە جارێکی تر بوونەوە بەو هەستەی کە بە ئاگایەکی هونەرییانە خستمیانە بەردەم کامێرایەك لە کەسایەتییەکی پڕ لە هەستی نیشتمانیو سۆزی خۆشەویستیی دایكو براو مێردو عاشق. لەزنجیرە درامای (گەردەلوول)دا، سەر لەنوێ خۆشەویستیی بینەر، بووەوە بە تاجێکی شاژنانەو کردمەوە سەرم.. ئەوەندەم خۆشەویستی پێ بەخشرا نەمدەزانی لەکوێ هەلی بگرمو بیپارێزمو دەمپرسی ئەوە خۆشەویستیی نیشتمانە یان خۆشەویستیی دایکە ئەوەندە بێ سنوورە..؟؟ ڕێز- گریان- خۆشەویستی- عەشق..

خۆشەویستی شەرمەندەیان کردم.. دوابەدوای هەموو ئەمانە کاروانی سەفەرە دوورەکانی دوور لەولاتو دابڕان لەمێردو منداڵ.. بوونەوە بەغەمی ڕۆژانەم.. ئەو شەوانەی بە باڵی فڕۆکەکاندا دەچوومە ناو بەرزایی پەڵە هەورەکانی ئاسمانەوە: تۆ بڵێی چ شتێك ئەوەندەی خۆشەویستیی هەسارەو هەیاسو خەیات گەورەترە، من ئاوا بۆی دەفڕمو بەجێیان دەهێڵم؟؟!

بێ گومان نەمدەتوانی ئەو وەلامەم دەست بکەوێت هەتا دەنیشتمەوە سەرزەویی ئەو ولاتەو لە سووچێکی شانۆو هۆڵی ناو خۆشەویستیی جەماوەردا بە چەپڵەڕێزانو ماچی شانۆ ئەو وەلامەم دەست دەکەوت کە پێی دەوتم بەدەنگی بەرز سروودێك بۆ مرۆڤایەتیو ژن بوونی خۆت بچڕە هەتا دەتوانیت هەنگاوبنێ تا دەگەیتە لوتکەو لەوێوە فرمێسکی خۆشی بڕێژە.

## ضيرؤك

# خۆشەویستی

**ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی**



(١)

کوڕەکە بە دەزگیرانەکەی گوت: خۆشەویستیی تۆو نیشتمان لەگەڵ خۆمدا بۆ گۆڕەکەم دەبەم.

(٢)

پێشمەرگەکەیان لەبن قەنارەو پەتی خنکاندن ڕاگرتو لێیان پرسی:

دوایین ئاوات‌و خواستت چییە بیڵێ؟

پێشمەرگەکەش پڕ بە قوڕگ‌و دەمی هاواری کرد.. بژی کوردستان..

(٣)

دایکە پیرەکە لە حەژمەت بێ موبالاتیی کوڕەکەی ئاوای پێ گوت:

کوڕم خۆزگە چۆن من تۆم خۆشدەوێت، تۆش ئەوها منت خۆشبویستایە.

(٤)

پێشمەرگەکە کوردستانی لەگیانی خۆی خۆشتر دەویست‌و لەهەموو شتێکدا سەردەستەو دەستپێشخەربوو، هەر لەبۆیە هەردەم دەیگوت: (کوردستان یان نەمان)، هەر ئەوەشیان بوو کردییە سەرقافڵەی شەهیدان.

(٥)

دایکەکە لە خۆشەویستییان ڕۆژی سەدجاران خۆی بە قوربانی کوڕەکەی دەکرد، هێشتا پێی وابوو هیچی نەگوتووە.

(٦)

ژن‌و مێردەکە خۆشەویستییەك چەشنی جالْجالۆکە لە دەوریان گەڕابوو، وایان دەزانی دنیا هەمووی خۆشەویستییەو لە خۆشەویستی بەولاوە شتێکی کەیان بەدوو چاوانیان نەدەدەیت.

(٧)

هەردوو یەکتریان ئەوەندە خۆشدەویست، لە خۆشییانداو لەو خۆشییەدا کەوتنە گەمەی خۆشەویستی!

(٨)

هەر حەوتەیەك دەبوو لێكتر دابڕابوون، كاتێ ئاشتیان كردنەوە، خۆشەویستییەكی نوێ زایە دڵو مێشكیانو، یەكتریان وەها گرتەوەو وا یەكتریان لەباوەش گرت.. حەوتەی دووربوونو دابڕانیان لەیادچۆوە.

(٩)

خۆشەویستییەكی ئەوتۆ باڵی بەسەردا كێشان، خەمەكەی ساڵی (٢٠١٢)ەی لەبیر بردنەوە.

(١٠)

كچەكە ڕووی قسەی لە خۆشەویستەكەی كردو گوتی: خۆشەویستیت لەگەڵ خوێنو ئەقڵم تێكەڵاوبووەو بوویتە (موەلیدە)ی ژیانم، چۆن (موەلیدە) پاش كوژانەوەی كارەبای ڕەئیسی شەوەزەنگ ڕووناك دەكاتەوە، خۆشەویستست وەكو ئەو، دڵو.. گیانو جەستەمو.. بەرچاوانم ڕووناك دەكاتەوە.

(١١)

پێشمەرگەكان بارەگایان لەناو گوندەكە بوو، كاتێ بیانزانیبووایە هێرشی فڕۆكەی دوژمن دەكرێتە سەریان، پێش تاریكو ڕوونی هەموو بەیانییان، گوندەكەیان جێ دەهێشتو لە دەوروبەری گوندی شوێنی حەشارگەو خۆقایم كردنیان ئامادەكردبوو، یان خۆڕسك پەناو كونەشاخی وا هەبوو، بۆ ئەم مەبەستە بەكاریان دەهێنان.

ژنە پێشمەرگەیەك سەر لەئێوارێ بۆ سەردانی مێردەكەی دەگاتە گوندی، پێشمەرگەكە هەڵەكە دەقۆزتەوەو لەپێش هەڤاڵەكانیو پێش وادەی جارانیان، دەستی ژنەكەی دەگرێتو بۆ ژوانێكی تەڕ بەرەو حەشارگەكە، گوندەكەی جێهێشت.

(١٢)

ژنو مێردەكە خەریك بوو شیرازەی ژیانیان لە ڕێسمە دەرچێتو لێكبترازێن، زەردەخەنەی سەر لێوی كۆرپەكەیان خۆشەویستییەكی نوێی بۆ نووسینو بەرەو ئامێزی لێكبووردنو ژیانێكی گەرموگوڕتری بردن.

(١٣)

كە پێی نایە ناو گۆڕستانەكە دوا سەردانی هاتەوە یادو بەرچاوی كە پێش چوونە هەندەران بوو، كە ئەوسا وا پڕ گۆڕ نەبوو، ئەم گۆڕو ئەو گۆڕی كرد، هەندێكی پەڕپووتو بێ ناز هاتنە بەرچاوو هەندێكی كەشی وەكو گەڕەكی دۆلاراوە هاتەبەرچاو، شوێنی ئەو گۆڕی لێ تێكچووكە پێشان دەهاتە سەردانی، مەزەندەكی لێداو لەسەر گۆڕێكی بێ ناز كە هەر ئەوەتە ئاسەواری گۆڕی پێوە مابوو، دڵی كەوتە ترپەترپ.. یەكسەر هەمان خۆشەویستیی ئەوسا لەدڵیدا سەری هەڵداو بێ قسە ڕوانینی لە كەسەكانی دەوروبەری خۆی دا.

# خەم و شارە بچکۆلەکەم

بەهزاد حەوێزی



دەبوو، پێدەگەیشت بۆ دنیایەکی گەشاوەو مەزن کە دیوی یەکەمی نەفامی، ساویلکەیی بەجێ دەهێشتو بەردێکی کەمتەرخەمیی لەسەر دادەنا. لە پەنجەرەی ئەو ڕۆژگارانەدا

(شەوێکی دیکەش واداهاتەوە هەروەکو پێم بلێت چیرۆکێکی دیکەم پێیە... بەڵام ئیمشەو من هەروەکو ڕابردوو گڕ بەردەدەمە تاریکیو خەو... بێدار بەدوای خەونەکانمدا دەگەڕێم...).

لەبەر شووشەی پەنجەرەکەوە سەرنجێکی قوولّ دەدەیتە لوتکە بەرزو بڵندەکەی شاخەکەی ئەوبەر، زۆرشتی لێ بەدی دەکەیتو زۆری دیکەیشیت لێ ونو پەنهانە، چەند بڵێسە ئاگرێك لەدوورەوەڕا لێرەو لەوێ شەوق دەدەن، لە چاوتروکانێکدا ڕۆژە بەسەرچووەکان- تۆماری یادەکان- بە بەرچاوتا گوزەردەکەن...

(ئەوسا هەمان ڕێچکە سپییەکە بەرەو شارەکەی دێنام، پێچاوپێچ هەنگاوی قورسی هەڵدەگرتم، توێشووی سەفەریشم خەمێکی تەلیسماویو قوولّ بوو، بەڵام ئەودەم وەکو منداڵیم نەبوو کە بەسەر گردو تەپۆڵکەکاندا یاریو هەڵپەهەڵپمان بوو بەناو ڕەزو باغو باخچەکاندا، تا لێواری ڕووبار ڕامان دەکرد تا ژان دەیگرتینو بنەپێمان لەتاو ئازارا دەچووزایەوەو سەرو گوێلاکمان بە تەپوتۆزا ئەتك دەکران... ئەودەم خەمە بچووکەکان پەپوولە ئاسا فڕکەفڕکی لانەخستنو وچان گرتن بوون لەنێو دڵو دەروونی ساواییدا، لە گەورەبوونیشدا ژانی بوونەوەرێك هەراش

که لـەوێوە دەمڕوانییـە ڕوخساری تـەماویی شار بۆ تاوێ بـەرگی ئـازارو شـەکەتیم فـڕێ دەداو پـشتم لێ دەکـردەوەو هەناسـەیەکی قـووڵی نـامۆییم هەڵدەمـژیو لـە خـەوێکی خۆشدا خۆم لە بیردەکرد... یادەکان بەشـێکی نەپساوەن لە ژیانی ئادەمیزاد... تـاڵ بـن یـا شیرین ئاستەمە لەبیر بکرێن).

بۆ بەیانی دەبێت بارگەت تێکنێیو ڕووەو شـارێکی دیکـە، شـوێنێکی دیکـە سەرهەڵبگری، ئاخر تـۆی یاسـاغ هـەردەبێت وابکـەی، ژوورەکـەت لاچـەپو فراوانـە.. ئەرستۆکراتییانە بونیات نراوە، لـە دەرەوەش کزەبایـەکی سـاردو بێبـاك هـەڵی کـردووە، گـەڵای درەختـەکان سـەما پـێ دەکـات... دەسـتت بـۆ پەڕەکاغـەزەکان بـرد، جـارێکی دیکە سەرنجت دایە نووسراوەکە:

((ماڵئاوا... ئەی سروشتی بێدەنگی چەند ساڵە ماتو خەمگین ئارامتر لـە دواسـەرنجی تەلیسماویی خۆرەتاوی ژین)). ساتەوەختێکی پێچوو، دوگمەی ڕیکۆردەرەکەت داگرت ((بۆ فریبـی ئاشـقان)) بـەڵام هێنـدەی نـەبرد دەنگەدەنگ پەیدابۆوە. شـەڕو هـەرا دەسـتی پێ کردەوە، هەر بەڕاسـتی لـەتام دەرچـووە، ئەمڕۆ بەیانییەکەی هەر کە لەخەو هەڵسایت، ئارام لێت بەژوور کەوت، تومەز هەستی بـەو هەراوهۆریایە کردبـوو. پڕوشـکەکەی تۆشـی گرتبۆوە. یەکسەر بەڕستەیەکی بروسك ئاسـا پێی وتی کە فاتمەی خێزانی نە نەخۆشـەو نـە هیچ، بەڵکە بڕوبیانووی جۆراوجۆر دەبینتـەوە سەبارەت بە ژنو ژن هێنانو هەوێداریو نازانم چیو چیدیکە، ئیدی سـەرت نەیەشـێنم هـەر ئەوەیەو چیدیکە، جا لەسەر قسەکانی ڕۆیشت وتی: (زانیوتە ئـەم بەیانییـە لـە باخـچەکەی ڕەشـیددا پیاوێکیـان کوشـتووە) تـۆ وتـت (کێیە؟) ئەو وتی: (نایناسـم ئەوەنـدە نـەبێت دەڵـێن گوایـە خـەڵکی ئـەم شـارە نییـەو بەسەردان هاتووەو کەوتۆتە بۆسەیەك لـەودیو کارێزەکەی سەرەوە، هەروەها دەشڵێن گوایـە بێ خەتا بووەو ڕێی هەڵـە کـردووە). هیـچت نەوت کاتێکیش لەماڵ دەرچوویت، قاچەکانت بۆ لای سەرەوەی گەڕەکەکەی بردیـت تـا لـە نزیکی باخچەکەدا وچانت گرت.. کەلاوەکەت بەجێهێـشتو لــە جۆگەلەکـە پەڕیتـەوە، کاکـەڕەش لـەناو شـینایيەکە سـەرقاڵی ئیشوکاری خۆی بـوو، دەسـتی لـەنێو سـڵقو توورانـدا بوو، تۆی بینی بـەرەو ڕووت هـات، تـۆش پـاش سـڵاو، لـە تەقەکـەی شـەوی ڕابردووت پرسی، ئەو وتی: (چ نەبوو بە هەڵە شـێتێکیان کوشـتووە).. کـێو چـۆن؟؟ تـۆ ورتەت لەزاری نەهاتەدەر.. بە ڕێکەوتیو لـە فلکەکـە تـرازای، دەروازەی کۆڵانـە تەسـكو تروسکەکەت گرتە بەر، هەر هێندەی بـەخۆت زانی گەیشتیتە نزیکی ژێرزەمینـە کۆنەکـەی گەرماوە جێهێـشتراوەکە، شـوێنی زبڵـوزارە، ساتەوەختێك بوو ئیدی ئەندێشە لـە شـەقەی بـاڵی دا (کـات دووی پـاش نیوەڕۆیـە، دنیـا

گەرمو هەتاویش سووتێنەر، هەر شەشتان لەو ژێرزەمینەدا خۆتان حەشاردراوەو چەکەکانتان شاردۆتەوە، چاوەڕوانی شەون تا دەرباز ببن، بەلاّم چۆن چۆنی لێرەکانە گیرسانەوە، ئەمە چ سەرەکێشییەکە هەمیشە ڕۆح لەسەر لەپی دەست هاکا هەلّوەری، هاکا هەلّپڕووکا بەرەو ئاسمان هەلّفڕی، ئەو دوو منداڵەی لە کلاّوڕۆژنەکەوە سەیری ئێوەیان دەکرد، هەرزوو لەبەرچاو ون بوون، ئیدی ئێوەش خۆتان تەیار کردەوەو ئامادە بۆ شەڕ.. ئەمە زۆری نەبرد. کاتێك ئێوە لە چاوەڕوانیی تەقینەوەدا بوون، کەچی خۆشبەختانە ئەو گەنجەی بە هەلّەداوان هاتە خوار، ناسیاوی منداڵەکان بوو، بە ژوورکەوتو حەمەی ناسییەوەو... پاش ماوەیەکی کەم ئیدی بۆ کاری دەرباز بوون ڕۆیشتەوە.. پاش ماوەیەك شەڕە جێبێك پەیدا بوو لەلای دەرگاکەوە وەستاو ئێوەش یەك بەدوای یەك سواربوونو تا ئەودیوی ڕێگە خۆلّینەکەی حەمامۆك لە دەروازەی شیوەکەوە خۆتان قورتار کرد...) لەو دووڕیانە بێ ئارامیت، بەلای چەپتا مالّی سەربەستە (بچم لە دەنگوباسی بپرسم... نەچم.. داخوا ماوە نەماوە...) دوات خست بۆ شەوەکەی، ئەم جارە ڕێگای قەیسەریت گرتەبەر، بەلاّم هەرزوو ڕاو ڕێگەکەت گۆڕی. ڕێگەی ناو مالاّنت پێ چاکتر بوو تا بەردەمی مزگەوتەکەو هەلّوەستەیەکت کرد، دیقەتت دایە دەرگا دارینە زلەکەو یەکسەر کردتەوەو ڕووت لە کۆشکەکە کرد، لەوێ هەموو شتێك گۆڕابوو، ئەو سیحرەی جارانی ڕەویبۆوەو چ شوێنەواری ئەو تەلیسمەی جارانی پێوە نەمابوو، کوا ئەو بۆنو بەرامە ڕۆحپژوێنە؟؟.. هەر هێندەی زانیت وا لەسەر شەقامەکە وەستاویت... وەرچەرخایتە تەمتومانو بەرێگادا هەنگاوی سستت نا، ئینجا ڕۆخی ڕێگاکەت مەبەست بوو، لەوێ لەسەر گابەردێکدا ڕۆنیشتیو سەیرێکی ڕەزو باغەکانت کرد، گۆڕەستانەکەو پردەکەی ئەوبەر.. بەلاّم هەرزوو دەنگێك وەئاگای هێنای، ئیدی هەردووکتان ڕێگای ڕووبارەکەتان گرتەبەر، کاتێکیش لە سێڕیانەکە لێی دابڕایت بەتەنیا نیازی مالّەکەو دوادیدەنیو دوا شەوت هەبوو... کاتژمێر تەواوی یازدەی نیشان دا... چرکەی کوژانەوەی ڕیکۆردەرەکە هات، کەوتیتە دنیای ئەندێشەو تەنیایی، ئەوبەر پەنجەرەکە نەبێت، کە دیوێکی تابلۆیەکی ڕۆحلەبەرەو چرکە بەچرکە ئاشنایەتیتان پتر دەبێت..

بۆ بەیانیش توێشووی سەفەر هەمان خۆزگەو ئاه و حەسرەتە.. هەر ئەو سەدایەش تا درەنگ لە گوێدا دەزرنگێتەوە (مالّئاوا شارۆچکەکەم مالّئاوا).

# له پەراوێزی دیدارێکدا



عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی

زۆر دەمێك بوو حەزم دەكرد دیدارێكی ڕۆژنامەوانی لەگەڵدا ساز بكەم، چونكە تەمەنێكی زۆری بەسەر بردبوو لە بوارەكەی خۆیدا، بەلاّم كە سەرنجم دەدا وەكو پێویست ئاوڕی لێ نەدرابووەوە... خۆم دەمناسی، بەلاّم بە دواندن نا، بۆیە ڕۆژێك بە ئاكۆی هاوڕێمم وت كە پێم بناسێنێت تا منیش لەگەڵیدا كاتێك دیاری بكەمو چاوپێكەوتنێكی لەگەڵدا سازبكەم... ئەوە بوو هەر ئەو ڕۆژە بۆ ئێوارەكەی پێی ناساندمو ئێوارەی ڕۆژی هەینی دیاری كرد بۆ دیدارەكە، منیش لای خۆمەوە كۆمەڵێك پرسیارم ئامادە كرد. ئەو ڕۆژە كامێرایەكیشم لەگەڵ خۆمدا برد لەگەڵ ڕیكۆردەرێكی بچووك. كە گەیشتمە جێگا دیاریكراوەكە دوای چەند خولەكێك بەڕوویەكی خۆشەوە پەیدا بوو.. وردە وردە گەیشتە لامو ئێوارەباشی لێ كردم.. دوای وەلاّم دانەوەی، پێكەوە دانیشتین دوای چەند وتەیەك ویستم پرسیارەكانی ئاراستە بكەم.. بەلاّم ئەو پێش ئەوەی دەست بە پرسیارەكان بكەم، بە نەرمە پێكەنینێكەوە وتی: با جارێ لە پێشدا ئەو خەوەی ئەمشەو بینیم بۆت بگێڕمەوە.. ئەوسا دەست بە پرسیارەكانت بكە.. منیش زۆر تامەزرۆی ئەو دیدارە بووم، وتم فەرموو.. ئیتر ئەویش كەوتە گێڕانەوەی خەونەكەی.. وتی: ((ئەمشەو لە خەونمدا مردبووم، بەلاّم هەر ئاگام لە خۆم بوو كە چی دەكرا... دوای ئەوەی كە هەواڵی مردنم بلاّوبووەوە نزیكەی پەنجا لافیتەی پرسەم بۆ نووسرا لەلایەن ئەوانەی كە لێیان نەدەپرسیمو ناردیان بۆ ئەو مزگەوتەی كە پرسەكەمی لێ دادەنراو چەند شوێنێكی تری ناو شار، بێ ئەوەی هیچ لە كەسوكارەكانم ئاگادارین، گشت تەلەفزیۆنەكان هەواڵی كۆچی لە ناكاوی منیان بلاّوكردەوە، كە بردیشیانم بۆ گۆڕستان كۆمەڵێك ئۆتۆمبێلی زۆر بەدوامەوە بوون، كە زۆریان هەر ناویان بیستبووم. پرسەكەشم زۆر قەرەباڵغ بوو، چەند دانیشتبوون هێندەش بە پێوەبوون... ئەو چەند ڕۆژەش گشت ڕۆژنامەكان باسی ژیانو بەرهەمەكانی منیان دەكرد.. دوای ئەوە هەر بەزوویی شەقامێكیان بەناوی منەوە ناونا! دوای ئەوەش دەنگۆی ئەوە لەناودابوو كە فێستیڤاڵێك بەناوی منەوە ساز بكەنو

لەوێـدا خـەڵاتی ڕێزلێنـان بـدرێت بـەمنی مـردوو.. منـیش هـەر لـە خەوەکەمـدا ئاگام لەم هـەموو ڕووداوانـە بـوو. خـۆم پـێ نـەگیراو هـاوارم کـرد، ئـیتر خێزانەکـەم بـەدەم هاوارەکەمـەوە بـە ئاگـا هـاتو دەستی بـرد بـۆ چـراکە دایگیرسـانو بـانگی کـردم: پیاوەکـە ئـەو هـاوار هـاوارەت لەچییە؟

منـیش دوای قاقایـەکی زۆر وتم ژنەکـە بـەخوا بـاش بـوو بەڕاسـتی نـەبوو، خـەو بـوو.. مـن شـتی وام لـە دوای مـردن بـۆ چییە؟

ئـیتر ڕووی کـردە مـنو چـەند فرمێسـکێکی گـەش لەسـەر ڕووە چرچـەکەی وەسـتابوون نـە زیادیـان دەکـرد نە هێزیـشیان تێـدا مـابوو بێنـە خـوارەوە.. بۆیە دەستی بـرد بـۆ گیرفـانی چـاکەتەکەیو دەستەسـڕەکەی دەرهێنـاو فرمێـسکی چاوەکانی پێ سڕی.

ڕووی کـردە مـنو وتـی: وابـزانم گێڕانـەوەی خەوەکـەم کـاتێکی زۆری خایانـد... بۆچـی چـاوپێکەوتنەکە نەخەینـە کـاتێکی تـرو ئـەمجارەیان ئـەم خـەوەی مـن بە ناونیشانی (خۆزگـە وەکـو ئـەم خـەوە نـە دەروانـرا نووسـەرو هونەرمەنـدانو داهێنـەران) خەوەکـەمت بڵاوبکردایـەوە.. منـیش ناچـار بـووم، چـونکە کـاتێکی وامـان بەدەسـتەوە نـەمابوو، حەزیـشم نـەدەکرد بـە ناتـەواوی چـاوپێکەوتنەکە ئەنجام بدەم..

لە کۆتاییـدا تەماشـایەکی کـردمو وتـی: بیرت نەچـێت خەوەکـەم چـۆن بـۆ گێڕایتـەوە ئاوا بینووسەرەوەو بڵاوی بکەرەوە.....

# ناوەکەم
# ئەو ناوە ناوی منە

چرۆ زمند



ناو لەکەلتووره جیاوازەکاندا مانای جیاوازیان هەیە. ناو پێناسەیە، هاوێنەی کۆمەڵگایە کە مرۆڤ تیایدا بەخێو دەبێ.

لەکەلتووری کۆمەڵگای مندا ناوی ژن لە جوانیی سروشتەوە دێ.

ناوی پیاو بەگشتی ناوی چیا، شوێن، یان شتێکی مەزنو بەهێزه. ناو وەك ئەندامێکی لەشی مرۆڤ هەروەك پێستو چاو لەگەڵیدا دەچێتە ناو خاك.

من کە لەدایك بووم، ناوێکم پێ بەخشرا (چرۆ) کە نزیکە لێم. گوڵ پێش ئەوەی بپشکوێ پێی دەگوترێ چرۆ. ئەوە ناوی منە شایستەی منە، من ناوەکەم گەلێ خۆشدەوێ، لەهەمان کاتدا گەلێ کاریگەریی بووە لە ژیانمدا، لە کەلتووری جۆراوجۆردا بەشێوازی جیا.

لەکاتێکدا تەمەنم پێنج ساڵ بوو، باوکم لە-کوردستانی باکووری عێراق گواسترایەوە بۆ باشووری عێراقو دەستبەسەر کرا.

وەك ڕۆژنامەنووسو نووسەرێکی ناوداری بواری مێژوو و نەژادی کورد. دەبووا خێزانەکەم بڕوا بۆ باشووری عێراق. زمانی عەرەبی زمانی ڕەسمیی ئەو ئوستانەیە، بۆ یەکەم جار لە قوتابخانەی عەرەبی ناونووس کرام،

هەرچەندە من توانای دووانم نەبوو بەزمانی عەرەبی، تەنانەت بەیەك وشە لە ئەلفو بێی عەرەبیدا. پیتی ((چ))و پیتی ((ۆ)) لە زمانی عەرەبیدا نییە. لەئاکامدا ناوی من لەلایەن عەرەب زمانانی ئەوێ بە (جرو) دەخوێنرایەوە، جرو لە کوردیدا نییەو مانایەك نابەخشێ، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا مانای تووتەڵە سەگی یاخییە، لەو کاتەدا ناوەکەم بووە شتێ نەمدەویست گوێم لێ بێ، نە لە مامۆستاو نە لە قوتابییانی پۆلەکەم. ئەوان پێدەکەنین من هێندەی پێکەنینی ئەوان دەگریام.

لە کۆتایی هەموو رۆژێکی قوتابخانەدا، باوکم دەهات بە دوامدا، بەدەنگێکی پڕ لە سۆز بانگی دەکردم دەیگوت چرۆ. دەنگی باوکم ئەو دەنگە سازە بوو، کە منی رزگار دەکرد لە خەمو پەژارەی ئەو رۆژگارە ناخۆشانەی قوتابخانەکەم.

ساڵانێکی زۆر من گەلێ ئازارم چەشت، لە دەنگی پێکەنین لە دەرەوەو ناو قوتابخانە، بەڵام کاتێك ناوەکەم دی لە رۆژنامەیەکی عەرەبی کە یەکەم چیرۆکم بە شانازییەوە بە زمانی عەرەبی بڵاوکردەوە، ناوەکەم ناشیرین نەبوو.

لەکاتێکدا جوان بووم لە بەهاری تەمەنمدا لە خۆشەویستیدا دابووم لەگەڵ پزیشکێکی منداڵانو ئەو بووە هاوسەرم، راستەوخۆ پاش شووکردنم ناوەکەم گۆڕاو بووە خێزانی دکتۆر، یان مسس سەعد. من نەمدەتوانی خۆم بناسم، لەکاتێکدا خەڵك بەو ناوانە بانگیان دەکردم. ناوە راستەقینەکەی خۆم گەلێ گرنگ بوو بۆم، ستەم بوو لای بدەم.

من هەمیشە ناوەکەم راست دەکردەوە، لە کاتێکیشدا خەڵك بەناوی مێردەکەم بانگیان دەکردم. من نەمدەویست ناوی من بکرێ بەناوی ئەو کەسانەی کە لەگەڵیاندا دەژیم. دووبارە من نەمدەویست بە دوو ناو بژیم، یەکێکیان لەماڵەوە، ئەوی تریشیان لە دەرەوەی ماڵەکەم.

لەکاتێکدا تەمەنم لە سەرەتای بیستدا بوو، ژینم بەخشی بە منداڵێ، منداڵەکەم کوڕ بوو، ناوم لێنا (لاس). پاش لەدایکبوونی ئەو، ناوەکەم گۆڕا بۆ دایکی لاس. من لەو کاتەدا لە بەغدای پایتەختی عیراق دەژیام ، زمانی عەرەبی زمانی رەسمییە لە بەغدا. لە جیهانی عەرەبو لە کەلتووری ئەو نەتەوەیەدا

ئەگەر منداڵی یەکەم کوڕ بێ ناوی ئەو منداڵە کوڕە دەدرێ بە ناوی دایکەکە.

من گەلێ جار بە شوێن ناوەکەمدا دەگەڕام، وام هەست دەکرد من ونم لە ناوەندی کەلتوورو کۆمەڵگایەکدا، کە من سەر بەوان نیم.

من هەمیشە دەمویست ناوەکەم وەك خۆی بێ، هەروەك هەیە چرۆ.

لەکاتێکدا من دوو منداڵم هەبوو لە تەمەنی سیساڵیمدا، بڕیارم دا لە مێردەکەم جیاببمەوە، لە هەمان کاتدا من لە کەنەدا بە پەناهەندە وەرگیرام. لە وڵاتەکەم ناوی سیانی دەچێتە ناو دۆکیومەنت، ناوی یەکەم ناوی کەسەکەیە، ناوی دووەم ناوی باوکە، پاشان ناوی سێیەم ناوی باپیرە. بەڵام ناوی سێیەم کە ناوی باپیرە ناخوێندرێتەوە.

لە کەنەدا من بەناوی سێیەم بانگێشت دەکرام ((میسس محەمەد)) هەمیشە تەلەفۆنم هەڵدەگرت پێیم دەگوترا میسس محەمەد؟ من ناوەکەم ڕاست دەکردەوە دەمگوت چرۆ دەدوێ، من نەمتوانی ئەم جیهانە بگۆڕم، بەڵام ویستم ناوی خۆم بهێڵمەوە هەروەك هەیە، چونکە ڕانەدەهاتم بە بانگێژم بەناوی باپیرەمەوە. من لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی دائیرەی پەناهەندەی کەنەدا پێیم گوترا، کە دەبێ چوار ساڵ ڕاوەستم لەسەر گۆڕینی ئەو ناوە هەتا دەبیتە هاووڵاتییەکی کەنەدایی، ئەم ڕووداوە پارەو کاتی ویست تا ئەنجام درا.

ئێستا من ناوی خۆم هەیە، ئەوە ناوی منە، ناوەکەم گرنگە بۆم، هەروەك ئەندامێکی لەشم وایە، وەك چاو، لابردنیشی بە ئازارە وەك داماڵینی پێستی لەشم، بۆیە ویستم ناوەکەم بهێڵمەوە.

ژیان لە کەلتووری جیاوازدا، شووکردن، منداڵ بوون، ژیان دان بە منداڵێکی کوڕ، پاشان کۆچ کردن بۆ دەرەوەی وڵات، کاریگەرییەکی زۆریان دانا لەسەر ناوەکەم بە گەلێ شێوازی جیاواز، بەڵام لە کۆتاییدا جارێکی تر چرۆ بووە ناوی من ((chro zand)).

سێپتێمبەر ٢٠٠٧

**تێبینی:**

ئەم چیرۆکە لەوڵاتی کەنەدا بە باشترین چیرۆکی ساڵ هەڵبژێردرا، ٢٠٠٨ ڕۆژنامەگەریی نێودەوڵەتی.

* دەقی ئەم چیرۆکەی بە (زمانی ئینگلیزی نووسیوەو هەر خۆی وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی).

# سێ كورتیله چیرۆك

## هیوا ڕەش

### گوڵەبەڕۆژە

بۆیە پێڵاوەکانم بە خاکی تاپۆکراوی دزانەوە سندمیان کردووم، چونکە چێژ لە خۆر وەردەگرم.
خۆر ماندوو، زەردەڕوو بە سەرەتاتکێوە دەپەڕێتەوە لە دەریا، ئەو دەزانێت من منالێکی وڕکنم، دەچێت لە دڵێکدا تابلۆی ئازادیم بۆ بدزێ.
دە ئێوە چاوەڕێ بن ئێستا بۆم دەهێنێ.

### چپە

کە قۆڵمان لە قۆڵی یەك ترازاندو لێك جیابووینەوە، بە چپە چرپاندی بە گوێمدا (ئاگات لە خۆت بێت ئەمانە زۆر ستەمکارن).
کە قۆڵیان کرد بە قۆڵمداو لە ئاپۆراکەیان دابڕیم، بە چپە چرپاندیان بە گوێمدا (ئەملاو ئەولا نەکەیت پێشمان کەوە).

لە چپەی یەکەمدا بیرمان لە هێنانی بەهارو خۆشەویستی دەکردەوە.
لە چپەی دووەمدا بیریان لە سووتانی بەهارو خۆشەویستی دەکردەوە.
لەنێوان چپەی ئاسكو چپەی چەقەڵ، چپەکان چرکەکانی ژیانی مرۆڤێکیان وەستاند.

### تابلۆ

فلچەو بۆیەم هێناو جەرگی سپیاڵێکم نەخشاند، جێگەم بۆ ڕەنگەکان خۆش کردو شینم لە سەری سەرەوە داناو خوارەوەشم بە سەوز پۆشی، ڕەنگەکانی تریشم بەهەواو ئارەزوو خستە نێوانیانەوە، ویستم کونەپەپوویەك وێنا بکێشم، بەڵام هەرچەندم کرد نەمزانی دەنووکی خوار بکەم، لەبری لاشەی چۆلەکەیەکیش چڵە زەیتوونێکم پێوەلکاند. لەناکاو دوو زەلامم لێ پەیدا بوون، بە تاوانی دەسکاریی ئیشی خوا بردمیان بۆ بەردەم سەرۆكو ئەویش بە بادەکەی دەستییەوە ئاماژەی کردو سندمیان کردم.
لەو ڕۆژەوە جوانەکانی وڵاتەکەمیان بێ سەروشوێن کرد.

# جنۆكەكانی ئاب

جنۆكەكانی ئاب
جنۆكەكانی ئاب

گابرێل گارسیا مارکێز(*)

و. لە ئیسپانییەوە: حەمەی ئەحمەد ڕەسووڵ

لەگـەڵ چێـشتەنگاو، دوای کـەمێ پێش نیوەڕۆ گەیشتینە ئارێزۆ(**).. لـە گەڕانماندا بـەدوای قـەلاّی ڕێنیسانـسدا، ئـەو قەلاّتـەی مێژووەکـەی بـۆ چـاخی بووژانـــەوە دەگەڕێتـــەوەو نووســـەری فێنزوێلایی ((میگێـل ئـۆتێرۆ سـیلڤا)) کڕیبوویەوە، زێدە لە دوو کاتژمێرێك لـە توولەڕێو پێچاوپێچەکانی نێـو کێڵگـەو باخچەکانی تۆسکانادا وێڵ بووین.

ڕۆژێکی یەکشەممەی سەرەتای مانگی ئـاب بـوو، ڕۆژێکـی زۆر گـەرمو پـڕ ژاوەژاوبـوو، ئاسـان نـەبوو لـەنێو ئـەو شەقامە قەرەباڵغانەدا کە بـە گەشـتیارو تۆریستان جمەی دەهات، کەسێکی وەهـا بدۆزیتەوەو شتێ بزانێو ڕێنومایییـەکمان بکات. پاش چەند هەوڵێکی زۆر، بـەرەو لای ئۆتۆمۆبیلەکەمان گەڕاینەوەو لەشار وەدەرکەوتین، ئەو ڕێگایەمان گرتەبەر کە ئـەملاو ئـەولای بـە درەختـی سـنەوبەر ڕازابـۆوەو، بـێ ئـەوەی هـیچ بـۆردو نیـــشانەیەکی هاتوچۆشـــی لێـــدرابێ، پرســـیارمان لـــە پیرەژنـــێ کـــرد کـــە قازەوانیـــەتی پۆلـــە قـــازێکی دەکـــردو جێوشـوێنی قەلاّکـەی بـە تـەواوی پـێ نیشانداین. پێش ئەوەی خواحافیزیمان لێ بکات، پرسیاری ئـەوەی لێ کـردین کـە

گوایە ئەگەر بمانەوێت شەو لەوێندەر بخەوین، وەلاّمی ئەوەمان دایەوە، کە ئێمە مەبەستمان تەنها ئەوەیە نانی نیوەڕۆ لەویّ بخۆین‌و هیچی تر...

- دە زۆر چاکە، پیرەژنەکە ئەمەی گوت ((چونکیّ قەلاّکە جنۆکەی تیا نیشتەجێیە)). من‌و ژنەکەم گاڵتەمان بە ئەقڵی دەهات، چونکیّ باوەڕمان بەخێوو جنۆکەو شتی وا نەبوو، چ جای بە ڕۆژی ڕوونیش، بەلاّم ئەمە جێی خۆشی‌و شادمانیی دوو کوڕەکەمان بوو، کە تەمەنیان نۆ ساڵاّن‌و حەوت ساڵاّن بوو، کە ڕووبەڕوو، لە نزیکەوە بتوانن خێوو جنۆکە ببینن‌و بیانناسن. لەگەڵ ئەوەشدا کە ((میگێل ئۆتێرۆ)) نووسەرێکی چاکە، میواندارێکی زۆر دلگەورەو بەخشندەیەو ئاشپەزێکی شارەزایەو دەستاویشی خۆشە. چاوەڕێمان بوو بۆ چێشتێکی نیوەڕۆی وا بەلەززەت کە هەرگیز بیرمان نەچێتەوە.

لەبەرئەوەش کە درەنگانێك گەیشتینە ئەویّ، فریای ئەوەش نەکەوتین پێش دەست بە نانخواردن کردن، چاوێك بەنێو قەلاّتەکەدا بخشێنین، وەلیّ نمای دەرەوەی قەلاّتەکە هیچ نیشانەیەکی ترس‌و تۆقاندنی پێوەدیار نەبوو، هەر شتێکیش کە مایەی دڵەڕاوکیّو پەشێویش بووایە، بە دیتنێکی ئەو دیمەنە دلڕفێنەی شارەکەو گولزارە جوانەکەی دەرەوییەوە، لەو بالکۆن‌و سەکۆیەوە دەبینرا کە نانمان لێوەی دەخوارد. هەروا بە ئاسانی نەدەچووە مێشکەوە کە لەو بلّندییەداو لەنێو ئەو خانووە بەرزانەدا کە بە ئاستەمیّ جێگەی نەوەد هەزار کەسێکی تێدا دەبووەوە، ئەو هەموو پیاوە بلیمەت‌و نەمرانەی بەرهەم هێنابیّ، کەچی ((میگێل ئۆتێرۆ)) بەشێوازە گاڵتەجاڕییە کاریبییەکەی پێی گوتین کە لەگەڵ ئەوەشدا زۆرن ئەوانەی لەناوچەی ((ئارێزۆ))دا ناودارن‌و ڕای خۆشی ئاوەها دەربڕی کە: گەورە ناوداریان (لودۆڤیکۆ)یە.

((لودۆڤیکۆ)) ئاوەها بیّ بەکارهێنانی نازناو، گەورە پیاوی هونەرو جەنگ، ئەوەی ئەو قەلاّتەی لەسەر حیسابی نەهامەتییەکەی خۆی بنیات نابوو، ئەوەی بەدرێژایی کاتی نان خواردنی نیوەڕۆ ((میگێل ئۆتێرۆ)) باسی لێوە دەکرد، باسی دەسەلاّتە فراوانەکەی‌و ئەوینە ناکۆك‌و مەرگە دلتەزێنەکەی بۆ کردین، ئەو بەسەرهاتەی بۆ گێڕاینەوە کە چۆن چۆنی لە ساتێکی لێوانلێو لە سەرشێتی‌و هاریدا، ژنەکەی خۆی داوەتە بەر زەبری چەقۆ، کە لەسەر هەمان پێخەف‌و جێگەی نووستندا پێش دەمێکی کەم پێکەوە نووستبوون‌و هاوخەوییان کردبوو.

ئەوەشی بۆ گێڕاینەوە کە پاش گیان لەدەستدانی ژنەکەی، سەگەکانی خۆشی لە

خۆی هارکردنو لە خۆی بەردان تا بـە کەڵبـە گڕەکانیان، هەنجن هەنجنی بکەن.

بەڕاشکاویش ئەوەی بۆ بـاس کـردین کـە چـۆن تارماییەکـەی ((لودۆڤیکـۆ)) لـەپاش نیوەشەوی ئەو کارەساتەدا، بـەنێو دووتـوێی تـاریکی قەڵاکـەداو لـە چـنگی ئەشـکەنجەو چەرمەسـەری ئەویـنـدا بـە دووی ئارامیـدا عەوداڵ ببوو. لەڕاستیدا قەڵاتەکە دڵتـەنگیو خەمۆکیی پێوە دیاربوو، بەڵام بەسەرهاتەکەی ((میگێل)) لەو دەمەدا کە ئێمـە بـە سـکی تێـرەوەو بـە دڵـی خۆشـەوە گـوێ قـوڵاخی ببـووین، تـەنها بـە یـەکێك لـە چـیرۆكو سەرگوزشتە بەتامەکانی ((میگێل))مـان بـە خەیاڵدا دەهات، کـە بـۆ میوانـەکانی خـۆی دەگێڕانـەوە. ئـەو هەشـتاو دوو ژوورەی دوای خەوی نیوەڕۆ بە سەردانێك بینیمانن نەبوونـە جێگەی سەرسامیمان. پێ بەپێی خاوەنەکانی قەڵاتەکە گۆڕانکـاریو ڕووپۆشـی جیاوازیـان بەخۆوە دیتبوو.. میگێل نهـۆمی خـوارەوەی بە تەواوی نوێ کردبۆوەو ژوورێکی نووسـتنی نوێی بە مەڕمەڕ بنیات نابوو، لایەکیشی بـە گەرماوو ساونا (مەلەگە) بۆ مەشقی لەشولار جوانی تەرخان کردبوو، ئـەو هەیوانـەش کـە نـانی نیوەڕۆمـان لێ خـوارد بـە گـوڵی ڕەنگاوڕەنگ خەملا بوو.

نهـۆمی دووەمـی قەڵاتەکـەش، کـە بەدرێژایی تەمـەنی لـە هـەموو نهۆمـەکانی دیکە زیـاتر بـەکارهێنرابوو، زنجیرەیـەك ژوور بوون، کە هیچ نیشانەو پارچە نووسـراوێکیان بەسەرەوە نەبوون، کـە داخـوا بـۆ چ تـەرخان کراون، بەڵام پـڕ بـوونو سـینخناخ بـوون بـە کورسیو قەنەفەو تەختی پێخەفێك کە هەروا فەرامۆش کرابوون.

لەدوا نهۆمیشدا، سەرنجمان لـە هۆدەیـەك چـەقی، کـە هێـشتا دەسـتی زەمانـەی نەگەیشتبوویێ، ئەوەش ژووری نووسـتنەکەی ((لودۆڤیکۆ))بوو. ئەو دەمە ساتێکی زۆر پـڕ لە ئەندێشە بوو، تەختی پێخەفێکی لێبوو کە بـە پـەردەو کوللـە ڕازاوەبـوو، دەزوویـەکی ئـاڵتوونیو تارایـەکی پۆپـەشمینی بەسـەردا درابوو، کە ڕەقو وشـك ببـووەوە بـە خـوێنی ڕژاوی وشکبووەوەی ژنە نازدارە سەربڕاوەکەی لودۆڤیکۆ، لەولاشـەوە سـەرنجمان کەوتەسـەر ئاگردانێك کە خۆڵەمێشەکەی سـاردببووەوە، دوا پارچە خەڵووزی داریـشی لـە تەنیـشتەوە دانرابـوون کـە بـە بـەرد ببـوو. دۆلابو کانتۆرەکەشی پڕبـوون لـە چـەكو تەقەمـەنی هێشتا تـازەو نرتونـوێ. ئـەو تابلۆیـەش کـە چوارچێوەیەکی زێڕینـی هـەبوو پـۆرترێتێکی لودۆڤیکۆ- بوو لە حاڵەتی تێڕاماندا، کە بـە ڕۆنـــی زەیتیـــی شـــێوەکارێکی گـــەورەی

(فلۆرەنسا)ی ئەودەمە نەخشەی کێشابوو، بەداخەوە شانسی ئەوەی نەبووە ناسراوو ناوداربێ.

بەلاّم ئەوەی سەرنجی زۆر ڕاکێشام کە هێشتا بۆنی شێداری تووی فەرەنگی کونجو قوژبنەکانی ژوورەکەی داگیرکردبوو، کەسێکیش نەیدەتوانی ئەو مەسەلەی بۆنە شی بکاتەوە. ڕۆژگاری هاوینانی ناوچەی تۆسکانایە زۆر دوورودرێژە، خۆریش هەر بەرزەو هەتا سەعات نۆی شەویش ئاوا نابێ، ئەو دەمەی لە دیدەنیو دیتنی قەلاّکە بووینەوە، سەعات پێنجی ئێوارەی تێپەڕاندبوو، بەلاّم بە زۆرەملێی میگێل کەوا بەرەو کلێسای سان فرانسیسکۆمان بەرێو تابلۆو پەیکەرەکانی (پیرۆ دێلافرانسیسکا)مان پێشان بدات وەدرەنگ کەوتین. ئەوجا لەژێر دارمێوەکانی شارەکەداو بەدەم قاوە خواردنەوە کەوتینە گفتوگۆیەکی دوورودرێژ. کاتێکیش بۆ هێنانەوەی جانتاکانمان گەڕاینەوە قەلاّکە، شیوی ئێوارە ئامادەکرابوو، بۆیە ناچاربووینو بۆ شێو خواردن ماینەوە. ئەودەمە کە ئێمە لەژێر ساباتی ئاسمانێکی ئەرخەوانی درەوشاوە بە ئەستێرە، شیومان دەخوارد، دوو منداڵەکەمان چەند چرایەکیان لە مەتبەخەکەدا داگیرساندو بەرەو نهۆمەکانی سەرەوە وەژوور کەوتن، داخۆ لەو تاریکییەی ئەوێدا شتێکیان چنگ ناکەوێ..!

ئێمە لەسەر مێزی نان خواردنەکەی خوارەوە گوێمان لە غارەغاریان بوو کە دەتوت ئەسپێکی چیایینو بە پلیکانەدا وەسەردەکەون. جیڕەی دەرگاو هاواری شادییان تێکەڵ دەبوو، بانگ کردنی لودۆڤیکۆیان لە ژووره نووتەکەکانەوە دەگەییە لای ئێمە، هەر ئەوان خۆیان بوون کە بیرۆکەی ((نووستن لە ژوورێکی ترسناکدا)) یان هێنایە ئاراوەو میگێل ئۆتێرۆش لەوەوپێش هانی دابوون، ئێمەش نەوێراین ڕێیان لێ بگرین.

بەپێچەوانەی ئەوەی لێی دەترسام، منو ژنەکەم لە نهۆمی خوارەوە زۆر باش لێی نووستین. دوو کوڕەکەشمان لە ژوورەکەی تەنیشت خۆمانەوە نووستن، هەردوو ژوورەکانیش تازە ڕەنگ کرابوونەوەو هیچ گەردێکی تاریکی ڕابردوویان پێوە نەمابوو. ئەودەمەی وەنەوزی خەویشم دەدا، زەنگی سەعاتە چاڵمەکەی هەیوانی تەنیشتمان دوانزە جاری نیوەشەوی لێداو ئامۆژگارییە تۆقێنەرەکەی پیرەژنە قازەوانەکەم وەبیرهاتەوە، بەلاّم لە هیلاکیدا هەر زوو نووستینو لە خەونێکی قووڵو بێ بڕانەوەدا نوغرۆ بووین، تا دوای حەوتی سەر لە بەیانی

وەخەبەر نەهاتین، ئەو دەمەی گزنگی خۆرەتاو لـــــەدرزی پـــــەردەی پەنجەرەکەمانــــــەوە وەژوورکـــەوت، ژنەکـــەم لـــە لامـــەوە، لـــەنێو دەریای هێمنیو بێگەردیدا شەپۆلی وەنـــەوزی خەوی دەدا.

- ((چەند دەبەنگی، بە خۆمم گوت.

هێشتاکە لەم زەمانەدا کەسێ هەیـە کـە بڕوای بەخێو هەبێت)) ئەو چرکە ســاتە بــۆنی تــووی فـــەڕەنگیی تـــازە تۆقانـــدمیو بینـــیم ئاگردانەکە بەخۆڵەمێـشی ساردەوە، پارچـە تەختەکـــەی نێـــو ئاگردانەکـــەش بووبـــوون بـــە بـــەرد، وێنـــەی پیـــاوە خەمگینەکـــەش کـــە لـــــەدووتوێی سێـــــسەد ســـــاڵەوەو لـــــەنێو چوارچێوەیەکی ئاڵتوونیدا لیمـانی دەڕوانـی. لەڕاستیدا ئـەوە دوێنـێ شـەو بـوو، کـە لـە ژوورەکەی خوارەوە نووسـتبووین، بـەڵکو لـە ژوورەکـــەی لودۆڤیکـــۆو لـــەژێر تـــاراو پـــەردە تـــۆزاویو سەرچـــەفە خوێناوییـــەکانی ئـــەودا نووســـتبووین کـــە هێـــشتاکە ئـــەو پێخەفـــە نەفرەت لێکراوە لە گەرمادا جمەی دەهات.

ئۆکتەبەری ١٩٨٠

## پەراوێزەکان:

(*) تێبینییەکی زۆر پێویـست: لەڕاسـتیداو بە کاریگەریی وەرگێـڕانو خوێندنەوەمانـەوە لـە عەرەبییـــەوە، لـــە ئاخـــاوتنی زۆر لـــە نـــاوە ناودارەکـانی جیهانـدا کـەم تـا زۆر هـەموومان کەوتووینەتە هەڵەوە، بۆیە بە پێویستم زانی ئـەم سەرنجە کەمێك بە قـووڵیو بەنموونـەوە- بخەمـە بەردەستی خوێنەرانمانـەوە. لـە ئاخـاوتنی نـاوی گارســـیا مـــارکێزدا (Marquez) هـــەموومان دەڵێین مارکیز بەپیتی (ی)و ئەمەش بە ئیسپانی دەکاتە (Marquiz) کە ئەمـەش ڕاسـت نییـە، چونکە وشەی لاتینی چۆن دەنووسـرێ ئاوەهـاش دەخوێنرێتـــەوە، هـــەروەك چـــۆن بـــە هـــەمان کاریگەرییـــەوە زیـــاد لـــە پـــانزدە ســـاڵێ دەبێـت هەمووومان دەڵێین: خۆرخێ لـویس بـۆرخیس بـە پیتی (ی). یان بـە کاریگـەریی فارسـی دەڵـێن بـۆرخس. کـە ئەمانـەش هەڵـەنو ڕاسـتییەکەی (بۆرخێس)ە بـە (ێ) بـە ئیـسپانیش دەنووسـرێ (Borges)و پیتـی (e) دەبێتـە (ێ) نـەك (ی-i)کە لەم دۆخەدا دەبێتـە (Borgis)و هـەر ئـەم سەرنجەش بەنیسبەت گۆرانیبێژی ناودار (Julio) (خولیـــۆ ئێگلێـــسیاس)ەوەش ڕاســـتە، کـــە هەمووومان دەڵـێن خۆلیـۆو ئەمـەش دیسانەوە هەڵەیەو خولیۆیە.

خۆزگە لەتەك ئەم سەرنجو نموونانەدا، ئیـدی زۆربەی ناوو وشە لاتینیو ئەوروپییەکانمان ڕاست دەکردنـــەوەو بەیـــەك شـــێوەو بەیـــەك ئاخـــاوتن بەکارمان دەهێنانو لەم بارەیـەوە زمانزانـەکانمان چیدی کەمتەرخەمییان نەدەکرد.

(**) ئـــارێزۆ (Arezzo) شـــارێکە لـــە ناوەڕاســـتی ئیتاڵیـــاداو دەکەوێتـــە ناوچـــەی (تۆسکانا Toscana)ەوە، نزیکـەی سـەد هـەزار کەسێك دانیشتووانەکەی پێکدێنن، مەڵبەندێکی بازرگانییە بۆ کەلوپەلو کـالاّ کـڕینو بەرهـەمی ڕۆمانییەکانی تێدا جێماوە.

چیرۆکێك له ئەدەبی تورکیی هاوچەرخەوە

# پیاوە ئەفریقییەکە

شەهاب سدقی
و. له عەرەبییەوە: تاهیر عوسمان



ئای له دێوەزمەیەکی قورس بەئاگاهاتمەوە، لەشم ئارەقەی لێ دەتکێ، پەنجەی دۆشاومژەی دەستی چەپم ئازارم دەدا، لەناو لەپی دەستی چەپم بەتوندی قۆپچەیەکم گرتووە، کە لەوانەیە لەو سەرپۆشەم کردبێتەوە، کە دەزییەکەی پەنجەی بریندار کردم. لەتاو ئەو ئازارە خەریکە سەرم بتەقێ، هەر کە چاوم دەکەمەوەو دەینووقێنمەوە، لەولا لەلای قاچم پیاوێکی مردوو ڕاکشاوە، کە بەڕاستی خۆیەتی، ئەو پیاوەیە کە لە خەونەکەمدا بینیم. بە قژە لوولە ئالۆزەکەیو ڕەنگە ڕەشەکەیەوە، شانەکانی ئاوسا بوون، هەردوو دەستی بە تەنیشتییەوە درێژ کرابوون، ناو لەپەکانی کرابوونەوە، تەنانەت من دەمتوانی هێڵی درزە سپییەکانی سەر پێستە ڕەشەکەی ببینم، بەلام بەشی خوارەوەی جەستەی هیچ بوونێکی نەبوو، من بەوردی تێی دەڕوانم. هەروەك هێواش هێواش لەبەرچاومدا بجوولێتەوە، سەرەتا دەستەکانی، دەستەکانی ژیانیان تیایە، دوو دەستە زلەکەی، ئەوەتا پەنجەکانی دەنووشتێنێتەوەو ڕاستیان دەکاتەوە. مشتێکی گەورە بەقەد سەری منداڵێك، پاشان دەبینم ڕاست دەبێتەوە، تێم دەڕوانێ، ئای! خوایە ئەو کارە مایەی شێت بوونە، ئەوە ئەو پیاوەیە کە لە خەونەکەمدا بینیم. نێوچەوانە پانەکەی لەبەر ئارەقە دەبریسکێتەوە، بە چاوە کزەکانی لە چاوەکانم دەڕوانێ، سەرنجەکانی هیچ مانایەکیان نییە، نە هیچ شتێکیان تیایە، نە

سۆزێکیان هەڵگرتووە. لێوە ئەستوورەکانی بەسەر یەکەوەن، هەروەك چەقۆیەك ڕوومەتی کردبێتە دوو لەتەوە، دوو هێڵی تیژ، ئارەقە شینەکەش بەسەر ملە پانەکەیەوە دیارە.

هێواش هێواش لەسەر ئەو ڕوخسارە ڕادێم، تەنانەت هەست بە کەمێك بێزاریش دەکەم، بەسەرنجەکانم چاودێری دەکەم، بێگومان دەبێ ئەو پیاوە ئەفریقیایی بێت، بەڵێ ئەو لە کەشتییەکی بازرگانیدا کاری دەکرد، لە کارەکەی بێزار بوو، لە ژیانیشدا چەند کارێك هەن، کە مرۆڤ دەتوانێ بە ئاسانی ئەنجامیان بداو ڕایان پەڕێنێ، ڕۆژێك لەڕۆژانیش لەودەمەی کەشتییەکە بەڕێ دەکەوێ، ئەو خۆی هەڵدەداتە ناو دەریاوە، هەبوون بینیبوویان، هەرچەندە کەس لە شوێنی خۆی نەجووڵایەوە، لەبەرئەوەی خەڵکێك هەبوون شوێنی ئەو بگرنەوە. ئەو هەر بەمنداڵی هێنرابوو، کرابووە دەرگاوانی یەکێك لە پاشاکان، کە خاوەنەکەشی دەمرێ، نەوەکانی ئازادی دەکەن، بە هەرحاڵ نە لە دوور نە لە نزیك، هیچ پەیوەندییەکی بەمنەوە نەبوو، هیچ شتێکی هاوبەش لە نێوانماندا نەبوو، تەنها ئارەزووی ژیان نەبێ، ئەو ئارەزووەی کە من بەرپەرچیم دایەوە، منیش ئێستا لەو خەونەدا دەژیم، کە بە ڕوونی بینیم: ئەو قۆپچەیەی لەناو دەستی چەپمدایە لە پاڵتۆی ئەو پیاوەم کردەوە، ئەوەش زۆر زەحمەت بوو، بە توندی ڕام کێشاو پارچە قوماشێکیشم لەگەڵی دڕاند، ئای! وا

هەست دەکەم مێروو مێشکم دەخوا، ڕووناکیی تیشکی ڕۆژەکە، لە پەردەکانەوە دزەی دەکردە ژوورەکەم، بەمەش دەمتوانی شتەکانی ژوورەکە ببینم. بەڵام هیچ ئاسەوارێکی پیاوە مردووەکە نادۆزمەوە، بەقەد قەبارە گەورەکەی، ئێستا بۆشاییەك لەخوار ئەو جێگایە دەبینم کە لەسەری پاڵ کەوتووم. ناولەپی چەپەم دەکەمەوە، قۆپچەیەکی تەڕی بە ئارەقە دەبینم، بەڵام ئەوە نەبوو کە لەخەونەکەدا بینیم...

لە بەندەر بووم، کەنارەکەش چۆڵ بوو، ئاوە تەڵخە سپییەکە وەستابوو. پارچە تەختەدارە بچووکەکانیش سەر ئاو کەوتبوون، کە زنجیرە ئاسنە ژەنگاوییەکەی ناو ئاوەکە بەیەکەوە کۆی کردبوونەوە، لەسەر پلیکانە بەردینەکەش کە بەرەو ئاوەکە لێژدەبووەوە، چەندین قوتووی تەنەکەی بەتاڵ پەرتوبڵاوببوونەوە..، ئێمە نزیکەی سی تا چل پیاو دەبووین، بەیەکەوە لەسەر شۆستەی بەندەرەکە هێرشمان بۆ پیاوە ئەفریقییەکە برد، ئەو بەهەنگاوی جێگیرەوە بۆ دواوە دەگەڕایەوە، بێگومان دەیزانی مەبەستمان چییە، کاتێك لە گەڕانەوەشی گەیشتە بەلەمێك، بە هەردوو دەستی، خۆی بە بەلەمەکەوە گرتو لە شوێنی خۆی چەقی...!!، بەڵام ئێمە زۆر دڵڕەق بووین، بە هێمنی شوێنی کەوتین، هەرچەندە کەس لەخۆی ڕانەدەبینی، یەکەم گورزی تێ بسرەوێنێ. ئەو بە ساردییەوە تێی دەڕوانین،

سەرنجێکی بێ مانا، نە سۆزی تێدابوو، نە پرسیاری لە گوناهێك دەکرد، نە داوای لێخۆشبوون بوو. هەروەك هاربووبین یا مەسەلەکە کۆبوونەوەی ڕانە مەڕێك بێ لەسەر گورگێك. ئەو هەروەکو خۆی وەستابوو و هەوڵی نەدەدا بەخۆ هەڵدانە ناو دەریاوە، یا بەڕاکردن خۆی ڕزگار بکا، ئەو پیاوە، نازانم بۆ دەمویت بیکوژم، نازانم، بەڵام دەزانم ئارەزووی کوشتنیمان دەکرد. گورزی یەکەمیش زۆر کوشندەبوو، سەوڵی بەلەمەکە، چەشنی تەوری جەللادێك بەر شانی کەوت، دەنگێکی لێوەهات. لەگەڵ بیستنی وامان زانی یەکێك لە ئێسقانەکانی شکاو وردوخاش بوو، جەستەی لاربووەوە، پاشان بەخۆ گرمۆلە کردنەوە کەوتە بەردەم بەلەمەکە، بەبێ ئەوەی هیچ دەنگێك، یا چرپەیەکی لێوەبێت. بەزۆر لەخۆ کردنەوە هەڵسایەوە، ئاوڕی لێ داینەوە، لەیەك بە یەکمان ڕاما، پێم وابوو پیاوەکە لەهەمان ئەوکاتە کۆچی دوایی کرد، چاوەڕوانی گورزی دووەمو سێیەمی دەکرد، کە لە وەشاندنیدا دوانەکەوتین!! دوای کەمێکی تر لەسەر گاشە بەردەکانی بەندەرەکە وەکو تەرمێکی ساردوسڕ لەسەر پشت کەوتبوو، دەکرا بەپێلەقە لە لاشە زلەکەی بدرێ تا فڕێ دەدرێتە ناو دەریاوە، مەزەندەش دەکرا ئێمە لەبەر پیس نەبوونی ئاوی دەریاکە فڕێمان نەدابێتە ناو ئاوەکەوە. پاشان مەسەلەکە چۆن دوایی هاتو چۆن هەموو بلاوەیان لێ کرد؟

ئایا خەڵکی شارەکە هەموویان مردنو تەنها ئەو ڕانە مەڕە لەگەڵ گورگەکە مایەوە کە تائێستا نازانم چ تاوانێکی ئەنجام دابوو؟، من ئەوەم بیرناکەوێتەوە، چونکە تاریکیو تەپوتۆز دەوری هەموو ئەو شتانەیان دابوو کە پاش ئەنجام دانی تاوانەکە پیایاندا ڕەت ببووم، تا گەیشتمەوە ماڵەوە. کاتێك بە هەنگاوە قورسەکانیشم بەسەر پەیژەکەدا دەکەوتم، ژنەکەم لەوێ وەستابوو، لەبەر دواکەوتنم نیگەرانی پێوەدیار بوو: شەهاب تا ئەوکاتە درەنگە لەکوێ بووی؟ هەوڵم دا قسە بکەمو شتێك بڵێم، فشارم خستە سەر گەرووم تەنها یەك وشەی لێ هاتە دەرەوە: لەیانە بووم!! ئەوگوتی: شەهاب هەرگیز ڕووی نەداوە تۆ وەکو ئەمشەو دوابکەوی؟ پاش ئەوەی بەلایدا تێپەڕیمو چوومە ژووری نووستن، ژنەکەم بەدوامدا هات، کاتێك لەبەر ڕۆشنایی گڵۆپەکەش ڕوخساری بینینم، هاواری کردو گوتی: نەخێر، نەخێر درۆم لەگەڵ دەکەی، درۆیە!

خۆی بە چوارپایەکەدا کێشاو دەستی کردە گریان، هەوڵم دا بڕۆم، سەرم بەرزکردەوە سەیری ئاوێنەکە بکەم: ئای خۆ من لە چوارچێوەی مرۆڤ دەرچوومە. مرۆڤێکی تر بووم، قۆپچە ڕەشەکە لەناودەستم دەبریسکێتەوە کە لەجلی ئەو پیاوەم کردەوە کە کوشتمان...، هەرگیز نابێ ئەوە لە شارەکەی مندا ڕووبدا، هەرگیز نابێ چەوساندنەوە هەبێ، دانیشتووانەکەی

خەڵکێکی چاکن، گوێ بە جیاوازییەکانی زمانو ئاینو ڕەگەز نادەنو ملیان لە بەرامبەر یاسادا لە دەزوویەك باریکترەو نابێ سێ پیاو بەو شێوەیە پیاوێك بکوژن...، کەواتە ئەمە چۆن ڕووی دا؟ ئەو خەونەم چۆن بینی؟ تێناگەم لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێ کە ئەو ڕۆژانە بێکارمو پێشبینی کاری خراپە لە خەڵکی تر دەکەم، یاخود شتەکان دوور لە هەقیقەتی خۆیان قبووڵ دەکەم، کێشەی گوزەرانم، نائومێدیم، نەتوانینی دەست هەڵگرتن لەو شتانەی کە لەسەریان ڕاهاتووم، ئەو کێشەو ناخۆشییانەی گیانو جەستەیان قورس کردووم، لەوانەیە گشت ئەوانەی لە گۆشەیەکی زەینی ناوەوەو عەقڵی بێ ئاگاییمدا جێگیربوونو هەردەبوو ڕۆژێك لەڕۆژان ببنە خەونێکی سامناك. ئەمەش هەرگیز مایەی بایەخ پێدانی من نییەو بەقەد مەسەلەی پیاوە ڕەشە ئەفریقییەکە زەینم مژوڵ ناکاو بەقەد ئەو تاوانەی ئەنجامی داو ئەو پیاوانەی ناچار کرد بیکوژنو بەمەش مرۆڤایەتیی خۆیان لەبیرکردو خوێن لە دەمارەکانیاندا کولاو تاوانەکەیان کرد، هەر ئەمەش دەموروژێنێو دەڵێم ئایا دەبێ من ئەو مرۆڤە هەژارە نەبم؟! یا ئایا دەکرێ هەموو ئەو وڕێنە ترسناکانە بە کوشتنیان دابم، کە لە زەینمدا جێگیر بوونە؟! بەهەرحاڵ هەر چۆن بێ هیچی لێ نازانم!!!

*** شەهاب سدقی، ساڵی (١٩١٥) لەدایك بووەو یەکێکە لە چیرۆکنووسو ڕۆماننووسە ناودارەکانی تورکیا. لە کۆلیژی یاسا لە ئەنقەرە خوێندوویەتی. لەبواری ڕاگەیاندنو لە وەزارەتی پەروەردەو بانکی کشتوکاڵی کاری کردووە.**

**لە بەرهەمەکانی:**

١- ڕووتی/ کۆمەڵە چیرۆك/ ساڵی ١٩٥٧.
٢- ئەو کۆلانەی کە خۆر ناناسێ/ ڕۆمان/ ساڵی ١٩٥٨.
٣- هەور پارچە پارچە دەبێ/ کۆمەڵە چیرۆك/ ساڵی ١٩٥٨
٤- جیهانەکانی تر/ شانۆگەری/ ساڵی ١٩٦١
٥- خۆڵ/ ڕۆمان/ ساڵی ١٩٦٣
٦- شەوی شوبات/ کۆمەڵەچیرۆك/ ساڵی ١٩٦٤
٧- بۆ کێ/ ڕۆمان/ ساڵی ١٩٦٧
٨- ئاشی کەڵەشێر/ ڕۆمان/ ساڵی ١٩٦٧.

* د. سنان سەعید بۆ عەرەبی وەری گێراوە.

**سەرچاوە:**

گۆڤاری (الثقافة الاجنبية) ژمارە (٢)، ساڵی (١٩٨١)، ل ١٥١-١٥٣




**و. بۆ فارسی: ئەحمەد شاملوو**

**و. بۆ کوردی: کامەران هەڵوەدا**

بەوری برسی لەنێوەڕاستی جەنگەڵ تووشی ڕێوییەك بوو و پێشی پێ گرت.

ڕێوی بێ وەی وەسەر خۆی بێنێت گوتی:

- وریا بە هیچ ئازارێکت پێم نەگا، فەرماندەری ئاسمانەکان منی ناردۆتە سەر زەوی بەسەر پانتایی جەنگەڵەکاندا حوکمات بکەم...، ئەو سزایەی بۆ تاوانی یاخییەکانی دیاری کردووە زۆر زۆر دڵتەزێن.

بەوری برسی لاچاوێکی بە قەلاڤەتی خواروخێچی مام ڕێویدا خشاند.

ڕێوی گوتی:

- ئەگەر بڕوام پێ ناکەیت، فەرموو بەدوامدا وەرە خولێك لێدەین. خۆت دەبینی کە چۆن بە دیتنی من هەموو حەیوانو باڵندەکان وەك شەقشەقە هەڵدەلەرزنە.

بەور قبووڵی کردو پێکەوە وەڕێ کەوتن، ڕێوی لە پێشەوەو بەوریش بە شوێنییەوە.

بە دیتنی بەوری برسی، گیانلەبەران هەڵدەلەرزینو هەریەکەو بە سووچێکدا دەردەپەڕین.

ڕێویی ڕیقنە ڕووی کردە بەوری دڕندەو گوتی:

- ئێستا بڕوات چییە لەمەڕ ئەو قەلاڤەتەی منەوە، کە موو بە لەشی گیانلەبەرانەوە قرژدەکاتەوە؟

بەور بەلەرزە لەرز چۆکی داداو گوتی:

- خاوەن شکۆ! تکا دەکەم، تکا دەکەم، بەهۆی گەمژەییمەوە لە تاوانی من ببوورن!

* ئەفسانەیەکی چینییە.

## بەدگومانی(*)

کابرایەکی لادێیی تەورەکەی لێ ون بوو. لە کوڕی جیرانەکەیان دڕدۆنگ بوو و خستییە ژێر چاوەدێرییەوە. قسەو ئاکارەکانی سەیر دەهاتە بەرچاو، سەرجەم وایان دەنواند کە ئەو تەورەکەی دزیوە.

پاش ماوەیەك کابرای لادێیی تەورەکەی دۆزییەوە. وا دیاربوو دوایین جار، کە بە نیازی چرپیو چاڵ چوو بووە کێو، لێی بەجێ مابوو.

ئەم جارەیان کە لە کوڕی جیرانەکەیان ڕادەما، هەموو کردەوەو ئاکاری ئاسایی بوون، هیچ وێنەدەچوو ئەو تەورەکەی دزیبێ!.

(*) ئەفسانەیەکی چینییە.

# شيعر

## له باسی سه‌فه‌رو گه‌ڕانه‌وه‌دا

نه‌ژاد عزیز سورمێ



(١)
سيدؤري
ضراي خةراباتان
دةرطام لي دامةخة
ئةوة منم
دةستم لة كوانوواندا طيراوة
ثةرؤشيم بة كارِكي رِنيوة
تةنيا بالَ. بةخشندة لة بةرامبةر رِؤذثةرِدا
دلَرِوون لة رِووي باي وادة
ثيالَةي بادةم بةنيوة نةكردبوو. سيدؤري
طؤزةم بةسةردا بةربوونةوة
رِةنطي نةخشةكانيانم لة دلَدا توانةوة...
لة كسثةي ثةذموردةيي و تةدارةكي رِووخان بوون...
ثيالَةي بادةم بةنيوة نةكردبوو
لة نةشئةي سثيدةيان كردم
نةيانهيشت طروطالَي هةتاو
بةسةر رِوومةتي ضيايانةوة ببينم
دةرطام لى دامةخة

(٢)

سيدؤري

دةرطام لي دامةخة

بووم بة ئةشقياي ضؤل و ضيايان

كولافة، بةسؤز

ضووم رِةشةبام ثؤشتةكرد

رِووبارم ئاودان

بةلاَم ض لةطةلَ جودايي ئازيزاندا دةكري سيدؤري

وةك دةمبيني رِةنجبةخةسار

بة ليرِةوارو هةلَةتاندا

دلَ بي ئامان. ذيردا طةرِام

ئاي سيدؤري

ضراي خةراباتان

فرميسكةكانم ضيان لي هات؟

ئيتر ضاوةرِواني ضي بم؟

دةرطام لي دامةخة سيدؤري طيان..

٢٠٠٩/ هەولێر

# كۆلانە دەیجوورەكانی با

قاسم شێروانی



(١)

زةمةن بالَيكى لة ئاطرةو
بالَيكيشى لة با

(٢)

جةوهةرى با لةطظةطظ داية
بؤية هةموو كةذة ثايزى
بالَةكانى لة شاخ هةلَدةسوى با

(٣)

دةشى رِؤذى،
هةموو بوونةوةرةكان لة دين وةرطةرِين
تةنها ئةو نةبى
هةرطيز ثةرستطا سيسةكانى ثايز
بةجي ناهيلَى با

(٤)

با ڕقی لة دووكةلَ و غوبارو تةمة
دوذمنی غةورو ليلآيی و
قوولآيی ئةشكةوت و
دارستانی ضڕة

(٥)

با ئةسثی باڵطرتووی
قريشكةی سووتةمةڕؤی بيابانة نةبڕاوةكانة
با تةنها ئاويزانی ئاطرو طةردةلوول دةبی

(٦)

بناريك نةماوة
با كضينی ثی نةدؤڕاندبی
ليواريك نةماوة
لة ثانتاييةكانی عيشقی ئاو
با كوفريكی لی نةڕواندبی
تاكة ڕةشماڵيكيش نةماوة
با ئةستوندةی خؤشةويستی لی نةڕووخاندبی

(٧)

ئةوة باية سثيدان زوو
هةزاران هةزار دلَؤثة شةونم
دةثڕذينيتة سةر طةلآ
نةوةكا خؤر ثتر مةست و مةخموور بی
بة لةرينةوةی لالةزاريكی طلاراوو بی هةدا
لة سةفةری برينی زةمةندا
بكيشی بة كيوی هةوريكی غةزريوو
ليرةواريكی بی باك ثڕكا لة هاواری فةنا

(٨)

شةوانة با
هةلَمى سيبوورى دةثرِذينى
بةسةركيوو هةرددا
سةر ثةلكةدارةكانيش
ثرِدةبن لة طةزؤى ميهرو سةلوا

(٩)

زؤرجار
لةبةرامبةر ضلَةطولَيكى خرؤشاو
ناتوانى لةنطةر بطرى با
نةوةكان نةقشونيطارى
سةر بالَةكانى ثةثوولة هةلَوةرى

(١٠)

زؤرجاريش
كة بؤنى باران دةكا با
مةثرسة ض حةشرى بةو طولاَنة دةكا
ضاوةرِيى بؤنى هةناسةى
تاكة ثةثوولةيى دةكةن
شلَثةى باران بالَةكانى تةرِكردووة
تةفسيرى خةونة رِذاوةكانى لى قورس كردووة

(١١)

دةفتةررِةسمةكانى با
ثرِن لة كةلاوةى ويران
لة ساباتى رِووخاو
لة نةمامى تيكشكاو، لة هيلانةى دارِماو



لة جةمةلؤن و تؤتیای فڕیو
لة كؤلارةی بةدارتیلةوة طیرؤدة
لة كووخی داتةثیو

(١٢)

سةرسةختترین دوذمنی سروشتة با

(١٣)

لة هةر كؤییةك
بؤنی ثةڵةهةوری بكا
ثیلانیكی ضڕ دذی درةخت و
طولَ و جوانییةكان ڕیكدةخا
لةطةلَ نةعرةتةی هةر ڕؤذةیی
تاڵترین تابلؤ دةنةخشینی با

(١٤)

با دةضیتة نیو ئارةزووة خرؤشاوةكانی دیلَةبةبا

(١٥)

با لة تاریكیدا نةرمتر ڕێ دةكا
بةسةر خاكة فةرامؤش كراوةكاندا بازدةدا
ئای كة تووڕةدةبی با
وةك نةهةنط زةریا شةق دةكا

(١٦)

با لةطةلَ هةور جووت دةبی
طیرفانةكانی زةمین
ثڕدةكا لة ئةفسانةكانی ئاو

(١٧)

لة فةرهةنطى سياسةتدا
تةنها باية
بى رِةنطترين ئايديؤلؤذيا
نة جةماوةرى هةية نة بارةطا
جار جارة وةك ديكتاتؤرة ضنط بة خوينةكان
هةر بة فيكةيى
داروبةرد، تاوةرو ثرد
كوخت و تامان
طوندو شاريش ويران دةكا

(١٨)

بةهارانيش
با دةبيتة مايسترؤ
بؤ ذةنينى
سيمفؤنياى هةناسةى طولَةطةنمة
تازة بالآكردووةكان
لة سرووتى كةرويشكة كردندا
لةسةر ئيقاعى سروة با
هةموو ثيكةوة دةكةونة سةما
دةشتى ناو دةغلآن دةبيتة ئؤثيرا

(١٩)

باى شةمالَ
ثةيكى شارةزا بةريطاى مةحالَ
تةتةرى ئازارة ثرِ سفتوسؤكانى رِؤح
نامةبةرى دلَدارو دلَبةرى
عةشق و ويسالَ

(٢٠)

کزة بایی
ثةنجة تةڕةکانی
بةناو قذی طوڵیکدا هینا
طولَ بة ئاطاهات
بایةکة بزةییکی بؤ کردو ڕؤیشت
ئةدرةسی طوڵةکةی دا بة ثةثوولان

(٢١)

هةروةکو قابیل و هابیلن
ڕةشةباو شنة با

(٢٢)

نةرمةبایی
یاری بة تاڵة زةردةکانی
قذی کضیکی نةشمیل دةکرد
کضة وایزانی
ئةوة دؤستةکةیةتی
لة ثةناوة یاری لةطةلَ دةکا
دوطمةی کراسةکةی ترازاند
طوتی واز لة قذم بینة
وةرةو تاوی
لةنیو مةمانم بسرةوة بؤ خؤت

(٢٣)

من هةرطیز حةوسةڵةی
هاوڕییةتیی زةریام نییة وةك با
کة شةوو ڕؤذ سةرقاڵة
بةکوشتنی عاتیفةی باران

(٢٤)

حةزة ثرِ فاكوفيكةكانى با

ناهيلَن بةرد ثيربى لة بيدةنطيا

ئاو دةلَى بيدةنطى كراسيكى خؤلَةميشيية لة ذاكان

جطة لة بةرد هةر كى لةبةرى بكا

دةبيتة قةنطةلاشكى دةمبا

(٢٥)

با ئاويتةى بةفر دةبى

زمانى دةبيتة طويزان، ضرِنووكةكانى دةبنة كارتيخ

دةموضاوو دةستوثةنجة

شةقار شةقار دةكا زريان

(٢٦)

نةكةن لةطةلَ با بضنة سةفةر

نةكةن هيض خؤزطةيى بة با بسثيرن

دوايى دةبنة مةسخةرةى طورطان

(٢٧)

لة رِيبةندانى مةكةوةرِى

با هةلَةتةت دةكا

ثةرةو ضالَة بةفرينةكان

بةرةو بؤنى برسيةتيى طةلةطورط

(٢٨)

تةنيا كيوى بابرِ

ناضةميتةوة لةبةرامبةر

نةعرةتةى ثرِ نةفرةتى با

(٢٩)

شنەبایی
نیشتە سەر قەرسیلی بەرمالآن
ئەو طوندەی ثڕکرد لە جیلوەو نەوا

(٣٠)

شەویکیان نمەبایی
ضووە ذوانی قانەطیایی
تا شەفەق یەکتریان بۆن کردو
خۆیان لەیەکتر هەڵسوی
کاتی بەئاطاهاتن
هەموو طیانیان خرۆشاو و تەڕ
وەك هەناسەی ئاقاقیا

(٣١)

باییکی بي نموود
خۆی نزیك کردەوە لەضڵی نەعنا
بە ئیشتیاوە دەیویست
خۆی تی هەڵسوی و ماضي بکا
لەثریکا باڕذنی دای کرد
ئاطری حەزی باکەی کوذاندەوە

(٣٢)

زۆربەی سالآن
بای سۆر
خۆی لە دارو درەخت و طولَ لوول دەدا
لە تاوان فی دەطرن
ضونکە دەزانن
ئیتر دەبن بە ثووشوثەلآشی بابردەڵە

(٣٣)

هيشتا نازانم
لةكوى دةخةوى با
كةللةم ثِر بووة لة باى طومان
كى دةلَى هةناسةى خودا نيية با

(٣٤)

دةلَين رِةشةباش
فريشتةيةك بووةو
نةفرةتى لى كردووة خودا
بؤية لةوةتةى هةية
هةر بةسةركؤتى و
ثيخواسى غاردةدا

(٣٥)

كى دةزانى بؤ
هةميشة دوذمنى سؤلَةضراية با؟

(٣٣)

ئةو سةردةمانةى تؤ خوداوةندبووى ئةى با
ئاخؤ وةكو ئيستا
بى مروةتى بةرامبةر بوونةوةرةكان دةكرا
ئةوكاتيش شةهيدةكانى با
ثةريشان و ثةشيمان و
رِؤح ثةذموردة بوون وةكو ئيستا

## زەنگی زەخمەکانی زەمەن

موحسين ئاواره



(١)
شانةى هةنطوين بة زمان مةليسةوة
نةكا هةنطيكى خةوتوو لة نيو شانةكانيدا
لة خةو هةلَسى و بة زمانتةوة وةدا

(٢)
شةو بة تاريكى
ئةو سروشتة جوانةى تاريك بةرط كردووة
بةيانى هةتاو ئةو بةرطةى لةبةر دائةكةنى
ڕووتى دةكاتةوة.. ڕووت ڕووت
ئى دةواية خؤ ناكريت
ثرتةقالَ بة ثةلك
فستق بة تويكلَةوة بخوريت؟!

(٣)

ئەو مرؤظەی لەسەر ثانتایی زەویدا
بی باڵە
لەنیو جەستەی فڕؤکەدا
سەیری خؤی دەکا
وردە وردە باڵ دەردەکا
کە زەویش جیدیلَی
تا بەرەو قووڵایی ئاسمان هەڵدەکشی
هەرضی لە خوارەوەی خؤیدا هەیە
بضووك بضووك دەبیتەوە
ئەوسا دەزانی
خوا لەو بەرزاییەدا ضەند طەورەیە!!

(٤)

ثەثوولەش ثیر دەبی
ثەثوولەش دەمری
هەن لەنیو قەدی کتیبیکدا
وشك بوونەتەوە
ئەو کتیبەی ڕؤذانی
لەنیوانی بی ئاطایی دوو ئەویندارا داخرا
کە بەیەکەوە دەیانخویندەوە
ئەو کتیبەی شیلاوی خؤشەویستی
بە سەردا ڕذا
ثیت سەیر نەبی
نیو قەدی کتیبیك ببیتە

طؤرى ثةثوولةيةك
ببيتة يادطاريكى بة سوى و برين
بيانطةڕينيتةوة ڕؤذانى ديرين
ڕؤذانى بةيةكةوة بوون
كة ثةڕةكانيان ليكدةكردةوة
بى ئةوةى هيض لى تيبطةن
كة داشياندةخست
بةرةو فةناو عيشق و خودا دةضوون

(5)
بةنزينخانة.. ضيشتخانةى ترومبيلانة
مةيخانة.. مةلَبةندى فرياطوزاريى
سووتاو و عاشقانة
ضايخانة.. ذوورةوةى مةكؤى
دةموضاوة سةرابييةكان
زةمةن كوذةكان
كورسييةكانى دةرةوةيشى
بؤ بازة ضاوبازةكانة
شيتخانة.. خانةى ثيضدانى طةردةلووليكى سثيى
ثڕ لة وشةى ئةوديوى ديوةكانة
فراوينى فةرهةنطى بيرمةندو شاعيرانة
قةسابخانة.. دوا ويستطةو دوا ڕؤذى
مةحشةرى ئاذةلآنة
خانة.. خانة.. خانة

هةر خانةيةك داشيكى بؤ دى و
داشيكى لةبةر دةڕوا
بةشيكى ڕؤشناييةو
ئةويتر با دةيبا

(٦)
ڕووناكة.. ضراية.. جةستةى تؤ
ضيذةو حةرام
باخةو دةرطاى بةترس و لةرزة
بة ئةطةرو بةلاَم
جوانة.. خؤشة.. قةدةغةية
ئةطةر حةقيقةتة.. ئةطةر باغةية
كةوابى ئايندةت
ئةسثيكى ڕووتةو تؤى لةسةر بةستراوةتةوة
ئةسثيش نة لغاوى هةية نة جلَةو
سةرو كةللةو مةراقى
بةرزو بةرزةخ
ڕادةكاو ڕادةكاو ناوةستى
تا نيو دؤزةخ

# پێڵاو

سمکۆ محەمەد



ثيلآوةكةم بؤ تؤ
من خاكم نيية
كلآوةكةشم هةر بؤتؤ سةرم ثيوةنيية
كةسيك لةثيلآوةكةى خؤيدا بمرى
بةكلآوةكةى خؤيةوة دةنيذرى
سةردةميكى نوي هاتووة ئةزيزم
دةلَين سةرى بى كلآو ئاشووبة
ثيى ثةتيش نةطبةتي
غايةلةيةك بةسةرما هاتووة
خؤم شيلوو ناكةم
دةست بةكلآوةكةى خؤمةوة دةطرم و
بةدواى كلآوى بابردوودا ڕاناكةم
تؤ ضاو لة من نةكةى
بةرخم زرووفى تؤ جياية
هةموو خةلَك وادةلَين
فرسةخيكى ديكةمان طةرةكة نازانم بؤضى
مادام لةذير هةر كلآويكا ئاشووبيك هةية
لةذير هةر ثيلآويكيشا خاكيك هةية
بى ترس و بى  دوودلَى
هةموو ئةو كتيبانة دةسووتينم كة تؤ لةلات ثيرؤزن
لة ذير سيبةرى كلآوةكةمدا هةلَديم

تۆ نەكەی طولَ لەسەر سینطت بضنی
من بەنیازم شوینیك بۆ ثیلآوەكانم ضی كەم
لەهیض كونجیك جیطەیان نییە
باش بزانە تۆ هیضت لەمن زیاتر نییە
لەمناڵییەوە ثیلآویكی تەنطیان لەثي كردووم
تۆش سەرثۆشیكی ڕەش
من هەرزەكاریم لەثۆستاڵیكدا خنكان
تۆش لەضیشتخانەدا كوشتت
تۆ ئەمانەت نەزانیوە
تا ئیستا تاكیك لەثیلآوەكانم بەتەنها دەڕوا
خۆشم نازانم بۆ
سیبەری بیوەذنیكی قۆشمەضی بەتەنیشتمدا تیدەثەڕی و
ئاوریشم دەطیڕی
وادەزانم لەكەسیك دەضی ناوی نازانم
یان ڕۆذهەلآتم لی طۆڕاوە
یان زەینم كویربووە
تۆ بلَی ...
من بیرم نەماوە .. تۆ بلَی
ماڵەكەتان بۆ لەشوینی خۆی نەماوە
ئەو ثیاوانە كین لەبەردەرطای ئیوە
بەتەلَفیزییەوە جطەرەدەكیشن
كوڕەكان بۆ تۆنی دەنطیان طۆڕاوە
ئیستا كی ثیلآو بۆ كی دادەنی
كی كلآو بۆ كی دادەنەوینی
من ثیلآوەكەم تاكیكی لەثیمدایە و تاكەكەی تری بەدەستمەوەیە
كلآوەكەشم ڕەشە بابردوویەتی و سیبەرەكەی بەسەرمەوەیە

ئيستا بەثيى ثەتى و سەرى ڕووت دەطەڕيم
ئەنطوستيلەيەكم دؤزيوەتەوە
لەميراتى دوو عاشق دەضى
بيستوومە ميراتى هەر سەريك بؤ ذير ثيى ميريكە
مير كە زەوق طرتى شەراب دەنؤشى
زەوقيشي نەبوو ثاشقول لەسەرخؤشەكان دەطرى
وەختيك بە ذنەكانى خؤى ناويرى
لەداخانا جنيو بەذنيكى سكثڕ دەدات
ئەو ذنەى نيوەى لەشي لەمار دەضيت و
نيوەكەى تري ئاوريشمى تەڕ
بەهەر كؤلآنيكى قەرەباڵغدا دەڕؤم
لەمنالآن دەثرسم جطە لەخؤتان ضيتان بينيوە
ثيلآوم ثي نيشان دەدەن
كاتيكيش ڕووم تيدەكەن
ثيلآوەكانيان فڕى دەدەن
وەختيكيش ثشتم تيدەكەن
كلآوەكانيان نيشان دەدەن
بەهەر ضؤلآييەكى ڕەشدا دەڕؤم
ليم دەبيتە حەسار و ذنيكى سثى تيداية و دەيناسم
دەمەوى ڕەشماڵَ لەطەرميان هەڵدەم
سيبەرەكەى دەضيتەوە كويستانى سارد
ناويرم هەنطاويك ڕي بكەم
دەستيك و قاضيكم جيدەمينى
دوو ثاسارى ثيكەوە بانطم دەكەن
فەرموو ئەم ثيلآوە
سەيركە ئەم كلآوە
شيعريان تيداية دايكمان بؤى نووسيوى

بیدەنطی وەك شیت دەست دەوەشینیت و
دیوارە ڕەنطاو ڕەنطەکان دەسڕیتەوە
ئەم هەواڵە دایکم بۆ شیخیکی داوین ثیسی بردبوو
خوشکەکانم بۆ طۆڕستان و
باوکیشم لەنیو طۆڕەوە بەدیارییەوە طریابوو
رۆذنامەکانیش تووڕی هەڵدەدەن
لیرە نەناوی من هەیە نە ناوی تۆ
نەثیلآوی من هەیە و نەئاوریشمی لەشی تۆ
تەنها حەساریك هەیە لەدووری شار
ثەنجەرەیەکی شڕ و شکاو
ثارضەیەك قوماشی شڕ
تۆنی دەنطیکی باریك
دەمانضەیەکی بی یەدەط
لەو حەسارەدا نیذراون کە من شەثۆلی جیماوی ذنیکی تیدا دەبینم
هەتا فریادەکەوم کەمیك لەخۆم دابڕیم
ڕۆذهەلآت بەثەلە خۆی دەکات بەماڵەکەمدا
نەزمیکی تر سەرم لي دەدات
کوڕیك دەبیتە هاوڕیم و داوای جطەرەم لي دەکات
نووسراوی سەر ثیستی ڕیوییەکی ثیية
باوکی بۆ ذنی دۆلَیکی نووسیوە و
دایکیشی بۆ ضەمیکی تر هەلآتووە
ثیم دەلَی لەیادەوەریی خۆتدا بۆم هەلَطرە
لەو کاتەدا نیطام دەخلیسکی بۆ دارستانیك کە تەنها
داربی تیدا بەردەطری
وەختیکیش لەخەوڕادەبم
ثیلآوەکانم لەذیرسەرمە و کلآوەکەشم لەذیر ثیم

# فەرهەنگی دڵتەنگی

**دڵسۆز حەمە**
(سلێمانی)



**منداڵی:**
ئەوەی قەت
تەنانەت
بە وێنەیەکی ڕەش و سپیش نەمانبینی.

***

**هاوڕێ:**
ئەوەی تەنهایی
دەمانخاتە بەردەرگاکەی.

***

**وڵات:**
ئەوەی ژووریکی نەدامی کە خەونی تیا ببینم
خەونیکیشی نەدامی
تا ژووریکی بۆ دروست بکەم

***

**شاعیرەکە**:

ئەوەی قەڵەمەکەی
لە شمشیری توندڕەوە ڕیش دریذەکە
زیاتر سەری شیعری ثەڕاندو
دەست و قاضی هەستی
زۆربەمانی بریندار کرد،
وەختیك لەسەرەی دەستخستنی خەیاڵدا
ئاثۆرەمان دی
هەمیشە ئەطەری ئەوەی هەیە... لە غافڵطیردا
خۆی بە دڵنیاییماندا بتەقینیتەوە.

***

**جوانی**:

ئەوەی نیوەی لە دووکەڵی شەڕدا
نیوەی لە غوربەتدا
بوو بەذیر ثیرییەوە

***

**پیاوی ڕۆژهەلاتی:**

ئەوەی لەطەلَ مەمکیکی شەرمن و حەثەساوی
ئەم ڕۆذهەلاَتە ترساوەدا
توندڕەوە... موحافیزکارە... مرومۆض
لە هەمبەر مەمکیکی ضاوکراوەی
سەربەدەرەوەو ئازادیی ڕۆذئاوادا
تا سەر ئەذنۆ دەضەمیتەوە
لیبووردەیە... لیبراڵە... عاشقە زۆر زۆر.

٢٠٠٩

# چەند هەناسە شیعرێك


**زیاد نادر عاڵلآیى**

zyadnadr@yahoo.com




(١)

تؤ ثيضةوانةى درةختى،

كة رِووت دةبييةوة جوانترى..

تؤ ثيضةوانةى ئاطرى،

كة طةرم داديى نيانترى..

هةرضةندة ليت دةرِوانم،

لة رِؤمانسيةتى تؤ ناطةم،

بةهاريكى ثرِ خوسارى و

ذنيكى ثرِ ضواڵةو بادةم!!

(٢)

ئيمة لة سةردةميكدا دةذين،

كة بانطةشةى ئازادى و خؤشةويستى و

مافى ذنى تيا فرةية..

كةضى ليرة،

ئازادى لة ديل ديلترة..

ذن هةميشة ذيلةمؤية،

خؤشةويستى هةر بطةية!!

(٣)

لة شةتةكدان و دةسترازةى طارينةوة(*)،
دةزانم ئازارى ديلى ضةندة ثر سؤية..
ئامان بؤ نةتةوةى،
تا هةنووكةش دةستةمؤية..
سةراسيماى سنوورو ئازادى و ئاسؤية..
ئيمة سةدان سالَة،
لةذير ثيلاَوى كةلَةطايةكاندا هةر نالَةمان دى..
هةموو رِؤذى
طؤزةى كةرامةت و كوردبوونمان دةشكى..
ئازاد نابين و
ئازادى نابينين..
بة ضوار لةتةوة،
يةك ثارضة ئالاَمان
لة لا بؤتة خةوبينين!!

(٤)

دلَنيام شةرِى سييةمى جيهانى،
لةسةر ذن هةلَدةطيرسى،
نةك ثةترؤلَ و
يؤرانيؤم و
ئةليكترؤن و ئاو..
ئاخر كةس بةرطةى نازو عةشقى ذن ناطرى،
لة طةريترين(*) ئادةمى،
تا سةرسةختترين ثياو!!

(٥)

نووكة ئةو دلَةى من،
بةرزةفتى بةر نيطاو عةشقى تؤية..
تةذى عةشقى ثاكذة،
وةك درةختى بةهاران ثِر طولَ و ضرؤية..
تو ضاوى خؤت،
ئاطادارى دلَم بة، ثِر لة عةشقى خاوينة..
طةر نازى هةلَدةطرى،
بيبة بؤ خؤت،
طةر نا.. شياوى شكان نييةو مةيشكينة.



(٦)

حةزم واية، تاو ناتاوى،
ماسيى وشة، لة ضةمى دةنطت سةر دةرينى..
حةزم واية هةموو رِؤذى،
سروشت لة ضيمةنى جوانيت..
سيماو وينةى خؤى برازينى..
حةزم واية هةموو دةمى
وشةى شيعرم، لةبةر خواى
خؤشطؤييت سةردانةوينى..
حةزم واية لةطةلَ سثيدة،
شةنطى سيحرى خؤت دةربخةى،
هةموو دنيا،
بة تيشكى جوانيت بهةذينى.

**پەراوێز:**

* ڤارین: ناوی کوڕە تاقانەکەمە، وشەیەکی پەهلەوییە، واتا: بارین.

* گەری: وشەیەکی تورکییە، واتا نەزان، نادان.

# گوڵەڕێ

جەزا عەلی ئەمین



ئةو ثيية هيند نةرمة
ثةلكى طولآنة دةيطيرِى ؟
ئةو رِؤذة
سةر رِيتم ضاو لي بوو طولآوى
دةيانوت:
كةمةرى جوولآوة
بسكى خؤى باداوة
لة (سةير)ى وةريوين !
ضاوةرِيين بيتةوة
طةر نةشية
رِييةكةى
دةبريسكى !
لة شةودا هةلَدةبى

لة يةكدى دةترسين
تا باخةلَ بؤى دةضين !
زؤر حةيفة
(با) بيت و بمانبا بؤ نةديو
كةس نةبى بترسى
كويندةرين؟
ئاواهى نابينة هةتوانى برينى
بةرامة، رِةنطى جوان
ون دةبى، دةوةرى
(با)ى مةرطيش هةلَنةكا
لة خؤرِا دةتروى !

***

لة جوانيى ئةو كةوتووينةوة
درةنط بى ياخود زوو
بؤ سيبةرى ديدةكانى
دةضينةوة!

٢٠٠٧- سليّمانى

# مونقیز ئال فیرعەون(*)

حەمید قەڵادزەیی



لة خويندنةوةى ديڕةكانى ميذوودا..
سةرنجم، لة فاريزةكان دةهاڵى و..
لة هاوارى سووتانى خؤم، ڕادةضةنم!
لةنيوان، ئاماذةكانى سةرسوڕمان،
طومان لة مانى خؤم دةكةم!
هةتا ئيستاش.. لةطةلَ ئاوابوونى ئيوارة كالَ دةبمةوة
بة طومانةوة، دةڕوانمة بينينةوةى ڕوخسارى خؤر!
دةترسام تؤش، وةكو ئةوان..
خاڵى بووبييةوة لة ويذدان
هةنطاويكت لةذير سيبةرى (بؤمديان)و
سولَتانةكانى تاوان هةنطاوتبى
وامدةزانى بةقةد خورما ڕقت لة بةفرة
بة ئةندازةى شؤڕةبى،
لة بى ڕةحميى دڕكةزيى وشكارؤ دةترسى!

تا نةمبينى لةناو دادطاى تاوانةوة
باوةشت بة هةلَةبجةدا كردو..
لةطةلَ كانيى عاشقان كؤبوويةوة
نةمدةزانى..
لةبرى وانةكانى زمانى شمشيرى عرووبة
جةواهيرى و عةلةويت خويندؤتةوة
كة دةستى سثيت،
ضاوى طةرميانى سرِى و..
خةندةت بة بادينان بةخشى
زانيم بؤ باليسانى طرياويش، دىية سةرضؤك
تا ئةوكاتة.. لةنيوان يةقين و طوماندا كةنةفت بووم
ئيستا، تةمى طومانم نةماوة..
تؤ زادةى خةونى حةللاج و..
ميراطرى جةواهيرى و..
قةسيدةيةكى عةلةوى.

* دادوەرێکی بەرەچەڵەك عەرەبە، لە دادگای باڵای تاوانەکانی بەغدا، لە کێسی (ئەنفال) سەرۆکی دەستەی باڵای داواکاری گشتی بوو.

# تۆ دیار نیت

دلْشادی عومەر کاکی



دیار.. نیت
ڕۆذیكةو دووان
دیارنیت.. هةفتةیةكةو سیان
دیارنیت.. مانطیكةو ضوار
دیارنیت.. لةنیوان سالَةكاندا
سالَیكةو دووان
سالَیكةو سیان
سالَیكةو ضوار
ضةندسالَة.. وةك بةفریك.. دةباریی
هةموو شةقامةكان دةكوذینیتةوة
وةك بارانیك دةباریی
شةقامةكان ضؤلَ دةكةی
طةلآیةكت بة شةقامةوة نةهیشتووة
وةك (با) هةلَدةكةی
ئای تؤو غةمطینی، ضةند جوانن

ثيكةوة.. بةبن بالَى تةنياييةوة
قؤلَ لة قؤلَى تةنيايى دةكةيت و..
وةك كضى نيو ئةفسانةكان..
بةنيو باوبؤراندا
سةدةيةكى مات و مةلوولة
سةدةيةكى زةرد
سةدةيةكى خؤلَةميشى
ديارنيت و نة شووشة عةترةكانت دةكةيتةوة
نة قوتووى ملوانكةو موستيلةكانت
شةويكى غةمطينةو سةفةريكى دلَتةنط
تؤ وينةت بؤ ئةلبوومة داخراوةكان طرتووة
كة سى ضوار لاثةرِةى ئةلبوومةكةت دةكةيتةوة
نينؤكةكانت دةبينى بؤيةت نةكردوون..
ملوانكةو طوارةكانت بيردةكةويتةوة
ئاى سةردةمانيكة لةطةلَ ئاوينةكةتا
دانانيشى.. دةرِؤى.. دةرِؤى..
ديريك لة قولَثةى ئاو
ناكةيتة بنى طولَةكان
ثةردةى ضلَ و ضيوى لقة وشكةكانى ثةردةكةت لانادةى
لة شةويكى غةمطيندا
بة بن بالَى سةفةريكى غةمطينةوة دةرِؤى
منيش كتومت لةو شةوةدا دةتبينم
سالَيكةو دووان..
ئةوة ضةند سالَة
من نازانم.. ئيستاكة لةطةلَ كام طؤرانيداى

كام شيعر دةخوينيتةوة
ئاخر ئةو سالآنة لةسةدةيةك دةضن
سةدةيةك كيذؤلَةيةكى تيادةبى بةدايك
دايكيكى غةمطين
سةدةيةك جةنطيكى تيدا تةواو دةبى
سةدةيةك طةليكى تيا ئازاد دةبى
منالَيكى تيا دةبى بة ثياو و..
ثياويكى تيا دةمرى
ئاخر هةموو سالَيك لة تةمةنى..
كورتى ئيمةدا.. سةدةيةكة
سةدةيةك كة شاخة سةهؤلَينةكانى
رِقى تيا ناتويتةوة
نازانم.. تؤ ئيستاكةش.. كضانة
كضانة ثةنجةكانت دةخةيتة نيو قذتةوة..؟
كضانة ليو ئالَ دةكةى..؟
كضانة بؤنى لاملى خؤت دةكةى..؟
درِؤيت و نازانى.. لة درزيكى..
ئةم رِؤذو سالآنةدا فرياناكةوى
كتوثرِ بةلامدا تيدةثةرِى
ضؤن بة بزةيةك.. هةرضى رِووخان هةية دةيشاريتةوة..؟
بةنيطايةكى شكستة ضؤن درزى ئةو سالآنة دةدرويتةوة..؟
بة ليوترازانيك..
طيلاسى شيعريك.. هيشووة تريى قةسيدةيةكم
ضؤن لة خوينا.. بة ليوةكانتةوة دةطةوزينى..؟

تۆ من نابينيت.. كة دةڕۆى.. دةمبينى..
تۆ دةزانى ضةند ڕقمان لةيةكةو..
ضةندة يةكتريمان خۆش دةوى..؟
دةزانم تۆ لةو باڵندانة دةضى..
بى خۆشةويستى دةمرن
لةو ماسييانة دةضى لة ذووريك ئاودا
بةرةبةيانيك سةرئاودةكةون
لةو طوڵة كيوييانة دةضيت
لة تةماشايةكى قيزةوندا
بةبۆنى ئادةميزاد..
بةبۆن دةكةوى و ثةڕ ثةڕ دةبى
سةدةيةكى زةردة.. سةدةيةكى مات و مةلوولة
وةك (با) طةلآيةكت بةشةقامةوة نةهيشتووة
وةك بةفر شةقامةكانت كوذاندۆتةوة
وةك باران.. شةقامةكانت ضۆلَ كردووة
هةموو شةويك لة ثةنجةرةكةم ئةدةيت و..
تۆ ديارنيت..

# داهـــــات

**حەمید موسەدیق**

**و. لەفارسییەوە: نادر نیرٶومەند (بۆران)**

پێشکەش بە شیعرێکی کاك سەعدوڵلاٚ پەرۆش



تؤ بة من ثيكةنى و نةتزانى
بة ض دلَةڕاوكييةك
من لة باخى هاوسى
سيوم دزى
باخةوان قولاندى
ڕاوى نام سيوى لةدةس تؤدا دى
مؤڕةيةك واى لة ئةمن كرد
سيوى طاز ليطيراو
لة دةست كةوت و لة خؤلآ طةوزى
ئةتؤ ڕؤيشتى و هيشتاش
سالَةهاية كة لة طويمدا
خشةى هةنطاوةكةت
هةر ديت و دةدا ئازارم
ثرسياريك يةخةمى طرت و
بةهيض كوى نةطةيى هاوارم
من ئيستةكةش نةمزانى
مالَة بضكؤلةكةى
ئيمة بؤ
سيوى نةبوو!

# لەخەوما(*)

و: مەحموود زامدار



جاريكيان لة خةوما
كيذؤلَةيةكى زراظ و رِةشةسمةرى
زنجيم بينى
طيتاريكى هةلَطرتبوو
جوانترين ئاوازى دةذةنى
بؤ (ئةبؤرا)ى ضيا وةهميش
طؤرانى دةضرِى
طةر بؤم بلوى
ئةو ذةنين و ضرِينةى
كة ناخى ناخى هةذاندم و حةسامةوة
دووبارة بكةمةوة
ئةو ماكى ئةو طونجان و حةسانةوةية
دةبووة كانياويكى هةلَزيثاو و
سيامةستى دةكردم
لةو مةستييةمدا دةمتوانى
كاكة شانيك لةو
ضرِينة بةرزة بى سنوورة
بنيادبنيم
كة خؤرى تيدا دةبريسكيتةوة
لة ثالَيشيا
ئةو ئةشكةوتانةى كة بةفر داى ثؤشيون

نةك ئاو
هةر كةسى طويبيستى ئةم حالَةم بى
دةزانى ض شتيكى بةنطينم كردووة.
ئا لةو ساتةدا هةموو بة جارى دةلَين:
وريابة
لةو دوو ديدة ثڕ لة ضريسك و بريسكةية
لةو زولَفة هةودا هةوداية
وريابة... وريا
ئينجا بيخةينة ناو بازنةيةكةوة
سى جار تةونى بؤ بكةن
ئيوةش ضاوى ترساوتان
ليكبنين
ضونكة لة شيلةى بؤزةنى
ئةو جوانيية
خوا خؤى نؤشى كردووة
ڕووبارةكانى بة هةشتى
ثى فرضك داوة

(*) ساموییل تایلۆر کۆلیردیگی شاعیر (١٧٧٢-١٨٣٤)، شەوێکیان سەرخەوێ دەشکێنێ، لە گەردوگوڵی بەیاندا ڕادەپەڕێ و چامەی ناوداری (قوبلاخان) هەر وەك چۆن لە خەونا وشە بەوشە، پیت بەپیت بینیویەتی دەنووسێتەوە. ڕەخنەگرانیش وای بۆ دەچن، کە ئەم خەونە تەرجەمەیەکی سینە سۆزەی هەستە، بەڵام بە (وێنە) کە توانای بێ بنی شاعیر لە ئەفراندنو ڕاهێنان دەنوێنێ.

**سەرچاوە:**

مجلة المقتطف، العدد (٨٠)، (١٩٣٩).

## دوو شیعری هاوچەرخ

سەلاح حەسەن(*)

و: فەیسەڵ دێهاتی

## (١)

## پەیکەری شاعیر



لە دەوروبەری ثەیكەرەكەمدا
ثۆلە كۆتریكم بینی
بەدەنووك لە درزیكی كراسەكەمەوە
لە نزیك دلَمەوە
هیلانەیەكیان دروست دەكرد
طویم لیبوو شیتەكان دەیانطوت
شاعیر بوونەوەریكە هەمیشە بەرەو یەقینی
خۆی ڕادەكات
لەمەش زیاتر... دەلَین:
شیتایەتی كورتە بازیكە بەرەو مەحالَ
ئافرەتە بیوەذنەكانم بینی
لە سیمای مندا بە دوای ئەو ثیاوانەدا دەطەڕین
كە ضوونە جەنط و هەر هەموویان لیشی نەطەڕانەوە
ثیاوانم بینی
لەناو خۆلَدا بە دوای ئەو ئەستیرانەدا دەطەڕان
كە دەمیكە لە دەستیان داون

من هةموويانم بى ثةروبالَ و بى طؤرانى
لة دةوروبةرى خؤمدا بينى
وينةطرةكانم بينى
بةو ئاميرانةى وينةطرتنةوةكةى خةوى شوينةكانيان دةرزان
بة دواى هؤيةكانى ئةو خةمةى لة ثيكةنينمدا دةطةران
من هةر خؤم بووم
لة كؤتايى شةودا، سةرنجم دا... بينيم
سةرخؤشةكان بةسةر ثةيكةرةكةمدا دةميزن.

* شاعیرو نووسەرێکی عیراقییه له هۆڵەندا دەژی.

**(٢)**

## تەرم

**مستەفا عەبدوڵڵا**(*)

من ضةندةها كيلؤمةترى نيوانمان دةبينم
ئةو زنجيرة دريذانة
بيردةكةمةوة:
لةو ثانكانةى لة زستانى بة دةورماندا خول دةخؤن
ويستطةى بيبسى كؤلا
بيردةكةمةوة!
لةو خةناوكة دةنلوبية قورسانةى
خستووتيانة طةردنتةوة
تؤ لةسةر ثييةك وةستاوى
نازانم...
كى كيى هةلَكةندووة

من يان ضالَةكةم
ئةو برينة ئاشكراية سةر تةنكيشى زةويم
من دةبينم
ئةو دوو شؤستةيةى لةنيو يةكتردان
وةك درِك و نينؤكةكانى
بيردةكةمةوة!
لةو تةرمانةى لةنيو تابووتةكاندا ڕاكشاون
بة بةرِيكاران ثيشوازى دةكرين
بة ثيشوازيكاران بةرِى دةكرين
ضؤن مةبةستةكان، جياوازكارييان تيكةوت
لةسةر كةنارى ئةو خةنجةرةى
كة ليكمان دادةبريت
تا ئةو كةسةى تةييارةو ضةماوةتةوة
ئةوة دةزانم
وةك ضؤن بؤنى تؤ دةكةم ئةى هاورِيم
لةنيوان هةردوو دةمةخةنجةردا كة ليكمان جيادةكاتةوة
بةرانبةر تةرمة وةستاوةكةت دانيشتووم
بيردةكةمةوة...
كى كى لة خؤى دةطرى
تؤ... يان ئەو ثةتةى لة طةردنى تؤ ئالآوة؟!

- شـــاعيرێكی عيراقييـــەو خـــەڵكی بەســـرەيە، لەســـاڵی (١٩٧٩)دا بـــەهۆی بـــيری چـــەپايەتی كەوتـــە بـــەر شـــاڵاوی ڕژێـــمو ئـــاوارەی هەنـــدەران، بـــوو لـــە مـــەغريب دەژيـــا. بـــەهۆی ڕووداوی ئۆتۆمبێلەوە كۆچی كرد.

**سەرچاوە:**

ئەلحەيات، ١٩٩٨/٩/٣.

# چالاكییە ڕۆشنبیرییەكانی
# لقی هەولێری یەكێتیی نووسەرانی كورد

ئا: شوان سەرابی

شوین: هۆڵی شەهید مەهدی خۆشناو

(١)

كاتژمێر (٣٠: ٣)ی ئێوارەی ڕۆژی هەینی، ڕێككەوتی ٢٠١٠/١/٨، بەبۆنەی (٩٠) ساڵەی لەدایكبوونی شاعیرو تێكۆشەری ناسراوی گەلی كورد مامۆستا ئەحمەد دڵزار فێستیڤاڵێكی سازكرد.



لە فێستیڤاڵی ڕێزلێنانەكەدا، كە ژمارەیەكی یەكجار زۆر لە نووسەرانو ئەدەب دۆستانو كەسوكارو دۆستو ئازیزانی شاعیر ئامادەبوون، بە خولەكێك وەستانو نواندنی بێدەنگی بۆ شەهیدانی قەڵەمو وشە لە هەموو جیهاندا، لە عێراق بە گشتیو لە كوردستان، بەتایبەتیش بۆ گیانی پاكی ئەندامانی لقەكەمان د. عەبدوڵڵا حەداد، عەبدولخالیق سەرسام، خالید جوتیارو سەعد شكاك، كە ساڵی ڕابردوو بەجێیان هێشتین، دەستی پێكرد.

سەرەتا وتاری لقی هەولێری یەكێتی نووسەرانی كورد خوێندرایەوە، كە ئەمە دەقەكەیەتی:

**دنیـــا باغێکـــە ژیـــان گوڵیـــەتی**
**ئـــازادی زادی گـــەڵاو چـــڵیەتی**
**هیـــوا ئـــاوازی خـــۆش بولبولیـــەتی**
**دیلـــی میکـــرۆب و کرمـــی گڵیـــەتی**

ئامادەبووانی بەڕێز:

بەناوی لقی هـەولێری یـەکێتی نووسـەرانی کـوردەوە بـەخێرهاتنێکی گـەرمتان دەکـەین‌و بەخێربێن سەرچاوان.

لای هەمووتان ئاشکرایە کە پـەیامی ئـەدەب، پـەیامی ئاشـتی‌و خۆشەویـستی‌و تـەبایی‌و لێبووردەییە، شاعیرو تێکۆشەری ناسراوی گەلەکەمان ئەحمەد دڵزار لەم پێودانگەوە ئەو پەیامـە پیرۆزەی بەرزکردەوەو تا ئەم چرکەیەش هەر بەردەوامە.

مـرۆڤ ئەگـەر وێـستگەکانی ژیـانی دڵـزاری شـاعیرو نووسـەرو تـەرجومان‌و تێکۆشـەر بەسەربکاتەوە ئەو ڕاستییەی زیاتر لا بەرجەستە دەبێت کـە ئـەدیب بـەمانا فراوانەکـەی واتـە پەیوەست بوون بە کێشەی ڕەوای میللەت‌و خەبات لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانیان.

دەمێکە وتوویانە (نووسەر شایەدی سەردەمەکەی خۆیەتی)، ئێمەی نووسەرانی کوردیش بـە شانازییەوە دەتوانین بڵێین کە مامۆستا شایەدێکی ڕاسـتگۆو بەوێـژدانی ئـەو سـەردەمەیە، لـە هەرەتی گەنجیدا هاتۆتە نێو کۆڕی تێکۆشان، کـونجی بەندیخانـە تاریکـەکانی حکوومەتـە یـەك لەدوای یەکەکانی عیراق شایەدی خـۆڕاگری‌و بـوێری بـۆ دەدەن‌و چـیاو ئەشـکەوتەکان‌و گونـدو شارەدێیەکانی کوردستانیش هاوڕێو برادەری ئەون‌و پەیڤو شـیعری کـوردی پـاراویش دۆسـتە هەرە بە ئەمەکەکەی دڵزارن.

ئازیزان:

ئێمە لە لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کورد، خۆمان بەسـەربەرز دەزانـین، کـە ئـەمڕۆ خەڵاتی ڕێزلێنانی پێشکەش بـە مامۆسـتاو ڕابـەرێکی خۆمـان دەکـەین، کـە زۆر دەرسـی لێ فێربووین‌و چەندان پەندو عیبرەتیشمان لە خەبات‌و داهێنانەکانی وەرگرتووە.

نەوەد ساڵ لە تەمـەنی شـاعیرو نووسـەرێك، زەمینەیـەکی بەپیتـە بۆئـەوەی لێتـۆژەرەوەو باسکاران، تۆژینەوەی فرەلایەن لەسەر بەرهەم‌و خەباتەکـەی بکـەن، بـەهیوای ئـەوەین هـەردەم

مامۆستا دلزار بە لەشساغو زەردەخەنەی هەمیشەییەوە ببینین، هیوادارین نەبێتە نەخۆشی ناو جێگاو ئێوەش هەر شادبن..

پاشان مۆمی (٩٠) ساڵەی تەمەنی لەلایەن بەڕێزان خاتوو فریشتەی کۆیەو مامۆستا کەریم شێخانی-یەوە داگیرسا، ئەوجا وتاری وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەڕێز کاوە مەحمود شاکر وەزیری ڕۆشنبیریو لاوانەوە پێشکەش کراو تیایدا وێڕای



بەرزنرخاندنی ڕێزلێنانی مامۆستا دلزار لەلایەن یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی هەولێر، گوتی: پێدەچێت لەسەر ڕێچکەیەکی ڕاست بین، ڕێچکەی ڕێزلێنان لەداهێنەرانمان لە ژیانی خۆیاندا، ڕێچکەی ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی یادی لەدایك بوونیانەوە، کە ڕێچکەیەکی نوێی جیاوازە لە ڕێچکەکانی جاران، کە تەنها لەکاتی ماتەمینیو ماڵئاوایی یادەوەریی ئازیزانمانو داهێنەرانمان دەکردەوە.

دلزار بۆ ئێمەی سەلماند، کە ئەویش تێڕوانینو تەماشا کردنی جیهان بەتێکڕای ڕەنگەکانییەوە لە چوارچێوەی هەڵوێستێك، کە جیاکاری نەکات لەنێوان تێڕوانینی سیاسیو لەنێوان تێڕوانینی پابەندبوونو لە هەمان کاتدا ئەمانە ڕێگر نەبن لە بەردەم داهێنانیدا. ئەمەش وانەیەکی گەورەیە بۆ هەموو ئەوانەی، کە پێیان وایە پابەندبوون بە مەسەلە گشتییەکانی کۆمەڵگەو گەل ناکۆکە لەگەڵ داهێناندا. وێستگەکانی تەمەنی مامۆستا دلزار یەکجار دەوڵەمەندنو شایەنی چەندین توێژینەوەنو پێم وابێت نەوەکانی داهاتوو زۆر کەڵك لەو ژیانە پڕ لە بەخششە وەردەگرن.

لە کۆتاییدا هیوادارین یادی (١٠٠) ساڵەی لەدایك بوونی دلزار لە هۆڵێکی گەورەتر بکەینەوە. پاش ئەم وتەیەش مامۆستا عەزیز محەمەدی هاوڕێی وتارێکی پێشکەش کردو ئەمەش دەقی وتارەکەیەتی:

بەڕێزان:

زۆر پێخۆشحاڵم کە ئامەدەبم لە کۆڕی ڕێزلێنانی براو برادەری بەڕێزو خۆشەویستی دێرینم کاکە دلزار، پڕبەدڵ پیرۆزبایی لێ دەکەم بەم بۆنەیەوە، ئاواتە خوازم کە سەرو دڵی ڕەحەت بێ.. تەندروستی باش بێ، تەمەنی درێژ بێ.

عومرێکە دەیناسم ڕەنگە لە چلو حەفتەوە بێ، کاکە دلزار کەسایەتییەکی دیارو ناسراوە، عەرەب گۆتەنی (غنی عن التعریف).



جارێك چەند پرسیارێکی تایبەتییان ئاراستەی شێوەکارێکی بەهرەمەندو ناودار کرد، لە گەلەریی نمایش کردنی کارەکانی، ئەویش لەوەلامدا گوتی: چیتان ئەوێ بیزانن، من ئەوەم کە ئەیبینن، ئەوەم کە لەبەر چاوتانن ئاماژەی بۆ کارەکانی کرد، ئاوا خۆی پێناسە کرد، وابزانم پێناسەیەکی کورتو پڕ بوو.

کۆششو خەباتی دەیەها ساڵو ڕاوەدوونانو گرتنو هەر کاتەی لە شارێك، لە گوندێك، لە کونجێکی نهێنی، ژیانی پێشمەرگایەتیو مامۆستایەتیی ناو شۆڕشو ئەو هەموو بەرهەمە نایابانەی لەشیعرو بیرەوەرییەکانو وەرگێڕانو وتاری جۆراجۆرو هەمە بابەتو بایەخ دان بەزمانو زمانەوانیو بەرز ڕاگرتنی ئالای نیشتمانیو نەتەوایەتیو دادوەریی کۆمەلایەتی، ئەم هەمووانەو ئیتریش، پێناسەی مامۆستا دلزاری شاعیرن.

دلزار بە چاوی ڕێزەوە تەماشای ئەزموونی مێژووی دوێنێو پێرێ دەکا، چونکە بازنەکانی مێژوو لێکداپچڕاو نین، هەرچەند جارجارە لێرەولەوێ ساتمەش دەکا.

ئەڵێم، هەرچەندە بەبایەخەوە تەماشای ئەزموونی ڕابردوو دەکات بۆ سوود لێوەرگرتنی، بەلام لەڕابردوو ناژی، بەلکو ڕۆڵەی وریای سەردەمی خۆیەتی، لەم گۆڕانکارییە گەورانەی ناوەوەو دەرەوە بێ ئاگا نییە، بەئاگایە، دەرگای بیری خۆی والا کردووە، بۆ هەموو بیرو بۆچوونی جیاجیا، تا پەسەندو پەیڕەوی هەرە لەبارەکەیان بکا.

بەڵێ ئەوەی نوێخواز بێ، نوێ ببینێو تێی بگا، تواناو هێزی فێربوونیشی لەبەردەما بێ، گەنجە با چووبێتە ناو سالاٚنیش، یان وەکو بەڵگارەکان دەڵێن گەورە دەبێ بەلاٚم پیر نابێ، چونکە عومری ڕاستەقینەی مرۆڤ، بە کاروکردەوەو دەوڵەمەندیی ناوەرۆکێتی نە بەحسیابی سالاٚن.

دلزار شەیدای گوڵو گوڵزارە، شەیدای جوانیو ڕەنگی جوانو بۆنی خۆشە، ئەی چۆن دەبێ مرۆ شاعیر بێ، هەست ناسك بێ، دەروون گەرم بێ، وە نەبێ.

هەنە دەڵێن شیعرو ئەدەبو سیاسەت لەگەڵ یەك ناگونجێن، ڕاستە هەندێ شیعری سیاسی هەنە، ڕەنگە بشێن بکرێن بە بەڵگە بۆ ئەو بۆچوونە، بەلاٚم ئەمە نابێ بکرێت بە بنچینە، بەتایبەتی، لە ولاٚتێك وەکو ولاٚتی ئێمە، لە کوردستانێك وەك کوردستانی ئێمەی پارچە پارچە کراو و ماف خوراو، کە ناکرێ باسی هیچ شتێك بکرێت یان ناوی هەر شتێك بهێنرێت پەیوەندیی بە سیاسەتەوە نەبێ، بەلاٚم لەگەڵ ئەوەشدا نابێ شیعر ڕێچکەی خۆی ون بکا، ئەرکی پیرۆزی خۆی فەرامۆش بکاو ڕەسەنایەتیی خۆی بدۆڕێنێ، ئەبێ دەرقولاٚوی قوولاٚیی ناخ بێ، ئەبێ بەروبوومی تەوژمو خورپەو لافاوی دڵو بیرو هەست بێ. نەك زادەی خۆچیرکردنەوەو خۆکۆشین بێ، بۆ گوتنی شتێك بۆ ئەم بۆنە یان ئەوی تر، یان پیاهەڵگوتنی فلاٚنو فیسار، ئیمرۆ بگوترێ سبەی لەبیربکرێ.

ڕەنگە زێدەڕۆییم نەکردبێ ئەگەر بەدڵنیاییەوە بڵێم، ئێمە خاوەنی ژمارەیەکی باشی پلەو پایە بەرزین لەو شاعیرانەی، کە بەشیعری ڕەسەنیان خزمەتی ئەدەبو گەلو نیشتمانیان کردووە، ئەم دووانەیەی کە ئەستەمە لێك جیابکرێنەوە، بەلاٚم شیعر نەکرێ بە بەلاٚگێر.

بەبۆچوونی من کە میوانێکی درەنگەوەختی ئەم بوارەم، دلزاری شاعیرمان، سوارچاکێکی شیاوی ئەو مەیدانەیە.

ڕۆژگار دێتو دەڕوا، گۆڕانکاریی هەمەجۆر لەگەڵ خۆی دێنێ، پرس بەکەس ناکا، خۆی بەسەرمانا دەسەپێنێ، ئەگەر پێشبینیشمان نەکردبێ، بەلانی کەمی ئەبێ فریاکەوین، لە گەڵی بڕۆین ئەگەرنا دوادەکەوین، دەستکەوتی گرانبەهامان هەیە، ئەبێ وەك گلێنەی چاو بیپارێزین، باخەکەمان فرە تەرزە، بە فرمێسكو خوێن ئاودراوە، بەلاٚم بژاری دەوێ، ئەبێ دڕکودالی لێ دووربخەینەوە، ئەگەر نا دەیشێوێنێو سیسی دەکا، بەڵێ زۆر شت گۆڕاونو دەگۆڕێن ئێمەش دەبێت بە خۆماندا بچینەوە، خۆمان نوێ بکەینەوە، چارەسەری کەموکوڕییەکان بکەین، بەلاٚم

لەگەڵ ئەم هەموو ڕووداوە دیارو نادیارانەدا، ئەستێرەی ئاواتی دوارۆژی دلزار ڕوونو گەشە، هەمیشە دەدرەوشێتەوە، ئەمەش یەکێکە لەسیما ڕەسەنەکانی دلزاری شاعیر.

جارێکی تر، ئاواتی تەندروستیو تەمەن درێژی بۆ دەخوازم، بە هیوای کۆڕێکی وا بۆ سەد ساڵەی.

هەروەها مامۆستا کەمال غەمبار لێکۆڵینەوەیەکی بەناونیشانی ((**هەنگاونانی دلزاری شاعیر بەرەو نوێکردنەوە لە چەند وێنەیەکی شیعریدا**)) پێشکەش کرد، کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

هەنگاو نانی دلزاری شاعیر بەرەو نوێکردنەوەی لە چەند وێنەیەکی شیعریدا:

کە دە ساڵ لەمەوبەر حزبی شیوعیی عیراق بەبۆنەی ئەوەی کاك دلزار تەمەنی گەیشتبووە هەشتا ساڵ، ڕێزلێنانێکی تایبەتی لە شەقلاوە لە بەڕێزیان نا، لەو باسەی کە لەسەر ئەو بە عەرەبی پێشکەشم کرد، لە دەمی کاك دلزارەوە گوتم: (ان الثمانين وقد بلغتها لم يفتقر سمعي الى ترجمان).



ئەمڕۆ بەبۆنەی گەیشتنی بە نەوەت ساڵی، دەبێ بڵێم وەك خۆی دەڵێ: ان التسعين وقد بلغتها لم يفتقر سمعي الى ترجمان

بەو هیوای کە تەمەنی درێژ بێتو یوبیلی زێڕینی سەد ساڵەی بۆ بکرێ لە هەواو کەشێكو مەراسیمێکی بالاترو گەشاوەتردا.

**جارێکی تر گەڕانەوە بۆ سەر دیوانی شیعری دلزار:**

کە باس لە شیعری شاعیر دەکەین، بەپێی هەڵسەنگاندنو ڕەخنەی ئەدەبی لە چوارچێوەی زەمەنی خۆیدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەینو لەگەڵ شاعیرانی سەردەمی خۆی بەراوردی دەکەین،

دەبینین لە تەمەنێکی بچووکدا هەنگاوی بەرەو نوێ کردنــەوە نــاوە. لەشـیعری (مەڕەنجێنــە)دا شاعیر دەڵێ:

**مردم بە سۆزی زامی گوڵم مەڕەنجێنە دڵــم گــوڵم**
**ســووتام بــە جــاریٚ**
**ئــەناڵێنم ڕۆژو شــەویٚ دڵ لــە فیراقــت ناخــەویٚ**
**چاو لەڕێی تۆیە ناخــەویٚ مەڕەنجێنــە دڵــم گــوڵم**
**سووتام بــە جــاریٚ**(1)

ئەم هۆنراوەیە ساڵی (١٩٤١) داندراوە، بەپێی ئەو ڕۆژگارە، کــە هێــشتا شــاعیرانی کــورد لەڕەوتی شیعری تەقلیدیی کلاسکیی تاك ســەرواو کێــشی عــەرووزی عــەرەبی لایــان نــەدابوو، شاعیر هەنگاو بەرەو نوێ کردنەوە دەنیٚ‌و خــۆی لــە وشــەی قەبــەی عــەرەبی‌و فارســی بــەدوور دەگریٚ، مەگەر ناچار نەبیٚ وەك (فیراقت) ئەگینا بەکاریان ناهێنیٚ، ئەوە لەکاتێکدا کە بۆ جاری دووەم ساڵی (٢٠٠٦) دیوانەکەی چاپ دەکاتــەوە دەیتــوانی وشــەکە بگــۆڕیٚ، بــەلاٚم بۆئــەوەی خوێنەر بزانیٚ کە شاعیر بە دەستپاکی بەرهەمــەکانی بلاٚودەکاتــەوەو وشــەی کــوردی ڕەســەن‌و پاراوی بەکارهێناوە، کە دەچێتە خانەی شیعری لیریك‌و هونەرمەندی گــەورەی کــورد مامۆســتا عەلی مەردان لەسەر ئاوازێکی کوردی دەیچڕی.

شەشت‌و نۆ ساڵ لەمەوبەر هەنگاوی لەم جۆرە مێــژوویێك بــۆ شــاعیر تۆمــار دەکــات، کــە دەتوانم بڵێم بەرلەوەی زیاتر سەرقاڵی سیاسەت بیٚ، کە ئەو سەردەمەی دوای ڕاپەڕینی کــانوونی ساڵی (١٩٤٨) وەرچەرخانێکی نویٚ بوو لە بزاڤی شۆڕشگێڕیدا، کە وای پێویــست دەکــرد، کــە شاعیر شیعر بۆ میللەت بڵیٚ‌و زیــاتر بیجــوولێنیٚ‌و گیــانی شۆڕشــگێڕی وەبــەربکات‌و شــیعری خیتابی‌و واقیعی‌و سیاسی بنووسیٚ، ئەگینا لە توانایدا هەبوو کە لەســەر ڕەوتــی نوێکردنــەوەدا بەردەوام بیٚ‌و زیاتر تەعبیر لە هەستونەستی دەروونی خودی خۆی بکــات‌و هــەنگاوی گــورجترو دیارتر لەو بوارەدا هەڵێنیٚ، بەڵگەشمان بۆ ئەم بۆچوونە، چــەند نموونەیــەکی تــری شــاعیرن، کــە بەردەوامبوونی بۆ ماوەیەکی کورت دەسەلمێنن. لــە هــۆنراوەی (ڕەشمــاڵ)دا کــە ئــەویش ســاڵی (١٩٤١) لەکۆیە دای ناوە، دەڵیٚ:

**ئەوەنــد جــوان بــوو لــەناو گــوڵزارێ، ڕەشمــاڵ**
**بــە وێنــەی کــوڵمی یــارو دانــەیی خــاڵ**
**لــەناو گیــاو سوســن و گــوڵ ئــەتگو نەقــشە**
**ئەمیان ڕەش ڕەنـگ و ئـەویان سـەوزو ئـەو ئـاڵ**
**لەوەســفی شــکڵ و شــێوەی شــیرینی ئــەو**
**عــەقڵ حــەیران، قەڵــەم وەڕســە، زمــان لاڵ**(٢)

ئەو ڕەوت و ئیقاعە نوێیەی شیعرەکە لەو سەردەمەدا گیانی هەڵچووی شاعیر دەگەیەنێ، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ وشەی کوردی دەکات و چۆن وێنەیەکی شیعری بۆ ڕەشماڵێ دادەڕێژێ و بە کوڵمی یارو خاڵ و نەخش و نیگاری دەچوێنێ، کە شاعیر بە جۆرێ سەرسام بێ، قەڵەم ئەو وزەی نەبێ جوانییەکە چاکتر دابڕێژێ و زمانیش لە ئاست ئەو دیمەنە شیرینەدا لاڵ بێ، تەنانەت بە دەمیش نەتوانێ ئەو کارتێکردنەی لە شاعیری کردووە دەری بڕێ.

ئەم وێنە شیعرییە کە بۆ ڕەشماڵی کێشاوە، چەند حاڵەتێکی یەك لەدوای یەکی بۆ کێشاوە. وێکچوونی بە کوڵمی یارو خاڵی سەر ڕوومەتی لەناو گوڵ و گوڵزاردا، هەروەها چەند ڕەنگێکی جیای قەشەنگ، ئەو پەیوەندییە توندو تۆڵەی نێوان ڕەشماڵی ڕازاوە لە باوەشی سروشتێکی بەهاریدا ((هۆکارێکی گەورەیە کە مێشکی مرۆڤ بەهۆیەوە لە شیعردا چەند شتێکی جیا کۆدەکاتەوە، کە پێشتر پەیوەندی لە نێوانیاندا نەبووە، ئەویش لەپێناو کارتێکردن لە هەڵوێست و پاڵنەرەکاندا))(٣)

ئەم تابلۆیە شیعرییە کە پشت بە وەسفی دەرەوەی چادرەکە دەبەستێ، جۆرە جوانناسییەك بەخێوەتەکە دەدات و لە شێوەی چەسپاوی خۆی کە بێ گیانە و لە شوێنێکدا هەڵدراوە دەترازێنێ و خاسیەتەکانی مرۆڤ و سروشتی پێ دەبەخشێ، کە بەپێچەوانەی شیعرەکەی حاجی قادری کۆییە کە وەسفی خیوەت بەم شێوەیە دەکات و دەڵێ:

**ئەم خەیمەکە شەمسییەیی شاهەنشەهی ئەرزە**
**تـا چـادری نیلووفـەری سـەر تەپلـەکی بـەرزە**
**ئـەتنابی وەکـوو تـوولی ئەمـەل لاموتـەناهی**
**ئەوتادی وەکوو کێـوی ئوحـود مەرکـەزی فـەیزە**

سەقفی وەکو گەردوونە شـکافی وەکـو و ئـەنجوم
پەردەی وەکوو ئەدواری سەما ئەتڵەسی سـەوزە[٤]

ئەم شیعرەی حاجی لەگەڵ بەراوردکردنی بە شیعرەکەی دڵـزار چ لـەڕووی فـۆرمو چ لـەڕووی ناوەرۆکەوە جیان، ئەوەی دڵزار زیاتر جوانیی مرۆڤ، یاری نازدارو، جوانیی سروشت بەرجەسـتە دەکات جگە لەو شوێنەی کە لە دەوری چادرەکەدایە، ئەوەی حاجی وەسـفی خیوەتەکەیـەو پـێ هەڵبڕینێکی زۆری تیایەو بەوشەی عەرەبیو فارسی ئاخنیویەتی، ئەوە نەبێ وەکـو ئاماژەیـەکی خێرا، باسی کچەکەی قەرەنی ئاغای مامەش دەکات.

لێرەدا دڵزاری شاعیر لە شـتێکی هەسـتپێکراودا بـۆ چـەند هەسـتپێکراوێك دەگوازێتـەوە. سروشتو جوانیی یار دەداتە پاڵ چادرەکە، کە ڕەگەزەکانی لێکچوون لەنێوان ئـەوو لایەنـەکانی تردا لێکدوورن یاخود دەتـوانین بڵـێین نادروسـتن، بـەڵام وەکـو کـوهن دەڵـێ: ((شـیعر لەیـەك دوورکەوتنەوەدا لەدایك دەبێ))[٥] و لەشیعری (بالاّ بەرزی نەرم و شل)دا دەڵێ:

شۆخ و شـەنگی هـۆزی کـوردم
بـەداخی عیـشقی تـۆ مـردم
چـاوی ڕەشـت شـێتی کـردم
عـەقڵی سـەندم هۆشـی بـردم
دیدە مەستی
دڵ دەبەستی
نەقشی دەستی
کردگاری
تیری موژان
خوێنمی ڕژان
تۆ بێ گومان
جادووکاری

ئەم شیعرە مێژوویساڵی (١٩٤٥) بەخۆوە دەگرێو لە کۆیە داندراوە، وەك سـەیر دەکـەین شاعیر کێشی خۆماڵی پەنجەی بەکارهێناوە، (٨) بڕگـەو (٤) بڕگـە، ئیقـاعو ترپـەو مۆسـیقای

شیعرەکەی لەڕێگەی وشەکانەوە پاراستووە: کوردم، مردم، کردم، بردم، مەستی، بەستی، دەستی، مژان، ڕژان، هەر هەموو وشەکان کە بوونەتە سەروای شیعرەکە جۆرە ڕەگەزدۆزییێك پێکدێنن، کە جیاوازی لەنێوان یەك پیتی نێوانیاندا هەیە، شیعری لەم شێوەیە دەچێتە خانەی شیعری گۆرانی ئامێز. لە شیعری (پرچو بسك)دا دەڵێ:

**سەیری ئەم پرچ و بسکە**
**سومبلزاری خۆڕسکە**
**بۆنی وەك عەترو مسکە**
**کە با دەیکا پەرێشان**
**بەسەر کولم و بە سەرشان**
**سەد دڵ دەکا پەریشان**(٧)

ئەم هۆنراوەیە ساڵی (١٩٤٨) لە کۆیە دایناوە، بە هەمان شێوە، بەوشەی هارمۆنی دای ڕشتووەو، هەوڵی داوە شێوازی ڕەگەزدۆزی بەکارهێناوەو وێنەیەکی وای بۆ پر چو بسکەکە دارشتووە، کە ئەگەر ئەو بایە نەبوایە کە پەرێشانی کردووەو بەم لاو بەولای کولمو سەرشانی دادەدات، ئەو بۆنوبەرامەی لێ هەڵنەدەستاو دڵی شاعیریشی وا پەرێشان نەدەکرد. کێشی شیعرەکە لەسەر کێشی (٧) بڕگەییە. پڕ چو بسکێك ڕەگەزێکی سروشتین، خۆڕسکن، قژی خوازراوە، یان بۆیەکراو نین، بەڵکو بۆنی سروشتیان لێ دێ، جوانیی هەردووکیان لەسەر کولمو شان، کە تێکەڵی بۆنی عەترو مسك دەبن، تابلۆیەکی قەشەنگ پێکدێنن کە هەردوولای هەستپێکراو، دیتراوو بۆنکراو لەیەك بۆتەدا بەرجەستە دەبنو هەستی شاعیر دەبزوێنن، کە لە تابلۆیەکدا دایان بڕێژێ، ((وێنەش هەستیارتر دەبێ هەر کاتێ ئاوێزانی هەستێکی جەوهەری بێت لای مرۆڤ))(٨).

کۆپلە شیعری (سەربەستی) زادەی ساڵی (١٩٤٨)ە لەشاری کۆیە، کە شاعیر دەڵێ:

**یاران سەربەستی داری گوڵێکە**
**لە گولزاری ژین بە خوێن ڕواوە**
**کە بەختیاری خونچەی چڵێکە**

**لەسەر ئەم دارە پشکۆژەی داوە!**[٩].

شاعیرانی بەر لە (دلزار)و لە سەردەمی ئەویشدا (ئازادی)یان بەدارێك چوواندووە، کە بەخوێن ئاودەدرێ، بێکەسی شاعیر لە شیعری (داری ئازادی)دا دەڵێ:

**داری ئازادی بە خوێن ئاونەدرێ قەت بەرناگرێ**
**سەربەخۆیی بێ فیدکاری ئەبەد سەرناگرێ**

بەڵام دلزار قوولتر دەچێتە ناو (سەربەستی)، بەداری گوڵێکی دەچووێنێ، گوڵەباغێکە، بەڵام لە گولزاری ژیندا ڕوواوەو، ئەگەر ئازادی نەیەتەکایەوە بەختیاریش مسۆگەرنابێ، ئەو پەیوەندییە نەپچڕاوەی نێوان گوڵەکە کە سەربەستییەو خونچەکەی کە بەختەوەرییە، لەسەر گوڵەباغەکەدا پشکۆژەی داوە. هەرچەندە پەیوەندییەکە لەنێوان شتێکی ڕووتەمەنیو زیندوودا، ئازادیو گوڵو خونچەی هەستپێکراوە، بەڵام شاعیر لەڕێگەی هەستەوەریو بیروباوەڕەکانیدا ئازادی (سەربەستی) لە ڕەوشەکەی خۆی دادەبڕێو دەیخاتە قاڵبو ڕەوشێکی تر وەکو بوونەوەرێکی لەدایکبووی گوڵەباغی، گولزاری ژین، کە بەخوێن ئاودراوەو ڕواوەو لقوپۆپی لێ بۆتەوەو یەك لە چڵەکانی خونچەی بەختیاری گرتووە، ئەو وێنەیەی شاعیر کێشاویەتی کە سەربەستی بەداری گوڵێك چوواندووەو بەختیاری بە خونچەی چڵێك داری گوڵەکە، پەیوەندییەکی نێوان دوو شتی جیان، نەگۆڕو بێ گیانو بێ هەستو بێ دەنگ لەگەڵ بزوێنو گیانلەبەردا، بەم شێوەیە هەردوو جەمسەرە ناکۆکەکە لەڕووی بوونەوەرییەوە یەکێتییەکی کارلێکی تەواو پێکدێنن. ئەم هەستە دەروونییەی شاعیر وای کردووە، کە وێنەیەکی کاریگەری لێ خوڵقاندوونە کە لایەنی زەینیو مەعنەوی بەلایەنی بەرچاوو هەستپێکراو ببەستێتەوەو لە شاعیرانی تر قووڵترو هونەرمەندتر خۆی بنوێنێ.

خۆ ئەگەر (١٢) ساڵ لەدوای ئەم شیعرەی پێشوو بگەڕێینەوە دواوە لە هۆنراوەی (گەشتێك بۆ هیران) بدوێین، دەبینین شاعیر لەکاتێکی زوودا لەکێشی خۆماڵی نزیك بۆتەوەو، بەوشەی سادەو ڕەوان وەسفی گەشتەکەمان بۆ دەکاتو کێشی (١٠) بڕگەیی بەکارهێناوە، بەڕاستی

لەوتەمەنە بچووکەیدا ئەو جۆرە سەلیقەو زمانە شیعرییەی هەبێ لەو سەردەمەدا مایەی سەرسوڕمانە، کە تێیدا دەڵێ:

**ئێمەش لە قیژەو قاسپە قاسپی کەو**
**چاومان کردەوە هەڵستاین لەخەو**
**سەرنجمان دایە دیمەنی باخان**
**دیمەنی گردو سەرکێوو شاخان**
**سوولاوی شاخان دەبریقانەوە**
**بەتیشکی ڕۆژێ دەدرەوشانەوە**
**پاشی دیتنی ئەم دیمەنانە**
**ڕوومان کردەوە لای دیوەخانە**
**لەدوای نان خواردن چووینە ناو گوڵزار**
**دامان بەست یاری لەناو مێرغوزار**(١٠)

وەکو لە سەرەتادا گوتم ئەگەر شاعیر هەر لەوساڵەوە کە ساڵی (١٩٣٦)ە لەسەر ڕەوتەکە بەردەوام بووایە، ئێستا لە جیهانی نوێ کردنەوەدا لە پلەیەکی تردا دەگیرسایەوەو لەبواری ڕەخنەگریدا حیسابێکی تایبەتی بۆ دەکرا.

(شینی بەکر صدقی)، کە شاعیر لە ١٩٤١/٨/١١ دای ناوە، بەم شێوە بیرەوەریی چوارەمی کوشتنەکە وەسف دەکاتو دەڵێت:

**دیسان دووکەڵ و بوخاری ئەستەم**
**کوردستانی گرت چەشنی تۆزوتەم**
**باغی ژینی کورد دیسان ساوا بوو**
**ئەستێرەی بەختی لەگەڵ ئاوابوو**
**هەیڤەکەی هیوای پاش ئەوەی گەش بوو**
**بە هەوری مەینەت تاریك و ڕەش بوو**

**ئاسـۆی ئاسمـانی لەبـەر هـەڵمی غـەم**
**وا ڕەش داگـەڕا بـێ هـەورو بـێ تـەم**
**زەمین کە بەکری دیت لـە خـوێنی گـەش**
**سینگی واڵاکـرد هاویـشتییە بـاوەش**[11]

ئەم شیوەنەی شاعیر، وێنەکێشانێکە بەشێوازی خواستنەوەی پـەنهان، لـە چـەند وێنەیـەکی هەستپێکراو بۆ هەستپێکراوێکی تر، شاعیر لەگەڵ ئەزموونە شیعرییەکەدا دەژیو بەهەستێکی بەسۆزو دڵێکی بەجوش مامەڵە لەگەڵ کوشتنو ترژایدییەك دەکات، مۆرکی خودیی شاعیر زیاتر سەردەکات، کە وێنەی شیعری بۆ کارەساتەکە هەڵبژێری- دووکەڵو بوخاری ئەستەم کە سیفەتی ئاگروگەرمایین دەیانداتە پاڵ زۆرداریو ستەم لەشێوەی خواسـتنەوەیەکی پـەنهان، سـیفەتی بـە مرۆڤ کردن (تشخیص) بە مانگ دەبەخشێ، هەور دەخاتە پاڵ غەم، هەستێکی مرۆڤخوازی بـە ئاسۆی ئاسمان دەبەخشێ، لەوەش زیاتر، بوونـەوەریی مـرۆڤ بـە گۆشـتو خوێنـەوە، بەهەسـتی سۆزداری دەروونەوە، بەزەمین دەبەخشێ، بەتەواوی دەیکاتە مرۆڤێکی ڕاستەقینەی بـە پـەرۆش کە بە شانازییەوە باوەشو سینگی خۆی بۆ لاشەی خوێناویی (بەکر سدقی) والا بکاتو بیگرێتە خۆی، ئەم هەموو وێنەکێشانەی ناوشیوەنەکە، ئەو وێنە بەش بەشـانە کۆمـەڵێکی پرشـوبلاو و بەلاوە نراو، یان کەڵەکە کراوی تێکەلاو نینـە، کـە هـیچ شـتێك کۆیـان نەکاتـەوەو بەیـەکیان نەبەسـتێتەوە، یـان ملکەچـی نەسـەقێك یـان سیـستەمێك نـەبن، بـەڵکو ئـەو وێنانـەی کـە لەهەستونەستو بیروباوەڕو تێڕوانینـی تایبـەتی خـودی شـاعیرەوە پێکهـاتوون، دەکەونـە ژێـر ئەزموونە نەتەوەییو مرۆڤایەتییەکانیو ئەوەی کە سۆزەکان بەرهەمی دەهێننو دەرسکێنو لـە شادەمارەکانی هۆنراوەدا دەگەڕێنو، کار بۆ پێکهێنانی بنیاتە هونەرییەکەی دەکەن))[12].

هۆنراوەی ((بەناز برنج تەترە دەکا)) دیمەنی ئافرەتێکمـان بـۆ دەکێـشێ، کـە خۆشەویـستی شاعیرەو خەریکی تەترە کردنی برنجە، بەناز خۆی دەنوێنێ، کە دڵـی شـاعیر کەوتۆتـە خورپـەو لێدان، ئەو دڵەی کە هێلانەی سینەی شاعیرە، دولبەرەکەی بۆتە مەلی دڵـی شـاعیرو، ئـەڤینی دڵو سەودای سەری لەسـەریەکدا کەڵەکـە دەکـات. بـەکارهێنانی خواسـتنەوەی ڕاشـکاو، لـە پەیوەندیی وێکچوونی دڵو هێلانەدا، ئەو دولبەرەی کە بۆتە مەلی ناو دڵـی، هـەترەی دەکـات، ئەم جۆرە خواستنەوە ڕاشکاوە، هەسـتپێکراوی دیـتراو بـۆ حاڵـەتی هەسـتپێکراوی مەعنـەوی دەگوێزێتەوە، کە بەچاو نابینرێ، بەڵکو بەدڵو مێشك دەرکی پێ دەکرێ، لەڕاستیدا ئـەم وێنـە

شیعرییەی شاعیر شارەزاییو کارامەیی هونەری دەسەلمێنن، کە توانیویەتی پەیوەندیی گونجاو لەنێوان دڵو هێلانە، دوڵبەرەکەیو مەلەکە بخولقێنێ کە پەیوەندیی لێکچوونە، لەنێوان لێچکوو و لێکچووێنراودا بەشێوازی خواستنەوەدا، بۆیە دەتوانین ئێمەش هەمان هەستی شاعیرمان هەبێو لەگەڵیدا بژین، کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| **سەیری دووبارە دولبەرم** | **بەناز برنج تەترە دەکا** |
| **لەهێلانەی سینەی گەرم** | **تەیری دڵم هەترە دەکا** |
| **عەشقی دڵو سەودای سەرم** | **لەسەر یەکتر قەترە دەکا[١٣]** |

شاعیر بۆی هەیە لەرێگەی دەربڕینی سۆزو ئەڤینی خۆی، پەنا باتە بەر وێکچوونو خواستنەوەو درکە، چونکە ((دەکرێ هەر شتێك لەگەڵ شتێکی تردا لەناو شیعردا هاوجووت بێ[١٤]، هەروەها ((وێنە لە سەردەمی ئێستادا هەروەکو لە ڕابردوودا جەخت بکات یان جەخت لەسەر کۆنترۆڵ کردنی ڕۆحییەت لەسەر مادە بکاتەوە))[١٥].

لە چاپی دووەمی دیوانی دلزاردا، وێنەی شیعریی دیکەمان بەرچاو دەکەوێو دەکرێ زیاتر لەسەر وێنەکانی ساڵی (١٩٣٦)و دوابەدوای ئەوساڵە تادەگاتە ساڵی (١٩٤٨) بوەستینو ڕووناکییان بخەینەسەر، هەرچەندە شاعیر جاروبار گەڕاوەتەوە سەر شێوازو کێشی کۆنو بەڵام بەشێوەیەکی گشتی سەلماندوویەتی کە وزەییێکی داکراوی شیعری تێدایەو، تەنانەت ئەگەر بەراوردێك لەنێوان ئەو شیعرە لیریکییانەی لە سەردەمی خۆیدا دای ناون لەگەڵ شیعری ئێستا بکەین کە کراون بە گۆرانی، زۆربەی ئەو شیعرانەی کە ئاوازیان بۆ داندراوە، ناگەنە ئاستی شیعرە دلدارییەکانی دلزاری شاعیر. هەروەها سروودەکانی کە بۆ قوتابییانی داناون، وا من بە بۆنەی ڕێزلێنانی شاعیرو نووسەرەوە ئەو کورتە تۆژینەوەم نووسی، لە کاتێکا دەکرا بیرەورەییەکانم کە لە ساڵی (١٩٤٨)ەوە، کە پەیوەندیم لەگەڵیدا هەبووەو تائێستا بەردەوامە چ پەیوەندیی سیاسیو چ ئەدەبی بنووسم، بەڵام ئەم نووسینەم پێ باشتر بوو بۆئەوەی ئەو قوتابییانەی کۆلیژەکانی ئەدەبیات، کە ڕاپۆرتو نامەی ماستەرو تێزی دکتۆرا دەنووسن، ئاوڕێك لە شیعرەکانی بدەنەوەو مافی شیاوی ئەو زاتە بەڕێزە بدەن، کە تا ئەوساتە هەرچەند چەند نووسینێکی لەسەر بلاوکراوەتەوە، بەلام هەقی تەواوی نەدراوەتێ.

دەبێ لێرەدا سوپاسی دەستەی کارگێڕیی یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر بکەم، کە بۆ جاری دووەم ئەرکی سەرشانی خۆیان پیادە دەکەنو ڕێز لەکاك دڵزار دەنێن. لەگەڵ ڕێزو خۆشەویستیم بۆ کاك دڵزارو تەمەنێکی درێژ..

**پەراوێزەکان:**

١- دیوانی دڵزار- چاپی دووەم: هەولێر ٢٠٠٦ پێداچوونەوەی ئازاد دڵزار- وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپو بلاَوکردنەوە ل٧٦.

٢- دیوانی دڵزار ل٧٨.

٣- مبادئ النقد الادبي إ. ا. ريتشاردز، ترجمة وتقديم مصطفى بدوي، مراجعة: لويس عوض، المؤسسة المصرية العامة للتأليف والترجمة والطباعة والنشر- مطبعة مصر ١٩٦٣، ل ٣١٠.

٤- دیوانی حاجی قادریی کۆیی- لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی سەردار حەمید میرانو کەریم شارەزا- پێداچوونەوەی مسعود محمد ١٩٨٦ لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیریولاوانی ناوچەی کوردستان، ل١٠٨.

٥- بنية اللغة الشعرية- جان كوهن، ترجمة: محمد الولي ومحمد العمري ط- دار تويقال للنشر، الدار البيضاء- المغرب ١٩٨٦ ل١٢٦.

٦- دیوانی دڵزار ل٨٠.

٧- دیوانی دڵزار ل٨٥.

٨- الصورة المجازية في الشعر العربي المعاصر- اديب نايف ذياب- گۆڤاری الاقلام، ژمارە (١٧).

٩- دیوانی دڵزار ل ١٢١.

١٠- دیوانی دڵزار ل.١٧٠

١١- دیوانی دڵزار ل١٩١-١٩٢.

١٢- المرآة والنافذة- دراسة في شعر سعدي يوسف د. سمير خوراني- دار الفارابي- بيروت- لبنان الطبعة الاولى ٢٠٠٧ ل ٤٢.

١٣- دیوانی دڵزار ل٨٦.

١٤- تشريح النقد- نورثروب فراي، ترجنة وتقديم: محي الدين صبحي- الدارالعربية للكتاب ل١٨٢.

١٥- الصورة الشعرية، سی. دی. لويس- ترجمة: احمد نصيف الجنابي واخرين- دار الرشيد للنشر- الجمهورية العراقية، ١٩٨٢ ل١١٩.

دواتر مامۆستا کەریم شارەزا بیۆگرافیای دڵزاری شاعیرو تێکۆشەری پێشکەش کرد، کە ئەمەی دەقەکەیەتی:

**بیۆگرافیای دڵزار- ژیاننامەی**

* دڵزار نازناوی ئەدەبیی شاعیرو تێکۆشەری کورد ئەحمەد کوڕی مستەفا کوڕی حەماغای حەویزییە. نەوەد ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا لە ١٩٢٠/١/٨دا لە گەڕەکی هەواو لەشاری کۆیەی ئەدەبو هونەرو خەبات لەدایك بووە.
* لە ساڵی (١٩٢٧)دا چۆتە سوختەخانەو دوای دوو ساڵ خوێندنی قورئانو بنچینەی ئایین لەساڵی (١٩٢٩)دا، چۆتە بەرخوێندنی فەرمی لە قوتابخانەی سەرەتایی کۆیەو خوێندنی ئەو قۆناغەو قۆناغی ناوەندیی هەر لەشارەکەی خۆی لەساڵی (١٩٤٢)دا تەواوکردو لەبەر دەست کورتی، نەیتوانی بچێتە شارانو قۆناغی ئامادەیی تەواو بکات. بۆیە لە ١٩٤٣/٢/٢٨دا بووەتە سەرباز تاکو ڕۆژی ١٥/ئۆکتۆبەری/١٩٤٦و گەڕاوەتەوە کۆیە.
* لەساڵی (١٩٤٠)دا بەهرەی شاعیری تەقیوەتەوەو شیعری غەزەلو ستایش ئینجا شیعری نیشتمانیو سیاسی داناوە وەك شاعیرێکی پێشکەوتنخوازی نوێکار لەنێو جەماوەری ئەدیبو ڕۆشنبیران ناسراوەو چەند کۆمەڵە شیعری سیاسیو دوو چاپی دیوانەکەی پەخش کردووە، لەگەڵ زنجیرەیەك لە هۆنراوەی وەرگێڕدراوو بیرەوەریی ڕۆژانی ژیانیو گەنجینەی بابا تاهیری هەمەدانی.
* لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری (١٩٤٦)دا چووەتە پاڵ حزبی ڕزگاریی نیشتمانی (التحرر الوطني) کە ڕێکخراوێکی نیمچە ئاشکرای حزبی شیوعیی عیراقی بووە.
* لە ١٩٤٧/٥/١دا بۆ ماوەی ساڵێك حوکمی ئیداری دراوە، چونکە لەگەڵ دەستەیەك لە تێکۆشەران داوایان کردبوو شێخ ئەحمەدی بارزانیو حەمەداغای مێرگەسۆریو وەهاب ئاغای جندیان ئازاد بکرین، بەلاّم لەدواییدا حوکمەکەیان بوو بە کەفالەتی (٣٠٠) دینار بۆ ماوەی ساڵێك.

* له ۱۹٤۸/٥/۳۱دا دوای جاڕدانی ئەحکامی عورفیی عەسکەری، بەوتۆمەتە گیراوە کە هەموو خۆپیشاندانەکان لە کتێبخانەی کۆی سنجاق دەرچوون، کە ئەو بەرپرسی بووەو نیمچە بارەگایەکی حزبی شیوعی بووەو دوای دوو مانگ بەردراوەو لە ۱۹٤۸/۱/۲۰شدا چووتە بەردەم دادگای عورفیی یەکەم لە وەشاش لەشاری بەغداو عەبدوڵلا نەعسانی-ی دادوەر بۆ ماوەی شەش مانگ لەگەڵ هاوەڵانی حوکمی داوەو لەدواییشدا چوار مانگی دیکەش حوکم دراوەو لەسەر کاروباری ڕێکخستنی حزبیش لەناو بەندیخانەدا (۳) ساڵی تریش حوکم دراوە لەگەڵ خستنە ژێر چاودێریی پۆلیسو لە بەغداوە ناردراوە بۆ بەندیخانەی کووت.
* له ۱۹٥۲/٦/۲٦دا لە بەندیخانە ئازاد کراوەو گەڕاوەتەوە کۆیەو لەژێر چاودێریی پۆلیس داندراوە، بەڵام زۆری پێ نەچووە حزب داوای لێ کردووە ببێتە لێپرسراوی حزبی لەهەولێر. لەڕۆژی ۱۹٥۲/۱۱/۳۰دا بەنهێنی گەیشتووەتە هەولێر لە پاشان ئازادی کوڕیو دایکیشی هاتوونەتە شارەکە.
* له ۱۹٥۳/٤/۱دا لەسەر داوای حزب داوای لێ کراوە بچێتە سلێمانی، چونکە لێپرسراوی حزب گیرابوو تاکو ئەم جێی بگرێتەوەو دوای چەند ڕۆژێك ئازادو دایکیشی گەیشتنە سلێمانی لە خانوویەکی گەڕەکی جوولەکان بە نهێنی ژیان تاکو ۱۹٥٤/۸/٦ لە سلێمانی بوون ئینجا دوای چەند ڕۆژێك داوای لێ کراوە بچێتە کەرکوكو لەگەڕەکی موسەللا بگیرسێتەوەو بەشداریی لە دەرچوواندنی ڕۆژنامەی ئازادی کردووە.
* له ۱۹٥٥/٤/٥دا ماڵەکەیان لەلایەن پۆلیسەوە گیراوە، بەڵام ئەو دەرباز بووە. لە حوزەیرانی ۱۹٥٥دا بۆ سەر پەرشتیی کاروباری حزبی چووەتە هەڵەبجەو لەوێش پاش سێ مانگ لەسەر ئاوی کانی ساردی دەربەندیخان گیراوەو هێناویانەتەوە بۆ سلێمانیو لەوێشەوە بۆ کەرکووكو بەغداو نادراوە بۆ نوگرە سەلمان کە دوورخستنەوەشی لەسەر نەبووە.. بەڵام دوای پێشکەش کردنی سکالانامە گەڕێنرایەوە بۆ کۆیە.
* تاکو شۆڕشی (۱٤)ی تەممووز خۆشی لەخۆی نەدیت، ئینجا کتێبخانەی جمهوریەتی داناو ڕێکخستنی حزبییان پەرەپێ داو دوای ماوەیەك بووە بەرپرسی حزبیی شارەکە.
* لەدوای کوودەتا شوومەکەی (۸)ی شوباتی (۱۹٦۳)ی بەعسی فاشی، چووەتە پاڵ شۆڕشگێڕانی ئەیلوولو بەعسییەکان ماڵەکەیان سووتاندووە.

* له ١٩٧٠/١٠/١٢دا بەنیازی بەشداربوون له كۆرسێكی (١٠) مانگی لەگەڵ چەند هاوڕێیەك بەرەو موسكۆ كەوتەڕێ‌و له ١٩٧٠/١٠/١٩دا گەیشتنه مۆسكۆو ئەو ماوەیە لەو شارە مەزنەدا خوێندی‌و له ١٩٧١/١٠/٢٠ گەڕانەوه دیمەشق‌و بەنهێنی گەیشتنەوه هەولێر.

* جارێكی دیكەش له (١٩٧٧)دا، چووەتەوه مۆسكۆ بۆ كۆرسێكی تایبەت بە بزووتنەوەی كرێكارانی جیهان.

* له مانگی ئایاری (١٩٧٩)دا دلزار هەولێری جێهێشت‌و چووه پاڵ شۆڕشگێڕانی حزبەكەی له پشت ئاشان‌و حزبی بەعس كەوته تاقیب كردنی.

* له ١٩٨١/٣/١٥دا ئازادو ئاواتی كوڕی‌و شیرینی كچی‌و دایكیان گیران‌و له بەندیخانەی فەزیلیەی بەغدا توندكران‌و لەدواییدا ناردران بۆ ئۆردوگای (شیحیات)ی خوارووی ڕۆژئاوای عیراق نزیك سنووری سعوودیەو دایكی ئازاد لەو بەندیخانانەیەدا تووشی نەخۆشیی دڵ بوو و له ئەنجامیشدا هەر بەو دەردە كوشندەیە لەساڵی (١٩٩٦)دا كۆچی دوایی كرد.

* بنەماڵەی دلزار تا مانگی حوزەیرانی (١٩٨٢) له ئۆردوگای شیحیات مانەوه، ئینجا ماوەیان درا بگەڕێنەوه هەولێر تاكو ژیانێكی كولەمەرگی بژین.

* دلزار له ساڵی (١٩٨٢)ەوه سێ جار چووەته بولگاریا، جارێك بەدەعوەت‌و دوو جاریش بۆ خوێندن‌و لەساڵی (١٩٨٤)دا دوای تەواوكردنی خوێندنی دەورەیەكی حزبی بڕوانامەی (دیبلۆم)ی له زانسته كۆمەڵایەتییەكان وەرگرت بەتایبەتی لەمێژووی بزووتنەوەی كریكارانی جیهان‌و لەوێشەوه گەڕایەوه دیمەشق، ئینجا له ١٩٨٩/٩/٨دا ڕووی كرده وڵاتی سوید تاكو ١٩٩٤/٨/٢٦ لەو وڵاتەدا ژیا، ئینجا گەڕایەوه كوردستان‌و لەوساوه له گەڕەكی ڕووناكی لەشاری هەولێری پایتەختی كوردستاندا دەژی‌و داوای تەمەنێكی درێژتری بۆ دەكەین.

٢٠١٠/١/٨

هەروەها مامۆستا كەریم شێخانی لەبارەی دلزاری شاعیرەوه دوا، ئەوجا كاك ڕابەر سەید برایم كورته باسێكی پێشكەش كردو ئەمەی خوارەوەش دەقەكەیەتی:

نەریتێكی جوان‌و شایستەیە، ڕێزلێنان به زیندوویەتی له بەهرەداران، له شۆڕەسواران، له فیداكاران، لەناوداران، له كەسایەتیی دیارو ڕێزداری وەك مامۆستا (ئەحمەدی دلزار)، شاعیری دڵتەڕ، (ئەمین ئاغای ئەختەر) كه دەكاته خاڵی باوكی مامۆستا دلزار، له شیعرێكدا كه بەدەنگی زوڵاڵی مشكۆی نەمر زایەڵەی داوەتەوه، پڕ به گەرووی چریكاندوویەتی:

**لەپاش مەرگم چ فایدە بێیە سەر قەبرم لە بۆ شیوەن**
**هەتا ماوم نەفەس فەرموو بپرسە چۆنە بیمارم**

بۆیە مامۆستا دڵزار بە هەمان بۆچوون، لە شیعرێکدا گوتوویەتی:

**جا هاوڕێیان با بەرلەوەی**
**خۆشەویستێك بە هەژاری**
**جێمان بێڵێ و هەتا هەتا**
**نەگەینەوە بە دیداری**
**دەبا ڕێزی لێبنێین و**
**هێندە بێ هۆش و هەست نەبین**
**هاوکارانمان با دڵخۆش کەین**
**چیدی مردوو پەرست نەبین**

بۆیە حەقو شایانە، ئەو یادو ڕێزلێنانە، چونکە دڵزار ئەو زاتە مەزنەیە، گوڵو گەنجینەو خەزنەیە، هەر ئەو بەرەبابە خۆیان باغێکن لە گوڵە شیعر (خۆیو خوشكو کوڕو برا شاعیرن) شارەزاو فریشتەو ئازاد.

بەرزترین بورجو شاخو درەخت لە زەوییەوە دەست پێ دەکات، مامۆستا دڵزار درەختێکی بەرزو ڕیشە قووڵی داچەسپاوی لە مابەینی کەکۆنو هەیبە سوڵتانە، پەروەردەی باخی شەمەو شیوی ڕەزانو ئۆمەر خوچانە، درەختێکی ڕانەقەنراوی بە لقوپۆپو بەردارە، لە کوردستان باڵاو سایەو سێبەری دیارە، شاعیر، زمانەوان، ڕۆژنامەوان، وەرگێڕ، تێکۆشەرێکی بە هەڵوێستو شۆڕشگێڕ، لە بنەماڵەیەکی ئەدەب پەروەر پێ گەییوە، ڕۆژی لە دایك بوونی خۆی زانیوە:

**هەشتی جەنەوەری ساڵی هەزارو نۆ سەدو بیست بوو**
**لەدایك بوونی دڵزار لە شاری کۆی خۆشەویست بوو**

لە کۆیە لە باخچەی حەوشەیماڵیان گوڵی ڕەشیان هەبووە، جگە لە باخی شـەمەو ئۆمـەر خوچان، بۆیە وەك هەنگو پەپولەو بولبول ڕێزی گوڵی زانیوە، گوڵنـاس بـووە، لـە ئەفـسانەی گوڵی شەرمن چ جوانییەکی دەربڕیوە:

**دەڵـێن کـە خولقـا گـوڵ لـە کوێـستان**
**سـپی بـوو سـپی وەك بـەفری کوێـستان**
**بـەڵام لەودەمـە، دەمـی کـردەوە**
**بـۆ مـاچ کردنـی ڕوونـاکی بـەیان**
**هەسـتی کـرد ئـادەم تەماشـای ئـەکا**
**بۆیـە ڕوخـساری سـور بـوو لـە شـەرمان**
**ڕاسـتی ئـاوابوو سـەر کـوڵمی یـارم**
**پـێش هەڵمـژینی بـەر لـە ڕامووسـان**

شیعرەکانی پڕ لە گوڵو باخە، بۆیە وشەکانی گوڵو گڕو گەوهەرن، کاریگەرو پڕ لە جـوانیو هونەرن، ئاگری کوورەی مەشخەڵانی سروودی بەموشەدەمەی شیعرە ئاگرینـەکانی جـۆش داوە، شیعری سروودەکانی لەسەر لێوی شۆڕشگێڕان دەلەرێنەوە، هەر دەیڵێنەوە/ سروودی (کارگـەرین جەنگاوەرین)و (داری ئازادی بە خوێن ئاوەدەدین)و (براگەل بخـوێنن توانـا دەبـن)و (کوردسـتان جوانی ئێجگار شیرینی)و (گەنجێ کە پیشەی هـەر فەسـادی بـێ)و (جوانـە کوردسـتان خـاکی ڕەنگینت)و (لاوی کورد بخوێنە خوێندن مەرهەمـە بـۆ زامـی گـەل)و (هێـزی یـەکێتیو چـرای زانستی)و (قارو قینی گەل بە جارێ دای لە هاڕژنو تەقین) هەنـدێ لـە شـیعرەکانی، کراونەتـە گۆرانی، هەروەك:

**ئەملا کەژێکە ئەولا کەژێکە جوان و سەخت و بـەرز**
**لـە ناوەڕاسـتا دۆڵـی سـۆلافە پـڕ لـە بـاخ و ڕەز**

وەرە قوربان ئارامی دلان، ساوەرە نازدار وەرە قوربان، دیسان مانگی نیسانە، ئەی بالا بەرزی نەرمو شل سەیری ئەم پرچو بسکە، مەرەنجێنە، گیانە گۆڕاوی. مامۆستا دلزار هێندە عەشقی گوڵو جوانی بووە، دەشێ لە ڕۆستێ (ئەستی)ی دلزار وەك حەبیبەی حەزرەتی نالیو ست فاتیمەی هەردیو بەهیەی فەرەجەڵڵای کوردی-ی دڵدارو وارێی خارە سێوە بووبێ، چونکە هەستونەستی، بۆ ڕوخساری ئەستی بەو شێوەیە دەربڕەیوە:

**لە ڕەنگی سووری گوڵەباخ**
**لە خوێن و بەفری سەرشاخ**
**لە پرتەوی شەو چراخ**
**لەگەڵ ئەشك و لەگەڵ شاخ**
**ئەهۆنمەوە هەڵبەستی**
**وەسفی ڕوخساری ئەستی**

زیاتر ئەشقی بۆ هەڵدەڕێژێ، لە دێڕێکی دیکە بۆ ئەستی دەبێژی:

**دینی من، ئیمانی من، دووچاوی مەستی ئەستییە**
**گیانی من، هۆش و دڵی من، دیلی دەستی ئەستییە**

مامۆستا دلزار گەرچی مرۆڤێکی مرۆڤ و دلۆڤانو میهرەبانە، بەلام لەبەر خەباتو هەلۆیستی سیاسی، هێندە نازو سۆزی نەداوە بە ڕۆڵەکانی، سەرتاپا ژیانی ئاوارەییو بەندیو لێقەومانو پڕ سەربەرزی بووە، ژیاوە بە مەردیو خۆڕاگری:

**دڵ دەڵێ دلزار لە بۆچی سینە کوورەی ئاگری**
**بۆچی فرمێسکت بە سروەی بەحری ئەبیەز ناسڕی**
**بۆچی داری غەم بە تەوری کەیف و شادی نابڕی**
**بۆچی بەرگی زیلەتت سەرتا بە خوار دانادڕی**
**بۆچی لەڕێگەی ڕەوشەنی ژینی بەرز داناگری**

**دڵزار:**

**ئاهی دڵا بای بەحرو بەڕ ئەشکم وشك ناکاتەوە**
**باخی ڕەنگینی فەڵەستین دڵگەشیم ناداتەوە**
**کێوەکەی قودسی موقەدەس مەینەتیم ناباتەوە**
**حەسرەتی دووری وەتەن خوێنی جگەر دەخواتەوە**
**ناعیلاجم خەم دەخۆم کەس غەم لە بۆ خۆی ناکڕی**

بۆیە ئاوات‌و ئامانجی ئازادی بووە بە ئاوازی شۆڕشگێڕانە:

**دنیا باغێکە ژیان گوڵیەتی**
**ئازادی زادی گەڵاو چڵیەتی**
**هیوا ئاوازی خۆش بولبولیەتی**
**دیلی میکرۆبی کرمی گڵیەتی**

ئەوێ دەمێ لە چلەکان‌و سالّی چەپڵە لە کۆیە، زۆربەی تێکۆشەران لەڕیزی حزبی شیوعی ڕێکخراو بوون، لە گەڕەکی مۆسکۆ، لەشاری کۆیە شیعرەکانی مامۆستا دڵزار دروشم‌و پەیامی بابەتی کۆڕو کۆبوونەوەکان بوون، وێردی سەر زمان بوون:

**ڕاستی گفتارو ئەسڵی حەقیقەت**
**لە شیعرەکانی دڵزار تێ ئەگەن**

ڕێزو خۆشەویستی لەو پەڕو ڕادەبەدەر بووە، بێ باك، بێ منەت، لەسەر یەك بیروباوەڕ بووە، ڕاستی گوتووە:

**ئــــەو شـــــانازیەی لــــەدڵما گەرمــــە**
**تـــــــەنیا پتـــــــەوی بیروباوەڕمـــــــە**

ڕاستگۆ بووە لە شیعرەکانی، لە تێکۆشان دانـەبڕاوە، گەرچـی تەمـەنی هەڵـکشاوە، بـەڵام ئاساسی نەژیاوە، هەرچەند تەمەنی درێژترە لە تەمەنی (پێغەمبەرو لینین) بەڵام بێ بەش بـووە لە خۆشی ژین، خۆی گوتەنی:

**بەڵام ئەوەی کە مایەی سـەربەرزیو شـانازیە**
**سەرشـۆڕ نـەکردنمان خـەبات و گیـان بازیـە**

مامۆستا دلزار شاعیرو وەرگێڕێکە بەئەزموون، دیارە لـە (نێرگزجـاڕی گـەردوون) چـەندین شیعری جوانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی، لە گەنجینەی چوار خـشتەکییەکی بابـا تایەری هەمەدانی، هێندە بەوەستاییو شارەزاییو لێزانی لە شێوەزاری (لوڕی)یەوەی هێناوەتـە سەر شیلەو شیرینی شێوەزاری (سۆرانی) هەروەك:

**ئیلاهی گەردنی گـەردوون شـەوەد خـورد**
**کــە فرزەنــدی جیهــانرا جوملــەگی بــرد**
**یـــەکی نایـــە فـــلاَن زینـــدە وابـــی**
**هــەمی گویەنـد فــلاَن ابنـی فـلاَن مـرد**

❊❊❊

**خودایــە گــەردەنی گــەردوون ببــێ ورد**
**کــە ڕۆڵانــی جیهــانی ســەرلەبەر بــرد**
**یـەکێ نـەیگوت فـلاَن وا زینـدووبووەوە**
**دەڵێن گـشتیان فـلاَن کـوڕی فـلاَن مـرد**

مامۆستا دلزار لە ژیانو دنیاو مەرگو پیری گەیشتووە، ئەو ڕایەی لە شیعر ڕەنگی داوەتەوەو بە شیعر دارشتووە، گولّی تەمەنو ژیانی خەباتو خۆڕاگریو خەمو بەندیو هیواو هەلّویستو خۆشەویستیو جوامێری بووە، حەقی خۆیەتی، کە گوتوویەتی:

**شاعیرێکی کوردی سەر بەرزو پەرێز پاکم ئەمن**
**چقلّی چاوی دوژمنـان و ڕەنـدو بێباکم ئـەمن**

خودایە هەر بمێنیّ! ئەو شاعیرە ڕێزدارو ناودارو ئازگارو شیعر نازدارە، ئەو باخە پڕ گولّە ئەو شاخە بەرزە، ئەو ئەستێرە پڕشەنگدارە.

دوا بەدوای ئەم بڕگانەی سەرەوە، خەلاّتی ڕێزلێنانی لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کورد لەلایەن سەرۆکی لقەوە بەرێز سەعدوللاّ پەرۆش پێشکەش بە بەرێز ئەحمەد دلزار کرا هەروەها بەرێز زیرەك کەمال خەلاّتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێشکەش بە شاعیر دلزار کرد.

جێی باسە چەندین بروسکەی پیرۆزبایی بەم بۆنەیەوە ئاراستەی لقەکەمان کرا، لەوانە: گۆڤاری مێرگ، گۆڤاری کەکۆن، دەزگای چاپو بلاّوکردنەوەی بەدرخان، بنکەی ئەدەبیو ڕووناکبیری گەلاّویژ لەهەولێر.

لە کۆتاییشدا مامۆستا غەریب پشدەری بەدەنگە زولاڵەکەیو کاك ئازاد دلزار بە عوودەکەی، چەند پارچە مۆسیقاو گۆرانییان پێشکەش کردو فێستیڤالّی ڕێزلێنانی شاعیر ئەحمەد دلزاریان زیاتر ڕازاندەوەو بوونە مایەی ڕەزامەندیو خۆشحالّیی ئامادەبووان.

(٢)

کاتژمێر سێو نیوی ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێککەوتی ٢٠١٠/١/٢٠، بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە نووسەرانو شیعر دۆستان، کۆڕێکی شیعریی بۆ هەردووك شاعیری ناسراو عەبدولقادر سەعید سەرچنارێو قوبادی جەلی زادە سازدا.

سەرەتا کۆڕگێڕ ئیسماعیل بەرزنجی-ی شاعیرو ڕۆژنامەنووس، عەبدولقادر سەعید سەرچناری پێشکەش کردو گوتی: خاوەنی (١٢) شانۆگەریی شیعریو ڕۆمانێکە بە ناونیشانی (گۆڕ غەریب) کە بەم دواییە بڵاوی کردووەتەوەو زۆریشی لەبارەوە نووسراوە، دوا بەرهەمیشی دیوانێکە بەناونیشانی (شاعیرێك وێنە دەکێشێت). ئینجا شاعیر چەند دەقێکی خۆی خوێندەوە بە ناونیشانی (بازەکان پیردەبن، شەهید، خەونی شاعیرانە، مردووەکان زیندوودەبنەوە، گومان، پەیکەرتاش، کە پێشکەش بە بارزانیی نەمر کرابوو).



عەبدولقادر سەعید سەرچناری



قوبادی جەلی زادە

پاش ئەویش کۆڕگێڕ، قوبادی جەلی زادەی پێشکەش کردو گوتی: دیارە هەر ئەوەندە بەسە بڵێم قوبادی جەلی زادە چەند پارچە شیعرێکمان بۆ دەخوێنێتەوە، ئەمیش (٣) دەقی خۆی خوێندەوە بەناونیشانی: (إنا لله وإنا إليه راجعون)، پیاوێك بە بلووری چرایەك میزدەکات، خودا دەیەوێت پشووبدات).

پاشان کاك (دەوەن) لێکۆڵینەوەیەکی بەناونیشانی (لە شیعرەوە سیناریۆکانی سروشتو مرۆڤ دەبینین)ی خوێندەوە کە لەبارەی دەقە شیعرییەکانی هەردووك شاعیرەوە بوو.

(٣)

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانیی ڕۆژی پێنجەشەممە، ٢٠١٠/١/٢٨، چلەی ماتەمینیی فۆلکلۆریستو لێکۆڵەر خوالێخۆشبوو خالید جوتیاری لە هۆڵی پێشەوا سازکرد، کە بەڕێزان نوێنەری جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی




نیشتمانیی کوردستانو نوێنەری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانو نوێنەرانی حزبو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانو میوانانی زۆربەی شارەکانی کوردستانو فۆلکلۆرپەروەرانو نووسەرێکی زۆر ئامادەی بوون، شاعیرو ڕۆژنامەنووس (ئیسماعیل بەرزنجی) بە چەند چرکەیەك وەستان دەستی بە جێبەجێکردنی بڕگەکانی ماتەمینییەکە کرد.

سەرەتا وتاری لیژنەی ئامادەکاری چلە لەلایەن شاعیرو ڕۆژنامەنووس مەسعوود پەرێشان-ەوە خوێندرایەوەو تیایدا وێڕای بەخێرهێنانێکی گەرمی ئامادەبووان، سوپاسی کردنو چلەی ماتەمینیی یەکێك لە ئازیزترینو کاراترین ئەندامی وەغرکردووی لقەکەمان خالید جوتیار-ی بەمەزنترین وەفا پێناسەکرد:

ئامادەبوونتان بە مەزنترین وەفا پێناسە دەکەین بەرانبەر بە مەرگی ناوادەی ئەو ئازیزەی کە بە جوانەمەرگ ناوی دەبەین، بەوەی هەگبە پڕەکەی هێشتا زۆری تێدا مابوو، کە بۆمانی هەڵبڕێژیو هێندەی ئەز لە نزیکەوە ئاگاداری بووم، ئەوەی بە چاپی گەیاندوون، زۆر کەمتر بوون لەوەی لە خەیاڵیدا بوونو دەیەویست بە چاپیان بگەیەنێ.

ئینجا نوێنەری جێگری بەڕێز سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەڕێز سەعدی پیرە وتەیەکی پێشکەش کردو ئاماژەی بە چەندان لایەنی ئەکتیڤو جوانی ژیانی سیاسیو ئەدەبیی خوالێخۆشبوو داو گوتی: کۆچ کردنی ئەم کەڵە پیاوە، کۆستێکی گەورەی بەجێهێشت لەدەروونی کەسوکاریو هاوڕێیانیو ئێمەشدا.

دواتر بەڕێز زیرەك کەمال وتاری سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی خوێندەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

لە چلەمین ڕۆژیادی کۆچی دوایی کردنی نووسەرو شاعیر کاکە خالید جوتیار، سەر لەنوێ بەناوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان حەسرەتو ناسۆریو تاسەباری خۆمانتان پێ ڕادەگەیەنینو کۆچی ناوادەی ئەو پیاوە خەمخۆرو ڕاستی ویستو وشە پەروەرەتان بەداخو خەمێکی کوردستانی دەزانین.

هەڵبەت شیعرو نووسینەکانی کاك خالید جوتیار لەلایەك دەربڕو گوزارشتێك بوون لە واقیعی سەردەم، ئەو واقیعەی لە ڕابردوودا خەمو ئازارو نامرادی هێڵە گشتییەکانی داڕشتبوو، لەلایەکیش پێشنیارو پڕۆژەیەك بوون بۆ هێنانەکایەی واقیعێك کە شاعیرو نووسەرە داهێنەرەکانی جیهان لەنێو خاڵو وشەو ڕستەدا بە جوانترین شێوە بنیاتیان نا.

ئامادەبووانی بەڕێز...

ڕۆشنبیرانو ئەدەب دۆستانو ڕێبوارانی کاروانی ڕێگای زانستو مەعریفەو پێشکەوتن..

ئێمە ئەو حەقیقەتە باش دەزانین کە ڕۆشنبیرانو شاعیران کاتێك دەتوانن کە ڕۆڵی سەرەکیو بنەڕەتیی خۆیان لەنێو کایەکانی واقیعی ژیاندا ببینن، کە وەك بوونێکی خاوەن هەڵوێستو وابەستە بە وشەو هەقیقەتی گوتن لەنێو ڕاڕەوی ژیانو لەسەر هێڵە گەرمەکانی واقیعدا بسەلمێننو باشیش درك بەوە دەکەین کە لە بونیاتنانەوەو پتەوکردنی کلتوورێکی نوێی شارستانیو دیموکراسیدا ڕۆشنبیران وەك گرنگترین توێژی کۆمەڵگا، داینەمۆی سەرەکینو وزەی گەرمی ئەوان کە لەنێو نووسیندا خۆی بەرجەستە دەکات ڕەوڕەوی کاروانی ئەو بونیاتنانەوەیە ڕووەو پێشەوە ئاراستە دەکات، هەر بۆیەش حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو ڕوویێکەوە پاڵپشتی ئەو پڕۆژەو بەرنامەیە دەکات، کە ژێرخانی ڕۆشنبیریو کلتووری لە هەرێمی کوردستان بەهێزترو تۆکمەتر دەکات.

نوێنەرایەتیشمان لەم کۆڕە ماتەمینیەی کە بۆ خالید جوتیاری شاعیر ئامادەکراوە، بەڵگەی ڕاستیی سەلماندنی ئەو قسەیەمانە.

ئێوە ئامادەبووانی ئەم کەرنەڤالی خەمە، خاتوو ئەسیبە هاوسەری برای کۆچکردوومان.. دڵنیاتان دەکەین کە یادو یادەوەریی کاکە خالید جوتیار لەسەر لاپەڕەکانی مێژووی ئەم وڵاتە هەر بە درەوشاوەیی دەمێنێتەوە.

پاشان وتاری دەزگای ناوەندیی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەلایەن بەڕێز ئیسماعیل کوردە-وە لە بری بەڕێز ئازاد جوندیانی خوێندرایەوە کە تیایدا هاوخەمیی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو بۆ مەرگی ناوەختی ئەدیبو ڕۆشنبیری ناسراو خالید جوتیار.

دواتر وتاری دەزگای چاپو بلاوکردنەوەی بەدرخان لەلایەن بەڕێز حەمید ئەبووبەکر بەدرخان-وە خوێندرایەوە، ئەویش مەرگی ناوادەی خوالێخۆشبوو بە کۆستێکی گەورە لە قەڵەم دا.

دوای ئەو دۆستی دێرینی خوالێخوشبوو خالید جوتیار بەڕێز ڕابەر سەید برایم، چەند پەیڤێکی پێشکەش کرد.

دوای ئەویش چەند چالاکییەکی هونەری پێشکەش کران، وەك: گرووپی ژێداری هەولێر لە (میتۆلۆژیای ژیاندا) لە دانانی هونەرمەند ئامانج غازیو بەدەنگی کاك کارزان ڕەشید یادگارییەکانیان گێڕایەوە، هەروەها (کەی دێیتەوە برا ئازیزەکەم) لاواندنەوەیەك بوو. د. شوکریە ڕەسوول خوێندییەوەو فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەلایەن دەزگای چاپو بلاوکردنەوەی بەدرخان-ەوە لەسەر ژیانی نمایش کراو د. ئەکرەم خامۆش چامەیەکی بە ناونیشانی ((کەرنەڤالی بەهەشتی نەمرانو پرسەی مەملەکەتی مردووان))ی خوێندەوە، ئینجا پارچە مۆسیقای (ڕازێك بۆ خالید جوتیار) بیرۆکەو ئامادەکردنی نایف شێخانی پێشکەش کرا.

هەروەها کاك ئارام سالح چەند پەیڤێکی پێشکەش کردو کۆڕالی داستانی قەڵای دمدم لەلایەن تیپی مۆسیقای باواجی کۆیەوە، لە تێکستی خالید جوتیار، ئاوازو دابەش کردنی هونەرمەند ئارەزوو ئیسماعیل پێشکەش کرا، لە کۆتاییشدا وتاری بنەماڵە لەلایەن کاکە جوتیار خالید جوتیار-ەوە خوێندرایەوە کە تێیدا سوپاسو پێزانینی خۆیان بۆ هەموو ئەوانە دووپات کردەوە، کە چ بە بروسکەی ماتەمینی چ بە ئامادەبوون هاوخەمیان بوون.

ماوەتـەوە بڵـێین کۆمـەڵێك بروسـکەی ماتـەمینی ئاراسـتەی ماتـەمگێڕان کـرا، لەوانـە: بروسکەی ماتەمینیی بەڕێزان جەنابی مـام جـەلال سـەرۆکی کۆمـاری عێـراق، نـەوزاد هـادی پارێزگاری هـەولێر، د. کـاوە مـەحموود شـاکر وەزیـری ڕۆشـنبیری‌و لاوان، لقـی دووی پـارتی دیموکراتی کوردستان، مەڵبەنـدی (٣)و مەڵبەنـدی (١٧)ی ڕێکخـستنی یـەکێتیی نیـشتمانیی کوردستان‌و بەڕێزان مومتاز حەیدەری، مەحموود زامدار، عەبدولموئمین دەشتی لە بەرلین.

(٤)

کاتژمێر (٣)ی دوای نیـوەڕۆی ڕۆژی چـلەی ماتـەمینی خوالێخۆشـبوو (سـەعد شـکاك)ی سـازکرد، کـە دۆسـت‌و بـرادەرو خزموکەسـێکی زۆرو خانەوادەی ئامادەی بـوون. شـاعیرو ڕۆژنامـەنووس (ئیسماعیل بەرزنجی) بـە چەند چـرکەیەك وەسـتان بۆگیـانی پـاکی خوالێخۆشـبوو دەسـتی کـرد بـە جێبـەجێکردنی بڕگەکانی مەراسیمی ماتەمینییەکە.



سەرەتا بەڕێز نازم دڵبەند، وتاری لیژنەی مەراسیمی چلەکەی خوێندەوەو تێیدا وتی:

لەپاڵ ئەو هەموو شتانە، یەکێتیی نووسەرانی لقی هـەولێر، پـێش نەخۆشـییەکەی‌و لەگـەڵ نەخۆش بوونەکەشی درێغی بۆ کاك سەعد شکاك نـەکردو بەهـەموو توانایـەك یارمـەتی دا تـا گەیشتە ئەوەی مەرگ پێی بوێری‌و سەفەری ئەجـەل بکـات، دوای مـەرگیش ئـەوەتا یـەکێتیی نووسەران وەکو وەفایەك بۆ ئەندامەکانی، بەر لە چەند ڕۆژێك چلەی خالیـد جوتیـاری نووسـەرو ئەمرۆش هی سەعد شکاك سازدەدا، کە هەر هەموو شـتەکان بەشـێکن لـە دەربڕینـی سـۆزی وەفای یەکێتیی نووسەران بۆ ئەندامەکانی.

دواجار ئەوەندە ماوە بڵێین دیسانەوە بەناوی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی هەولێرەوە، داوا لە خانەوادەی کاک سەعد شکاک بکەین کە تەمەنی درێژی ئەو، بۆ ئەوان بێتو دوارۆژێکی ڕوونو پرشنگداریش بۆ منداڵەکانی دەخوازین.

ئینجا بەڕێز شاکر ڕۆژبەیانی وتەی وەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوانی خوێندەوەو خەمو پەژارەی بۆ مەرگی ناوادەی خوالێخوشبوو دەربڕیو کاک شێرزاد عەبدولڕەحمان بابەتێکی بەناونیشانی ((تەنیا لە مردندا.. گەمەی ژیان تەواو دەبێت!)) پێشکەش کردو پاشان فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر ژیانو مردنی خوالێخۆشبوو نمایش کرا کە هێمن شکاکی کوڕی دەری هێنابوو.

دواتر هۆزانی کوڕە بچووکو هێلینی کچە تاقانەی بە پارچە هۆنراوەیەکو وتەیەک چەند ڕازێکیان درکاندو سڵاویان بۆ گیانی باوکیان نارد.

هەروەها برادەرانی بەوەفای سەعد شکاک بەڕێزان عومەر فەرهادیو فەیسەڵ دەباغ چەند یادەوەرییەکیان گێڕایەوەو درووودیان بۆ گیانی پاکی نارد.

لە کۆتاییشدا کاک عەبدوڵڵا شکاک لە جیاتی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو وتارێکی خوێندەوەو تیایدا بەناوی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو بە گەرمی بەخێرهاتنی میوانانی کردو سوپاسی یەکە یەکەی ئامادەبووانی مەراسیمەکەو لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کوردی کرد بۆ ئەو زەحمەتییەی کە کێشایانو مەراسیمەکەیان سازدا.



(٥)

وەک نەریتێکی ساڵانە، لقەکەمان لەساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورددا، میدالیاو خەڵاتی ڕێزلێنان

پێشکەش بە کۆمەڵێك نووسەر دەکات.

ئەمساڵیش بە هەمان شێوە، کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی (٢٠١٠/٢/١٠)، لە هۆڵی پێشەوای وەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوان، ڕێزی لە (٢٥) نووسەری دیکە گرت، کە بەڕێزان: وەزیری ڕۆشنبیریو لاوان کاوە مەحموود شاکر، وەزیری پەروەردە سەفین دزەیی، پارێزگاری هەولێر نەوزاد هادی، نوێنەری سەرۆکی حکوومەتی هەرێم زیرەك کەمال، نوێنەری ئەکادیمیای کوردستان ڕەشید فندیو بەرپرسی مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان سەرۆ قادرو نوێنەرانی دەزگا کلتووریو ڕۆشنبیرییەکانی هەولێرو دەرەوەیو ئەدیبو نووسەرو ڕۆشنبیرێکی زۆر ئامادەی ببوون. سەرەتا ئیسماعیل بەرزنجی-ی شاعیرو ڕۆژنامەنووس، کە مەراسیمەکەی بەڕێوەدەبرد، بە چەند چرکەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی بە جێبەجێ کردنی بڕگەکانی کرد.

لە یەکەمین بڕگەدا، سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کورد بەڕێز سەعدوڵلا پەرۆش وتارێکی خوێندەوەو ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١٠ی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کوردی بە ڕۆژێکی گرنگو هەمیشە زیندوو لەمێژووی نووسەرانی گەلەکەمان لە قەڵەم دا.. ئەمەی خوارەوەش دەقی وتارەکەیەتی:

بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
وەزیرە بەڕێزەکان، پەرلەمانتاران، پارێزگاری هەولێر
نوێنەرانی حزبو سەندیکاو ڕێکخراوە دیموکراتییەکان
ئەدیبان.. ئەدەب دۆستان.. میوانە بەڕێزەکان...

ئەمڕۆ ڕۆژێکی گرنگو هەمیشە زیندووە لە مێژووی نووسەرانی گەلەکەمان، چونکە (٤٠) ساڵ لەمەوبەرو لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا، یەکێتیی نووسەرانی کورد کە ماڵو مەرجەعی شەرعیی نووسەرانی کوردە، هاتە دامەزراندن، کە بێگومان گرنگیی دامەزراندنیشی لەوەوە دێ کە نووسەرانی گەلەکەمانی لە پەرتەوازەییو کۆششی تاکە کەسیو نەبوونی پڕۆژەی دەستە جەمعی ڕزگاری کردو لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی مەدەنیو دیموکراتیدا کۆی کردنەوە، تا

لەوێوە یەك ڕیزو یەك دەنگ، نەخشەی پرۆژە ئەدەبیو ڕۆشنبیرییەکانیان ڕەسم بکەن، بە جۆرێ کە لە قازانجی زمانو کولتوورو دواتر لە پشتیوانیی کێشەی ڕەوای گەلەکەمان بکەوێتەوە، بۆیە ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی بزاڤە شارستانیو دیموکراتییەکانی کوردستان بدەینەوە، دەبینین یەکێتیی نووسەرانی کورد، ئەو شانازییەی بەردەکەوێ کە وەك هێزی قەڵەم لە تەك ئازادیخوازانی گەلی کوردستان، هەمیشە لە سەنگەری بەرگریدا بووەو وەك هەر دەزگایەکی دیکەی دیموکراسی هەبوونی خۆی سەلماندووەو ڕۆڵی نەتەوەییانەی خۆی لەبواری ڕۆشنبیریدا بەرز ڕاگرتووە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە هەمیشە لە پێشخستنو پەرەپێدانی ئەدەبو زمانی کوردیماندا بە چەکی قەڵەم ململانێی مەرگو ژیانی کردووە.

ئێمە وەك لقی هەولێر، کە لقێکی کارای ئەم یەکێتیی نووسەرانەین، ساڵانە لەڕێوەڕەسمێکی شایستەو شکۆداردا، یادی ئەم ڕۆژە پڕ بایەخە دەکەینەوە، لەمیانەی ئەم یادکردنەوەیەشدا، یادی ئەو نووسەرانە دەکەینەوە کە گیانی خۆیان لەپێناو وشەی بوێرو هەڵوێستی جوامێرانەدا بەخشیو مەرتەبەی بەرزی شەهادەتیان هەڵبژارد.

وەك هەمووتان ئاگادارن، یەکێتیی نووسەرانی کورد لەگەڵ ئەوەی کە کوردستان بەزۆر هەلومەرجی سەختی جیاوازیو ململانێی فیکریو سیاسیدا تێپەڕیوە، بەڵام بە هەوڵو هیممەتی ئەندامە دڵسۆزەکانی، توانی وەك ڕێکخراوێکی یەکگرتوو بمێنێتەوەو تووشی درزتێکەوتنو لێکترازان نەبێتو بگرە بەپێی تواناش هەوڵی بێ پایانی ڕێکخستنەوەی ماڵی کوردیش بدات، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا شانازییەکی گەورەیە بۆ نووسەران.

ئێستاش لقەکانی ئەم یەکێتییە لە پارێزگاکانی هەولێرو کەرکووكو سلێمانیو دهۆك لەکاروچالاکییەکانیان بەردەوامنو هیوای هەمیشە بەردەوام بوونیشیان بۆ دەخوازین.

ئەوەتا لقی هەولێر وێڕای دەیان چالاکیی جۆراجۆری ئەدەبیو هونەریو ڕۆشنبیری، ماوەی پێنج ساڵە وەك تەقلیدێکی شایستە، ساڵانە بەم بۆنە پیرۆزەوە، میدالی ڕێزلێنان بە گەردنی کۆمەڵێك لە ئەندامانییەوە دەکات، بێگومان بۆ ئەم خەڵاتو ڕێزلێنانەش تەمەنو ئەزموونو چالاکیی ڕێکخراوەیی لەبەرچاوگیراون نەك ئاستەکانی داهێنان، کە ڕەنگە ئەویشیان لە ساڵانی

داهاتوودا بخرێته بەرنامەی کارکردنەوە، چونکە وەك خۆتان دەزانن خەلاتی داهێنـان پێویـستیی بە چەند لیژنەیەکی پسپۆڕو هەڵسەنگاندنی هەمە لایەنەو کارامەیی نووسەرو گەوهەری دەقـەوە هەیە.

لێرەدا هەقە ئەوە بڵێین تائێستا (٤٩) نووسەر لەماوەی (٤) ساڵی ڕابردوودا خەلات کراونو بۆ ئەمساڵیش (٢٥) نووسەر دەستنیشان کراون، کە ئەم خەلاتەیان پێشکەش بکرێ.

ئازیزان...

بەرلەوەی بچینە ناو ڕێورەسمی ڕێزلێنانەکەوە، حەزدەکـەم بـەناوی لقـی هـەولێری یـەکێتیی نووسەرانی کوردەوە، سوپاسی بێپایانی بەڕێز د. بەرهەم ئەحمـەد سـاڵح سـەرۆکی حکوومـەتی هەرێمی کوردستان بکەم کە جوامێرانە بەدەنگمانەوە هاتو خەرجییەکانی ئەم فیستیڤاڵەی بـۆ دابین کردین، ئەمە وێڕای هاوکارییە بەردەوامـەکانی وەزارەتـی ڕۆشـنبیریو بـەڕێز پارێزگـاری هەولێر، کە هەمیشە پشتو پەنای لقەکەمان بوونـەو لـە هاوکـاریو پـشتگیری کردنـدا ڕۆڵـی بەرچاویان هەبووە.

لەدواییدا دووبارە بەگەرمی بەخێرهاتنی هەموو لایەکەتان دەکەینو سوپاسو پێزانینمان بـۆ ئامادەبوونتان ڕادەگەیێنین.

ئینجا پارێزگاری هەولێر بەڕێز نەوزاد هادی وتەیەکی پێشکەش کردو ڕێزلێنانی نووسـەرانی لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کوردی بـەرز نرخانـدو گـوتی: ((ڕێزلێنـانی لقـی هـەولێری یـەکێتیی نووسـەرانی کـورد لـە نووسـەران جێگـەی ڕێـزو پێزانینـە، چـونکە نووسـەران جـێ دەستوپەنجەیان بەسەر ئەو پێشکەوتنانەوە دیارە، کە لە کوردسـتان بەسـەر هـەموو بوارەکـانی ژیاندا هاتوون، بۆیـە دەستخۆشـی لـە یـەکێتیی نووسـەرانی کـورد- لقـی هـەولێر دەکـەینو هیوادارین بەردەوام بن لە خزمەت کردنی زیاتری نووسەرانو ڕێزلێنانیان)).

دواییش نوێنەری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز زیـرەك کـەمال، وتـارێکی پێشکەش کردو پاش پیرۆزبایی کردن لە نووسـەران بەبۆنـەی سـاڵیادی دامەزرانـدنی یـەکێتیی نووسەرانەوە گوتی: ((لە ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورددا ڕێزلێنانی ژمارەیەك

نووسەر مایەو شایەنی دەستخۆشییە، بۆیە هیوادارین ئەم ڕێزلێنانە هانی هەموو لایەك بۆ زیاتر داهێنان بدات)).

پاشان وەزیری ڕۆشنبیریو لاوان بەڕێز کاوە مەحموود شاکر وتەیەکی پێشکەش کردو وێڕای بەرزنرخاندنی ڕۆڵی نووسەران وەك فاکتەرێکی گرنگ لە ژیانی هاوچەرخدا، گوتیشی: ((بەپێی پێوەری هاندانی داهێنان دەکرێت ڕۆڵی ئێستای نووسەران کاریگەتر بێتو دەبێت بڕواشمان بەوە هەبێت، کە چالاکیو ڕۆشنبیریو داهێنان زۆر لەوە فراوانترن، کە لە چوارچێوەی کاری وەزارەت یان ڕێکخراوەییو سەندیکایی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت)).

ئەو (٢٥) نووسەرە ڕێزلێنراوانە خەڵاتو میدالیای ڕێزلێنانیان لەو بەڕێزانە وەرگرت کە بەرامبەریان نووسراون:

| | |
|---|---|
| ١- بیلال عەزیز<br>٢- محەمەد حەسەن مەنگوڕی<br>٣- مەولوود قادر بێخاڵی<br>٤- عەبدولغەنی عەلی یەحیا<br>٥- مودریك ژاڵی | وەزیری ڕۆشنبیری |
| ٦- عەزیز ڕەشید حەریری<br>٧- سەدرەدین خۆشناو<br>٨- د. کەمال مەعرووف<br>٩- عوبێدساڵح | وەزیری پەروەردە |
| ١٠- عەلی بەختەوەر<br>١١- محەمەد خدر مولوود<br>١٢- فوئاد سدیق<br>١٣- غەیاسەدین نەقشبەندی | نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان |

١٤- بۆتان جەلال
١٥- کازم کۆیی
١٦- خالید کۆچەر
١٧- ئارام ساڵح

نوێنەری ئەدکامیای کوردستان

١٨- نازم دڵبەند
١٩- قاسم شێروانی
٢٠- ڕۆستەم باجەڵان
٢١- فەریدوون سامان

پارێزگاری هەولێر

٢٢- زرار سەرتاش
٢٣- خالید عوسمان
٢٤- محەمەد باوەکر
٢٥- سەباح ڕەنجدەر

سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد

(٦)



کاتــــژمێر (٤)ی ئێـــــــوارەی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێککـەوتی (٢٠١٠/٣/١٧)، بــە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لــە ئــەدیبانو ڕۆشنبیران، کۆڕێکی بـۆ شــاعیران مــەهاباد قــەرەداغی، هێــرۆ

کوردە، چنار نامیق، شنۆ ئەحمەد غەفوور، ژوان کەریم، شەونم زەندی ..سازدا، لەسەرەتای کۆڕەکەدا، شاعیرو ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل بەرزنجی لەبارەی کۆڕە شیعرییەکە دواو گوتی: ڕاستە کۆڕو کۆبوونەوەو چالاکیی ڕۆشنبیریی زۆر لەیەك کاتدا لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دەکرێن‌و ڕەنگە جۆرە بێ بەرنامەییەکیش هەبێت، بەلاّم هەر هەمووانیش بایەخ‌و گرنگیی خۆیان هەیەن‌و ئەمەش وادەکات گوێگرو بژاردەی خۆیان هەبن، واتە وێڕای ئەو هەموو چالاکییە ڕۆشنبیرییە، دەنگی ئەم خانمە شاعیرانە، ئەدیب‌و ڕۆشنبیرێکی زۆری کردووەتە میوانی لقەکەمان، هەروەها ئاماژەی بە وتەیەکی نووسەری گەورەی عەرەب (جەبرا ئیبراهیم جەبرا)دا کە کاتی خۆی بە دان پێدانانێك وتی: ((با ڕەخنەگرانی عەرەب بزانن کەرکوك سەر قافلّەی نوێخوازییە لە عیراق نەوەك بەغداو دیمەشق‌و قاهیرە))، ئەم قسەیەش ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەوسای عەرەبیی هەژاند.

ئینجا بەڕێوەبردنی کۆڕەکەی بە خاتوو چنوور نامیقی شاعیر سپارد، بەو پێیەی ئەویش دەنگێکی ڕەسەن‌و خاوەن ڕێچکەی تایبەتیی خۆیەتی‌و باشتر لەدەنگی خانمە شاعیرەکانی کەرکووك تێدەگات.

خاتوو چنوور-یش یەك لەدوای یەك شاعیرەکانی پێشکەش بە ئامادەبووان کردو ئەوانیش بەرهەم‌و دەقە شیعرییەکانی خۆیان خوێندەوە.

* مەهاباد قەرەداغی:

ناوێکی دیارە، کە زەمەنێکە لەناو دنیای شیعرو چیرۆك‌و ڕۆماندا سەرقالّە. لەم ئێوارە کۆڕەدا بوو بە سەرقافلّەی ئەو دەنگە ناسك‌و جوانانەی لەدوای ئازادیی عێراقدا بە ئازادی‌و ڕەهایی دەنووسن.

مهاباد قەرەداغی لەناو دیوانی هێشووی ئەشق شیعرێکی هەلّبژاردو خوێندییەوەو لەم بارەیەوە گوتی: شیعرەکە نوێ نییە، واتە (٧) سالّ پێش ئێستا نووسراوە، بەلاّم پێم باش بوو بیخوێنمەوە، چونکە خۆی لەخۆیدا یۆگایەو یۆگاش زیکرەو بەشیعر پێشکەش بە ئێوەی دەکەم.

* هێرۆ کوردە ساڵی (١٩٨٩) لە کەرکووك لەدایك بووە، ساڵی (٢٠٠١) دەستی بەشیعر نووسین کردووەو ساڵی (٢٠٠٤) بەدواوە بەرهەمەکانی لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بلاّودەکاتەوەو خانمێکی چالاکیشە لە بوارەکانی ڕۆژنامەگەریو مافی مرۆڤ و ئافرەتاندا. هەروەها خاوەنی کۆمەڵە شیعرێکی چاپکراوە بە ناونیشانی (سووتانەکانم لەوەرزی فریندا)و خاتوو هێرو دوو پارچە شیعری بە ناونیشانی (سەرم لە لەشم جودادەکەمەوەو ڕووتبوونەوە) خوێندەوە.

* چنار نامیق: ئەویش، تائێستا چەندین بەرهەمی بە چاپ گەیاندووەو دەرچووی پەیمانگەی ڕاگەیاندنەو ئێستاش لە کۆلێژی ڕاگەیاندن قوتابییە، ئەویش چەند قەسیدەیەکی خوێندەوە.

* شەونم زەندی سێ قەسیدەی بەناونیشانی (ڕامانێك لە زەردەخەنە، فریادڕەس، بە مۆدێل بوون) خوێندەوە.

* شنۆ ئەحمەد غەفوور: ساڵی (١٩٨٨) لە کەرکووك لەدایك بووەو شیعری (هەناسەکانم لەگەرووی ئاودان)ی خوێندەوەو خاوەنی دیوانی (موسافیرێك لەڕەنگی ئاو بێ ڕەنگتر)ە کە لە ساڵی (٢٠٠٩) سەنتەری ڕۆنیا وەك یەکەمین کتێب لە بلاّوکراوەکانی خۆی بە چاپی گەیاندووە.

* لە کۆتاییشدا لەجیاتی ژوان کەریم، هێرۆ کوردە قەسیدەیەکی بەناونیشانی (زەمەنە بەریئەکان) خوێندەوە.

## **پۆزش**

**لە ژمارەی پێشوودا، کە تایبەت بوو بە چیرۆك‌و ڕەخنەکانی دیداری چیرۆکی کوردی، بەداخەوە ئەو وتەیەی سەرۆکی لقەکەمان بەڕێز سەعدوڵلاّ پەرۆشی تێدانەبوو کە لە دەستپێکی دیدارەکەدا خوێندیەوە.. داوای لێبووردن لە پەرۆش‌و خوێنەران دەکەین.**

(نووسەری نوێ)

بەڕێز چیرۆکنووسی ناسراوی کورد مامۆستا حوسێن عارف..

بەڕێزان ئەدیبان.. ئەدەب دۆستان..

میوانانی خۆشەویست ئامادەبوونتان مایەی خۆشحاڵیمانە، بەخێربێن بۆ دیداری چیرۆکی کوردی.

ئازیزان.. ئێمە لە لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کورد، دڵخۆشین بەوەی کە لە کارو ئەرکەکانمان دەگەینو هەمیشە هەوڵی ئەوەش دەدەین. بەپێی پێویستو توانـاو بەرنامە ڕێژییەکی وردەوە، کارو چالاکییەکانمان ئەنجام بدەین، ئەوەتا ئەمڕۆ لە دواوەرزی چالاکییەکانی ئەمساڵمان، بوارێکمان ڕەخساند، چیرۆکی کوردی تێدا بەسەر بکەینەوە، کە ژانرێکی گرنگە لە ئەدەبداو پێویستە ئێمەی ئەدیبانی کورد، بایەخی پێ بدەینو ڕۆشنایی بخەینە سەر بوونو پێکهاتەکانی.

بێگومان حەزمان دەکرد، دیدارەکە زۆر لەوە فراوانتر بووایەو دەقی چیرۆكو ڕەخنەی زۆرتری تێدا پێشکەش بکرایە، بەڵام مخابن لەوە زیاترمان لەدەست نەهات.

ببوورن نامەوێ لەوە زیاتر کاتتان لێ بگرم، بەتایبەتی کاتی دیدارەکە هەندێك بەرتەسکە. بۆئەوەی بێبەش نەبین لە گوێبیستی چیرۆکەکانو ڕاوبۆچوونی ڕەخنەگرەکانمان.. فەرموون لەگەڵ بڕگەکانی بەرنامەی دیداری چیرۆکی کوردی.

## ڕاپۆرت

**لە ڕۆژی ٢٤/٣/٢٠١٠دا، ڕۆژنامەنووس بەڕێز فریاد محەمەد، لە ڕاپۆرتێکدا گفتوگۆیەکی بۆ (ئەکانیوز) لەگەڵ سکرتێری کارگێڕیو دارایی لقەکەمان بەڕێز عەبدولڕەحمان فەرهادی سازکردبوو، بەباشمان زانی، لەم ژمارەیەدا دەقەکەی وەك خۆی بڵاوبکەینەوە.**

**(نووسەری نوێ)**

### دەقی ڕاپۆرتەکە:

**ئێستە زۆربەی شارەکانی کوردستان لقی یەکێتیی نووسەرانی کوردیان تێدایەو هەندێك لەو ڕێکخراوانە بەردەوام چالاکیی ئەدەبی ئەنجام دەدەنو هەندێکیان کارو چالاکییان سستو لاوازن، لە شارەکانی کەرکوكو سلێمانیو دهۆكو هەولێر هەن.**

یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی هەولێر لە ٣ ی یەنایەر/ کانوونی دووەمی ١٩٧١ (*) مۆڵەتی فەرمی وەرگرتووە، لە ١٥ی یەنایەر / کانوونی دووەمی هەمان ساڵدا یەکەم کۆنگرەی خۆی گرێ داوە، ئەم لقە تا ئێستە نێزیکەی ٢٠٠ ئەندامی لە هەولێر هەیە بووەتە ئارامگەیەك بۆ کۆبوونەوەو ئەنجامدانی چالاکی ئەدەبیو ڕۆشنبیری، مانگانەو هەندێ کات هەفتانە بەردەوامی بەچالاکییەکانی دەدات.

**عەبدولڕەحمان فەرهادی سکرتێری کارگێڕیی یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر لە هەندێ ڕووەوە کۆی کارەکانی ئەو یەکێتییەی باس کردو ئەو لایەنانەی شی کردەوە کە وایان کردووە یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر چالاکانەو تا ئەم کاتەش بەردەوام بێت لە کارەکانی خۆی.**

گوتی "یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر، زیندووترین لقە لە کوردستان کە بەردەوامە لە چالاکیو ئەنجامدانی کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینارو فێستیڤاڵو دەرکردنی گۆوارە ئەدەبیو ڕۆشنبیرییەکەی خۆی، نەك هەر توانای ئەنجامدانی ئەرکەکانی خۆی هەیە، بگرە زیاتریش لە ئەرکەکانی خۆی بەجێ دەهێنێ، بەردەوام لە کاتی پێویستدا ئەندامانی خۆی بەسەر دەکاتەوەو تا ئێستەش ساڵانە لەیادی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەراندا ڕێز لە ئەندامانی دەنێت کە بەم ساڵەوە ژمارەی ڕێزلێنراوان لە ئەندامانی لقی هەولێر بە خانەوادەی ئەندامە شەهیدەکانییەوە گەیشتووەتە نێزیکەی ١٠٠ کەس".

"بەپێی پێڕەوو پڕۆگرامی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لقەکان توانای وەرگرتنی ئەندامانیان نییە، بگرە ئەمە ئەرکی مەڵبەندی گشتیی یەکێتیی نووسەرانە، لە بارەی جێگەکردنەوەی ئەندامان لەنێو دەستەی بەڕێوەبەر، ئەوا ئێمە لە ڕێگەی کۆنفرانسەوە بەهەڵبژاردن دانراوینو خۆمان ئەندام بووینو بەهەڵبژاردنێکی ئازاد بووین بەدەستەی بەڕێوەبەر". لەبارەی ئەو چالاکییانەی یەکێتییەکە ئەنجامی دەدات، فەرهادی ڕوونی کردەوە" لقی هەولێری یەکێتیی نووسەران سەدان کۆڕی ساز کردووە، سەرباری پێشبڕکێی شیعرو چیرۆکی لاوانو فێستیڤاڵی تایبەت بە ڕۆمانی کوردیو سیمیناری چەند ڕۆژەی دیداری چیرۆکی کوردی بۆ هەموو کوردستانو دەیان چالاکیی گەورەی ترمان ساز کردووە کە لە کۆوارو ڕۆژنامەکانی کوردستانو کۆوارە تایبەتییەکەی خۆمان (نووسەری نوێ) بەردەوام بلاودەبنەوە، وێڕای ئەو توانا کەمە داراییەی کە هەمانە، یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی هەولێر چالاکترین لقی نووسەرانە لە کوردستاندا".

**لقەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بوونی هەیە، هەر لقێك چالاکیی خۆی ئەنجام دەدات، بەلاّم تا چ ڕادەیەك هاوئاهەنگی لە نێوان لقەکاندا هەیە،** فەرهادی گوتی" هەر لقەو چالاکییەکانی خۆی بەسەربەخۆیی ئەنجام دەدات، بەلاّم پێوەندییەکی پتەو لە نێوان لقەکاندا هەیە، بەتایبەتی لەگەڵ لقی دهۆك".

گوتیشی"یەکێتیی نووسەران تاکە ڕێکخراوە لە کوردستان کە شانازیی ئەوەی پێ بڕاوە لە کارەساتەکانی شەڕی ناوخۆ بەیەکگرتوویی مایەوەو نەبوو بە دوو بەشەوە. هەردوو مانگ جارێك کۆواری (نووسەری نوێ) دەردەکەین کە دەستەیەك لە نووسەرانی بەتوانا لە ئەندامانی لقەکەمان کارەکانیان بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەنجام دەدەنو تاکە کۆوارێکە لە کوردستان کە پێڕەوی ڕێزمانو زمانێکی پاراوو بێ هەڵە دەکات، دەرکردنی کۆواری نووسەری نوێ خزمەتێکی بەرچاوی بەزمانی کوردی کردووە".

هەروەها گوتیشی" ئێمە هیچ بودجەیەکمان نییە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە بڕێك بەخشینمان پێ دەدات کە ١٠ ملیۆن دینارەو بۆ خەرجییەکانی مانگانەی کارمەندانو خزمەتگوزارانی بارەگاو دەستەی بەڕێوەبردنو ئەندامانی دەستەی نووسەرانی کۆوارەکەمانو یارمەتیدانی چەندان نووسەری کەمدەرامەتو بنەماڵەی هەندێ لە ئەندامانی کۆچکردووی لقەکەمانو یارمەتیدانی ئەندامانمان لە کاتی پێویستو خەرجییەکانی تایبەت بەچالاکییەکانمانو خەرجیی ڕۆژانەی بارەگەکەمان تەرخان دەکرێ".

**لە بارەی ئەوەی ئایا پارچە پارچەبوونی نووسەران زیان بەنووسینو داهێنان دەگەیەنێ یان هیچ کاریگەرییەکی نابێت،** فەرهادی گوتی "نووسینو داهێنان ئەرکی تاکە کەسییە، پارچەبوونی نووسەران هیچ پێوەندییەکی بەمەوە نییە، دواتر نووسەران پارچە نەبووین. بارەگای نووسەران ڕۆژانە دەیان نووسەر کە هەر یەکەیان بیروڕای جیاوازی هەیەو ڕووی تێ دەکەنو مەڵبەندێکی گەورەو دیاری شارەکەمانەو جۆرەها گفتوگۆی ڕۆشنبیریی بەوپەڕی برایانە تێدا دەکرێ".

دواجار گوتی "بەداخەوە پێوەندیمان لەگەڵ دەرەوەی کوردستانو ڕێکخراوە جیهانییەکانی دەرەوە خراپەو لێرەوە بەپێویستی دەزانم کە داوا لە ڕێکخراوە ڕۆشنبیرییەکانی دەرەوەی وڵات بکەم کە هاوکاریو هاوئاهەنگی لەنێو کارەکانماندا هەبێتو هەوڵ بدەین پێوەندییەك پەیدابکەین بۆ خزمەت گەیاندن بەکولتووری کوردی".

**سەرچاوە:** http://aknews.com/ku/

* ڕاستییەکەی لە ١٩٧٠/١٢/٣ مۆڵەتی فەرمی وەرگرتووەو یەکەم کۆنفرانسی لە ١٩٧١/١/١٥ بەستووە.